# پوختەی مێژوونامە



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

# پوختەی مێژوونامە

حەمید گەردی



ناوی کتێب: پوختەی مێژوونامە
دانانی: حەمید گەردی
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٢٨٦
دەرهێنانی هونەری: حاجی دلاوەر
بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: نسار عەبدوڵڵا
هەڵەگری: دانەر
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر: ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٢٠٨)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

بەناوی بێ هاوتای دڵۆڤان

## پێشەکی

خۆم زۆر بەبەختەوەر دەزانم کە بۆ جاری دووەم خودای مەزن ئەو توانایەی پێدام کە زیاتر بتوانم لە خزمەتی میللەتەکەم دابم و ئاواتەکانم بێنمە دی و زیاتر شتەکان بۆ گەلی کوردمان ڕوون بکەمەوە دەربارەی ئەو دیرۆکانەی کە لەم پەرتووکەدا هاتووە، ماوەیەکی زۆریش لە دوای دەرچوونی مێژوونامە بیرم لەوە دەکردەوە کە بۆچ تا ئێستا کەسێک نەبووە پەرەی پێ بدات. لە ١٩٩٨/١/١٧ بێ تاوان کەوتمە گۆشەی زیندان لەگەل هەندێ لە دۆستانم (لە ئێران)، لەوێ هەمیشە بیرم لەوە دەکردەوە دەبێ ڕۆژێک بێتە پێش ئازاد ببم و بتوانم ئەم نامیلکەیە پوختەتر بکەم و وەرگێڕانی قورئانی پیرۆزیش بۆ زمانی کوردی ئەنجام بدەم. شوکر بۆ خودای گەورە و دلۆڤان ئاواتەکانم هاتە دی و توانیم پوختەی ڕووداوەکانی کە بەسەر میللەتەکەماندا هاتووە لە تاڵ و شیرین بخەمە قاڵبی ئەم پەرتووکە بچووکە و پوختەتریشی بکەم، ئومێدیشم وایە بەپشتیوانی خودای مەزن قورئانی پیرۆزیش تا ماوەیەکی تر تەرجومەکەی کۆتایی پێ بهێنم.

زۆربەی سەرچاوەکانی ئەم پەرتووکەش کە سوودم لێ وەرگرتووە ئەم جۆرە کتێبانە بووە کە بەزمانی (کوردی، عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی) بڵاوکراونەتەوە جگە لە ڕۆژنامە و گۆڤار و TV و ڕادیۆ و... کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە.

١- البارزاني والحركة التحررية الكردية (مسعود البارزاني).
٢- بۆ ئەوەی مێژوو بەچەواشەیی نەنووسرێ (فەرەنسۆ هەریری).
٣- جنبش ملی کورد (کریس کۆچێرا).
٤- فرهنگ علوم سیاسی (غلامرضا بابائی).
٥- مشاهیر کورد (کلیم الله توحیدي).
٦- مسائل مرزی ایران و عراق (دکتر آذرمیدخت مشایخ فریدنی).
٧- دائره المعارف زرین- اطلاعات عمومی (د. آذیانفر).
٨- حقوق بین المللی خصوصی (دکتر سید جلال الدین مدنی).
٩- ریشه های تاریخی اختلافات ایران و عراق (د. منوچهر پارسادوست).
١٠- غرب کوردستان (صلاح بدرالدین).



١١- شەڕی ناوخۆی کوردستانی عیراق (مەکتەبی ناوەندی دیراسات و تۆژینەوە).
١٢- گۆڤارەکانی (گوڵان و سروە و سپێدە و مەتین و ڕامان و پێشکەوتن).
١٣- ڕۆژنامەکانی (خەبات، برایەتی، گوڵان).
١٤- K.TV، گوڵان TV، دەنگی ئەمریکا، BBC، دەنگی ئەڵمان، تەلەفزیۆنەکانی بێگانە.
١٥- بڵاوکراوەکانی حیزبی لە ساڵی ١٩٧٩ تا ساڵی ٢٠٠٠ ئەوەی بەدەستم کەوتبێ.
١٦- شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری (محەمەدی حەمە باقی).
١٧- پڕۆتۆکۆڵەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان.
١٨- تاريخ العراق السياسي الحديث (السيد عبدالرزاق الحسني).
١٩- هەندێ لە دەستخەتەکانی مێژوویی لە کتێبخانەی ناوەندی تاران.
٢٠- هەندێ مێژووی تر کە بۆ خۆم یاداشتم کردبووە...

هیوادارم ئەم کارە ببێتە سەرمەشقێک بۆ لاوان و دڵسۆزانی خوێنگەرم و بەئەمەکی گەلەکەمان و زیاتر بایەخ بەمێژووی ڕووداوەکانی گەلەکەمان و وڵاتەکەمان بدەن و زیاتر خۆیان ماندوو بکەن لەم ڕێگایەدا.

خۆشەویستەکانم ئەوەی لە دەستم هاتووە وە بەدەستم کەوتووە تا کۆتایی سەدەی بیستەم کە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم دەست پێدەکات نووسیومەتەوە، ئومێد و ئاواتی دواڕۆژیشم ئەوەیە ڕۆڵە دڵسۆزەکانی گەلەکەمان کەموکوڕیەکانی پڕ بکەنەوە وە بەچاکی هەڵیبسەنگێنن، منیش دڵنیام کە ئەو هەستە لە دەروونی ڕۆڵە دڵسۆزەکانی گەلەکەماندا هەیە، ڕەنگە هەندێ هەڵە لە ڕۆژە دیاریکراوەکان هاتبێ ئەوە بەهۆی هەڵە لە سەرچاوەکان بووە (بەڵام ئەوە تۆمار کراوە کە لە چەند سەرچاوە وەکو یەک هاتووە) و ئەبێ بەگەورەیی خۆتان ببوورن لە هەر کەموکوڕیەک هەبێت.

لە کۆتاییدا هیوادارم کە ئەم پەرتووکە پەرەی پێ بدرێت و لە داهاتووی نزیکدا یەکەمین ڕۆژی ئازادی و سەربەخۆیی میللەتەکەمان کە مافی چارەنووسە تیای تۆمار بکرێت و ببێتە سەرچاوەیەکی پڕ بایەخ بۆ هەموو خەڵک و دامودەزگاکانی حکومی و حیزبی و تایبەتی گەلەکەمان.

لەگەڵ ڕێزی بێ پایانم

حەمید مەجید گەردی- هەولێر
١٩٩٩/١٢/٣١

## پوختەی مێژوونامە

## ١

## کانونی دووەم

١/١/١ شەشەمین ڕۆژی لە دایکبوونی حەزرەتی عیسا (مەسیح).

١٥١٥/١/١ (لویسی شانزدەهەم) پاشای خۆشەویستی فەرەنسا کە بەباوکی میللەت بەناوبانگ بوو کۆچی دوایی کرد.

١٧٩٣/١/١ کوشتاری سەخت و مێژوویی پاریس کە بە(کوشتاری گشتی) ناوبانگی دەرکرد و تاوانی کوژراوەکان دژایەتی لەگەڵ شۆڕشی گەورەی فەرەنسا بوو، لەم کوشتارەدا (٣) هەزار لە کەسایەتی سیاسی و زانا و سەرکردەکانی سوپایی کۆمکوژ کران.

١٨٠٦/١/١ ساڵنامەی (کۆماری) شوێنی خۆی بەساڵنامەی (گریگۆری) دا کە وەکو ساڵنامەکانی ئێستایە.

١٨١٨/١/١ دەسپێکی بەڕێوەبردنی یاسای قەدەغەکردنی کۆیلەداری (عبودیە).



١٨٦٣/١/١ بڕیارە مێژووییەکەی (ئازادی ڕەشەکان) لەلایەن شازدەمین سەرۆک کۆماری ئەمریکا دەرچوو، ئەم بڕیارە ڕای گەیاند کە هیچ جیاوازیەک لە نێوان سپی و ڕەشپێستان نییە و هەردوو ڕەگەز لە بەرامبەر یاسا یەکسانن.

١٩١٨/١/١ دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری تێگەیشتنی ڕاستی بەکوردی لە بەغدا

١٩٦٠/١/١ یاسای دەست بەکارکردنی حیزبە سیاسییەکانی عیراق ڕاگەیاندرا و لە یاسای گشتی عیراق تۆمار کرا.

١٩٧٤/١/١ ژمارە سفری ڕۆژنامەی برایەتی زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق لە بەغدا دەرچوو.

١٩٨٧/١/١ لە سێدارەدانی (٤٠) منداڵی خەڵکی شاری سلێمانی لە شاری سلێمانی لەلایەن ڕژێمی فاشیستەوە.

١٩٣٨/١/٢ کوشتاری دووەمی دەرسیم.



١٩٥٨/١/٢ نامەیەک لەلایەن قوتابییە کوردەکان لە (لەندەن) بۆ (بارزانی) نەمر لە مۆسکۆ.

١٩٨٣/١/٢ دامەزراندنی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان.

١٨٧٨/١/٣ پەیماننامەی بەرلین کە لە کۆتایی شەڕەکانی ڕووس و عوسمانیدا مۆرکرا، هۆی ئەم پەیمانە بوو کە شێخ عوبەیدوللای نەهری پەلەی کرد لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردەکان.

١٩٩٣/١/٣ هێزا مەسعود بارزانی و مام جەلال ئامادەی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بوون کە تایبەت بوو بەسەردانەکەی وەفدی پەرلەمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی (جەوهەر نامق) بۆ دەرەوەی کوردستان.

١٦٤٣/١/٤ لە دایکبوونی کاشفی هەرە بەناوبانگی جیهانی (ئیسحاق نیوتن) لە شاری (ڤیوێلس تۆرپ) (ولس تورپ)، ناوبراو زۆر زیرەک بوو، زەعیف و بێ توانابوو لە بەدەن، دایکی دەیگوت کوڕی من لە شووشەیەک جێگای دەبێتەوە، لە ١٧٢٧/٣/٢٠ بەنەخۆشی بەردی میزدان کۆچی دوایی کرد و لە کەلیسای (وێست مینستەر) لەلای پاشایەکانی ئینگلیز بەخاک سپێردرا.

٠٦٠٣/١/٥ شەڕی (٢٤) ساڵەی ئێران و ڕۆم کە درێژترین و خوێناویترین شەڕی نێوان هەردوولا بوو لە کاتی پاشایەتی (خسرۆ پەرویز) دەستی پێکرد، هۆیەکەی هەڵگیرسانی ئەو شەڕە کوشتنی ئیمپراتۆری ڕۆم (موریس) بوو کە دۆستی (خسرۆ) بوو. ناوبراو لەلایەن (فۆرکاس)ی ڕۆمی هاتبووە کوشتن.

١٩٠٥/١/٥ ڕۆژی لە دایکبوونی مامۆستای هۆزان و پیاوی ئەدەبیاتی کوردی (ئوسمان سەبری) لە گوندی نارنجی لە کوردستانی باکوور.

١٩١٣/١/٥ لە دایکبوونی دانا و خێرخوازی کورد (کاکە سەید حوسێن سەید ئەحمەد خانەقا) لە شاری کەرکوک، خانەقایەکی دروست کرد و ئێستاش هەر بەناوی ئەو بەناوبانگە.

١٩٢٧/١/٥ کۆچی دوایی (سلێمان نەزیف)ی دیاربەکر.

١٩٨٤/١/٥ کۆچی دوایی (تۆفیق وەهبی) زانای کورد لەشاری لەندەن، لەسەر لوتکەی چیای پیرەمەگرون نێژرا.

١٩٨٦/١/٥ بەڕێز (مەسعود بارزانی) نامەیەک ئاراستەی سەرۆک کۆماری لیبی (معمر

القذافی) دەکات بەبۆنەی ئەو هەوڵەی کە ئیدارەی ئەمریکی لەگەڵ هاوپەیمانەکەیدا دەدا بۆ پەرەپێدان بەهێرشی دوژمنایەتی دژ بەکۆماری لیبی.

١٩٩٤/١/٥ جیڤری ئارچەر سیاسەتمەداری بەریتانیا و نوێنەری جۆن مێجەر و شاندە یاوەرەکەی سەردانی پەرلەمانی کوردستان دەکەن و لەلایەن سەرۆکی پەرلەمان پێشوازییەکی گەرمیان لێ دەکرێت.

١٤١٢/١/٦ لە دایکبوونی (ژاندارک) لە شاری (دامرمی) لە فەرەنسا، کچێکی زۆر بەدین بوو، دەیگوت لەلایەن (میشێل و کاترینی) موقەدەس وەحی بۆ دێت بەمەبەستی ڕزگارکردنی فەرەنسا لە دەستی ئینگلیزەکان، ناوبراو لەبەر زیرەکی و ئازایی لە کەلیسایەک درایە دادگا و سزای سووتاندنی بەزیندوویی بۆ دەرکرا و لە ڕۆژی ١٤٣٢/٥/٣٠ لە تەمەنی ١٩ ساڵیدا فەرمانەکە ئەنجام درا.

١٥٤١/١/٦ دەسپێکی سەفەرە مێژووییەکەی (ماجەلان).

١٨٦١/١/٦ وڵاتی ئیمرۆی (ڕۆمانی) هاتە دانان.

١٩٢٠/١/٦ دامەزراندنی سوپای عیراق (ڕۆژی سوپای عیراق).


عەبدولکەریم قاسم

١٩٦٠/١/٦ بەفەرمانی (عەبدولکەریم قاسم) ئیجازە بە(پارتی دیموکراتی میللی، پارتی دیموکراتی کوردستان، حیزبی شیوعی) دەدرێت کە ئیشوکاری خۆیان بەئاشکرا ئەنجام بدەن.

١٩٩٧/١/٦ دەرچوونی بەیاننامەیەک لەلایەن مافی مرۆڤی کورد کە بارەگای لە بەریتانیایە سەبارەت بەڕژێمی فاشیستی عیراق دژ بەکوردەکان.

١٩٤٤/١/٧ ماجد نوێنەری حکومەتی عیراق دەگاتە مێرگەسۆر بەمەبەستی دیدار لەگەڵ بارزانیی نەمر سەبارەت بەدانانی نەخشەیەک بۆ ڕێکەوتن و ئاشتی، بارزانیی نەمر لە گوندی سپێنداری نزیک مێرگەسۆر پێشوازی لە ماجد کرد کە چەندان ئەفسەری لەگەڵدا بوون.

١٩٤٦/١/٧ بڵاوبوونەوەی گۆڤاری (کوردستان) لە مەهاباد.

١٩٩٣/١/٧ لەسەر داوای پارتی سۆسیالیستی نەمسا بەشی کاروباری ئافرەتان شاندێکی (ی.ئا.ک.ع) سەردانی نەمسا دەکەن.

١٩٩٤/١/٧ دامەزراندنی پارتی ڕزگاری کوردستان (زەید مەحمود).




سەرۆک مسعود بارزانی

١٩٩٧/١/٧ (بزووتنەوەی میللی کوردستان) لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی کوردستان مۆڵەتی پێدرا بەسەرۆکایەتی (عەبدولخالق زەنگەنە).

١٩١٨/١/٨ ڕاگەیاندنی گەڵاڵە نامەکانی (ویلسۆن) سەرۆک کۆماری ئەمریکا دەربارەی مافی نەتەوەکان لە جیهاندا کە بەکارێکی هەرە گرنگ لە قەڵەم درا.

١٩٢٤/١/٨ بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی (زاری کرمانجی).

١٩٧٩/١/٨ پیلان دژی ژیانی بەڕێز (مەسعود بارزانی) لە ڤیەننا.


سەرۆک بارزانی و مام جەلال

١٩٩٦/١/٨ کۆچی دوایی سەرۆکی پێشووی فەرەنسا و دۆستی دێرینی کورد (فرانسوا میتران).

١٩٩٩/١/٨ سەردانی (مام جەلال) بۆ هاوینەهەواری سەلاحەدین و پێشوازی کردنی لەلایەن هێژا (مەسعود بارزانی).

١٦٦٠/١/٩ ژنێکی ئەڵمانی (بەرەگەز ئارییایی) بەناوی (ئەنارۆ گومێر) حەوت مناڵی بەیەکجار دەبێت (٥) کچ و (٢) کوڕ.

١٩٦٤/١/٩ نامەیەکی هەشت خاڵەی زەعیم عەزیز حەمید چەلەبی ئامرهێزی فائیز لە ڕەواندز بۆ بارزانیی نەمر سەبارەت بەدانانی سنوورێک بۆ ئەو گرفت و دەرد و ئازارەی میللەتی کوردمان لە باکوری عیراق و هەروەها ئاوەدان کردنەوەی کوردستان و هەندێ بەڵێنی تر لەم بابەتانەوە.



ڕۆژنامەی هاوکاری

١٩٧٠/١/٩ بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی هاوکاری بەزمانی کوردی.

١٩٩٠/١/٩ کردنەوەی مۆزەخانەیەکی تایبەت بەکەلەپووری کوردی لە قەڵای شاری هەولێر لەلایەن لیژنەی فۆلکلۆری کوردی.

١٩١٠/١/١٠ دامەزراندنی کۆمەڵەی (هێڤی کورد) لە ئەستەنبوڵ.

١٩٤٨/١/١٠ ڕۆژی لە دایکبوونی ڕۆژنامەگەر و سکرتێری گشتی حیزبی (تەڤگەری سۆسیالیستی کوردستان) (زەکی ئادسز سەلاح) لە کوردستانی تورکیا.

١٩٤٩/١/١٠ (حوسێن جەمیل) پۆستی وەزارەتی دادی عیراقی گرتە دەست و ناڕەزایی خۆی دەربڕی سەبارەت بەلە سێدارەدانی شێخ (ئەحمەدی بارزانی) و هاوڕێکانی، هەر ئەو بوو توانی لە حوکمی سێدارەدان ڕزگاریان بکات و حوکمەکەشی بگۆڕێت.

١٩٦٥/١/١٠ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وا بەبەرژەوەند دەزانێ کە شاندێک ڕەوانەی بەغدا بکات (بەرامبەر ئەو وەفدەی کە ڕژێم ڕەوانەی کردبوو) بەمەبەستی پێشکەشکردنی هەندێ پێشنیاری تازە، ئەم شاندە کە پێکهاتبوو لە (سکرتێری حیزب حەبیب محەمەد کەریم و هاشم عەقراوی و عەگید سەدیق ئامێدی) تا ڕۆژی ١٩٦٥/١/٢٤ لە بەغدا مانەوە.

١٩٧٥/١/١٠ بەستنی کۆنگرەی چوارەمی (الحیزب الدیمقراطي الکوردي الیساري في سوریا).

١٩٤٦/١/١١ دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان لە مهاباد.

١٩٦٩/١/١١ کۆچی دوایی سەرکردەی شۆڕشگێری کورد شێخ ئەحمەدی بارزانی.

١٩٧٧/١/١١ پارتی (یەکێتی میللی پاکستان) لەلایەن مەولانا (مفتی مەحمود) هاتە دانان، ئەو حیزبە لە (٩) حیزبی جۆراوجۆر پێکهاتووە.

١٩٨٨/١/١١ گرتنی فەوجی (مەندیلە) لەلایەن لقی ٣ی پارتی.

١٩٩٩/١/١١ ڕزگار کردنی (٢٥٠) کۆچبەری کوردی کوردستانی عیراق لە کەنارەکانی دەریا لەلایەن پۆلیسی ئیتالیا.

١٨٧٦/١/١٢ لە دایکبوونی نووسەری بەناوبانگی ئەمریکی (جاک لەندەن)، ناوبراو تا تەمەنی (١٩) ساڵی لەبەر هەندێ کاری نابەجێ وەکو بەرەڵایی و گەدایی مەحکوم بەزیندان کرابوو، لە ١٩١٦/١٢/٢٣ کۆچی دوایی کرد.

١٨٨١/١/١٢ شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بۆ ئەوەی ئاشوریەکان بەلای خۆیا ڕاکێشێت (مەتران ئیسکۆ)ی ئاشووری کە لە نزیک شەمزینان دەژیا ناردی بۆ لای مارشمعون کە لە (کوچاپنس) بوو.

١٩٣٢/١/١٢ ئەنجوومەنی وەزیرانی ڕژێمی عیراق لە کۆبوونەوەی ئەو ڕۆژە بڕیار دەدات پەلامارێکی بەربلاو بکرێتە سەر ناوچەی بارزان بۆ ئەوەی دایرە کارگێڕییەکانی تێدا دابمەزرێنێ.

١٩٦٤/١/١٢ وەڵامی نامەی زەعیم عەزیز حەمید چەلەبی لەلایەن بارزانیی نەمر و



قەبولکردنی داواکەی سەرۆک کۆماری عیراق سەبارەت بەدانیشتن و کۆتایی هێنان بەشەر بەڵام نەک لە شوێنی دیاریکراوی حکومەت.

١٩٦٤/١/١٢ نووسراوێکی سێ خاڵەی بارزانیی نەمر بۆ زەعیم (عەزیز حەمید چەلەبی) کە وەڵامی نووسراوەکەی ١٩٦٤/١/٩ بووە بۆ بارزانیی نەمر، تیایدا ڕوون دەکاتەوە کە هەندێ لە گوندەکانی ڕژێم دروست نییە و گومانی تێدایە بەتایبەتی شوێنی کۆبوونەوە کە دانراوە بۆ دانیشتن و بارزانیی نەمر ئەم فەرموودەی پێغەمبەری بۆ دیاری دەکات (لایلدغ المؤمن من جحرٍ مرتین).

١٩٨٨/١/١٢ گرتنی (دێرەلوک) لەلایەن لقی یەکی پارتی.


١٩٨٨/١/١٢ کۆچی دوایی شاعیری کورد محەمەد ئەمین (مەنگوڕی).

١٩٩٢/١/١٢ دەرچوونی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەری دەکات و ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانەیە.

١٩٩٩/١/١٢ بەبۆنەی هاتنی جەژنی نەورۆز هێژا مەسعود بارزانی (٢١) زیندانی ئازاد دەکات کە لەسەر کاری تیرۆریستی گیرابوون.

١٩١٠/١/١٣ کۆچی دوایی شاعیری بەناوبانگی کورد شێخ ڕەزا تالەبانی.

١٩٦١/١/١٣ (بارزانیی) نەمر گەڕایەوە بەغدا و یەکسەر داوای چاوپێکەوتنی کرد بە(عەبدولکەریم قاسم)، (عەبدولکەریم قاسم) بەئەنقەست چاوپێکەوتنەکەی بۆ چەند جار دوا خست، بەڵام لە دوای حەفتەیەک بارزانیی نەمر چاوی پێکەوت.



عەبدولکەریم قاسم و بارزانی نەمر

١٩٨٩/١/١٣ تورکیا بۆ ماوەی ساڵێک بۆ پڕکردنەوەی بەنداوی (ئەتاتورک) دەستی بەسەر سەرچاوەکانی ئاوی دیجلە و فورات داگرت کە مەبەستی سیاسی تێدا بوو.

١٩٩٢/١/١٣ هێژا (مەسعود بارزانی) پردی قەندیل دەکاتەوە و بەسەریا تێپەڕ دەبێت و لە دوای ئەو مام جەلال و زۆربەی سەرکردەکانی پارتە کوردستانییەکان تێپەڕ دەبن.

١٩٩٤/١/١٣ (فرانک ڕامار) لە کۆمەڵەی مافی مرۆڤ بۆ کوردستان لە هۆڵەندا نامەیەک ئاراستەی (بیل کلنتۆن) دەکات بەناوی گشت خەباتکەرانی مافی مرۆڤ بۆ


ئەوەی دەخالەت بکات لە کوشتاری ڕژێمی تورکیا دژ بەکوردەکانی ئەم وڵاتە.

١٩٩٧/١/١٣ شاندێکی سویدی کە پێکهاتبوو لە گۆستان فۆن ئیستێن ئەندامی پەرلەمانی سویدی و ستیڤن ڤلاندەر بەڕێوەبەری ڕێکخراوی قەندیلی سویدی سەردانی پەرلەمانی کوردستان دەکەن.

٢٤٤/١/١٤ ٠ شەڕی بەناوبانگی مێژوویی (هورمزدەگان) لە خوزستانی ئێران لەنێوان (ئەردەشیری بابکان) و (ئەردەوانی ئەشکانی) ڕووی دا، لەو شەڕەدا ئەردەوان دەشکێت و زنجیرەی ئەشکانیان بەیەکجاری لەناو دەچێت.

١٩٩١/١/١٤ (مستەفا حائری) بەڕێوەبەری گشتی کەنداو لە وەزارەتی دەرەوەی ئێران داوا لە وەزیری دەرەوەی عیراق دەکات کە مخالفەکانی ڕژێمی ئێران تەسلیم بەئێران بکات.

١٩٧/١/١٥ شەڕی بەناوبانگی (٣) ڕۆژی (بیت النهرین) لەنێوان سوپای ڕۆم و (بلاش) پاشای ئێران، کە بەپیرۆزی ڕۆمەکان کۆتایی پێهات.



شێخ سەعیدی پیران

١٩٢٥/١/١٥ دامەزراندنی (جمعیة الدفاع الوطني) لە عیراق.

١٩٢٥/١/١٥ شێخ سەعید پیران لە (دارا هینی) وەکو حەزرەتی مەهدی مەوعود لەلایەن خەڵکی ئەو ناوچەیە پێشوازییەکی گەرمی لێدەکرێت.

١٩٤٣/١/١٥ مەزنترین بینای جیهان کە پێنتاگۆنە و لە واشنتن دایە کردنەکەی بەکۆتایی گەیشت، وەزارەتی شەڕی ئەمریکا لەم شوێنە نیشتەجێیە، خەرجەکەی لەو کاتەدا ٨٣ ملیۆن دۆلار بووە، لە ساڵەکانی حەفتادا ئەو بینایە (٤٤) هەزار تەلەفۆنی هەبوو، لەگەڵ (٢٢٠) کارمەندی تەلەفۆن.

١٩٤٥/١/١٥ (بارزانی) نەمر (لیژنەی ئازادی) پێکدێنێ.

١٩٤٨/١/١٥ پەیمانی (بۆرتسمۆت) لەنێوان عیراق و ئینگلیزدا مۆرکرا کە بەهۆیەوە کاروباری عیراق و کوردستانیش بەتەواوەتی کەوتە دەست بەریتانیا.

١٩٥٣/١/١٥ (ئایزەنهاوەر) بۆ سەرۆک کۆماری ئەمریکا هاتە هەڵبژاردن.

١٩٥٨/١/١٥ بڵاوبوونەوەی گۆڤاری (شەفەق) لە کەرکوک.

١٩٦٦/١/١٥ پۆلیسی ئەڵمان لە (ساربرۆک) چوار نەفەری ئاڵمانی ڕۆژئاوا کە



بەئوتومبیلەکانیان دەیانویست لە ڕێگای چیکۆسلۆڤاکیا بچنە تورکیا بەبیانۆی کە باریان تفەنگ و چەک بۆ کوردەکانی عیراق بوو دەستگیر دەکەن.

١٩٧١/١/١٥ بەستنی کۆنفرانسی یەکەمی یەکێتی نوسەرانی کورد لقی هەولێر.

١٩٩٠/١/١٥ تورکیا ڕای گەیاند کە ئاوی فورات بۆ ماوەی مانگێک لە عیراق و سوریا دەبڕێت بۆ ئەوەی ئاوبەندی (ئەتاتورک) پڕ بکات.

١٩٩١/١/١٥ دوا فڕۆکەی نەفەربەری عیراقی لە جۆری (جامبۆ) بەرەو هیندستان دەفرێت، زۆربەی نەفەرەکان دیپلۆماسیەکانی وڵاتە بێگانەکان بوون، لەبەر داگیرکردنی کوێت لەلایەن عیراق.

١٩٩٥/١/١٥ چەکدارانی ینک بارەگای ڕێکخراوە جەماوەریەکان لە هەولێر داگیر دەکەن.




تەلاری شیراتۆنی هەولێر

١٩٩٥/١/١٥ داگیرکردنی تەلاری شیراتۆن لەلایەن چەکدارانی ینک کەبنکەی ڕاگەیاندنی گوڵان بووە.

١٩٩٧/١/١٥ بەیاننامەی ئاشتی لە ئەنقەرە لەلایەن (پارتی و ینک) دەرچوو.

١٩٩٨/١/١٥ دامەزراندنی تەلەفزیۆنی هەرێمی کوردستان لە هەولێر.

١٩٢٥/١/١٦ لیژنەیەک لەئەنجوومەنی نێودەوڵەتی گەلان بۆ لێکۆڵینەوە لە گیروگرفتی مووسل دەگاتە بەغدا و دەست دەکات بەگەڕان لە ناوچەکانی کوردستان بەمەبەستی تێگەیشتن لە ڕای خەڵکەکە.



شای ئێران (محەمەد ڕەزا)

١٩٢٥/١/١٦ سەید عەبدوڵلا کە لە دەست هێزەکانی تورک لە شەمزینان هەڵاتبوو لەگەڵ سێر هنری دۆبز کۆمیساریای باڵای بەریتانیا لە عیراق گفتوگۆ دەکات و لەگەڵ ٧٠٠ چەکداری کورد داوای پەنابەری دەکەن و داواکانیان قەبوول کرا، سێر هنری دەڵێ ئەگەر تورکیا بڕیاری کۆمەڵەی گەلان لەمەڕ سنووری عیراق و تورکیا قەبوول نەکات بەریتانیای مەزن هاوکاری شۆڕشی کوردەکان دەکات بەهەموو توانایەکی.

١٩٧٩/١/١٦ شای ئێران (محەمەد ڕەزا) ناچار دەکرێت وڵاتی ئێران بەجێ هێڵێ.

١٩٨٩/١/١٦ ڕۆژنامەی (السفیر)ی لوبنانی هەواڵێکی بڵاوکردەوە کە سەرۆکی پارتی چاوپێکەوتنێکی کردووە لەگەڵ (ولید جنبلاط) سەرۆکی (حيزب التقدمي الاشتراكي في لبنان) کە کوڕی (کمال جنبلاط)ی دۆستی کوردە.

١٩٩٤/١/١٦ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی تورکمان ئیلی (ریاض ساری).

١٩٩٧/١/١٦ ڕۆبن ئیلیف فۆر نیتجارۆف سەرۆکی لیژنەی بەرگری لە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی بولگاریا کە بەسەرۆکایەتی وەفدێک هاتبوونە کوردستان سەردانی پەرلەمانی کوردستان دەکەن.

٤٢٠/١/١٧ . کۆچی دوایی (یەزدگرد) بەناوبانگترین پاشای زنجیرەی ساسانیەکان، ناوبراو لای ئێرانییەکان بەپاشای گوناهکار بەناوبانگ بوو، بەڵام لای مەسیحیەکان پیاوێکی چاک بوو.

١٧٠٦/١/١٧ لە دایکبوونی زانا و فەیلەسوفی ئەمریکی بنیامین فرانیکن، ناوبراو دەستێکی باڵای هەبوو لە سەربەخۆبی ئەمریکا، لە کاتی خۆیدا مەزنترین و بەناوبانگترین نووسەر و ڕۆژنامەوانی ئەمریکا بوو.

١٨٦٠/١/١٧ لە دایکبوونی درامانووس و داستانسەرای بەناوبانگی ڕوسی (ئەنتوان پاول ڤیچ چۆخۆف) لە شاری (تاگانرۆک)، ناوبراو لە ١٩٠٤/٧/٢ لە جەنگەلی ڕەش لە شاری (باون ڤایلێر) کۆچی دوایی کرد.

١٩٥٣/١/١٧ یەکەم هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی پەرلەمانی لە عێراق ئەنجامدرا.

١٩٨٧/١/١٧ گرتنی ئامار بۆ خەڵکی عیراق، لەو ئامارە زیاتر لە ١,٥ ملیۆن عیراقی نەیانتوانی بەشداری بکەن و بێبەش بوون لە وەرگرتنی ناسنامەی عیراقی لەبەر دیکتاتۆریەتی ڕژێم دژ بەهاوڵاتیانی، لەوانەش زۆربەی کورد بوون کە ئاوارەی جیهان بوو بوون.

١٩٩١/١/١٧ دەسپێکی کردەکانی (گەردەلولی بیابان) بۆ ڕزگار کردنی کویت لەلایەن هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی دژ بەعیراق.

١٩٩٦/١/١٧ هێژا (مەسعود بارزانی) پێشوازی لە (فرانک بێکەر) ڕاوێژکاری سیاسی باڵوێزخانەی بەریتانیا لە ئەنقەرە دەکات.

١٩٩٨/١/١٧ سەعات ٨ی شەو هەندێ لە کەوادیری پێشکەوتووی لقی هەشتی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق لەلایەن ئیتلاعاتی ئێران دەستگیرکران بەبیانوی






سیخوڕی بۆ ئەمریکا و ئیسرائیل و تورکیا (یەکێک لەم گیراوانە حەمید گەردی نووسەری ئەم پەرتووکەیە) هەروەها بارەگای لقیشیان داگیرکرد و ئەوەی ویستیان بردیان و کردیان.

١٩٩٩/١/١٧ پەخشکردنی بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی سەتەلایتی کوردستان.

١٩١٩/١/١٨ بەستنی کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس لەنێوان بەریتانیا و فەرەنسا بەمەبەستی دابەشکردنی ئیمپراتۆری عوسمانی بێ ئەوەی یادێک لە مافی گەلی کورد بکەن.

١٩٨٧/١/١٨ کۆچی دوایی هونەرمەندی کورد (خوداداد عەلی).

١٩٩٣/١/١٨ دەست بەکاربوونی دادگای تەمیزی کوردستان.



بارزانی نەمر

١٩٩٨/١/١٨ ناوەندی ڕۆشەنبیری فەیلییەکان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان مۆڵەتی پێدرا (سامی فەیلی).

١٦٢٩/١/١٩ کۆچی دوایی شاعەباس شای ئێران، شای ناوبراو گشت کوڕەکانی خۆی کوشت یا کوێرەکرد تا لە دوایی ئەو نەگەنە تەختی پاشایەتی، ناوبراو لەگەڵ کوردەکان زۆر خراپ بووە زۆر لە خێزانەکانی کوردی گواستنەوە بۆ ڕۆژهەڵات و باشوری ئێران.

١٩٤٨/١/١٩ لە کۆنفراسێکی گشتی (بارزانیی) نەمر لە ڕوسیا ئامادە دەبێت و بەسەرۆکی سەرکردایەتی سیاسی ئاوارەکانی عیراق و ئێران هەڵدەبژێردرێت.

١٩٦٤/١/١٩ کۆبوونەوەیەکی فراوان ئەنجام دەدرێت لە ماڵی محەمەد ئەمین ئاغا لە گوندی گرەبداغ بەمەبەستی گفتوگۆ کردن لەسەر داوایەکانی کە پێشکەش بەوەفدی ڕژێم بکرێت، ئامادەبووان گشت ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی و سەرکردە نەبەزەکانی لەشکری شۆڕشگێری کوردستان و (گشت سەرەک عەشیرەتەکانی کە لەوێ بوون) بوون.

١٩٧٦/١/١٩ لیژنەی (ئۆتیس پایک) ڕاپۆرتێک پێشکێش بەکۆنگرێسی ئەمریکی


دەکات لەسەر شۆڕشی ئەیلولی مەزن، کە تیایدا چەند نهێنییەکی شۆڕش و ئێران و ئەمریکاییەکانی تێدا درکاندبوو.

١٩٨٨/١/١٩ مەکتەبی سیاسی پارتی بەیانێک دەربارەی شەهید کردنی (مهدي الحكيم) بڵاو دەکاتەوە و ڕژێمی عێراق دژ بەو تاوانە تاوانبار دەکات، ناوبراو لە شەوی ١٧-١٨/١/١٩٨٨ هاتە شەهید کردن.

١٩٩٧/١/١٩ فرانک بێکەر سکرتێری یەکەمی پێشوی باڵیوزخانەی بەریتانیا لە ئەنقەرە و ئەلیستەر ماک ڤێلد سکرتێری یەکەمی تازەی باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە ئەنقەرە سەردانی پەرلەمانی کوردستان دەکەن.


١٩٢٠/١/٢٠ گرتنی دەرسیمی لەلایەن حکومەتی عوسمانییەکان لە کوردستانی باکور، دەرسیمی دەڵێ جیاوازیەکی یەکجار لەناو زیندانیش هەبوو لە نێوان تورکەکان و کوردەکان.

١٩٢٣/١/٢٠ شێخ مەحموودی نەمر مەلیکی کوردستان نامەیەکی بۆ یەکێتی سۆڤیەت نارد و داوای یارمەتی لێ دەکات بۆ میللەتی کورد.


بارزانی نەمر

١٩٣٢/١/٢٠ سەید ڕەزا دەرسیمی چەکدارەکانی (مەفرەزەیەکی حکومەتی تورکیا کە بۆ دەرسیم هاتبوون بەمەبەستی باج وەرگرتن لە خەڵکەکە چەک دەکات و بێ چەک ڕەوانەیان دەکاتەوە).

١٩٤٨/١/٢٠ وتارە مێژووییەکەی بارزانیی نەمر لە کۆنفراسی باکۆ بۆ ئامادەبووانی ئەم کۆنفراسەکە گشت بابەتەکانی دەگرتەبەرخۆ.


نێچیرڤان بارزانی

١٩٩٣/١/٢٠ نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ئامادەی دانیشتنی ژمارە ٣ی خولی یەکەمی ساڵی ١٩٩٣ی پەرلەمانی کوردستان دەبێت و لەسەر چەند پرۆژەیەک لەگەڵ وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری لە باڵەخانەی پەرلەمانی کوردستان گفتوگۆیان کرد.

١٩٩٦/١/٢٠ (نێچیرڤان بارزانی) لە بارەگای تایبەتی خۆی لە دهۆک پێشوازی لە شێخ (محەمەد خالید) دەکات.



١٩١٩/١/٢١ شەڕێکی سەخت نێوان کوردەکان و هێزی ئێرانییەکان لەدامەنی چیایی (شەکریاز) لە نێوان شاری خوی و سەلماسدا ڕووی دا، لە ئاکامدا سەرکردەی لەشکری ئێرانییەکان کوژرا و سوپاکەیان تێک شکێندرا.


لێنین

١٩٢٤/١/٢١ کۆچی دوایی (لێنین) سەرۆک کۆماری سۆڤیەت و ڕێبەری حیزبی شیوعی.

١٩٢٤/١/٢١ دانان و پێویستی شانە لە حیزبی شیوعی ئیجباری کرا.

١٩٢٦/١/٢١ بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی (ژیان) لە سلێمانی.

١٩٢٦/١/٢١ سەرۆک وەزیرانی عێراقی ئەو سەردەمە لەبەردەمی پەرلەماندا وتارێکی پێشکەش کرد و گوتی ئەو وڵاتە ناژیتن تا هەموو ڕەگەزێک مافی خۆی وەرنەگریتن بۆیە پێویستە مافەکانی میللەتی کوردیش بدرێت و لەبەرچاو بگیرێت.

١٩٤٦/١/٢٢ دامەزراندنی (کۆماری مەهاباد) لەکوردستانی ڕۆژهەڵات.

١٩٤٧/١/٢٢ دووا یەکگەیشتنی بارزانی نەمر و عەبدولکەریم قاسم لە بەغدا.

١٩٤٧/١/٢٣ بڕیاری لە سێدارەدانی هەر سێ سەرکردەی قارەمانی کورد لە کۆماری مهاباد درا.

١٩٩٢/٢/٢٣ سێ مانگ پێش هەڵبژاردنی پەرلەمان ڕاگەیاندنێک بەئیمزای بەڕێز مەسعود بارزانی و مام جەلال و بەئیمزای جێگری سەرۆکی پارتی و د. فؤاد مەعسوم بەمۆری هەردوولا بڵاوکراوەتەوە کە دەڵێ (پ.د.ک و ینک بەڵێن بەیەکتری دەدەن ڕێز لەئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بگرن بەهەرشێوەیەک بێت).

١٩٩٣/١/٢٣ دامەزراندنی سوپای یێکگرتووی کوردستان.

١٩٩٩/١/٢٣ کۆچی دووایی هونەرمەندی بەناوبانگ محەمەدی ماملێ.

١٨٠٢/١/٢٥ (ئیتالیا) ئیستقلالی وەرگرت بەهۆی (ناپلیۆن پۆناپارت).

١٨٦٦/١/٢٥ مستەفا پاشا یاموکلی لە گەڕەکی گوێژەی شاری سلێمانی لەدایک بووە.

١٩٢٢/١/٢٥ لە بڵاوکردنەوەیەکی هاوبەشی حکومەتی عیراق و بەریتانیا دان دەنێن

بەمافی میللەتی کورد و دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی تایبەت بەخۆیان و داوایان کرد لەگەڵ نوێنەرانیاوە گفتوگۆ بکەن بۆ شێوەی حکومەت و دانانی سنوورێکی جوگرافیایی و پەیوەندی سیاسی و ئابووری لە حکومەتەکەیاندا.

١٩٢٥/١/٢٥ شێخ سەعیدی پیران دەگاتە خانێ و لەوێ لەگەڵ شێخ شەریف فەرماندەی بەرەی خەرپووت گفتوگۆ دەکات و بڕیاریان دا لەگەڵ دەستێکی یاخی بوون، شێخ شەریف هەڵمەت بکاتە سەر ئالازیگ.

١٩٣٦/١/٢٥ مستەفا پاشا یامولکی کۆچی دوایی دەکات.

١٩٧١/١/٢٥ پەیمانی نێودەوڵەتی بۆ مافی ئابووری و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری لە ساڵی ١٩٦٦ کە عیراق لەم مێژووەدا گەیشتە ئەم ناوەندە و پەرلەمانی کوردستانیش لەسەر ئەم بۆچوون و بنەمایە بەرەچاوکردنی گشت بنەماکانی نێودەوڵەتی لە گشت رووێکەوە بڕیاری فیدرالیەتی بۆ کوردستانی عیراق دا.

١٩٨١/١/٢٥ لە کۆبوونەوەی سەرانی ئیسلامی لە (طائف)ی سعودیە، سەدام حوسێن لەپێش گشت سەرانی ئیسلامی ڕایگەیاند کە زیانی ڕژێمی عیراق لە ساڵی ١٩٧٤ بەهۆی شەڕ لەگەڵ بارزانیی نەمر زیاتر لە (٦٠) هەزار نەفەر کوژراون و بریندار بووینە جگە لە زیانێکی زۆری ماڵی کە بەژمار نایەتن.

١٩٨٧/١/٢٥ پارتی لە ئیزگەی دەنگی کوردستان بانگەوازێک بلاودەکاتەوە و دەڵێ: پێویستە لەسەر جەماوەری کوردمان ئەوانەی ماڵیان نزیکە لە مەقەرەکانی (ئەمن و جاش و حیزب) خۆیان لەو شوێنانە دوور بخەنەوە چونکە هەمیشە لەژێر گوللەی پێشمەرگەی قارەمان دایە.

١٩٣٩/١/٢٦ دەرچوونی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی ژین لەلایەن شاعیری بەناوبانگ پیرەمێرد لە شاری سلێمانی.

١٩٥٣/١/٢٦ بەستنی کۆنگرەی (سێیەمی) پارتی لە کەرکوک کە ناوی لەپارتی دیموکراتی کورد گۆڕا بە پارتی دیموکراتی کوردستان.

١٩٦٢/١/٢٦ لە ئەڵمانیا شاری کۆلن ڕۆژنامەیەک بلاودەکاتەوە کە یەکێتی سۆڤیەت پشتگیری لە کوردەکانی عیراق دەکات و بەشەو فڕۆکەکانی چەک و کەرەستەی جەنگی بۆ ناوچەکانی کوردستانی باشووری دەبەن.

١٩٢٠/١/٢٧ دامەزراندنی یەکەمین حکومەتی عیراق بەسەرۆکایەتی عبدالرحمن النقیب.



١٩٤٨/١/٢٧ ڕاپەڕینی کانوون دژ بە(سالح جەبر).

١٩٩٧/١/٢٧ شاندێکی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی جەواد مەلا لەگەڵ ڕێبەری لیبیا موعەمەر قەزافی کۆ دەبێتەوە سوپاسی هەستی دەکەن سەبارەت بەو هەستەی بەرامبەر بەمیللەتی کورد.

١٨٨١/١/٢٨ برووسکەی جێگری شای ئێران موزەفەرەدین میرزا بۆ ناسرەدین شا دەربارەی خۆ ئامادەکردنی شێخ عوبەیدوڵلا نەهری.

١٨٨٧/١/٢٨ دروستکردنی بورجی ئیڤێل لە پاریس.

١٩٧٠/١/٢٨ شاندێکی ڕژێمی عیراق بەسەرۆکایەتی حەردان تکریتی دەگاتە ناوپردان و لەلایەن بارزانیی نەمر پێشوازییەکی گەرمی لێ دەکرێت هۆیەکەش ئەو یارمەتیدانەی حەردان بووە بۆ هێنانەوەی تەرمی پیرۆزی شێخ ئەحمەد بارزانی. چەند کۆبوونەوەیەک دەکرێت و سەبارەت بەکەرکووک گفتوگۆ دەکرێت و بەهیچ شێوەیەکیش بارزانیی نەمر مساوەمە لەسەر کەرکووک ناکات.

١٩٨١/١/٢٨ پارتییەکانی پێکهاتوو لە بەرەی دیموکراتی عیراقی کۆبوونەوەیەکیان کرد، لەم کۆبوونەوەیەدا باس دەربارەی شەڕی عیراق و ئێران و ئەو کۆسپە گرنگانەی کە لەپێش هێزە نیشتمانپەروەرەکانە کرا.

١٩٢١/١/٢٩ دانانی هاولاتییەکی کورد بەناوی عزەت پاشای کەرکووکی بەوەزیری نافعەی (ئیشغال و گەیاندن) عیراق لەلایەن موعتەمەدی سامی بەریتانی.

١٩٣٩/١/٢٩ کردنەوەی (ئیزگەی کوردی) لە بەغدا.

١٩٤٢/١/٢٩ پەیمانی (الاتحاد) لە نێوان عەلی سوهەیلی وەزیری کاروباری ئێران و سێر ڕیدربۆلارد سەفیری بەریتانیا لە تاران و سەمیرنۆڤ سەفیری یەکێتی سۆڤیەت لە تاران ئیمزاکرا. هەموویان بەڵێنیان دا بۆ ڕێزگرتن لە یەکێتی خاک و سەرداری و سەربەخۆی ئێران و... کە مەبەستیان مەسەلەی کوردیش بوو.

١٩٤٧/١/٢٩ بارزانیی نەمر پێش ئەوەی بگەڕێتەوە مەهاباد لە تاران لەگەڵ شای ئێران و دیبلۆماتە بەریتانی و ئەمریکییەکان کۆ دەبێتەوە.

١٩٩٢/١/٢٩ کۆچی دوایی (عومەر دەبابە) لە شاری سلێمانی بەهۆی دڵەکوتەیەک لە کاتی بەشدار بوونی لە کۆبوونەوەکانی گشتی (ینک).

١٩٩٧/١/٢٩ شەهید بوونی (سیروان نەورۆلی) ئەندامی فراکسیۆنی سەوزی پەرلەمانی کوردستان.

١٨٥٥/١/٣٠ تورکەکان هێزی بایەزییەکان دەگوازنەوە شاری بەدلیس بۆ ئەوەی شارەکە لە شۆڕشگێڕانی کورد بپارێزن.

١٩٣٠/١/٣٠ تیرۆرکردنی سەرکردەی هیندییەکان (مەهاتما گاندی).

١٩٥٩/١/٣٠ سەربەخۆیی وڵاتی (کوێت) لەژێر دەسەڵاتی ئینگلیزەوە.

١٩١١/١/٣١ کۆمپانیای ئەڵمانی ناچار بوو کە مافی بەرهەم دەرهێنانی نەوتی عیراق بفرۆشێتە کۆمپانیای بەریتانی (ئەنگلۆ، پێرشیان ئۆیل کۆمپانی) و (ئەنگلۆ، سگسوینە) بەرامبەر (٢٤) بەش لە (٨٩) هەزار بەش.


ئیدریس بارزانی

١٩٢٧/١/٣١ شەڕی دەربەندی بەتلیس ئێران شۆڕشگێڕانی کورد و تورکەکان کە لەئەنجامدا شۆڕشگێڕە کوردەکان سەرکەوتن.

١٩٨٧/١/٣٠ کۆچی دوایی هەڤاڵی جوانەمەرگ (ئیدریس بارزانی).


***



## ٢
## شوبات

١٩٥٨/٢/١ ڕاگەیاندنی یەکبوونی میسر و سوریە بەناونیشانی (کۆماری یەکگرتووی عەرەبی)، لەو کاتە ڕژێمی عیراق زۆر پێ ناڕەحەت دەبێت و بەدەست تێوەردانی ئینگلیز دژی ئەو یەکبوونەی میسر و سوریە یەکبوونێکی تر دروست دەکات بەناوی (یەکێتی عەرەب).

١٩٧٤/٢/١ بەستنی کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لەژێر دروشمی (بەزۆر فێرکردن- یەکێتی نیشتمانی- ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان) هەروەک دروشمی کۆنگرەی چوارەم لە شاری سلێمانی بەئامادەبوونی (٢٥٠) ئەندامی کۆنگرە لە مامۆستایان. کۆنگرەکانی (٦، ٧، ٨) لە دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ و ڕێککەوتنە شوومەکەی جەزائیر و دەسپێکردنەوەی شۆڕش لە شاخ بەسترا.


ئیمام خومەینی

١٩٧٩/٢/١ گەڕانەوەی (ئیمام خومێنی) بۆ ئێران.

١٩٨٣/٢/١ دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری (ئەستێرەی شاخ).

١٩٩٠/٢/١ (٨٠٠) پەنابەر لە پەنابەرانی کوردستانی عیراق لە ئۆردوگای (دیاربەکر) ژەهراو خواردن کران و (٥٠) پەنابەر لە وەزعێکی خراپ و خەتەر دابوون.

١٩٩٢/٢/١ دامەزراندنی بەرەیەکی بەربڵاو لە چوار پارتی کوردی لە سوریا بەناوی (التحالف الديمقراطي الكردي في سوريا).


شاعیر دڵدار

١٩٩٥/٢/١ دامەزراندنی بزووتنەوەی چەوساوان و جووتیارانی کوردستان.

١٩١٧/٢/٢ لە دایکبوونی شاعیری کوردی بەناوبانگ یونس ڕەئووف (دڵدار) لە شاری کۆیە.

١٩٢٦/٢/٢ دامەزراندنی (کۆمەڵی زانستی کورد) لە سلێمانی.

١٩٥٥/٢/٢ مۆرکردنی پەیمانی بەغدا (سنتۆ) لە نێوان تورکیا و عیراق و ئێران و

پاکستان و ئەمریکا و بەریتانیا کە چەند بەندێکی دژ بەخەباتی گەلی کورد بوو.

**١٩٥٥/٢/٢** هەمزە عەبدوڵڵا و گرووپەکەی دەگەڕێنەوە ناو باوەشی پارتی.

**١٩٦٦/٢/٢** کۆنگرەی دووەمی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لە شاری سلێمانی بەئامادەبوونی (٣٧) مامۆستا لە ئەندامانی کۆنگرە گرێدرا.

**١٩٧٢/٢/٢** بەستنی چوارەمین کۆنگرەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لەژێر دروشمی (بەزۆر فێرکردن- یەکێتی نیشتمانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان) کۆنگرەی گەل لە هەولێری پایتەخت، لەم کۆنگرەیەدا (٢٥٠) ئەندامی کۆنگرە لە مامۆستایان ئامادەبوون.

**١٩٠٨/٢/٣** تورکەکان شاری مەهاباد داگیر دەکەن بۆ ماوەی چەند هەفتە.

**١٩٦٦/٢/٣** بەستنی کۆنگرەی دووەمی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بەنهێنی.

**١٩٧٠/٢/٣** شاندێکی شۆڕشی کوردستانی عیراق کە پێکهاتبوو لە (د. مەحموود عوسمان، ئیدریس بارزانی، نوری شاوەیس، سامی عەبدولرەحمان، نافز جەلال، موحسین دزەیی، دارا تۆفیق) دەگەنە بەغدا بەمەبەستی گفتوگۆ کردن لەسەر ڕێککەوتنێک بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە عیراق و....

**١٩٢٨/٢/٤** خستنە خوارەوەی دوو فڕۆکەی جەنگی تورکیا لەناوچەی ئاکرێ لەلایەن کوردەکان.

**١٩٧١/٢/٥** دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری دەنگی مامۆستا زمانحاڵی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لقی سلێمانی کە چل و چوار لاپەڕە بوو.

**١٩٩٠/٢/٥** کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی ڕوسی لە کۆبوونەوەی خۆیدا بڕیاری ئینقلابێکی سیاسی دا بەناوی ئینقلابی (گورباچۆف) کە لە قالبی (پرۆستۆریکا و گلاسنۆست) بوو کە لەلایەن ڕێبەرانی ڕوسیا بڕیاری سیستەمی چەند (فرە) حیزبی لە شوێنی حیزبی شیوعی بوو.

**١٩٩٦/٢/٥** یەکێتی قوتابیان و لاوانی ئاشوری لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان مۆڵەتی پێدرا بەسەرۆکایەتی (سامی اسحق شمعون).

**١٩١٩/٢/٦** (شەریف پاشا) نامەیەک پێشکەش بە(کلماشو) بەرپرسی کۆنفرانسی ئاشتی دەکات و داوای ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لە (دیاربەکر، خرپوت، بەتلیس، موسڵ) دەکات.



**١٩٣٥/٢/٦** کۆچی دوایی ئەحمەد موختار جاف شاعیری بەناوبانگی کورد.

**١٩٧٥/٢/٦** کوردناسی هۆڵەندی (مارتین فان برونەسن) دەگاتە کوردستانی باشوور.

**١٩٩٣/٢/٦** هێژا مەسعود بارزانی و مام جەلال لە هاوینە هەواری سەلاحەدین پێشوازی لە ژەنەڕاڵ (اندرسن) چاودێر لە ئەنجەرلیک و ژەنەڕاڵ (دیزدار) و (مجلس الاعلی) (شیخ أبو موسی و ابوأمل) دەکەن.

**١٩٩٤/٢/٦** دامەزراندنی حیزبی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان.

**١٨١٢/٢/٧** لە دایکبوونی نووسەری بەناوبانگی ئینگلیزی (چارڵز دیکنیز)، ناوبراو لە خێزانێکی دەستکورت بوو، لە ١٨٨٠/٦/٩ کۆچی دوایی کرد و لە شاری (وێست مینستەر) بەخاک سپێردرا.

**١٩٤٥/٢/٧** دیداری (ڕۆزڤێلت و چەرچیل و ستالین) هەر یەکە بەنوێنەرایەتی وڵاتی خۆی لە (یالتا) بەهاورێیەتی فەرماندە سوپاییەکان و ڕاوێژکارانی خۆیان بەمەبەستی یەکبوونیان بەرامبەر بەئەڵمان.


**١٩١٤/٢/٨** دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری (بانگی کورد).

**١٩٢٥/٢/٨** کاتی یاخی بوونی شێخ سەعیدی پیران لەناکاو هەڵگیرسا.

**١٩٦٣/٢/٨** کودەتای ڕەشی (شوباتی) بەعسیەکان و کوشتنی عەبدولکەریم قاسم.

**١٩٦٣/٢/٨** بارزانیی نەمر یەک لا فەرمانی شەڕ ڕاگرتن دەدات دژی ڕژێم، ئەو کاتەی کە هەندێ بەڵێنی ئۆتۆنۆمی دەدرێتێ (بەڵام واقعیەت لە بەڵێنەکەدا نەبوو).

**١٩٦٣/٢/٨** فڕۆکەکانی شەڕکەری عیراق لە فڕۆکەخانەی (حەبانیە) هەڵدەسن و ئۆردوگای ڕەشید بۆمباران و وێران دەکەن (عەبدولکەریم مستەفا) بەتانک و زرێپۆش شوێنە ستراتیژییەکانی بەغدا بەدەست دەگرێ.




جیمی کارتێر

**١٩٣٢/٢/٩** دووەمین هێرشی ڕژێمی بەغدا بۆ سەر (شۆڕشی بارزان).

**١٩٧٧/٢/٩** (بارزانیی) نەمر سەبارەت بەبارودۆخی کوردستانی عیراق نامەیەک ئاراستەی سەرۆک کۆماری ئەمریکا (جیمی کارتێر) دەکات.

**١٩٩٢/٢/٩** کۆچی دوایی هەڤاڵ محەمەد سەعید دۆسکی،



سەلاحەدین ئەیووبی



ماجد مستەفا

خوالێخۆشبوو لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتی (١٩٧٩/١١/٤) بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا.

١١٣٨/٢/١٠ لەدایکبوونی پاڵەوانی مەزنی کورد (سەلاحەدینی ئەیوبی) لە شاری تکریت لە عیراق.

١٩٢٥/٢/١٠ رزگار کردنی شاری (لیجە) لەلایەن شۆڕشگێڕانی شێخ سەعیدی پیران.

١٩٤٤/٢/١٠ دیداری (بارزانیی) نەمر لەگەڵ (ماجد مستەفا) کە وەزیرێکی کورد بوو، لە شوێنەک نزیکی مێرگەسۆر.

١٩٤٥/٢/١٠ محەمەد مەحموود قودسی و جەلال ئەمین دەگەنە لیژنەی ئازادی و نامەیەکی هیوایان پێ بوو بۆ بارزانیی نەمر.

١٩٤٨/٢/١٠ مۆر کردنی (مافی مرۆڤ) لە نێونەتەوەیی.

١٩٥٩/٢/١٠ بڵاوبوونەوەی گۆڤاری (رزگاری).

١٩٦٤/٢/١٠ راوەستانی شەڕ لە نێوان شۆڕشی کورد و رژێمی عیراق.

١٩٦٥/٢/١٠ کوردستانی باشوور مانگرتنێکی گشتی ئەنجام دەدات دژ بەشەڕ و رژێمی عیراق.

١٩٧٠/٢/١٠ دامەزراندنی (یەکێتی نووسەرانی کورد) لە بەغدا.

١٩٧٠/٢/١٠ رێگادان بەنووسەرانی کورد بۆ پێکهێنانی یەکێتییەک بەمەبەستی بەرگری کردن لە وشە و کەلتوری کوردی و پێشخستنی.

١٩٩٨/٢/١٠ کردنەوەی بارەگای یەکێتی نووسەرانی کورد لە هەولێر.

١٩٩٩/٢/١٠ هێژا مەسعود بارزانی داوا لە پەرلەمان دەکات چارەسەریەکی شەرعی و یاسایی بۆ کەسوکاری پاشماوەی ئەنفالکراوەکان بدۆزنەوە.

١٩٤٦/٢/١١ قازی محەمەد بووە سەرۆک کۆماری کورد.

١٩٦٥/٢/١١ نامەیەکی کۆتایی بۆ بارزانیی نەمر لەلایەن وەزیری ناوخۆی رژێمی عیراقی ئەوکاتە سەبارەت بەملکەچ کردنی بۆ رژێم و کۆتایی هێنان بەداوای ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان.



١٩٧١/٢/١١ پارتی شۆڕشگێری کوردستان خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە و دەچێتە نا باوەشی پارتی.

١٩٧٩/٢/١١ سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی (ئێران).

١٩٩٩/٢/١١ بەڕێز مەسعود بارزانی بەبۆنەی ساڵوەگەری شۆڕشی بەهمەن پیرۆزبایی نامەیەک ئاراستەی رێبەر و سەرۆک کۆماری ئێران دەکات.

١٨٠٩/٢/١٢ لە دایکبوونی نووسەری بەناوبانگی جیهانی دکتۆر (چارلز دارڤین)، ناوبراو بەناوبانگترین گیاناسی جیهان بەژمار دێتن، لە ١٩٨٨/٤/١٢ کۆچی دوایی دەکات، تەرمەکەی لە کەنار قەبری (نیوتن) لە شاری (وێست مینستەر) بەخاک دەسپێرن.

١٨١٠/٢/١٢ لە دایکبوونی مۆسیقازانی بەناوبانگی جیهانی (فەردەریک شۆپن) لە یەکێک لە گوندەکانی نزیکی (وارشۆ)، باوکی فەرەنسی بوو و لە (٧) ساڵیدا ئاشنایی بەپیانۆ پەیدا کرد.

١٨١٥/٢/١٢ پاشای کۆرە ناحەزەکەی خۆی (یەحیا بەگ) میری رۆستێ لە سێدارە دەدات.

١٩١٢/٢/١٢ دامەزراندنی کۆماری (چین).

١٩٤٤/٢/١٢ حکومەتی عیراق رێگا بەشێخ ئەحمەد بارزانی و هاورێییەکانی دەدات بەخێزانەوە بگەڕێنەوە بۆ بارزان کە لە گوندی سرێشمە دەبێتە مێوانی ئەحمەد شاباز.

١٩٤٥/٢/١٢ دامەزراندنی (لیژنەی ئازادی) لەلایەن کۆمەڵە ئەفسەرەکانی کورد بەسەرپەرشتی بارزانیی نەمر، لە بەرنامەکانی ئەم لیژنەیەش رزگارکردنی کوردستان و پەیوەندی برایانە لەگەڵ پارتە پێشکەوتوو و نیشتیمانیەکانی کورد لە گشت پارچەکاندا.

١٩٩٧/٢/١٢ ناردنی نامەیەک لەلایەن (رێکخراوی مافی مرۆڤ لە بەریتانیا) بۆ باڵوێزی ئێران لە لەندەن سەبارەت بەدەستگیرکردنی نووسەری بەناوبانگی کوردی ئێرانی (کەلیموڵڵای تەوحیدی).

١٩٩٨/٢/١٢ کۆبوونەوەی دوو قۆڵی (ینک) و (پارتی) لە شاری شەقلاوە بەناوبژی مامۆستا (عەزیز محەمەد).

١٢٥٨/٢/١٣ بەغدا پایتەختی گەورەی خولەفای عەباسی بەدەستی (هۆلاکۆ خان)

داگیر کرا، لەم هێرشە جگە لەوانەی کە لە شەڕ هاتبوونە کوشتن نیوەی شاریش لە دوای داگیرکردن کۆمکوژ کران.

١٩٢٥/٢/١٣ یەکەم شەڕی نێوان چەکدارانی (شێخ سەعیدی پیران) و هێزەکانی تورکیا.

١٩٦٤/٢/١٣ حیزبی شیوعی عیراقی بەیاننامەیەک دەردەکات و جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە بەپیرەوە چوونی داخوازیەکانی گەلی کورد کارێکی پێویستە بۆ ئەوەی تەنگژەکە بەیەکجاری چارەسەر بکرێت.

١٩٢٥/٢/١٤ (داراهێن) دەکرێتە پایتەختی کاتی کوردستان لەلایەن شێخ سەعیدی پیران.

١٩٤٩/٢/١٤ لە سێدارەدانی سکرتێری (حشع) (یوسف سەلمان).

١٩٥٧/٢/١٤ فدراسیۆنی عەرەب لە یەکگرتنی عیراق و ئوردون پێک دێ، فراکسیۆنی کورد لە پەرلەمانی عیراق لە نامەیەکدا بۆ مەلیک فەیسەڵ نیگەرانی خۆی سەبارەت بەم یەکگرتنە دەردەبڕی.

١٩٧٧/٢/١٤ بارزانیی نەمر نامەیەک ئاراستەی سیناتۆر و نوێنەرەکانی ئەمریکا دەکات سەبارەت بەبارودۆخی کوردستان و گلەیی لە کارتەر دەکات سەبارەت بەوەڵام نەدانەوەی نامەکەی.

١٩٨٩/٢/١٤ دەرکردنی فەتوای حەڵاڵکردنی خوێنی نووسەری هیندی (سەلمان روشدی) لەلایەن ئیمام خومێنی.

١٥٦٤/٢/١٥ ئەستێرەناس و ماتماتیک ناسی بەناوبانگی ئیتالیایی (گالیلۆ) لە شاری (پیزا) لە دایک بوو، ناوبراو لە ١٦٤٢/٨/١ کۆچی دوایی کرد.



مەندێلا


١٩٤٢/٢/١٥ داگیر کردنی (سەنگاپور) لەلایەن یابانیەکان و بەدیل گرتنی (٦٠) هەزار نەفەر سەنگاپوری.

١٩٤٩/٢/١٥ داخستنی گۆڤاری نزار لە بەغدا.

١٩٨٩/٢/١٥ کشانەوەی سوپای (سۆڤیەت) لە ئەفغانستان.

١٩٩٠/٢/١٥ سەرۆکی پارتی بەڕێز (مەسعود بارزانی) پیرۆزبایی لە (مەندێلا) دەکات بەبۆنەی دەرچوونی لە بەندیخانە (کە چەندین ساڵ درێژەی خایاندبوو).





ئۆجەلان لەکاتی دەستگیرکردنی

١٩٩٣/٢/١٥ کۆچی دوایی محەمەدی حاجی عەزیزی قەفتان خاوەنی چاپخانەی کامەرانی سلێمانی.

١٩٩٩/٢/١٥ دەستگیرکردنی (عەبدوللا ئۆجەلان) لەلایەن حکومەتی تورکیا لە وڵاتی کینیا.

١٩٢٨/٢/١٦ کۆچی دووایی ئەمین فەیزی بەگ ئەفسەر و ئەدیبی کورد.

١٩٣٠/٢/١٦ دەرچوونی یاسای خانەنشینی مەدەنی.

١٩٩٩/٢/١٦ هێژا مەسعود بارزانی لە دهۆک وتارێکی گرنگ و مێژوویی پێشکەش کرد، تیایدا تەئکیدی لەسەر ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە ئیدارە و لەشکر و حیزبدا کردەوە.

١٩٩٤/٢/١٧ لە بارەگای INC بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی نێوان ینک و بزووتنەوەی ئیسلامی ڕێککەوتنێکی دوو قۆڵی لە نێوانیاندا ئیمزا کرا بەناوبژی هێژا مەسعود بارزانی و سەرۆکی ڕاپەڕاندنی INC.

١٩٥٣/٢/١٨ دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی لاوانی کوردستان.

١٩٥٣/٢/١٨ کۆچی دوایی زاناو مێژوونووسی کورد (ڕەشید باسمی)

١٩٧٦/٢/١٨ بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی (العراق).

١٩٦٣/٢/١٩ بارزانیی نەمر، (مام جەلال و سەیدا سالح یوسفی) بەکارێکی تایبەتی بۆ بەغدا ڕەوانە دەکات.

١٩٨٠/٢/١٩ بەستنی کۆنگرەی دووەمی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە هۆڵی سینەمای ئومێدی شاری مەهاباد.

١٨١٥/٢/٢٠ پاشای کۆرە مام و ئامۆزای (تەمەرخان و محەمەد ئاغا) لە دوای بەدیل گرتنیان لە سێدارە دەدات.

١٩١٨/٢/٢٠ لە دایکبونی شاعیری بەناوبانگی کورد دڵدار.

١٩٢٨/٢/٢٠ مادەی یەکی ڕێککەوتننامەی (لاهاوان) ئیمزا کراوە دەربارەی ماف و هەبوونی سەفارەت لە وڵاتێک بۆ وڵاتەکانی تر.

١٩٦٨/٢/٢٠ دوکتور مارف خەزنەدار لە مۆسکۆ دەگەڕێتەوە وڵات و هەندێ دیاری لە خێزانی مامۆستا (قەناتی کورد) خوشکە (ناویژدا) لەگەڵ خۆی بۆ بارزانیی نەمر دینێت.

١٩٧٥/٢/٢٠ بالوێزی میسری لە پایتەختی لوبنان بەبارزانیی نەمری ڕاگەیاند کە سەرۆک کۆماری میسر (ئەنوەر سادات) دەیەوێ چاوی پێی بکەوێت.


٢٠/٢/١٩٩٢ کۆنفرانسی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە هەولێر لەژێر ناونیشانی شەهید (لەیلا قاسم).


ئەنوەر سادات

٢٠/٢/١٩٩٣ بڵاوکراوەی پارێزگای (حەسەکە) لە وڵاتی سوریا سەبارەت بەگۆڕینی ناوەکانی کوردی بۆ عەرەبی.

٢٠/٢/١٩٩٧ (بزووتنەوەی جوتیارانی کوردستان) لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان مۆڵەتی پێدرا بەسەرۆکایەتی (باپیر کا مەلا).

٢١/٢/١٩٤٦ بڵاوبوونەوەی گۆڤاری (هەڵاڵە) لە بۆکان.


هەژار موکریانی

٢١/٢/١٩٩١ کۆچی دوایی شاعیری بەناوبانگی کورد مامۆستا (هەژار موکریانی).

٢١/٢/١٩٩٢ بەیەک گەیشتنی سەرۆک مەسعود بارزانی و تۆرگۆت ئۆزال سەرۆک کۆماری ئەوسای تورکیا.

٢٢/٢/١٩٤٠ نوری سەعید سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتەی عیراق بڕیاری دانانی پێنجەمین وەزارەتی خۆی ڕادەگەینێ کە بەلاوازی وەزیرەکان ناو دەبەن و جێی متمانەی خەڵکی عیراق نەبوون.

٢٢/٢/١٩٤٤ بارزانیی نەمر لەگەڵ ماجد کە نوێنەری حکومەتی عیراق بوو چوون بۆ بەغدا بەمەبەستی پتەوکردنی برواو لابردنی گومانەکان لە نێوانیان و مۆرکردنی ڕێککەوتنامەیەک لەم بارەیەوە.

٢٢/٢/١٩٦٢ شەڕێکی قورس نێوان لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان و ڕژێمی عیراق لە ئەترووش ڕووی دا کە زیانێکی یەکجار زۆر بەدوژمن گەیشت.

٢٣/٢/١٩٢٣ هاتنی سمایل خانی شکاک (سمکۆ) بۆ سلێمانی بۆسەردانی شێخ مەحمود و پشتگیری کردنی.


٢٣/٢/١٩٢٥ دەستپێکردنی شۆڕشی (شێخ سەعیدی پیران).

٢٣/٢/١٩٤٧ سوپای شای ئێران لە ڕادیۆ ڕادەگەیەنن پێویستە لەسەر گشت عەشیرەتەکان چەک و تەقەمەنی خۆیان تەسلیم بەسوپای ئێران بکەن (مەبەستی خەڵکی کورد بووە لە ئێران).

٢٣/٢/١٩٤٧ شەڕی (سیلوە) لە نێوان بارزانییەکان و سەرکردەکانی (مامش) لە



جەماعەتی (قەرەنی ئاغا)، لەو شەڕەدا (محەمەد میرزا کەکشار و باقی کانی بۆتی) شەهید بوون.


سامی عەبدوڕەحمان

٢٣/٢/١٩٦٩ (سامی عەبدولڕەحمان) بەپشتیوانی (٢٠٠ پ. م) هێرش دەبەنە سەر کۆمپانیای نەوتی کەرکوک و بەتۆپ بۆمباران دەکەن و زیانێکی زۆر دەگەیننە کۆمپانیایەکە کە ئەو کاتە بەدوو سەد ملیۆن دۆلار تەخمین دەکرا.

٢٤/٢/١٩٢٠ (هیتلەر) پارتی (نەتەوەیی سۆسیالیست) دادەمەزرێنێ.

٢٤/٢/١٩٢٥ (وەزیری دەوڵەت)ی حکومەتی تورکیا ڕادەگەینێ لە کۆتایی مانگی ئادار شۆڕشێکی سەرتاسەری بەڕێبەری (شێخ سەعید) بەرپا دەبێت وە دەڵێ ئێستا ژمارەی پێشمەرگەکانی دەگاتە (٧) هەزار نەفەر.

٢٤/٢/١٩٢٦ دامەزراندنی کۆمەڵەی (زانستی کوردان) لە سلێمانی.

٢٤/٢/١٩٥٥ پەیمانی (بەغدا) لە نێوان تورکیا و عیراق و ئێران و پاکستان و بەریتانیا لە بەغدا ئیمزا کرا بۆ لێدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد.

٢٤/٢/١٩٥٩ بارزانیی نەمر چاوی بەدەستە پیاوماقوڵێکی تورکمان دەکەوێ لە شەقڵاوە لە ماڵی ساڵح بەگی میران کە بارزانیی نەمر لەم چاوپێکەوتنە ڕووداوەکانی کەرکووک تاوانبار دەکات.

٢٤/٢/١٩٥٩ لیژنەی بەرزی هاوکاری نیشتمانی نێوان حیزبی کۆمۆنیستی عیراق و پارتی دیموکراتی کوردستان عیراق بەیاننامەیەک بڵاودەکەنەوە سەبارەت بەڕێکخراوە دیموکراتییەکان و کۆتایی هێنان بەو ناکۆکییانەی کە لە نێوانیان هەبوو و دانانی لیژنەیەکی لێپرسینەوە بۆ ئەم مەبەستە.


میرشەرەفخانی بەتلیسی

٢٤/٢/١٩٦٣ شەهید بوونی سکرتێری حشع (سەلام عادل).

٢٤/٢/١٩٧٩ کۆبوونەوەی بەڕێز مەسعود بارزانی و کەریم حیسامی لە وڵاتی قوبروس بەمەبەستی نزیکبوونەوەی پارتی و پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

٢٥/٢/١٥٤٣ لە دایکبوونی مێژوونووسی کوردی بەناوبانگ (میر شەرەفخانی بەتلیسی).

**١٩١٨/٢/٢٥** كوژرانی (مارشیمۆن) بەدەستی سمكۆی شكاك.

**١٩٢٠/٢/٢٥** سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا (لۆید جۆرج) لەبەردەمی ئەنجومەنی گشتی بەریتانیادا ڕایگەیاند كە كورد مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی هەیە.

**١٩٣٢/٢/٢٥** بارینی بەفرێكی زۆر و بێ وێنە لە سلێمانی.

**١٩٣٨/٢/٢٥** دەرچوونی یەكەمین ژمارەی گۆڤاری (زانستی) لەژێر چاودێری مامۆستا (ساڵح قەفتان).

**١٩٩٠/٢/٢٥** تیرۆركردنی تێكۆشەری كورد مامۆستا (ڕەئوف زوهدی) لە سلێمانی.

**١٩٢٥/٢/٢٦** هەموو ڕاگەیاندنەكانی توركیا ڕادەگەیەنن كە گشت ناوچەكان كەوتە بەردەستی شۆڕشگێڕەكان بەڕێبەری (شێخ سەعیدی پیران)، هەر ئەو ڕۆژەش ڕێگای (دیاربەكر) بۆ (خرپوت) دەبڕن.

**١٩٤٨/٢/٢٦** كوڕ گەلی سلێمانی و ڕانیە و زاخۆ كە بۆ پرسەی برایەكی هاوفیكریان دەچن بۆ بەغدا كە ژمارەیان زیاتر لە (٥٠٠) كوردی جوامێری دلێری دڵ بیریندار بوون سەعات دوو و نیوی پاش نیوەڕۆ بەرەو گۆڕستان دەچن بەجلی كوردی و لەگەڵیانەوە كچە كوردەكان بەدەسكە گوڵەوە بەرێ كەوتن و خۆپیشاندنێكی یەكجار بەناوبانگیان سازدا و داوای برایەتی كورد و عەرەب و ئاسایشی وڵاتیان كرد.




سەرۆك بارزانی و جۆن مێجەر

**١٩٩٢/٢/٢٦** سەرۆك مەسعود بارزانی و جۆن مێجەر سەرۆك وەزیرانی ئەوسای بەریتانیا بەیەك گەیشتن.

**١٩٩٤/٢/٢٦** كۆچی دوایی شاعیر (مەدهۆش).

**١٩٩٢/٢/٢٧** دامەزراندنی (كۆمەڵەی منداڵ پارێزی كوردستان).



سمایل خان كوڕی
سمكۆی شكاك

**١٩٩٤/٢/٢٧** وەفدێكی ئیسپانی كە پێكهاتبوو لە ئیگنا خۆبریتوو و فیرناندگۆترالۆ سەردانی پەرلەمانی كوردستان دەكەن.

**١٩٢٣/٢/٢٨** (سمایل خان) كوڕی سمكۆی شكاك، شاری سلێمانی بەجێ دێلی و یەكێك لە ئەفسەرەكانی شێخ مەحموود (ڕەشید جەودەت) تا سنوور بەڕێی دەكا.

**١٩٥٨/٢/٢٨** بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی (پێشكەوتن) لە بەغدا.



**١٩٦٣/٢/٢٨** (بارزانی) نەمر لە گفتوگۆیەكی ڕۆژنامەگەریدا لە قەڵادزێ ڕادەگەیەنی كە هێزی (پ.م) بگەڕێنەوە سەر شوێنەكانی خۆیان و ئەگەر حكومەتی عیراق دان بەئۆتۆنۆمی نەنێ ئیمكانی هەیە سەربەخۆیی ڕابگەیەنێ.

**١٩٩١/٢/٢٨** ڕزگاركردنی كوێت لەژێر دەستی عیراق و مۆركردنی ڕێككەوتنی (سەفوان) نێوان هاوپەیمانەكانی نێودەوڵەتی و عیراق و تەقە وەستان نێوان عیراق و هاوپەیمانەكان.

**١٩٩٨/٢/٢٨** شاڵاوی سوپای یۆگۆسلاڤیا بۆ سەر كۆسۆڤۆ.

***

## ٣
## ئادار

١٩١٤/٣/١ لە تورکیا سەرژمێرکرا و بەپێی بڵاوکراوەکەی لە ساڵی ١٩١٩ ژمارەی کوردەکان لە ناوچەی وان، بەدلیس، خەرپووت، دیاربەکر، ئەزروم گەیشتنە (٢٥٢٧٨٤٠) کەس.

١٩١٨/٣/١ خەڵاتی خاکی پۆڵاینی ئەڵمانی بە(محەمەد ئەمین زەکی بەگ) دەدرێ.

١٩٢٨/٣/١ یەکێک لە خوێناویترین و مێژووترین شەڕی دەریایی کە هاتە پێش شەڕی نێوان خەڵکی (ڤێنیز) و (ژێن- جانوا) بوو کە بەپیرۆزی ژێنەکان تەواو بوو.

١٩٧٠/٣/١ ڕۆژی (مامۆستا).

١٩٧٩/٣/١ کۆچی دوایی (بارزانی) نەمر.

١٩٨٦/٣/١ (ئۆلاف پاڵمە) سەرۆک وەزیرانی سوئێد شەو لە شاری (ستۆکهۆلم) هاتە کوشتن لە پێشوودا بەڕێوەبەری گشتی UN بووە.

١٩٩٠/٣/١ میدالیای بارزانیی نەمر دەدرێت بەمامۆستا هەژار موکریانی لەلایەن هێژا مەسعود بارزانی.

١٩٩٣/٣/١ لە دوایی ڕاوەستانێکی زۆری ڕۆژنامەی (التآخي) کە چەند ساڵی خایەند ڕۆژی دووشەمە لەبیرەوەری ١٤ ساڵەی کۆچی دوایی بارزانیی نەمردا ژمارەی (١٥٨٤) دەرچوو بەزمانی عەرەبی و بۆ ڕۆژی دواتریش بەژمارە (١٥٨٥) بەزمانی کوردی برایەتی کەوتە دەستی خوێنەران.

١٩٢٦/٣/٢ لە بەندی ٣ی یاداشتنامەی نهێنی لیژنەی ڕاسپێردراوی کۆمەڵەی گەلان و تایبەت بەهەرێمی موسڵ لەم کاتەدا کۆمەڵەی ڕاسپاردووە کە پێویستە ڕێزی ئارەزووەکانی کورد بگیرێت.



میخائیل گۆرباچۆف

١٩٢٩/٣/٢ سەرنج ڕاکێشانێکی نهێنی (لامسلۆت ئۆلفێنت)ی بەریتانی سەبارەت بەچۆنیەتی بەڕێوەبردنی ناوچە کوردنشینەکان لەلایەن حکومەتی عێراق و کوردەکان کە بەسوودی کوردەکان بوو.

١٩٣١/٣/٢ لە دایکبوونی (میخائیل گۆرباچۆف) یەکەمین سەرۆک کۆماری ڕوسی کە بەشێوەیەکی دیموکراتی هەڵبژێردرا،



ناوبراو لە گوندی (پریولنوی) لە (ئیستاڤێرڤپول) لە باشووری ڕوسیا هاتووتە دونیا.

١٩٩٧/٣/٢ کردنەوەی لقی نووسەرانی کوردستان لە لەندەن.

١٩٩٩/٣/٢ نەقابەی هونەرمەندانی کوردستان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان مۆڵەتی پێدەدرێت بەسەرۆکایەتی (ئەحمەد سالار).

١٧٤٩/٣/٣ لە دایکبوونی ماتماتیک ناسی جیهانی (پییەر لاپلاس) لە شاری (پۆن لوک)، ناوبراو لە ساڵی (١٨٢٨) کۆچی دوایی کرد.

١٨٧٨/٣/٣ (کۆنگرەی سان ستڤانۆ) لەم کۆنگرەیەدا بڕیار درا ڕیفۆرمێک بەشێوەی ئۆتۆنۆمی بۆ ئەرمەنییەکان جێبەجێ بکرێ.

١٩٢٣/٣/٣ دەرچوونی دوا ژمارەی ڕۆژنامەی کوردی زمان (ڕۆژی کوردستان) لە سلێمانی.

١٩٢٤/٣/٣ ڕاگەیاندنی ڕژێمی کۆماری لە تورکیا.

١٩٣٧/٣/٣ دەستپێکردنی شۆڕشی (دەرسیم).

١٩٤٣/٣/٣ دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری (ڕۆژا نو) لە بەیرووت.

١٩٤٧/٣/٣ شەڕی (نەلۆس).

١٩٥٩/٣/٣ کۆچی دوایی شاعیری کورد (شێخ سەلام).

١٩٩٤/٣/٣ مامۆستا (عەلی عەبدوڵڵا) بەڕەسمی ئاڵای پارتی لە بارەگای (م.س) بەرز دەکاتەوە.

١٩٩٧/٣/٣ تەکریمی مامۆستا (هێدی) لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان.

١٩٩٧/٣/٣ بارزانیی نەمر نامەیەکی تر ئاراستەی سەرۆک کۆماری ئەوکاتەی ئەمریکا (کارتەر) دەکات و تێیدا داوای دیتنی دەکات بەمەبەستی چارەسەرکردنی باردۆخی کوردستانی باشور.

١٩٢٣/٣/٤ بۆردمانی شاری سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەوە.

١٩٢٤/٣/٤ هەڵوەشاندنەوەی بەیەکجارەکی سیستەمی خیلافەت لە تورکیا.

١٩٦١/٣/٤ ڕۆژنامەی (کوردستان) بەزمانی کوردی لەلایەن پارتی لە بەغدا هاتە چاپکردن.




وەفدێکی ڕژێمی عێراق بەسەرۆکایەتی (تاهیر یەحیا)

١٩٦٣/٣/٤ وەفدێکی ڕژێمی عیراق بەسەرۆکایەتی (تاهیر یەحیا) بۆ لای بارزانیی نەمر دەچیتن (لە گوندی کانی ماران) بۆ گفتوگۆ کردن.

١٩٧٩/٣/٤ تەرمە پیرۆزەکەی (بارزانیی) نەمر لە ئەمریکا گەیشتە تاران.

١٩٨٧/٣/٤ هێزی هەوایی تورکیا بە ٣٠ فڕۆکە هێرشیان کردە سەر ناوچە سنوورییەکان و بەبۆمبی سووتێنەر (ناپاڵم) بۆمبارانیان کرد، لە ئەنجامدا ١٧٠ کەسی بێ تاوانی کورد هاتنە شەهیدکردن.



مێژوونوس ئەحمەد خواجە

١٩٩٧/٣/٤ کۆچی دوایی مێژوونووس و نووسەری شێخ مەحمود (ئەحمەد خواجە) لە شاری سلێمانی لە تەمەنی ١٠٢ ساڵیدا، تەرمەکەی لە گردی سەیوان بەخاک سپێردرا.

١١٩٣/٣/٥ کۆچی دووایی سەلاحەدین ئەیوبی.

١٩٧٥/٣/٥ ئەفسەرێکی پایەبەرزی ڕژێمی ئێران دەگاتە خزمەت بارزانیی نەمر و پێی ڕادەگەینێ کە ئێران و عیراق ڕێک دەکەون و ئێرانیەکانیش سنووری خۆیان لەبەردەم شۆڕشدا دەبەستن.



١٩٧٩/٣/٥ (بارزانی) نەمر لەسەر وەسیەتی خۆی لە شاری شنۆ تەرمە پیرۆزەکەی بەخاک سپێردرا.

١٩٩١/٣/٥ ڕۆژی دەستپێکی ڕاپەڕینی گەلی کوردستان.

١٩٩٩/٣/٥ شاندێکی پارتی بەشداری کۆبوونەوەی لیژنەی کاری سۆشیالیزمی نێودەوڵەتی تایبەت بەکورد کە لە پاریس بەسترا دەکات.

١٩٧٥/٣/٦ ئیدریسی جوانەمەرگ بەو سیفەتەی ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری پارتی بوو تا مێژووی ١٩٧٥/٣/١٩ لەیەک کاتدا ڕووبەڕووی چەندین کارەساتی یەک بەدوای یەک بووەوە، لەسەر هەر سێ ئاستی سەربازیی و سیاسی و خۆڕاگری سەلماندی کە لە ڕۆژگاری سەختدا ئەو سەرکردەیەیە کە دەتوانی





شاه لە کەڵ سەدام حوسێن

هاوکێشەکان و بارودۆخەکە بۆ بەرژەوەندی کورد بگۆڕێ.

١٩٧٥/٣/٦ ڕێککەوتنامە خیانەتکارییەکەی جەزائیر (لەلایەن شای ئێران و حکومەتی عیراق) دژ بەشۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە کوردستانی عیراق.




دەروازەی ڕانیە

١٩٩١/٣/٦ ڕاپەڕینی سەرتاسەری لە ڕانیەی دەروازە.

١٩٩١/٣/٦ ڕاپەڕین و ئازادبوونی بازیان لەژێر دەسەلاتی ڕژێمی عیراق.

١٩٢١/٣/٧ دوور خستنەوەی (شێخ مەحمود) بۆ هیندستان.

١٩٦٢/٣/٧ ڕژێمی عیراق لێبووردنێکی گشتی بۆ شۆڕشگێرانی کوردستان دەردەکات و نوسخەیەکیش لەگەڵ شاندەکەی بۆ لای بارزانیی نەمر دەنێرێ.



سەدام حوسێن

١٩٧٤/٣/٧ سەدام حوسێن نامەیەکی ئاراستەی بارزانیی نەمر دەکات کە تیایدا دەڵێت بەداخەوە لە نەهاتنی شاندی پارتی لە مانگی شوباتدا و داوا لە بارزانیی نەمر دەکات کە یەکێک لە کوڕەکانی ڕەوانە بکات.

١٩٧٥/٣/٧ هێزی ئاسمانی عیراق بێ ڕەحمانە گشت ناوچەکانی چۆمان و گەلاڵە و ناوپردان و دەربەند تا سنووری ئێران بۆمباران دەکات.

١٩٨٦/٣/٧ ئیمزا کردنی بڕیاری (ئاشتبوونەوەی گشتی) لەلایەن (ئیدریسی جوانەمەرگ) و (مام جەلال).

١٩٨٨/٣/٧ (نیگار حەسیب قەرەداغی) لە ڕۆژی جیهانی شانۆدا لە بەغدا لەلایەن ژمارەیەک لە مامۆستایانی ناوداری شانۆی عیراق خەلاتی ڕۆژی جیهانی شانۆی پێشکەش کرا کە بریتی بوو لە خەلاتی باشترین کچە ئەکتەر.

١٩٩٠/٣/٧ وەفدێکی پارتی بەسەرۆکایەتی بەڕێز (مەسعود بارزانی) سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی (ینک) دەکەن و لەلایەن (نەوشێروان مستەفا) پێشوازیان

لێدەکرێت. ئەم سەردانەش بەمەبەستی پتەوکردن و بەهێز خستنی پەیوەندییەکان بووە.



بارزانی نەمر و سەدام حوسێن

١٩٩١/٣/٧ ڕۆژی ڕزگارکردنی شاری سلێمانی.

١٩٩٦/٣/٧ کۆمەڵەی تلاسیمای کوردستان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان مۆڵەتی پێدرا بەسەرۆکایەتی (دکتۆر عوسمان ئەمین).

١٩٩٦/٣/٧ دادگای تورکیا بڕیاری زیندانکردنی (یەشار کەمال)ی دا بۆ ماوەی (٢٠) مانگ.

١٩٠٨/٣/٨ ڕۆژی ئافرەتانی جیهان.

١٩٢٣/٣/٨ دەرچوونی ڕۆژنامەی (بانگی حەق) زمانحاڵی شۆڕشی (شێخ مەحمود) لە ئەشکەوتی (جاسەنە).

١٩٤٦/٣/٨ پیلانی (عبدالوهاب الشواف) لە مووسڵ.

١٩٥٩/٣/٨ (عبدالوهاب الشواف) ئینقلابی خۆی و پیرۆزی لە ڕادیۆی مووسڵ بڵاو دەکاتەوە کە ئەوکاتە فەرماندەی لەشکری پێنجەمی عیراق بوو.

١٩٧٢/٣/٨ ڕژێمی سوریا (٥) فیداکاری کوردی سوری بۆ ماوەی ٢ ساڵ زیندانی دەکات بەتاوانی ئەوەی لە ئاهەنگی دامەزراندنی پارتی بەعسدا هوتافی (بژی برایەتی کورد و عەرەب) دەدەن.

١٩٧٤/٣/٨ شاندی پارتی بەسەرۆکایەتی ئیدریس بارزانی جوانەمەرگ بەمەبەستی گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمی عیراق بەرەو بەغدا دەچێت.

١٩٩٠/٣/٨ پرۆژەی ئەگەرەکان کە لەلایەن سەرکردایەتی پارتییەوە لە ١٩٩٠/٣/٥ گەڵاڵە کرابوو خرایە بەردەمی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی.

١٩٩١/٣/٨ ڕاپەرینی شارەکانی (چەمچەماڵ، هەڵەبجە، عەربەت، زەڕاین، پیرەمەگرون) دژی بەعس.

١٩٩٧/٣/٨ پێشانگایەکی وێنەکێشی منداڵانی کوردستان لە شاری لەندەن کرایەوە.

١٩٩٩/٣/٨ کۆچی دوایی هونەرمەندی کورد (قادر دیلان) لە شاری پراگ لە تەمەنی (٧٠) ساڵیدا بەنەخۆشی شێرپەنجە.



١٩٦٣/٣/٩ حکومەتی عیراق ڕای گەیاند لەسەر بنچینەی (لامەرکەزی)دا دان بەمافە نەتەوەییەکانی کورد دادەنێت.

١٩٧٤/٣/٩ گەڕانەوەی شاندی پارتی بەسەرۆکایەتی ئیدریس بارزانی جوانەمەرگ بێ ئەوەی هیچ چارەیەک بۆ کێشەی کورد بدۆزێتەوە.

١٩٩١/٣/٩ ئازادکرنی شارەکانی شەقڵاوە و کۆیە لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی عیراق.

١٩٩٤/٣/٩ تیرۆرکردنی دوو فەرمانبەری نەتەوەیەکگرتووەکان لە شاری سلێمانی.

١٩٩٧/٣/٩ لە دانیشتنی دەسپێکی خولی یەکەمی ساڵی ١٩٩٧ی پەرلەمانی کوردستان بەڕێز مەسعود بارزانی ئامادە دەبێت.

١٩٩٩/٣/٩ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان چاوی بەشاندێکی سویدی کەوت و باس لەمەڕ پەنابەرانی کوردی لە ئەوروپا و بڕیاری ٩٨٦ کرد.

١٩١٤/٣/١٠ مەلا سەلیم بەهۆی کوردەکانی بەدلیسەوە ئاگاداری جموجۆلی تورکەکان بوو و بەناوی کوردە ڕاپەڕیوەکانەوە نامەیەک ئاراستەی سەرۆکی ئەرمەنییەکان لە بەدلیس دەکات و هەستی برایەتی کوردی بۆ دەربڕیبوو بەرامبەر ئەرمەنییەکان.

١٩٢٥/٣/١٠ ڕزگارکردنی ناوچەکانی (سلیڤانا، جولەمێرگ، ئارگاوە، هازرو) لەلایەن قارەمان شێخ سەعیدی پیران.



لەتیف شێخ مەحموود حەفید

١٩٣٢/٣/١٠ وەزارەتی ناوخۆی عیراق وریاکردنەوەیەکی بۆ شێخ ئەحمەد بارزانی نارد و داوای لێکرد بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لەبەردەم قایمقامیەتی زێبار ئامادە بێت بۆ دەربڕینی بەر فەرمانبوونی خۆی بۆ میری و حاکمی سیاسی بەریتانیش نامەیەکی لەم بابەتەوە بۆ ناردبوو.

١٩٣٣/٣/١٠ کۆڕەوی کوێتیەکان دەربارەی یەکگرتنی بەعیراق (سەردەمی مەلیک غازی).

١٩٣٧/٣/١٠ دامەزراندنی کۆمەڵەی برایەتی بەسەرۆکایەتی (لەتیف شێخ مەحمودی حەفید).

١٩٥٢/٣/١٠ دامەزراندنی (کۆمەڵەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان).

١٩٧٠/٣/١٠ (بارزانیی) نەمر و (سەدام) لە قوتابخانەیەک لە ناوپردان گەیشتنە پێکهاتن دەربارەی مەسەلەی کورد کە لە ١٩٧٠/٣/١١ ڕاگەیاندرا.

١٩٩١/٣/١٠ ڕاپەڕینی تەق تەق، ئاغجەلەر، قەرەهەنجیر، کۆیە، کفری، هەریر، باسرمە، چۆمان، حاجی ئۆمەران، خەلیفان، دیانە، مێرگەسوور.

١٩٩٢/٣/١٠ پەرلەمانی نەمساوی (لەسەر بڕیاری پرۆژەی مەسەلەی کورد) بڕیاری دا پێویستە چارەسەری مافی کورد بکرێت لەسەر بنەمای مافی چارەنووسی ئەم میللەتە لەهەر چوار پارچەی کوردستان.


١٩٩٩/٣/١٠ لە دانیشتنی دەسپێکی خولی یەکەمی ساڵی ١٩٩٩ی پەرلەمانی کوردستان بەڕێز مەسعود بارزانی ئامادە دەبێت.

١٩١٧/٣/١١ ئینگلیز بەغدا داگیر دەکات.

١٩٢٤/٣/١١ پاشای کۆرە شارۆچکەی پردێ (ئاڵتون کۆپری) ئازاد دەکات.

١٩٢٥/٣/١١ بڵاوبوونەوەی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری (دیاری کوردستان).

١٩٧٠/٣/١١ ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازار.



شاری هەولێر

١٩٩١/٣/١١ (ئیسماعیل بێشکچی) کۆمەڵزانی بەرزی تورکی کە دۆستی گەلی کوردمانە لەبەر کتێبێکی تازەی بەناوی (کوردستان، کۆلۆنیالی نێودەوڵەتان) لە ئەستەنبوڵ گیرا و درایە دادگا.

١٩٩١/٣/١١ ڕزگارکردنی شاری هەولێر لەژێر دەسەڵاتی ڕژێم.

١٩٩٧/٣/١١ پەرلەمانی کوردستان بڕیار دەدات جەژنی نەورۆز بۆ ماوەی سێ ڕۆژ پشوودان و ئاهەنگ گێڕان بێتن.



پەرلەمانی کوردستان – هەولێر

١٤٠٣/٣/١٢ یەکەمین نەخۆشخانە (لە جیهان) لە لەندەن بۆ نەخۆشەکانی ڕەوانی (دێوانە) دروست کرا بەمەبەستی چارەسەر کردنیان.

١٩٢١/٣/١٢ تشێر شلی بەریتانی داوا لە نوێنەرانی (لەشکری و سوپایی) بەریتانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات بەشداری لە (کۆنگرەی قاهرە)دا بکەن بەمەبەستی بەردەوامی سیاسەتیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، خاڵێکی گرنگ لەم کۆبوونەوەیەدا دانانی ناوچە کوردنشینەکان لەژێر دەسەڵاتی عیراق و چۆنییەتی پەیوەندی ئەم ناوچەیە بەعیراق.



١٩٢٤/٣/١٢ هەڵبژاردن لە عیراق بۆ (مجلس المؤسسين) کرا و (١٧) نوێنەر لە کوردەکان دەرچوون، یەک لەوانە (شێخ قادر) برای (شێخ مەحمود) بوو.

١٩٥٤/٣/١٢ (نوری سەعید) و(مەلیک فەیسەڵ) بەیەکەوە سەردانی پاکستان دەکەن.

١٩٥٧/٣/١٢ کۆچی دوایی شاعیر عەبدولجەبار ئاغا (کانی).

١٩٦٣/٣/١٢ گفتوگۆ لەنێوان پارتی و ڕژێم لە بەغدا دەست پێکرا.

١٩٧٥/٣/١٢ شاندێک بەسەرۆکایەتی بارزانیی نەمر لە تاران چاویان بەشای ئێران کەوت تاوەکو چارەیەک بۆ ئەو بارودۆخەی کوردستان بدۆزنەوە بەڵام شای ئێران هیچی بۆ نەکردن و نەیسەلماند.



ئەمیر فەیسەل

١٩٩٣/٣/١٢ کارەساتی (عەوێنە) لەلایەن ڕژێم.

١٩٢٢/٣/١٣ ئەمیر فەیسەل دەبێتە پاشای عیراق و لە شاری مەککە دەگاتە ناو خاکی عیراق بۆ وەرگرتنی تەخت و تاجی پاشایەتی بەڵام خەڵکی عیراق بەهەموو چینەکانی ئەو ڕوداوەیان پێ خۆش نەبوو سەرەڕای کە بەریتانیا پڕۆپاگاندەیەکی چاکی بۆ مەلیک کردبوو بەڵام پێشوازی چاکی لێ نەکرا.

١٩٤٢/٣/١٣ کۆچی دوایی زانای ئاینی مەلا ڕەشید بەگی بابان.

١٩٤٧/٣/١٣ شەڕە بەناوبانگەکەی (گۆجار).

١٩٤٩/٣/١٣ بەرپرسانی ڕوسی (بارزانیی) نەمر لە هەڤالانی دادەبڕن و دەیبەنە دەریاچەی ئۆڕال و دەست بەسەر دەکرێ.


١٩٧٠/٣/١٣ لە دوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی ئازار بەڕێز مەسعود بارزانی لەگەڵ ساڵح مەهدی عەماش (ئەو کاتە وەزیری ناوخۆی عیراق بوو) لە شاری بەسرا بوون و بەڕێز مەسعود بارزانی پرسیارێکی لێدەکات کە بۆچی کاتی ئینقلاب عەبدولکەریم قاسمتان کوشت؟ بۆ ڕەوانەی دەرەوەتان نەکرد؟ و....

١٩٧٥/٣/١٣ بارزانی نەمر و شاندە یاوەرەکەی گەڕانەوە کوردستان.

١٩٧٥/٣/١٣ دوا شەڕی شۆڕشی ئەیلول لە دۆڵی ئاکۆیان ڕۆژهەڵاتی ڕەواندز نێوان لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان و سوپای عیراق ڕووی دا کە هێرشەکەی دوژمن پووچەڵ کرایەوە و بەخۆیان ڕانەدەگەیشتن بۆ هەڵاتن و لەو ڕۆژەدا یەکێک لە

سەرکردەکانی ئەو بەرەیە بەناوی (ساڵح ئاکۆیی) هاتە شەهید کردن کە دوا شەهید بوو لە شۆڕشی ئەیلول بۆ ئازادی کوردستان.

١٩٧٩/٣/١٣ کەریمی حیسامی لە شاری بەیرووت لەگەڵ یاسر عەرەفاتی سەرۆکی ڕێکخراوی ڕزگاری خوازی فەلەستین کۆدەبێتەوە بەمەبەستی پتەوکردنی پەیوەندی هەردوولا.




ئالبێرت ئەنیشتاین

١٩٩١/٣/١٣ ئازاد کردنی باوەنور، ئالتون کوپری، جەبارە، کوڵەجۆ.

١٨٧٩/٣/١٤ لە دایکبوونی (ئالبێرت ئەنیشتاین).

١٩٠٣/٣/١٤ لە دایکبوونی (بارزانیی) نەمر.

١٩٢٠/٣/١٤ سکرتێری گشتی کۆمەڵەی سەربەخۆیی کورد (ئەحمەد سورەیا بەدرخان) لە قاهیرە یاداشتنامەیەکی تر ئاراستەی وڵاتە هاوپەیمانەکان دەکات سەبارەت بەوەزعی میللەتی کورد و سەربەخۆیی کوردستان.



شاعیر (حیلمی)

١٩٢١/٣/١٤ بڕیاری شەڕی گشتی دژ بەکوردەکان لەلایەن کەمالییەکان لە ئەنقەرە (تورکیا) دەدرێت.

١٩٨٥/٣/١٤ کۆچی دوایی شاعیر (حیلمی).

١٩٩٦/٣/١٤ دەرچوونی تەرجومەی قورئانی پیرۆز بەزمانی کوردی لەلایەن مامۆستا شەپۆڵ.

١٩٩٧/٣/١٤ کردنەوەی قوتابخانەی پۆلیسی هاتوچۆ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان.

١٩٩٨/٣/١٤ دەسپێکی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری (هەڵاڵە)، (لە ئەڵمانیا لەلایەن لیژنەی ناوچەی پارتی دەرچووە) هێژا مەسعود بارزانی لە پەیمانگای کادیرانی پارتی لە هەولێر پێشکەشی کرد.



کردنەوەی قوتابخانەی پۆلیس

١٩٩٨/٣/١٤ کردنەوەی دەزگای شەهید (لە هەولێر) لەلایەن هێژا مەسعود بارزانی.



١٩٩٩/٣/١٤ کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆبووەوە، لە ئەنجام بڕیاری دا گۆڕانکاری ڕیشەیی دەست پێ بکرێ.

/٣/١٤ - ڕۆژی دارودرەخت.

١٨٣٢/٣/١٥ کوردە ئێزیدییەکان و شاری ئەلقوش دەکەونە بەر هێرشی پاشای کۆرە.

١٩٣٢/٣/١٥ هەڵگیرسانی شۆڕشی یەکەمی (بارزان).

١٩٣٢/٣/١٥ بڵاوبوونەوەی گۆڤاری (هاوار) لە دیمەشق.

١٩٣٢/٣/١٥ هێزێکی زۆر گەورە لە پیادە و سواری و تۆپخانەی عیراقی بەیارمەتی سوپا و فرۆکەی بەریتانیا دێنە ناوچەی شێروان.

١٩٦٢/٣/١٥ سەرۆک کۆماری عیراقی ئەو کاتە وەفدێکی عەشایری پشدەر بۆ لای بارزانیی نەمر ڕەوانە دەکات بەمەبەستی گفتوگۆ کردن.

١٩٧٥/٣/١٥ بزووتنەوەی دیموکراتی فەرەنسا لەلایەن (میشێل ژۆبێر)، هاتە دامەزراندن، ناوبراو لە کاتی حکومەتی (جۆرج پۆمپیدو سەرۆک کۆماری فەرەنسا) وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە بوو.

١٩٩١/٣/١٥ رزگارکردنی شاری زاخۆ.

١٩٩٦/٣/١٥ دەرچوونی یەکەمین ژمارەی ڕۆژ ژمێری (گزنگ) لەلایەن لقی ئاوارەی (ی.ل.د.ک.ع).

١٩٢١/٣/١٦ پەیمانی یارمەتی هاوکاری نێوان تورکیا ڕوسیا مۆر دەکرێت، بەپێی ئەو پەیمانە پێویستە ڕوسیا چەک و کەرستەی بەردەوام بەتورکەکان بدات هەروەها بەشی زۆری کوردی قەفقاس درا بەتورکەکان.



شاعیر مەعروف ڕەسافی

١٩٤٥/٣/١٦ کۆچی دوایی شاعیری کوردی بەناوبانگی عەرەبی گۆ (مەعروف ڕەسافی).

١٩٥١/٣/١٦ تورکیا و یەکێتی سۆڤیەت ڕێککەوتننامەیەکی دۆستایەتی و هاوکاری لەنێوانیاندا مۆر دەکەن کە هۆی سەرەکی دژ بەکوردەکان و ئەرمەنیەکان بووە.

١٩٦٣/٣/١٦ بارزانیی نەمر دەگاتە شاری کۆیە و میوانی یەکێک لە دۆستە خۆشەویستەکانی دەبێت بەناوی کاکە حەمە زیاد ئاغای کۆیی.



كارەساتی هەڵەبجە

١٩٨٨/٣/١٦ كارەساتی هەڵەبجە، لەم كارەساتە زیاتر لە (٥) هەزار هاوڵاتی بێ گوناح بەبۆمبی كیمیاوی لەلایەن ڕژێمی عیراق شەهید بوون.

١٩٩٤/٣/١٦ وەفدێكی پایەبەرزی پەرلەمانی بەریتانیا سەردانی پەرلەمانی كوردستان دەكەن.

١٩٩٥/٣/١٦ دەرچوونی ژمارە (٠)ی خەبات چاپی دەولی بەزمانی عەرەبی لە لەندەن كە زمانحاڵی پارتی دیموكراتی كوردستانی عیراقە.

١٩٩٩/٣/١٦ لیژنەی مافی مرۆڤی سەر بەكۆنگرێسی ئەمریكا یادی كیمیابارانی هەڵەبجە دەكاتەوە.

١٩٦٤/٣/١٧ ئیبراهیم ئەحمەد و عەزیز شەمزینی و عومەر دەبابە دێنە سەنگەسەر بۆ دیتنی بارزانیی نەمر، دانوستاندنێكی زۆر لەسەر ئەو ڕێككەوتنەی مانگی شوبات كرا. لە كۆتاییدا بەتێكرایی یەک دەنگ بوون لەسەر ڕێككەوتننامەی شوبات.

١٩٧١/٣/١٧ ئەندامانی دیوانی سەرۆكایەتی كۆڕی زانیاری كورد لەلایەن ئەندامانی كۆڕی زانیاری عیراق و كۆڕی زانیاری كورد لە بەغدا هەڵبژێردران.

١٩٩١/٣/١٧ ڕزگاركردنی شاری دهۆک.

١٩٩٣/٣/١٧ دەست كێشانەوەی كابینەی یەكەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە كار.



ئەحمەد خومەینی

١٩٩٥/٣/١٧ كۆچی دوایی كوڕی ئیمام خومێنی (ئەحمەد) لە یەكێک لە نەخۆشخانەكانی تاران.

١٩٤٧/٣/١٨ داستانی بەناوبانگی (بەری شنۆ) بەسەركردایەتی بارزانی نەمر دژ بە سوپای شای ئێران.

١٩٦٢/٣/١٨ شەڕی بەناوبانگی گەلی قەنتارە نێوان شۆڕشگێڕانی پارتی و (پۆلیس و سەرباز و جاشەكانی كورد).

١٩٦٣/٣/١٨ بەفەرمانی (بارزانیی) نەمر كۆنفرانسێک لە كۆیە دەبەسترێت كە پێكهاتبوو لە (٢٥٠٠) نوێنەری جۆراوجۆر لە میللەت، لەم كۆنفرانسەدا بڕیار درا وەفدێک بەسەرۆكایەتی مام جەلال بەمەبەستی گفتوگۆ بچێتە بەغدا.



١٩٧٥/٣/١٨ سەركردایەتی پارتی بڕیاری شەڕ ڕاوەستان دژ بەعیراق دەدات، میللەت و هێزەكانی پ.م ئاگادار دەكەنەوە كە پەنا بەئێران ببەن.

١٩٧٩/٣/١٨ فڕۆكەكانی ڕژێمی ئێران هێرش دەبەنە سەر ناوچەكانی شاری سنە كە لە ئەنجامدا زیاتر لە ٤٠٠ كوردی بێ تاوان شەهید بوون.

١٩٩٣/٣/١٨ دامەزراندنی پارتی كۆماری كوردستان.

١٩٣٢/٣/١٩ هێزی ئاسمانی بەریتانیا R.A.F لە شۆڕشی یەكەمی بارزان، بۆردومانی بارزان و گوندەكانی دەوروبەری كرد و زیانێكی زۆری پێگەیاندن.

١٩٤٧/٣/١٩ گەرم بوونی شەڕی بەرەی (شنۆ و نەغەدە).

١٩٧٤/٣/١٩ ئیزگەی دەنگی كوردستانی عیراق دەستی بەكار كردەوە.

١٩٧٤/٣/١٩ كوردستانی عیراق جارێكی دیكە تووشی شەڕ دەبێتەوە لەگەڵ ڕژێمی عیراق.

١٩٨٣/٣/١٩ كۆماری ئیسلامی ئێران گوشار دەخاتە سەر لاوانی كورد لە ناوچەی شنۆ تا دژ بەپارتی دیموكراتی كوردستانی ئێران چەک هەڵگرن لە ئاكامی ئەم ڕەفتارە ژمارەیەكی زۆر لە لاوانی كورد پەیوەندیان كرد بەهێزی (پ. م)



ئاگری جەژنی نەورۆز

١٩٨٨/٣/١٩ ئەنفالكردنی دۆڵی جافاتی لەلایەن سوپای بەعسەوە.

١٩٨٩/٣/١٩ كۆچی دوایی سكرتێری پاسوک (ئازاد مستەفا).

١٩٩٤/٣/١٩ جەژنی نەورۆز لە توركیا بەڕەسمی كرایە جەژنی هەموو توركیا.



تەلاری پەرلەمانی كوردستان

١٩٩٧/٣/١٩ (پەرلەمانی) كوردستان بۆ یەكەمین جار بەشێوەیەكی یاسایی بڕیار لەسەر بودجەی هەرێم دەدا.


١٩٩٩/٣/١٩ لیژنەی لاوانی جوداكاری ڕەگەزپەرستی سەر بەUN نیگەرانی خۆی سەبارەت بەسیاسەتی پێشێلكاری مافە بنەڕەتیەكانی كورد دەردەبڕیت.

١٩٨٨/٣/٢٠ دەست پێکردنی ئەنفالی دووەم کە ناوچەکانی قەرەداغی نزیک سلێمانی گرتە بەر و ڕژێم چەکی کیمیاوی تێدا بەکار هێنا.

١٩٨٨/٣/٢٠ بەستنی کۆنفرانسی باڵای ئیسلامی، ٤ ڕۆژ دوای کارەساتی هەڵەبجە.

١٩٩٠/٣/٢٠ خۆ سووتاندنی مەشخەڵی نەورۆز (زەکیە ئاڵکان).

١٩٩١/٣/٢٠ ڕزگارکردنی شاری کەرکووک لە دەستی ڕژێمی عیراق و سەرکەوتنی ڕاپەڕین.



سامی عەبدولڕحمان

١٩٩٣/٣/٢٠ (سامی عەبدولڕەحمان) بەرپرسی کارگێری (م.س)ی پارتی ڕادیۆی پێشکەوتنی دەنگی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان دەکاتەوە.

١٩٩٦/٣/٢٠ هێژا مەسعود بارزانی ئاشتی نامەیەک ئاراستەی سەرجەم ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد دەکات بەبۆنەی جەژنی نەورۆزی پیرۆزەوە، ئەم پەیامەش بەپەیامی ئاشتی و برایی و یەکبوونی میللەت و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لە قەڵەم دەدرێت.

١٥٩٠/٣/٢١ پەیمانێک نێوان سەفەوییەکان و عوسمانییەکان لە ئەستەنبول مۆرکرا کە بەپێی ئەم پەیمانە ناوچەی شارەزوور و لورستان کەوتنە دەست عوسمانییەکان.

٣/٢١ - هەر ساڵ جەژنی نەورۆزی پیرۆزی کوردە.

١٩٠٧/٣/٢١ جەژنی دایک.

١٩٣١/٣/٢١ نامەی (شێخ مەحموودی) نەمر بۆ سەرۆکی شورای UN دەربارەی مافی گەلی کورد.

١٩٤٦/٣/٢١ بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە ئاهەنگێکی مەزن لە شاری بەغدا لەلایەن کوردەکانی عیراق ساز درا لەناو باخچەکانی هۆڵی مەلیک فەیسەڵ (هۆڵی گەل) گەلێک وتار خوێندرایەوە.

١٩٤٦/٣/٢١ دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری (هاواری کوردستان) لە مەهاباد کە ئۆرگانی لاوانی دیموکرات بوو بەسەرپەرشتی سەدیق ئەنجیری.

١٩٤٦/٣/٢١ دەرکردنی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری (هەڵاڵە) لە شاری بۆکان (بە دیدگاییێکی تر) لەژێر چاودێری مامۆستا (حەسەن قزلجی).



١٩٤٨/٣/٢١ بۆ یەکەم جار کورد وا فراوان و ئاشکرا یادی جەژنی نەورۆز لە بەغدا و شارەکانی کوردستان دەکاتەوە.

١٩٥٦/٣/٢١ بنیادی کۆماری پاکستان.

١٩٦٤/٣/٢١ بارزانیی نەمر نامەیەکی تایبەتی ئاراستەی ڕژێمی عیراق دەکات سەبارەت بە(١٧) قارەمانی کورد کە لە بەندیخانەی مووسل و ١٥ قارەمانی تر لە بەندیخانەی نوگرەسەلمان (بەبیانۆی ڕووداوەکانی باکووری عیراق) بەمەبەستی ئازاد کردنیان.

١٩٧٠/٣/٢١ کۆچی دوایی عەبدولکەریم ئیبراهیم گەردی، خوالێخۆشبوو یەکێک بووە لە پاسەوانانی دلێر و قارەمان بۆ خاکی کوردستان و یاوەری بارزانیی نەمریش بوون بۆ یەکێتی سۆڤیەت.



عەبدولکەریم ئیبراهیم گەردی

١٩٧١/٣/٢١ خۆپیشاندانێکی هەرە مەزن لە شاری بەغدا ساز درا کە هەموو لقەکانی پارتی و کوردەکانی نیشتەجێی بەغدا و زۆربەی ڕێکخراوەکانی بەعس بەشداریان تێدا کرد.

١٩٧٩/٣/٢١ جیابوونەوەی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە ینک.

١٩٨٧/٣/٢١ ڕۆژی (هاوکاری جیهانی) لەگەڵ قوتابیان و گەلی کورد.

١٩٩٥/٣/٢١ دامەزراندنی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتی (غەفور مەخموری).

١٩٩٦/٣/٢١ دەرچوونی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی (میدیا) کە ئۆرگانی ناوەندی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانە.

٣/٢١ - جەژنی نەورۆز و سەری ساڵی کوردی و ئێرانیەکان.

١٩٤٥/٣/٢٢ دامەزراندنی جامیعەی عەرەبی لە میسر (قاهیرە).

١٩٤٦/٣/٢٢ سەربەخۆیی وڵاتی (ئوردن) لەژێر دەسەڵاتی ئینگلیزەوە.

١٩٧٥/٣/٢٢ زیاتر لە ٢٥٠ هەزار کوردی عیراقی ئاوارەی ئێران دەبن.

١٩٩٠/٣/٢٢ تیرۆری دکتۆر (جیرالد بۆل) زانا لە دروستکردنی تۆپی مەزن لەبرۆکسل،

گوایە ناوبراو بەدەستی (موساد)ی ئیسرائیلی هاتە تیرۆرکردن چونکە یارمەتی عیراقی دابوو بۆ دروستکردنی هەندێ لە کەرەستەکانی تۆپە مەزنەکەی عێراق.

١٩٩١/٣/٢٢ وتاری هێزا مەسعود بارزانی بۆ جەماوەری شاری کۆیە کە باسی هەڵبژاردن و دامەزراندنی دەوڵەت و یاسای تیا بوو.

١٩٩٣/٣/٢٢ تیرۆرکردنی (فینسنت بولیت) کە خەڵکی بەلژیک بوو بەڕێوەبەری کۆمیتەی نێودەوڵەتی بۆ کەنەفتەکان.

١٩١٢/٣/٢٣ لە دایکبوونی دکتۆر (وێرنێرفن براون)ی ئەڵمانی کە مووشەکی دروستکرد، ناوبراو یەکێک لە زانایان و پێشکەوتوانی ئەڵمانی بوو، مووشەکێکی مەزنی دروست کرد و لە ئەڵمان بەرەو ئاسمان هاوێشتیان کاتێ کە تەقییەوە زۆربەی خەڵکی (لەندەن) سەرسوڕما بوون بەم تەقینەوەیە.

١٩٣٠/٣/٢٣ حکومەتی ئینگلیز (نوری سەعید) بەسەرۆک وەزیرانی عیراق دادەنێ.

١٩٣٠/٣/٢٣ دامەزراندنی حیزبی (العهد العراقي) لە عیراق.

١٩٤٥/٣/٢٣ گرتنی تاوانبار (ئەحمەد سالح) کە بڕی (٧٥٠) کیلۆ TNT لە زاخۆ تەقاندەوە.

١٩٦٢/٣/٢٣ ئازادکردنی گوندی بربفکا لەژێر دەسەلاتی ڕژێم لەیەلان قارەمانانی بارزانیی نەمر.

١٩٨٣/٣/٢٣ (ڕۆنالد ڕێگان) چلەمین سەرۆک کۆماری ئەمریکا واژەی (شەڕی ئەستێرەکانی) بۆ پرۆژەی (S. D. 1) بەکار هێنا، ناوبراو داوای لە ڕۆشەنفکران و زانایانی ئەمریکا کرد شێوەی بەرگری بەرامبەر موشەکەکانی بالیستێکی ناڤۆکی بدۆزنەوە.

١٩٩١/٣/٢٣ (میدیا)، یانەی کوردی لە ئەمستردام کۆڕێک دەربارەی کێشەی کورد و جەنگی کەنداو دەبەستێ.

١٩١٤/٣/٢٤ ڕۆژنامەی (العهد الحديث)ی رووس لە ژمارە (١٣٦٦٢) بەرپەرچی درۆ و دەلەسەکانی ئینگلیز و ڕووسی دابووەوە بەباسێک بەناوی کورد و ئەرمەنی و لەوەدا وتبووی هۆی ڕاپەڕینی کوردەکان بەهۆی کاری خراپ و نالەباری کاربەدەستانی تورکەوە بووە.

١٩٢٣/٣/٢٤ (شێخ مەحموودی) نەمر سلێمانی بەجێ دێلێ و خەزانە و سوپای خۆی لەگەڵ خۆی دەباتن و دەچنە ئەشکەوتی سورداش.




شێخ مەحموودی نەمر لەناو هەڤالانیدا

١٩٢٤/٣/٢٤ خنکاندنی شێخ عەبدولقادر کوڕی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری و هاورێکانی لە دیاربەکر لەلایەن کەمال ئەتاتورک.

١٩٤٧/٣/٢٤ شەڕی (قارنە) لە خانێ.

١٩٤٧/٣/٢٤ سەرهەنگ همایۆنی لە حاجی ئۆمەران چاوی بەعەلی حیجازی بەڕێوەبەری پۆلیسی گشتی ڕژێمی عیراق دەکەوێت بۆ ئەوەی ئامادەیی خۆی نیشان بدات بۆ ناردنی هێزی یارمەتی بۆ لێدانی بارزانییەکان.

١٩٥٩/٣/٢٤ (ڕۆژی ئازادی) دەرچوونی عیراق لە (پەیمانی بەغدا).


١٩٩٥/٣/٢٤ بەیاننامەی پەرلەمانی کوردستان دەربارەی دەستدرێژی سوپای تورکیا بۆ ناو خەڵک و خاکی کوردستانی عیراق و مەحکووم کردنی.

١٩٣٠/٣/٢٥ بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی (ڕیا تازە) لە یەریڤان بەزمانی کوردی و پیتی سلافی.

١٩٤٥/٣/٢٥ کاپیتان (ستۆکس) نوێنەری بالیۆزخانەی بەریتانی دەگاتە ماڵی مەلا یوسف شاوراوی وە لەوێ چاوی بەبارزانیی نەمر دەکەوێت کە مستەفا خۆشناو و محەممەد قودسی لەگەڵدا بوون.

١٩٤٧/٣/٢٥ شەڕی (هەڤرس، هەلەج) لە ناوچەی مەرگەوەڕ بەسەرکردایەتی بارزانی نەمر ڕوی دا.

١٩٦٦/٣/٢٥ کۆچی دوایی کوردناسی بەناوبانگی ڕووس (مینۆرسکی) لە بەریتانیا (لەندەن).


ئیحسان نوری پاشا

١٩٧٦/٣/٢٥ کۆچی دوایی سەرۆک کۆماری (ئارارات) (ئیحسان نوری پاشا) لە تاران.

١٩٩٣/٣/٢٥ دەرچوونی گۆڤاری (هەنگ)ی منداڵان لەپایتەختی کوردستان (هەولێر).

١٩٨١/٣/٢٦ دامەزراندنی (پارتی سۆشیالیستی دیموکراتی بەریتانی) لەلایەن دکتۆر (دێڤید ئوڤون) و لە (١٩٨١/٦/١٦) لەگەڵ پارتی (لیبرال) یەکیان گرت.

**١٧٨٧/٣/٢٧** گەشتەوەری بەناوبانگ کلۆدیۆس جیمس ریچ لە وڵاتی فەرەنسا لەدایک بوو، ئەم گەشتەوەرە لە تەمەنی ٣٣ ساڵیدا گەشتێکی دەوڵەمەند و بەنرخی بۆ کوردستان ئەنجام دا.

**١٩٦٤/٣/٢٧** یەکگرتنێک نێوان (پارتی گەلی کورد و کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتی کورد) لە کوردستانی باشور.

**١٩٦٤/٣/٢٧** ڕۆژی شانۆی جیهان.

**١٩٧٤/٣/٢٧** هەڵگیرسانەوەی (شۆڕشی ئەیلولی) نیشتمانی.

**١٩٧٤/٣/٢٧** حیزبە کارتۆنیەکەی کە ڕژێمی عیراق بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان دروستی کردبوو بارەگای (التآخي) داگیر دەکات و بەهەمان شێوە ڕۆژنامەکە بڵاو دەکاتەوە تەنانەت ئەوەی نەیتوانی لە (التآخي) بدزێ ڕێبازە بێگەرد و ڕاستگۆیەکەی بوو.


**١٩٧٧/٣/٢٧** بەهۆی خۆ پێک دادانی دوو فڕۆکەی بۆینگ لە فڕۆکەخانەی دورگەکانی کەناری (٣٨٣) نەفەر گیانیان لە دەست دا.

**١٩٩٠/٣/٢٧** (سەدام) دەچێتە سعودیە و لەگەڵ (شا فەهد) کۆ دەبێتەوە، سکاڵایەکی کوێت لە دەستی سەدام دابوو کە کوێت بەشی خۆی لە نەفت زیاد کردووە بۆ فرۆشتن لەوەی کە ئۆپێک بۆی دیاری کردبوو.

**١٩٩١/٣/٢٧** داگیرکردنی کەرکووک لەلایەن ڕژێمی عیراقەوە.

**١٩٥٩/٣/٢٨** عیراق لە پەیمانی بەغدا دەچێتە دەرەوە.

**١٩٧٩/٣/٢٨** شاندێکی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەسەرۆکایەتی دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو سەردانی شاری قوم دەکا، لەوێ چاویان بەئیمام خومەینی دەکەوێ بەڵام هیچی بۆ کورد و کوردستان کە جێی باس کردن بێت نەسەلماند.



د. عەبدولڕەحمان قاسملو

**١٩٩٣/٣/٢٨** دامەزراندنی (کۆمیتەی بەرگری مافی مرۆڤ لە کوردستان) لە باکووری نەمسا.

**١٩٩٥/٣/٢٨** لەناو باڵەخانەی پەرلەمانی کوردستان سەرۆکی پەرلەمان بەناوی هەموو ئەندامە پەناگیرەکانەوە بەیاننامەیەکی ئاراستەی هەموو خەڵکی کوردستان کرد بەسەرجەم لایەن و



ڕێکخراوەکانەوە، لە هەمان ڕۆژیشدا فورسەت ئەحمەد سکرتێری پەرلەمانی کوردستان نامەیێکی ئاراستەی (پەرلەمانی ئەوروپی و خاتوو دانیال میتران و سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی میدل ئیست وچ و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی نووسینگەی MCC لە زاخۆ و ڕێکخراوە کوردییەکان لە دەرەوە و ڕێکخەری UN لە کوردستان دا) کرد.

**١٩٢٨/٣/٢٩** شەڕی ناوچەی بایەزید نێوان کوردەکان و تورکەکان، لە ئەنجامدا تورکەکان ناچار بوون پاشەکشە بکەنەوە.


**١٩٤٦/٣/٢٩** پەیماننامەی دۆستی و هاوسێیەتی (ئەنقەرە) نێوان ڕژێمی عیراق و ڕژێمی پاشایەتی ئێران بەسترا سەبارەت بەهاوکاری کردنی یەکتر بەتایبەتی لە سنوورەکان کە تایبەتمەند بووە بەمەسەلەی کورد.

**١٩٤٦/٣/٢٩** پەیمانی باش دراوسێیەتی نێوان تورکیا و عیراق ئیمزاکرا. مەبەست لەو ڕێککەوتنە زۆر ڕوون و ئاشکرایە بەرامبەر بەنەبوونی هیچ جۆرە بەڵێنێک یان بەڵگەنامەیەکی باوەڕپێکراو لەلایەن سۆڤییەتەوە بۆ کورد لەگەڵ نەبوونی هیچ جۆرە یارمەتیەکی جیدی کە کۆماری مەهاباد بکرێتە هێزێکی خۆڕاگر.

**١٩٧٩/٣/٢٩** دووەمین میهرەجانی شیعری کوردی لە سلێمانی ئەنجام درا.

**١٩٩٤/٣/٢٩** وەفدێکی ئەڵمانی سەردانی پەرلەمانی کوردستان دەکەن.

**١٩٢٧/٣/٣٠** نوێنەری بریتانیا (هیگنیز) کە بەرپرسی ناوەندی سەرەکی هێزی ئاسمانی بەریتانی لە عیراق بوو نامەیەک ئاراستەی سکرتێری وەزارەتی هێزی ئاسمانی بەریتانی دەکات و دەڵێ: ڕاپۆرتێک دەربارەی کوردەکانی عیراق بۆت ڕەوانە دەکەم، وا دەردەکەوێ کە کوردەکان ئامرازێکی چاک و بەهێزن لە دەست ئەوانەی دەیانەوێ گرفت بۆ دەوڵەتی عیراق بنێنەوە بەتایبەتی (بولشەفیەکان). **١٩٤٥/٣/٣٠** پارێزگاری ئەو کاتەی هەولێر ئاگاداری (بارزانیی) نەمر دەکاتەوە کە دەوڵەتی عیراق دەیەوێ مەخفەرەکانی پۆلیس لە ناوچەی بارزان ئاوەدان بکاتەوە، بەڵام (بارزانیی) نەمر ئەو پێشنیارە ڕەت دەکاتەوە.


قاضی لەکاتی سێدارەدانی

١٩٤٧/٣/٣٠ هەر سێ (قاضی) لەلایەن سەرلەشکر (همایۆنی) لە چوارچرای مەهاباد لە سێدارە دران.

١٩٤٨/٣/٣٠ دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری (نزار) لە بەغدا.

١٩٥١/٣/٣٠ بەستنی (کۆنگرەی دووەمی) پارتی لە بەغدا.

١٩٨٨/٣/٣٠ کۆچی دوایی محەمەد مستەفا کوردی.

١٩٩٠/٣/٣٠ سەرۆک کۆمار و وەزیری شەڕی سوپای ئیسرائیل (ئوهود باراک) وە (ئیسحاق شامیر) ڕادەگەیەنن کە ئیسرائیل ئامادەیە بۆ لێدانی عیراق ئەگەر بزانن خەتەری بۆ هەیە یا چەکی ناڤۆکی بەدەست هێناوە.


١٨١٦/٣/٣١ دەست بەسەرداگرتنی قەڵای هەرکیلای برادۆستییەکان لەلایەن سوپای پاشای کۆرە.


بورجی ئیڤێل – فەرەنسا

١٨٨٩/٣/٣١ مەزنترین بورجی جیهان کە بورجی (ئیڤێل)ە لە فەرەنسا کۆتایی بەدروستکردنی هات، ئەم بورجە (١٧٢٠) قالدرمەی هەیە و تا ساڵی ١٩٥٩ بەدروستی (٣٥) ملیۆن کەس چووینەتە سەر ئەم بورجە و تا ساڵی ١٩٦١ بەتەواوی (٤١) کەس (نەفەر) لەسەر ئەم بورجە خۆیان هەڵاوێشتووە و گیانیان لە دەست داوە.

١٩٣٤/٣/٣١ دامەزراندنی حیزبی (شیوعی عیراق).

١٩٤٦/٣/٣١ بارزانیی نەمر لەلایەن سەرۆکایەتی کۆماری مەهاباد پلەی ژەنەراڵی پێدراوە.


شاری هەولێر

١٩٩١/٣/٣١ دامەزراندنی (کۆمەڵەی هونەرمەندانی کوردستان)

١٩٩١/٣/٣١ داگیرکردنەوەی هەولێر لەلایەن ڕژێمی عیراق.

١٩٩١/٣/٣١ دەسپێکی کۆڕەوە مەزنەکەی کوردی عێراق بۆ دەرەوەی سنورەکان.

***



## ٤

## نیسان

-/٤/١ ڕۆژی جەژنی سەری ساڵی ئاشووری.

-/٤/١ ڕۆژی درۆی بێ مەبەست – درۆی نیسان.

١٨٢٠/٤/١ دەستپێکی گەشتەکەی (کلۆدیۆس جیمس ڕیچ) بۆ کوردستان.

١٩١٤/٤/١ مستەفا عەبدولخالق والی بەدلیس بەهێزێکی زۆر پەلاماری کوردەکان دەدات و لەئەنجامی ئەم پەلاماردانە مەلا سەلیم و شێخ شەهابەدین و سێ شێخی تر پەنایان بردەبەر قونسوڵخانەی ڕووس و قونسول ڕازی نەبوو بیانداتەوە دەست تورکەکان.

١٩٢٣/٤/١ بڕیاری بوونی هەولێر بەپارێزگا و جیابوونەوەی لە پارێزگای کەرکووک.

١٩٢٤/٤/١ کۆچی دوایی سەرکردەی کۆمۆنیستی (لینین).

١٩٣١/٤/١ بلاوبوونەوەی پارەی عیراقی.

١٩٤٢/٤/١ دەرچوونی گۆڤاری (ڕۆناهی) لەلایەن ئەمیر جەلادەت بەدرخان لە دیمەشق.

١٩٥٩/٤/١ کەشتی گرۆسیا کە لە ڕوسیا بەرەو عیراق دەهات و سەدان هاوڕێی بارزانی بەماڵ و خێزانیان تیادا بوو لەم ڕۆژە گەیشتە دەریای ڕەش و ئاوی (ئۆدیسا)ی لەت لەت دەکرد.

١٩٦٠/٤/١ دەرچوونی گۆڤاری ڕۆژی نوێ لە سلێمانی.


پێشمەرگە قارەمانەکانی شۆڕشی ئەیلول

١٩٦٥/٤/١ هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە شۆڕشی ئەیلول.

١٩٧٤/٤/١ ڕژێمی بەغدا بۆمبارانێکی ئاسمانی گشت کوردستانی کرد کە (٤٠٠) گوندی کوردستانی گرتەوە و بەهەموو توانایەکی (چەکی) کوردستانی کێلا و لەسەر قەولی ڕژێم ڕۆژانە خەرجی شەڕی ئەو کاتە (نیو) ملیۆن دینار بووە.

١٨٤٠/٤/٢ لە دایکبوونی نووسەری بەناوبانگی فەرەنسی (ئێمیل زۆلا) لە شاری پاریس، ناوبراو لە داستان نووسی ناوی دەرکرد، لە ١٩٠٢/٩/٢٩ کۆچی دوایی کرد و لە پاریس بەخاک سپێردرا.

**١٩٠٢/٤/٢** کۆنترین سینەمای جیهان (ئەلکتریک تیاتر) بوو کە لە لۆس ئەنجلوسی کالیفورنیا لەژێر ڕەشماڵێک (چادرێک) هاتە دەست پێکردن.



مەلیک غازی

**١٩٤٦/٤/٢** دامەزراندنی (حیزب الاستقلال) لە عیراق.

**١٩٥٤/٤/٢** مۆرکردنی (پەیمانی بەغدا).

**١٩٣٢/٤/٣** شەڕی (دۆڵی ڤـاژێ)، بارزانیی نەمر سوپای دوژمنی شکاند و (٢٥٣) تەرمی پێ بەجێ هێشتن.

**١٩٣٩/٤/٣** کوژرانی (مەلیک غازی).


**١٩٤٧/٤/٣** شەڕی نێرگی (بەرێ زەر) کە بارزانیی نەمر خۆی بەسووکی بریندار بوو.

**١٩٩٣/٤/٣** سەردانی (ئەلیزابێت کوهلر) ئەندامی پەرلەمانی ئەڵمانیا بۆ هەولێر.

**١٩٩٤/٤/٣** کوژرانی خاتوو (لیس شمیت) لەگەڵ پاسەوانەکەیدا لە نزیک شاری عەربەت ناوبراو ئەڵمانی و سەر بەئاژانسی دەنگوباسی فەرەنسا بوو.

**١٩٥٩/٤/٤** بڵاوبوونەوەی یەکەم ژمارەی (خەبات) ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق.

**١٩٦٧/٤/٤** بەڕێز مەسعود بارزانی لەگەڵ وەفدە یاوەرەکەی بۆ بەغدا لە کاتی گەڕانەوەیان بەرەو کوردستان لەسەر ڕێگایان بەگوندی شێخ نازم عاسی (ناظم العاصي) کە نزیکە لە حەویجە تێپەڕ بوون و پێشوازییەکی گەرمیان لێکرا وەکو ئەو پێشوازییەی کە لە بەغدا لێیان کرا.



شاری سلێمانی

**١٩٩١/٤/٤** داگیرکردنی شاری سلێمانی لەلایەن ڕژێمی عیراق.

**١٩٢٥/٤/٥** (شێخ سەعیدی پیران) لەگەڵ (٣٠) نەفەر لە هاوڕێیەکانی بەدیل دەگیرێن.

**١٩٢٧/٤/٥** دەستپێکردن بەهەڵکۆڵینی چاڵی نەوت لە (بابەگوڕگوڕ)، هەر لەم ڕۆژەدا بۆ ئەم مەبەستە جەژن و شادی و ئاهەنگیان گێڕا.

**١٩٣١/٤/٥** شەڕی (ئاوی باریک) لە ناوچەی کفری لەنێوان هێزی (شێخ مەحمود)ی نەمر و ڕژێمی عیراق.



**١٩٦٤/٤/٥** بارزانیی نەمر نامەیەک ئاراستەی سەرکردەی ڕژێمی عیراق دەکات سەبارەت بەئازاد کردنی (٣١) قارەمانی کورد کە لە بەندیخانەکانی مووسل و کەرکوک و بەغدا بەندکراون بەبیانوی لەشۆڕشی کوردستان و ئازادکردنیان.

**١٩٨٠/٤/٥** دەستپێکردنی ڕژێمی عیراق بەدەرکردنی برا کوردە (فەیلییەکان) لەعیراق.

**١٩٩١/٤/٥** بڕیار بەدەستانی جیهانی ناچار بوون کە ئاوڕێک لە گەلی کورد بدەنەوە و لە ئەنجوومەنی ئاسایشی UN بڕیاری (٦٨٨) دەرچوو.

**١٩٩٢/٤/٥** بڵاوکردنەوەی پرۆژەی یەکگرتنی هەردوو پارتی کوردستانی باشوور (حسک و پاسۆک).

**١٩٩٣/٤/٥** بەرگری لە ئازادی و مافی مرۆڤی لقی دەرەوەی سوریا لە پاریس بڵاوی کردەوە کە لە زیندانی ناوەندی (حەسەکە) سووتانێک ڕووی داوە بەهۆی (٥٨) کەس گیانیان لە دەست داوە کە گشتیان لە کوردەکان بووینە.

**١٩١٧/٤/٦** هێزەکانی بەریتانیا بەغدایان داگیرکرد.

**١٩٨٠/٤/٦** شاڵاوێکی سەرتاسەری گرتن و دەست بەسەرداگرتنی ماڵ و مڵکی فەیلییەکان لەلایەن ڕژێمی عیراقەوە.

**١٩٩١/٤/٦** حکومەتی عێراق بە بڕیارەکەی ٦٨٨/ی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕازی دەبێ.

**٣٠/٤/٧ ٠٠** حەزرەتی عیسا مەسیح بەفەرمانی (یونتۆس پیلات) حاکمی ڕۆمی لە فەلەستین لە (صلیب) درا.

**١٩٣٩/٤/٧** موسیلینی (البانیا) داگیر دەکات.

**١٩٤٧/٤/٧** دامەزراندنی حیزبی (بەعس) لە دیمەشق.

**١٩٤٧/٤/٧** ڕژێمی شاهەنشای ئێران (٤) نیشتمان پەروەری کورد لە مەهاباد و (١٠)شی لە بۆکان لە دوای ڕووخانی کۆماری مهاباد لە سێدارە دان.

**١٩٤٨/٤/٧** دامەزراندنی کۆمیتەی حیزبی (بەعس) لە عیراق لەلایەن دکتۆر (سامی شەوکەت) کە ناسیۆنالیستێکی توندڕۆ بوو.

**١٩٩١/٤/٧** داستانە بەناوبانگەکەی (کۆڕێ).




تانکێکی سووتاوی بەعس لە داستانی کۆڕێ

٨/٤/١٩٢٥ فڕۆکەکانی بەریتانی بۆردمانی شوێنی برا یەزیدییەکان لە ناوچەی ژەنگار دەکەن و برا یەزیدییەکان یەکێک لەم فڕۆکانە دەخەنە خوارەوە.

٨/٤/١٩٣٢ یەکەم باڵەفڕی دوژمن لە گوندی هەسەنکا لە ناوچەی بارزان کەوتە خوارەوە.

٨/٤/١٩٥٩ کۆچی دوایی پێشمەرگەی قارەمان و یاوەری بارزانیی نەمر بۆ یەکێتی سۆڤیەت میرۆ مەحموود گەردی تەرمە پیرۆزەکەی هەر لە سۆڤیەت بەخاک سپێردرا.



شای ئێران

٨/٤/١٩٧٢ شای ئێران پەیوەندی بە(بارزانیی) نەمر دەکات بەمەبەستی هاوکاری و ئاشتبوونەوە، چەند هەفتە لە دوای ئەم مێژووە شای ئێران چاوی بە(بارزانیی) نەمر دەکەوێت و وەعدەی هاوکاری پێ دەدات.

٨/٤/١٩٧٨ کۆچی دوایی مامۆستا (ا.ب.هەوری).

٨/٤/١٩٩١ دەست کرا بەپیادەکردنی بڕیاری (٦٦٨) ئەنجومەنی ئاسایشی دەوڵەتان بۆ دانانی ناوچەی ئارام لە کوردستانی عیراق.

٨/٤/١٩٩٢ بەرەی کوردستانی کۆ دەبێتەوە لەبەر ئەو وەزعە تایبەتییەی ئەو کاتە، لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار دەدات کە پێنج کورسی لە ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بۆ برا فەلەکان بێت کە گشت لایەنەکانیان بگرتە بەرخۆ و لەلایەن گەلی ئاشوری لە شوێنە تایبەتییەکان هەڵبژاردن و بەشێوەیەکی دیموکراسیانە هەڵبژێردرێن.

٨/٤/١٩٩٣ بەستنی کۆنفرانسی بۆتان لە کوردستانی باکوور، بەیەکەمین کۆنفرانس دادەنرێت کە لەم دواییەدا لە کوردستانی باکوور ببەسترێت.

٨/٤/١٩٩٧ یەکێتی و بزووتنەوەی ئیسلامی جارێکی تر بەشەڕ دێنەوە.

٨/٤/١٩٩٩ دامەزراندنی کۆمەڵەی (ژینی کوردستان).

٩/٤/١٩١٤ بەپێی دیکۆمینتێک بەژمارە ٥٤٨ دوای ئەو سەرکەوتنەی تورک سولتان مدالیای (مەجیدی)دا بەمستەفا عەبدولخالق والی بەدلیس و تەحسین بەگی والی وان.

٩/٤/١٩٩٠ کۆچی دوایی شاعیری کورد (بێوەی)- شێخ ئەمین شێخ عەلائەدین نەقشبەندی.



٩/٤/١٩٩١ کۆچی دوایی عومەر حەبیب (عومەرە سوور) یەکەم سەرۆکی دادگای شۆڕشی کورد ١٩٦٣.

١٠/٤/١٩١٤ ڕۆژنامەی ئۆرایزۆن لە ژمارە ٧٤ی نووسیویەتی (کوردە شۆڕشگێڕەکان و جەماوەری کورد بەوپەڕی باشی و دۆستایەتیەوە ڕەفتاریان لەگەڵ ئەرمەنییەکانی ناوچەکەدا دەکرد و زۆرجار بەبێ پارە نانیان لە ئەرمەنییەکان وەرنەدەگرت.

١٠/٤/١٩٣٣ چەندین کۆبوونەوە لە شاری (مووسڵ) بەسترا لەم کۆبوونەوانەدا کاپیتان (تامسۆن) بەرپرسی نیشتەجێکردنی ئاشووریەکان و کۆلۆنێل (ئیستافۆرد) چاودێری ڕاپەڕاندن لە مووسڵ و (خلیل عطیفی) پارێزگاری مووسڵ بەشداریان کردبوو، لە ئەنجامدا بڕیار درا برا ئاشووریەکان دەتوانن کۆچ بکەنە وڵاتەکانی تر بەڵام پێویستە لە پێشەکی ڕەزامەندی وڵاتی دراوسێ بۆ کۆچکردن وەربگرن.

١٠/٤/١٩٩٩ فدراسیۆنی کۆمەڵەی کوردستانییەکان لە سوید کۆنگرەی (١٨)مینی خۆی بەست.

١١/٤/١٩٦٣ حیزبی شیوعی عیراق بەیاننامەیەکی دەرکرد و داوای لە هێزە نیشتمانییەکان کرد کە لە بەرەیەکی نیشتمانی کۆببنەوە بەمەبەستی پشتگیری کردن لە خەباتی گەلی کورد.



حەپسەخانی نەقیب

١٢/٤/١٩٣٠ ڕێککەوتننامەی لاهای تایبەت بەڕەگەزنامە دەرچووە، بڕیاری لەسەر گرنگی ڕەگەز نامەی تاک داوە و لە پێشەکییەکەیدا هاتووە (لە بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵەی نێودەوڵەتییە کار بۆ ئەوە بکەن و بەکۆی دەنگ بڕیار بدەن کەوا هەرتاکێک ڕەگەزنامەی تایبەتی خۆی هەبێت و لەیەک ڕەگەزنامەش پتری نەبێت).

١٢/٤/١٩٥٤ کۆچی دوایی (حەپسە خانی نەقیب).



یۆری گاگارین

١٢/٤/١٩٦١ (یۆری گاگارین) ڕائیدی هێزی هەوایی بەکەشتی (واستۆک) (خاوەر) بەقورسایی (٤٧٢٥) کیلۆگرام توانی بە(٨٩) دەقیقە لە دەوری زەوی بسوڕێ و گەورەترین پیرۆزی لە مێژووی نوێ بەدەست بێنێ.

١٢/٤/١٩٧٩ دامەزراندنی بزووتنەوەی ئاشووری کوردستان.

١٩٨٢/٤/١٢ مانگرتنی (قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین) دژی ڕژێم.

١٩٩٠/٤/١٢ کۆمەڵەی نووسەرانی کوردستان یادداشتێکی لەمەڕ شێواندن و لەناوبردن و گۆڕینی خاک و کەلەپوور و ڕۆشنبیری کوردی بۆ سەرۆک کۆماری چیکۆسلۆڤاکیا (بلاف هاڤیل) نارد.

١٩٩٢/٤/١٢ وتاری مێژوویی هێژا مەسعود بارزانی بۆ جەماوەری شاری هەولێر.

١٩٩٤/٤/١٢ پارتی دیموکراتی کوردستان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان مۆڵەتی پێدرا بەسەرۆکایەتی (مەسعود بارزانی).

١٩٩٥/٤/١٢ دەرچوونی ژمارە (٠)ی ڕۆژنامەی برایەتی چاپی دەولی لە دەرەوەی کوردستان کە بارەگای لە لەندەنە و پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق لە دەرەوە بلاوی دەکاتەوە.

١٩٩٦/٤/١٢ حکومەتی ئوردن بەئۆپۆزسیۆنی عیراقی و پارتە کوردستانییەکانی باشوور ڕێگا دەدات کە لە ولاتەکەی بنکە دابنێن.

١٩٩٩/٤/١٢ کۆمیتەی ناوەندی پارتی بەسەرۆکایەتی هێژا مەسعود بارزانی کۆبووەوە و بڕیاری سازدانی کۆنگرەی ١٢ی پارتی دا.


عەبدولسەلام عارف

١٨١٦/٤/١٣ وێرانکردنی قەلاّی نەڵۆس و کوشتنی زۆربەی خەڵکەکەی لەلایەن سوپای پاشای کۆرە.

١٩١٤/٤/١٣ (سێرمالێت) نامەیەک ئاراستەی (سێر ئێدوارد گرێکس) دەکات و باسی ئەوە دەکات کە حکومەتی ڕووس بڕیاری دابوو ئەو پەنابەرانەی کورد نابێ بدرێنە دەست حکومەتی تورک و ئەبێ دەربازبکرێن.

١٩٦٦/٤/١٣ فڕۆکەی تایبەتی (عەبدولسەلام محەمەد عارف) لە ئاسماندا سووتا و کەوتە خوارەوە و لەم ڕووداوەدا هاتە کوشتن.

١٩٦٦/٤/١٣ چیای (هندرێن) دەکەوێتە دەست ڕژێمی عیراق.

١٩٦٨/٤/١٣ کوشتنی (شێخ حەنەش) شێخی عەشیرەتی تەی بەدەستی هێزی پێشمەرگەی دەشتی هەولێر - کوشتنی ئەو شێخە لە بەرنامەی شۆڕشدا نەبوو بەلاّم چونکە چڵکاوخۆرەکانی ئەزیەت و ئازاری خەڵکی گوندەکانی گوێڕ و هەندێ شوێنی تریان دەدا بۆیە کەوتە بەر دەستڕێژی هێزی تۆڵەسێن و هاتە کوشتن.



١٩٩٣/٤/١٣ سەردانی یاریدەدەری وەزارەتی دەرەوەی تورکیا بۆ شاری هەولێر.

٢١٦/٤/١٤ ٠ لە کاتی حکومەتی ساسانییەکان (مانی) لە ئێران وا خۆی نیشان دەدا پێغەمبەرە لە (مەردینۆ) دەوروبەری بابلی کۆن لە دایک بوو، لە (٢٧٧/٢/٢٦ ٠) کۆچی دوایی کرد.

١٨٩٠/٤/١٤ یەکێتی (پان ئەمریکان) لە واشنتۆن هاتە دامەزراندن.

١٩٠٢/٤/١٤ دەرچوونی دوا ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لە جنێف کە ژمارە ٣١ بوو.

١٩٤٧/٤/١٤ دامەزراندنی (یەکێتی قوتابیانی گشتی) عیراق.

١٩٥٩/٤/١٤ دامەزراندنی کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتی کورد (کاژیک) لە کوردستانی باشوور.

١٩٧٤/٤/١٤ هێزێکی گەورەی عیراق بەتانک و زرێپۆش لە سەربازگەی سپیلکەوە بەرەو سەربازگەی خەلیفان کەوتەرێ، سریەی سێی بەتالیۆنی دووی زۆزک کە میوانی هێزەکانی سەرچیا بوون بەرەنگاری ئەو هێزەی حکومەت بوون و لە ناوەندی ڕێگای (سپیلک- خەلیفان) شەڕ بەردەوام بوو توانیان هێزەکە بشکێنن و پاشەکشەیان پێ بکەن.

١٩٨٩/٤/١٤ کۆنگرەی نێونەتەوەیی بۆ (مافی مرۆڤ)ی کوردستان لە (بریمەن).

١٩٩٤/٤/١٤ دوو کۆپتەری هاوپەیمانەکان لە کوردستان کەوتنە خوارەوە.

١٩٠٨/٤/١٥ کەشتی (تایتانیک) نوقم دەبێت لە نزیک دەریاکانی نۆڤاسکونیا بەهۆی خۆکێشانی بەچیاکانی بەفرینەوە، لەم کارەساتەدا (١٥١٧) نەفەر گیانیان لە دەستدا.

١٩٢٥/٤/١٥ لە شاری بەتلیس تورکەکان چوار سەرکردەی کورد لە سێدارە دەدەن لەوانە (یوسف زیاد و سەرهەنگ پیلێد) کە نوێنەری پێشووی ئەنجوومەنی تورکیا بوون.

١٩٤١/٤/١٥ سەرهەنگی سوپایی (ئادولف ئوتوئایشمەن) پەردە لەسەرکردارە نامرۆڤایەتییەکەی خۆی ڕادەماڵێ و لەبەردەم دادگای ئیسرائیل دەڵێ لە مانگی مایس (٥,٧٠٠,٠٠٠) نەفەر جوولەکەم لەناوبردووە کە مەزنترین کوشتاری کۆمکوژی بووە لە ڕووی زەویدا.

١٩٤٧/٤/١٥ بارزانیی نەمر لەکاتی ماڵئاوایی کردنی لە شێخ ئەحمەد بارزانی لێی دەپرسێت ئەگەر نەیتوانی لەناو عیراق درێژە بەخەبات بدات دەتوانی پەنابباتە بەر

روسیا، شێخ ئەحمەد بارزانی لە وەڵامدا ڕەزامەندی خۆی دەردەبڕێت.

**١٥/٤/١٩٦٧** وتارە بەنرخەکەی بارزانیی نەمر لە کۆنفرانسی ئەفسەرانی پێشمەرگە و بەرێوەبەران و کاربەدەستانی سیاسی و حیزب پێشکەش کرا، ئەم وتارە بووە سەرمەشقێک بۆ هەموو کوردێکی بەشەڕەفی ئازادیخواز.

**١٥/٤/١٩٦٧** بارزانیی نەمر لە وتە بەنرخەکەیدا فەرمووی (بەڵێ عەرەب برای گەورە و ئێمە برا گچکە. ئێمە دەڵێین ئەوە عەدل و ئینساف نییە برای گچکە برسی و ڕووت و نەتوانی بخوێنێ و بۆ خۆ فێری شتێک بێ و نەتوانی ڕەئی خۆی لە ئیدارەی ماڵی موشتەرەکی خۆدا بەیان بکات و برای گەورە هەموو شتێکی ماڵەکە بۆ خۆ ببات).

**١٥/٤/١٩٦٧** بارزانی لە کۆنفرانسێکی (سیاسی عەسکەری) وتارێکی بەنرخی پێشکەش بەکۆنفرانسەکە دەکات لە بارەگای مەکتەبی تەنفیزی.

**١٥/٤/١٩٧٤** سەربازگەیەکی مەزن لە ناوچەی زاخۆ هاتە گرتن و تەواوی دەشتەکانی باکووری مووسڵ کەوتە دەستی (پ.م) قارەمانەکانی پارتی.

**١٥/٤/١٩٨٦** ئەمریکا بە(٣٠) فڕۆکەی شەڕکەری (F١١) کە بەبۆمبی لێزەری (مجهز) بوون هێرشی کردە سەر پایتەختی لیبیا و بەدەیان خەڵکی لەناوبرد و زۆر لە باڵوێزخانەکانی بێگانەش هاتنە وێرانکردن.

**١٥/٤/١٩٨٧** بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بۆ یەکەم جار لە (دۆڵی جافەتی).

**١٥/٤/١٩٩٢** کارگێری سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی بەپێی بەیانی ژمارە ٣ (دەستەی باڵای سەرپەرشتی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی کوردستان) دادەمەزرێنی بۆ مەبەستی هەڵسووڕانی کاروباری هەڵبژاردن ودابینکردنی پێویستییەکانی هەڵبژاردن.

**١٥/٤/١٩٩٤** نرخی کەلوپەل لەم ڕۆژەدا لە کوردستانی باشوور بەم شێوەیەی خوارەوە بوو (یەک کیلو برنج ٢٥ دینار- یەک کیلۆ ڕون ٦٠ دینار- یەک کیلۆ شەکر ٣٣ دینار- یەک کیلۆ تایت ٦٠ دینار- یەک کیلۆ گۆشت ١١٠ دینار)

**١٦/٤/١٨٨٩** لە دایکبوونی هونەرمەندی بەناوبانگی سینەمای جیهانی (چارلی چاپلین)ی ئینگلیزی لە یەکێک لە گوندەکانی دەوروبەری شاری (لەندەن).

**١٦/٤/١٩٤١** گەشەکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و داڕووخانی سوپای ئێرانی وایان لە دەسەڵاتی ڕژێمی (ڕەزا شا) کرد کە تەختی پاشایەتی بۆ کوڕەکەی (حەمە



ڕەزا) بەجێ بهێڵێ بەو نیازەی کە بتوانێت بەو هەنگاوە ڕژێمی پاشایەتی و دەسەڵاتی بنەماڵەی پەهلەوی بپارێزێت.

**١٦/٤/١٩٤٨** دامەزراندنی لیژنەی هاوکاری ئابووری ئۆروپایی OECF.

**١٦/٤/١٩٥٩** کەشتی گرۆسیا کە (٥٠٠) قارەمانی هاوڕێی بارزانیی تیا بوو بەماڵ و خێزانیانەوە دەگەنە کەنداوی فارس و پێشوازی زۆر گەرمیان لێ دەکرێ.

**١٦/٤/١٩٧٢** ڕژێمی عێراق بڕیارێکی دەربارەی برا ئاشووریەکانمان دەرکرد بەژمارە (٢٥)، تیایدا هیچ بنەمایەک و ڕەسەنێک ناهێڵێ بۆیان و بەم شێوەیە ناویان دەبات (هاوڵاتیانی کە بەزمانی سریانی دەدوێن وەکو ئاشووری و کلدانی و سریان...).

**١٦/٤/١٩٨١** زانکۆی سەلاحەدین لە شاری هەولێر کرایەوە.

**١٦/٤/١٩٨٧** بۆردمانی کیمیاوی (شێخ وەسان و دۆڵی بالیسان).

**١٦/٤/١٩٩١** سەرۆکی ئەمریکا (جۆرج بوش) بڕیارێکی بۆ سوپای ئەمریکا دەرکرد کە یارمەتی کوردەکانی ئاوارەی عیراق بدەن بۆ گەڕانەوەیان.

**١٦/٤/١٩٩٥** پاپا (یوهان پۆلسی دووەم) بەبۆنەی جەژنی برا مەسیحییەکان لە فاتیکان لە لێداوانێکدا باسی چەوساندنەوەی میللەتی کوردی کرد.



عەبدولعەزیز بوتەفلیقە

**١٦/٤/١٩٩٩** (عەبدولعەزیز بوتفلیقە) بەسەرۆک کۆماری (جەزائیر) هەڵبژێردرا، ناوبراو دەستێکی باڵای هەبوو لە پیلانی ساڵی ١٩٧٥ی جەزائیر.


**١٦/٤/١٩٩٩** لە بەیاننامەیەکی ڕۆژنامەوانیدا نووسینگەی زانیاری کۆسۆڤۆ لە دەرەوە هەڵوێستی سەرکردایەتی پارتی و حکومەتی کوردستان بەرز دەنرخێنی.

**١٧/٤/١٩٦٦** لیوا (عەبدولرەحمان عارف) بووە سەرۆکی عیراق و جێگای براکەی (عەبدولسەلام)ی گرتەوە.

**١٧/٤/١٩٨٦** کۆچی دوایی شاعیری کوردی بەناوبانگ مامۆستا (هێمن).

**١٧/٤/١٩٩٠** کۆچی دوایی (زەکی ئادسز) (ابو صلاح).

١٩٩٠/٤/١٧ كۆچی دوایی فەرماندەی قارەمان (حاجی بێرۆخی گەردی) كە یاوەری بارزانیی نەمر بوو لە زۆربەی شەڕەكان.



حاجی بێرۆخی گەردی

١٩٩١/٤/١٧ كۆچی دوایی هونەرمەند (شەوكەت ڕەشید).

١٩١٤/٤/١٨ حكومەتی عوسمانی لە (وان- موش- دیاربەكر- ئەرزروم) بەسێ فرقە سەرباز هێرشی كردە سەر شێخ شەهابەدین و خەلیفە مەلا سەلیم ئەفەندی ئامۆزای هەردووكیان بەدیل گیران و لەگەڵ (١٠) كەسی تردا هەڵواسران و گیانیان لە پێناوی كورددا بەخت كرد.

١٩١٩/٤/١٨ دامەزراندنی كۆمەڵەی نەتەوەكان (عصبة الأمم).


١٩١٩/٤/١٨ نوێنەری فەرەنسا (بیرینگەر) و نوێنەری بەریتانیا (والتەر لۆنگ) ڕێكەوتننامەیەک ئیمزا دەكەن. بەپێی ئەو ڕێكەوتننامەیە نەوتی كوردستانیش لە نێوانیان دابەش دەكەن.

١٩٢٠/٤/١٨ بەگوێرەی سیاسەتی دەوڵەتی (بەریتانیا) دانیشتوانی كۆمەڵگای (بەعقوبە) گوێزرایەوە بۆ شاری (مەندان) كە دەكەوێتە (٤٠) میلی ڕۆژهەڵاتی شاری مووسڵ، لەو كاتەدا سێ لەشكری ئاشووری لەلایەن هێزەكانی بەریتانیا چەكدار كرابوون بۆ داگیركردنی كوردستان (مەبەست لە چەكدار بوونیان ئازاد كردنی شوێنی باب و باپیرانیان لەژێر دەسەڵاتی توركەكان بوو).

١٩٣٢/٤/١٨ یەكەم باڵەفڕی دوژمن لە گوندی (هەسەنكا) لە ناوچەی بارزان كەوتە خوارەوە.

١٩٤٢/٤/١٨ بۆمبارانی (تۆكیۆ) لەلایەن (١٦) فڕۆكەی بۆمب هاوێژی ئەمریكایی و گەیاندنی زیانێكی گیانی و ماڵی یەكجار زۆر بەو شارە.

١٩٥٥/٤/١٨ كۆچی دوایی (ئالبێرت ئەنشتاین).




ئالبێرت ئەنشتاین

١٩٧٨/٤/١٨ ڕۆژنامەی (واشنتۆن ستار)ی ئەمریكی چەند بەشێک لە چاوپێكەوتنی لەگەڵ بارزانیی نەمر بڵاو دەكاتەوە، لەو چاوپێكەوتنەدا بارزانیی نەمر گەورەترین خیانەت سەبارەت بەمیللەتی كورد خیانەتی ئەمریكا دادەنێت و دەڵێ (ئەمریكاییەكان وەک حكومەتی عیراقن كەس لەسەر بەڵێنی خۆی نەماوە).



١٩٨٤/٤/١٨ عیراق هێرش دەكاتە سەر كەشتیە نەوت كێشەكانی كە دەیانەویست بارگیری لە نەوتی ئێران بكەن، یەكەمین كەشتی (پاناما) بەر هێرشەكە كەوت، ئەم شەڕەش بەشەڕی (نەوتكێش) بەناوبانگە.

١٩٨٦/٤/١٨ كۆچی دووایی شاعیری بەناویانگی كورد هێمن.



بارزانی نەمر

١٩٩١/٤/١٨ دەستپێكی گفتوگۆی بەرەی كوردستانی و سەدام حوسێن لە بەغدا.


١٩٤٧/٤/١٩ (بارزانیی) نەمر دەگەڕێتەوە ناو خاكی كوردستانی عیراق.

١٩٥٧/٤/١٩ كۆچی دوایی پارێزەر و شاعیری كورد (محەمەد میهری) لە ئەستەنبوڵ.

١٩٦٣/٤/١٩ دامەزراندنی (كۆمەڵەی كورد) لە لوبنان.

١٩٧٨/٤/١٩ نزیكەی هەزار چەكداری ینک بەسەركردەكانیانەوە لە ناوچەكانی سلێمانی و قەڵادزێ بۆ ناوچەی بادینان و لەوێوە بۆ ناوچەی هەكاری بەڕێكەوتن كە لە ئەنجامدا كارەساتی هەكاریان لێ ڕوودا و شەڕی برا كوژی دەست پێكرا.

١٩٧٩/٤/١٩ سەرهەنگ (زەهیر نەژاد) فەرماندەی لەشكری ٦٤ی ورمێ و چەند ئەفسەرێكی دیكە گەیشتنە بەستی مەهاباد بۆ ئەوەی چاویان بەدكتۆر قاسملۆ بكەوێت و سەرلەنوێ سەربازگەی مەهاباد بكەنەوە.



١٩٨٦/٤/١٩ دامەزراندنی كۆمەڵەی كورد لە لوبنان.

١٩٨٧/٤/١٩ گرتنی ناحیەی (قەرەداغ).

١٩٩١/٤/١٩ دروستكردنی ناوچەی دژەفڕین لە سەرووی هێڵی ٣٦ی پانی.

١٢٠٥/٤/٢٠ پ.ز. بۆ یەكەمین جار ڕۆژگرتن تۆمار كراوە لەسەر ڕووی زەوی.

١٩٤٥/٤/٢٠ پارێزگاری هەولێر برووسكەیەک ئاراستەی بارزانیی نەمر دەكات و داوای لێ دەكات كە عیزەت عەبدولعەزیز ڕەوانەی هەریر بكات بەمەبەستی چاوپێكەوتنی لەگەڵ (مێجەرمۆر).


١٩٤٩/٤/٢٠ یەکەمین کۆنگرەی ئاشتی خوازانی جیهان لە پایتەختی فەرەنسا بەسترا.
١٩٦٣/٤/٢٠ بارزانیی نەمر سەرنجی ڕای گشتی جیهانی بۆ کێشەی کورد ڕادەکێشێ.
١٩٦٩/٤/٢٠ دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری (ڕزگاری).
١٩٨٧/٤/٢٠ گوندی (قزلەر) لە سلێمانی کیمیاباران کرا.
١٩٨٧/٤/٢٠ ڕزگارکردنی ناوچەی قەرەداغ لە دەستی ڕژێمی عیراق.
١٩١٩/٤/٢١ یەکەم شۆڕشی (شێخ مەحموود) دژی ئینگلیز.
١٩٢١/٤/٢١ چەرچل دەربارەی شێخ مەحموود پرسیار لە کۆکس دەکات بەڵام وەڵامەکەی تا ١٩٢١/٦/٨ وەرناگرێتەوە کە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەربوو.
١٩٢٦/٤/٢١ ناونووسکردنی کچان بۆ یەکەم قوتابخانەی کچان لە شاری سلێمانی.
١٨٩٨/٤/٢٢ ڕۆژی ڕۆژنامەنووسی کوردی.
١٨٩٨/٤/٢٢ بڵاوبوونەوەی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی (کوردستان) لە قاهیرە لەلایەن (مقداد مەدحەت بەدرخان).
١٩٩٤/٤/٢٢ دەرچوونی ڕۆژنامەی یەکگرتووی ئیسلامی.
١٩٩٤/٤/٢٢ دامەزراندنی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی (گوڵان) لە هەولێر.
١٩٩٤/٤/٢٢ دەرچوونی یەکەمین ژمارەی هەفتەنامەی (گوڵان) کە ڕۆژنامەیەکی هەفتانەبوو وە لەبیرەوەری جەژنی ڕۆژنامەگەری کوردیدا بوو لە هەولێر.
١٩٩٨/٤/٢٢ یادی (١٠٠) ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی لە هەولێر و پەردە لادان لەسەر پەیکەری (مقداد مەدحەت بەدرخان) لەلایەن فەلەکەدین کاکەیی.
١٩٢٠/٤/٢٣ حەفتا و دوو نوێنەری کورد لە تورکیا بەشداری دەکەن لە ئەنجوومەنی نیشتمانی مەزن کە لەلایەن تورکە کەمالییەکانەوە بەسترا.
١٩٢١/٤/٢٣ ئەتاتورک بەیارمەتی ڕووسەکان (سۆڤیەت) و خوێنی کوردەکان توانی ئەنقەرە و زۆربەی خاکی تورکیا ڕزگار بکات.
١٢٧١/٤/٢٤ سەفەرە مێژووییەکەی (مارکۆپۆلۆ) جیهان گەشتی بەناوبانگ دەستی پێکرد.
١٩١٩/٤/٢٤ ڕاپەڕینی عەشیرەتی گۆیان لە دژی بەریتانیا لە زاخۆ.
١٩٤٦/٤/٢٤ بارزانییەکانی بەرگر لە کۆماری مەهاباد لە نزیک شاری سەقز بەرەنگاری



هێزێکی گەورەی ئێرانییەکان دەبنەوە کە زیاتر لە ٨٠٠ سەرباز بوون لە نزیک گوندی قاراوە و گەمارۆیان دەدەن، لەم شەڕەدا ٢١ سەرباز دەکوژرێن و ١٧ بریندار دەبن و زیاتر لە ٢٠٠ سەربازیش بەدیل دەگیرێن.
١٩٦٤/٤/٢٤ شاندێکی ناوبژیوان لە بەغدا دەگاتە شارۆچکەی ڕانیە، داوا لە بارزانیی نەمر دەکەن موافقەت بکات بۆ هاتنی ئیبراهیم ئەحمەد و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی و مانەوەیان لای بارزانیی نەمر. بارزانیی نەمر لەسەر داواکەیان موافقەت دەکات و شاندێک بەرەو ماوەت ڕەوانە دەکات کە بێنە بارەگای بارزانیی و دووبارە دەست بەچالاکی و ئیشوکارەکانیان بکەنەوە.
١٩٧٤/٤/٢٤ کارەساتی جەرگبڕی بۆمبارانی شاری قەڵادزێ لەلایەن ڕژێمی عیراقەوە. ڕۆژی ماتەمینی گەلی کورد.


کارەساتی هەڵەبجە

١٩٨٠/٤/٢٤ حکومەتی ئەمریکا بەمەبەستی ئازاد و ڕزگارکردنی (٥٢) دیلەکەی کە لە سەفارەتیان لە تاران گیرابوون هێزی (دەلتا) بەرەمزی (پەنجەی عوقاب) بەکار هێنا بەڵام شکەستی خوارد ئەویش لە ناوچەی (طبس) بوو لە پارێزگای خوراسان.
١٩٨٢/٤/٢٤ ڕاپەڕینی جەماوەری شارەکانی کوردستان.
١٩٨٧/٤/٢٤ (حافظ الاسد) و (گورباچۆف) لە مۆسکۆ کۆدەبنەوە. لەم کۆبوونەوەیەدا زیاتر باس لەسەر تەوازنی هەردوو هێزی سوری و ئیسرائیلی دەکرێت.


حافز ئەسەد

١٩٩٥/٤/٢٤ دامەزراندنی بەرەی تورکمانی.
١٩٠٦/٤/٢٥ کۆچی دوایی شاعیری بەناوبانگی کورد (مەحوی).
١٩٢٠/٤/٢٥ کۆنگرەی هاوپەیمانەکان لە سان ریمۆ کە بەپێی بڕیارەکەی، عیراق و فەلەستین دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیز و سوریا و لوبنان دەکەونە ژێر دەسەڵاتی فەرەنسا.


شاعیر مەحوی

**١٩٨٠/٤/٢٥** رژێمی ئێران هێرش دەکاتە سەر خۆرهەڵاتی کوردستان و بەم هۆیەوە دکتۆر قاسملۆ نامەیەک ئاراستەی جیهانیان و ئازادیخوازانی جیهان دەکات تا لە دژی وێرانکردنی کوردستان بەدەنگ کوردەوە بێن.

**١٩٨٦/٤/٢٥** ڕووداوی (چەرنۆبێل) ڕووداوێک بوو کە ڕاکتۆرەکانی ناڤۆکی لە شاری چەرنۆبێل ئاگریان گرت کە گەورەترین هێزی ناڤۆکی ئیلێکتروسیتە بوو لە ڕوسیا، لەم ڕووداوەش خەڵکێکی زۆر هاتە کوشتن و زۆریش تووشی کەمبوونی ئەندامی لەش بوون.

**١٩٩٣/٤/٢٥** دەست پێکردنی بەرنامەکانی (بەشی کوردی) ئێزگەی دەنگی کوردی لە ئەمریکا.

**١٩٩٣/٤/٢٥** دامەزراندنی دووەم کابینەی وەزیران لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی کۆسرەت رەسول.

**١٩٩٣ /٤/٢٥** دەرکردنی یاسای چاپەمەنی لەلایەن پەرلەمانی کوردستان بەژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣.



جەلادەت بەدرخان



مەلیک فەیسەل

**١٦٣٠/٤/٢٦** یەکەمین ڕۆژنامەی جیهان بەناوی (لۆز) لە وڵاتی ئەڵمان هاتە بڵاوکردنەوە.

**١٨٩٨/٤/٢٦** لە دایکبوونی تێکۆشەری کورد مامۆستا (جەلادەت بەدرخان) لە ئەستەنبۆڵ ناوبراو ڕۆژنامەیەکی زۆری کوردی دەرکرد لەوانە (ڕۆناهی، هاوار...).

**١٩٣٠/٤/٢٦** کۆچی دوایی زانای کورد ئەحمەد تەیمور پاشا.

**١٩٣٢/٤/٢٦** مەلیک (فەیسەل)ی یەکەم سەردانی ئێران دەکات و دەربارەی نائارامی هەردوو سنوور باس و گفتوگۆ لەگەڵ ئێران دەکات بەتایبەتی شوێنە کوردنشینەکان.

**١٩٦٣/٤/٢٦** بارزانیی نەمر گوندی تۆبزاوە کە کەوتوتە ناوچەی کۆیە بەرەو دۆڵی بالیسان بۆ چیای برادۆست (دەیویست بکاتە شوێنی بنکەی خۆی) بەجێ دەهێڵێ.

**١٩٧٤/٤/٢٦** بۆردمانی (هەڵەبجە) لەلایەن ڕژێمی عیراقەوە.



**١٩٩٣/٤/٢٦** بڕیاری وەزارەتی پەروەردەی سوریا بەدەرکردنی (٧) قوتابی لەسەر داوای ئاسایشی سوری بەبیانوی خەتەرێکن لەسەر ئاسایشی وڵات.

**١٥٢١/٤/٢٧** کۆچی دوایی گەشتورەی بەناوبانگ (ماجەلان)

**١٩٢٥/٤/٢٧** (شێخ سەعیدی پیران) بەیارمەتی جاشە کوردەکان لەلایەن ڕژێمی تورکیا دەستگیر دەکرێت.

**١٩٣٢/٤/٢٧** لە نێزیک گوندی کانی لنجێ لە ڕووباری ڕوکوچک بارزانیی نەمر و هاوڕێیەکانی مەلەوانیان دەکرد و دوو فڕۆکەی ئینگلیزی پەلاماریان دەدەن و لە هەموولایەکەوە هێزی شۆڕشگێر تەقەیان لێ دەکەن و یەکێک لە فڕۆکەکان بەردەکەوێت و بەفەرمانی بارزانیی نەمر فڕۆکەوانەکە و یاریدەدەرەکەی دەستگیر دەکەن کە هەردووکیان کەمێک بریندار بووبوون.

**١٩٣٩/٤/٢٧** دامەزراندنی حیزبی (هیوا).

**١٩٦٩/٤/٢٧** وەزارەتی کاروباری دەرەوەی عیراق پەیمانی ساڵی ١٩٣٧ نێوان هەردوو وڵات (عیراق، ئێران) یەک لایەنە هەڵدەوەشێنێتەوە کە دەبێتە تیرەکردنی پەیوەندی نێوانیان.

**١٩٧٢/٤/٢٧** کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ساز درا.

**١٩٨٠/٤/٢٧** بۆردمانکردنی شاری سەقز لەلایەن حکومەتی ئیسلامی ئێران، لەم بۆردمانەدا (٥٠) ڕۆڵەی کورد شەهید کران و شارەکەش چۆڵ کرا.

**١٩٩٦/٤/٢٧** سەردانی هێژا مەسعود بارزانی بۆ سوریا و پێشوازی بەرێزیان لەلایەن (حافظ اسد).

**١٩٢٦/٤/٢٨** کۆچی دوایی نووسەری کورد مەلا شەریف (محەمەد شەریف عوسمان).

**١٩٣٢/٤/٢٨** سکاڵانامەی برا ئاشووریەکان لەلایەن سەرۆک هۆزەکان و پاتریارکەوە نووسرابوو بڵاوکرایەوە و زیاتر لەسەر ئازادی و دانەوەی شوێنی باب و باپیرانیان بوو کە ناوچەی هەکاری دەگرێتە بەرخۆ.

**١٩٥٩/٤/٢٨** بەپێچەوانەی ئارەزووی بارزانیی نەمر (هەمزە عەبدوڵڵا) پەیمانی بەرەی یەکێتی نیشتمانی مۆر دەکات.

**١٩٦٥/٤/٢٨** دەستپێکی شەڕەکانی پیرەمەگروون نێوان ڕژێمی عیراق و هێزی لەشکری شۆڕشگێری کوردستان (کە نزیکەی دوو لیوا لە سەرباز و سێ هەزار جاشی کورد و

دوو هەزار چەلاوخۆری عەرەبی تیا بەشدار بوو) تەنیا بۆ ئەوەی کە بارەگای هێزی ڕزگاری لە گوندی زێوە بگرێت، ئەو شوێنەی داگیرکرد بەڵام بۆ ماوەیەکی زۆر کەم دووبارە ئەم ناوچەیە لەلایەن هێزی پێشمەرگە ئازادکرا.

٢٨/٤/١٩٦٦ عەبدولرەحمان عارف سەرۆک کۆماری عیراق نوێنەرێک بۆ لای بارزانیی نەمر ڕەوانە دەکات (زەید ئەحمەد عوسمان) لە گەڵاڵە بەمەبەستی گفتوگۆ سەبارەت بەچارەسەرکردنی کێشەی کورد بەڵام هەندێ لە گەورە ئەفسەرەکانی ڕژێم دژ بەو کارە و هەڵسان و گوشاریان خستەسەر سەرۆک کۆمار.

٢٩/٤/١٩٢٠ دەرچوونی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) لە سلێمانی.

٢٩/٤/١٩٣٢ یەکێک لە فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی (بەریتانیا) بەدەستی پێشمەرگە قارەمانەکانی (شێخ ئەحمەدی بارزانی) دەخرێتە خوارەوە و فڕۆکەوانەکەی بەدیل دەگیرێ.

٢٩/٤/١٩٤٦ شەڕی (قاراوە) لە ناوچەی سەقز بەسەرکردایەتی بارزانی نەمر بۆ بەرگری لە کۆماری مەهاباد.




مام جەلال

٢٩/٤/١٩٦٧ بڵاوبوونەوەی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی (التآخي) لە بەغدا.

٢٩/٤/١٩٧٤ بۆردمان کردنی پردی گەڵاڵە لەلایەن ڕژێمی عیراقەوە کە بووە هۆی شەهیدکردنی زیاتر لە ٢٠ مرۆڤی بێ تاوانی کورد.

٢٩/٤/١٩٧٥ سەدام حوسێن سەردانی تاران دەکات و دەڵێ چوار کەس مافی گەڕانەوەی عیراقیان نییە (بارزانی نەمر، بەڕێز مەسعود بارزانی، ئیدریسی جوانەمەرگ، شێخ محەمەد خالید).



کەریم ئەحمەد

٢٩/٤/١٩٩٤ (ینک) لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی کوردستان مۆڵەتی پێدرا بەسەرۆکایەتی (مام جەلال).

٢٩/٤/١٩٩٤ پارتی شیوعی کوردستان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی کوردستان مۆڵەتی پێدرا بەسەرۆکایەتی (کەریم ئەحمەد).



٢٩/٤/١٩٩٤ پارتی زەحمەتکێشانی کوردستان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی کوردستان مۆڵەتی پێدرا.

٢٩/٤/١٩٩٤ پارتی بزووتنەوەی دیموکراتی خوازی کوردستان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی کوردستان مۆڵەتی پێدرا.

٣٠/٤/١٨٤٦ سەرسوڕماوترین منالی بەدونیا هاتوو لە مێژووی پزیشکیدا یەک (جمک) بووە لە شاری (ئیستراسبۆرک) کە یەکەمیان لە ٣٠/٤/١٨٤٦ لە دایکبووە و ئەوەی تریان لە مێژووی ١٧/٩/١٨٤٦ لە دایک دەبێت.

٣٠/٤/١٨٨١ بۆ ماوەی مانگێکی ڕەبەق ڕژێمی تورکیا هەڕەشە و گەف لە شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری دەکات بۆ ئەوەی ڕازی بێت بچێتە ئەستەنبوڵ.

٣٠/٤/١٩٧٢ (کۆنگرەی حەوتەمی) یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە سلێمانی بەسترا.

***

## ٥
## مایس

١/٥/٠٠٠ جەژنی کرێکارانی جیهان.

١/٥/١٩٠٠ لە دایکبوونی پێشەوا قازی محەمەد.

١/٥/١٩٣٧ لە دایکبوونی (یەلماز گونای).

١/٥/١٩٤٥ خۆکوژی (هیتلەر) لە کاتی بۆمبارانی شاری بەرلین لەلایەن ڕووسەکان.


هیتلەر

١/٥/١٩٥٢ بڕیار درا (شەقلاوە) بکرێتە قەزا.

١/٥/١٩٥٦ چاپکردنی یەکەمین پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی زانستی و هاوکاری کوردی لە سوریا کە لە ساڵی ١٩٥٦ دامەزرابوو.

١/٥/١٩٥٩ بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی (ئازادی).

١/٥/١٩٦٦ ڕژێمی ئەو کاتەی بەغدا هێرشێکی بەربڵاوی کردە سەر چیای زۆزک و هندرێن لە ناوچەی ڕەواندز، سەرەتا توانی زۆربەی چیایەکە داگیر بکات، بەڵام (بارزانیی) نەمر، (ئیدریس)ی جوانەمەرگی نارد بۆ ئەم شوێنە و لە ئەنجامدا هێزەکانی عیراقی تارومار کران و چیایەکە لە دەستی داگیرکەران پاک کرایەوە.

١/٥/١٩٧٥ دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری (ئەستێرە) لە بەغدا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری کوردی.

١/٥/١٩٩٠ کۆچی دوایی زانای بەرزی کورد (حاجیێ جوندی) لە شاری یەریڤان و تەرمی پیرۆزی لە گوندی (سیپا) بەخاک سپێردرا.

١/٥/١٩٩٢ ڕاگەیاندنی یەکگرتنی (ئاڵای شۆڕش و پارتی زەحمەتکێشانی کوردستان).

١/٥/١٩٩٤ هێزا مەسعود بارزانی برووسکەی ژمارە (٨٤٢) ئاراستەی (ل.ن) قەڵادزێ دەکات و دەڵێ (عەلی حەسۆ میرخان بەبێ ئیجازەی من بۆ قەڵادزێ هاتووە دەبێ یەکسەر بگەڕێتەوە و نابێ بەهۆی کێشەیەکی لەو بابەتەوە شتێک ڕووبدا) ئەوە



بۆ ئەوە بوو کە براکوژی نێتە پێش و خوێنی کورد بەفیڕۆ نەڕژێت.

١/٥/١٩٩٧ ڕژێمی عیراق دەستی کرد بەشاڵاوی (تەرحیل) کردنی کوردەکانی پارێزگای کەرکووک بۆ باشوور و باکووری عیراق.

٢/٥/١٩٤١ شۆڕشی (ڕەشید عالی گەیلانی) دژی بەریتانیا.

٢/٥/١٩٥٦ دامەزراندنی ئیزگەی تەلەفزیۆنی بەغدا.

٢/٥/١٩٨٨ دامەزراندنی بەرەی کوردستانی کە لە حەفت حیزبی کوردستانی پێکهاتبوو (پدک، ینک، حشک، حسک، پاسۆک، پارتی گەل، زەحمەتکێشان).

٢/٥/١٩٨٩ دامەزراندنی پارتی برایەتی تورکمان بەسەرۆکایەتی (وەلید شەریکە).

٣/٥/١٩٨٢ مەزنترین خۆ پیشاندانی زانکۆی سەلاحەدین لە شاری هەولێر ڕووی دا، لەم خۆپیشاندانەدا قوتابی (سەفاء سەدیق) شەهید کرا.


٣/٥/١٩٩٩ هاوپەیمانی پارتە کوردستانییەکان لە ئەڵمانیا کە لە (١٤) حیزب و گرووپ پێکهاتبوون کۆبوونەوەیەکی فراوان دەبەستن.

٣/٥/١٩٩٩ کۆچی دوایی (پ.م)ی دێرین و هاوڕێی بارزانیی نەمر بۆ سۆڤیەت و حیمایەی تایبەتی بارزانیی نەمر (حاچک محەمەد چەمی).

٤/٥/١٩٧٤ لەیلا قاسم و هەڤاڵەکانی لە بەغدا لە سێدارە دران.

٤/٥/١٩٧٦ بەستنی (کۆنگرەی سێیەمی) حشع.

٤/٥/١٩٩٧ بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی کوردستان مۆڵەتی پێدرا بەسەرۆکایەتی (خدر ڕووسی).


کارڵ مارکس

٥/٥/١٨١٨ لە دایکبوونی کارڵ مارکس.

٥/٥/١٩٣٢ دەوڵەتی تورکیا قانونێک بڵاودەکاتەوە بۆ لەناوبردنی میللەتی کورد و هاوپەیمانی پیشوو لەغو دەکاتەوە کە لەگەڵ کوردەکان دانرابوو و زۆریان دوور دەخاتەوە و دابەشیان دەکاتە سەر شوێنەکانی تری تورکیا.

٥/٥/١٩٣٢ کاپیتان هۆڵت لەسەر داوای شێخ ئەحمەد بارزانی لەگەڵ پزیشکێک بۆ دەرمانکردنی دوو فرۆکەوانی یەخسیر کراو کە لە ناوچەی بارزان بەدیل گیرابوون گەیشتنەوە هەولێر و بەرامبەر ئازادکردنی

هەردوو فڕۆکەوانەکە ئەو ٢٥ بارزانییەی کە بەنامەردی تەسلیم بەحکومەت کرابوون بەربدرێن و بەڵێنەکەی هەردوولا ئەنجام درا.

١٩٤١/٥/٥ حەمید عەبدولمەجید بووە پارێزگاری سلێمانی.

١٩٤٩/٥/٥ (١٠) وڵاتی ئەوروپایی شوراێکیان دانا و ئیمزایان لەسەر کرد بەناوی (شورای ئەوروپا) لەوانە (ئینگلیز و فەرەنسا و ئیتالیا و...) بەشدار بوون.

١٩٥٥/٥/٥ سەربەخۆیی وڵاتی (ئەڵمانی رۆژئاوا).

١٩٦٠/٥/٥ بەستنی (کۆنگرەی پێنجەمی) پارتی لە بەغدا.

١٩٨٠/٥/٥ برووسکەیەک لەلایەن خەڵکی ئاوارە و بێ شوێنی سەقز و برایانیان لە شاری بۆکان ئاراستەی ئیمام خومەینی دەکەن تاوەکو چارەیەک بدۆزنەوە بۆ ئەم بارودۆخەی کوردستان بەلام بێ سوود بوو.


١٩٨٧/٥/٥ گرتنی فەوجی (سوتکێ) لەلایەن لقی یەک.

١٩٩٣/٥/٥ رژێمی بەغدا پارەی ٢٥ دیناری چاپی سویسری لە بازاڕ رادەکێشتەوە و گوشارێکی ئابووری تازە و سەخت دەخاتە سەر کوردستان.

١٨٤٠/٥/٦ بۆ یەکەمین جار (پول: طابع) لەلایەن (بەریتانیا) هاتە سەرکار و رەواج بوو کە وێنەی مەلیکی ئینگلیزی لەسەر بوو، لە دوای ئەو وڵاتی (بەرازیل) دروستی کرد.

١٨٦١/٥/٦ لە دایکبوونی شاعیر و فەیلەسوفی بەناوبانگی هیندی (تاگور) لە شاری (کەلکەتە) و لە هەمان شاریش رۆژی ١٩٤١/٨/٧ کۆچی دوایی کرد.

١٩٣٢/٥/٦ کۆچی دوایی نووسەر و رۆژنامەنووسی کورد (حسین ناظم).



عەدنان خەیروڵڵا

١٩٤٧/٥/٦ بڕیارە مێژووییەکەی (بارزانیی) نەمر بۆ هەڤاڵانی لە ئەرگۆش خوێندرایەوە و بەپێویست زانرا پەنا ببەنە روسیا.

١٩٦٣/٥/٦ رۆژنامەی (پراڤدا) هاودەردی خۆی سەبارەت بەکوردی عیراق بڵاو دەکاتەوە.

١٩٦٧/٥/٦ دەرچوونی یەکەمین ژمارەی رۆژنامەی (برایەتی).

١٩٨٩/٥/٦ کوژرانی (عدنان خیرالله).

١٦٣٩/٥/٧ پەیمانی ئاشتی (قصر شیرین) لە نێوان ئێران




(ساروتقی اعتماد الدولة) و تورکیا (مستەفا پاشا) ئیمزا کرا، بەپێی ئەو پەیمانە (بەغدا و بەسرا و بەشێک لە کوردستانی رۆژئاوا) بدرێتە عوسمانییەکان، بەرامبەری (ئازەربایجانی رۆژهەڵات و رەواندز و ئەرمەنستان و گورجستان) بەئێران بسپێردرێت.

١٩١٤/٥/٧ لە دوای دانی مدالیای (مەجیدی) بەمستەفا بەگ و ئەمین بەگ لەلایەن سوڵتانی عوسمانی سەبارەت بەسەرکەوتنیان یازدە سەرکردەی بەناوبانگی کورد لەگەڵ دە کوردی تری کوردستانی باکور لە سێدارە دران.

١٩١٨/٥/٧ جوولەکەکانی (مووسڵ و کەرکووک) بەداگیرکردنی عیراق لەلایەن ئینگلیزەوە خۆشحاڵ بوون و ئەو رۆژە (حاخامی) جوولەکەکانی کەرکووک جەژنێکی بەرپا کرد بەمەبەستی دیارکردنی خۆشحاڵی خۆیان بۆ ئەم داگیر کردنە.

١٩٤٣/٥/٧ رۆژنامەی (پەرچەم)ی ئێرانی گەورەترین تاوان دەداتە پاڵ کوردەکان و ئاشوریەکان بەوەی کە منداڵی شیرخۆریان کوشتووە، بەڵام لە راستیدا شتی وا رووی نەدابوو.



شاعیر قانع

١٩٦٥/٥/٧ کۆچی دوایی شاعیری کورد مامۆستا (قانع).

١٩٦٦/٥/٧ (پ.م) قارەمانەکانی شۆڕشی ئەیلول لە بەرەی (زۆزک)دا مەزنترین سەرکەوتن بەدەست دێنن دژ بەسوپای عیراق.

١٩٦٦/٥/٧ شەڕە بەناوبانگەکەی (هندرێن) دەستی پێکرد.

١٩٨٧/٥/٧ کۆچی دوایی چیرۆکنووس محەمەد مەولود (مەم).

١٩٨٨/٥/٧ دامەزراندنی (بەرەی کوردستانی عیراق).

١٩٩٣/٥/٨ یەکەمین کۆنگرەی نیشتمانی ئافرەتانی کوردستانی باکوور بەسترا، کە ١٩٥ نوێنەر بەشداربان تێدا کردبوو.

١٨٣٨/٥/٩ شەڕێکی سەخت نێوان کوردەکان و تورکەکان لە دەرەوەی قەڵای سەید بەگ رووی دا.

١٩٤٥/٥/٩ کۆتایی شەڕی (دووەمی جیهانی).

١٩٩٢/٥/٩ پۆلێکی زمانی کوردی بۆ منداڵانی کورد لە هۆڵەندا هاتە کردنەوە لەلایەن مەڵبەندی رۆشنبیری کوردی لە هۆڵەندا.

١٠/٥/١٩٤٦ ڕادیۆی کۆماری (مەهاباد) دەست بەکار بوو و بەرنامەکانی تایبەتی خۆی بەزمانی کوردی بڵاوکردەوە.

١٠/٥/١٩٨٥ دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری (سروە).

١٠/٥/١٩٩٩ کۆنگرەی (پەیمانی پێککەیشتنی گەلان) لە (لاهای) بەسترا، زمانی کوردی یەکێک بوو لەو گرفتانەی کۆنگرە کە باسی لەسەر کرد.

١١/٥/١٣٩٩ مزگەوتی (بی بی خانم) لە (سەمەرقەند) بەفەرمانی خێزانی (تەیموور لەنگ) پاشای ئێرانی دەست بەدروستکردن کرا.

١١/٥/١٨٣٢ شەڕێکی سەخت نێوان میری سۆران و ئێرانییەکان لە ناوچەکانی مەهاباد و لاهیجان.

١١/٥/١٩١٩ کوردەکانی ورمێ (ڕەزائیە) بەو فەرماندارەی کە حکومەتی شا ناردبووی بۆیان، ڕازی نابن و داوا لە خەڵکی کورد دەکەن خۆ بەخۆ فەرمانداریک هەڵبژێرن بەشێوەیەکی دیموکراسیانە.

١٢/٥/٤٥١ . هێرشە مەزنەکەی (ئەتیلا) ڕێبەری قەومە وەحشیەکانی (هۆن) بۆ سەر ئەوروپای ناوەڕاست بەتایبەتی (بەلژیک) لەبەرئەوەی کلیساکانی ئەو شوێنانە پڕ لە زێڕ و شتی گران قیمەت بوو دەستی پێ کرد. لە هێرشەکەی پیرۆز بوو بەڵام بۆ ماوەیەکی کەم.

١٢/٥/١٨٢٠ لە دایکبوونی فلۆرانس نایتینگێل لە شاری فلۆرانسی بەریتانی، گشت ژیانی گەنجایەتی ئەم کچە لە ئینگلیزستان بوو، زۆر دڵسۆز و دڵخۆش بوو بۆ ئیشەکەی کە پەرستاری بوو، ناوبراو یەکەمین پەرستاری جیهانی بوو.

١٢/٥/١٩٤٦ بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی هاواری کوردستان.

١٢/٥/١٩٦٤ بارزانیی نەمر نامەیەکی تایبەتی ئاراستەی حکومەتی عیراق دەکات سەبارەت بەئازادکردنی (١٠) قارەمانی کورد کە بەبیانۆی دەست بوون لەگەڵ شۆڕشی کورد (کە لە بەندیخانەی مووسلی ناوەند بەند کراون) و ئازاد بکرێن.

١٢/٥/١٩٦٦ سەرکەوتن لە شەڕە بەناوبانگەکەی (هندرێن).

١٢/٥/١٩٧٢ کۆچی دوایی (شێخ لەتیفی شێخ مەحمود).

١٢/٥/١٩٧٤ شەهید بوونی (٧) قوتابی کورد لە سلێمانی بەدەستی چەکدارانی ڕژێم.



١٢/٥/١٩٨١ بەستنی یەکەمین کۆنگرەی (پارتی سۆسیالیستی کوردستان).

١٢/٥/١٩٨٨ پێکهاتنی بەرەی کوردستانی بەبەشداری سەرجەمی پارتە سیاسیەکانی کوردستان بەسەرۆکایەتی هێژا مەسعود بارزانی و مام جەلال.

١٢/٥/١٩٩٢ نامەیەک لە ئان کلوید (ئەندامی پەرلەمانی بەریتانی، سەرۆکی کاروباری کۆمیتەی دژ بەداپڵۆسین لە پێناوی مافی دیموکراتی بۆ عیراق) وەزیری پارتی کرێکاران بۆ یارمەتی و هاوکاریی دەرەوە بۆ دەستەی باڵای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان و پشتیوانی لەم هەڵبژاردنە.

١٢/٥/١٩٩٣ دەرکردنی یاسای فێرکردنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستی لەلایەن پەرلەمانەوە.




مەلا عوسمان عەبدولعەزیز

١٢/٥/١٩٩٩ کۆچی دوایی مامۆستا (مەلا عوسمان عەبدولعەزیز) ڕێبەری بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان لە دیمەشق، تەرمەکەی لە هەڵەبجە بەخاک سپێردرا.

١٣/٥/١٨٣٨ تورکەکان هێرش دەبەنە سەر قەڵای سەید بەگ و دەیسووتێنن.

١٣/٥/١٩٧١ سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆبوونەوەیدا بڕیاری شۆڕشی چەکداری دژ بەڕژێمی ئێران دەدەن.



شێخ عزەدینی حوسێنی

١٣/٥/١٩٧٩ خەڵکی مەهاباد شێخ عزەدینی حوسێنی بەڕێزەوە بەرەو تاران بەڕێ دەکەن تا لەسەر بارودۆخی کوردستان لەگەڵ ئیمام خومەینی باس و گفتوگۆ بکەن.

١٣/٥/١٩٨٨ دەسپێکی ئەنفالی چوارەم بۆ سەر ناوچەکانی (ساڵەیی، شێخ بزێن، شوان، قەڵاسێوکە).

١٣/٥/١٩٩٢ ئیزگەی ڕادیۆی مۆسکۆ بڵاو دەکاتەوە کە وەزع لە ناوچە کورنشینەکانی عیراق نا ئاساییە لەبەر بڕیاردان لەسەر هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان لە ١٧/٥/١٩٩٢، وەکالەی ڕۆیتەر ڕادەگەیێنێ کەوا سەربازەکانی عیراق ئاگاداری کوردەکانیان کردۆتەوە ئەگەر کوردەکان دەست بەدەنگدان و هەڵبژاردن بکەن گوندەکان و شارەکانی کوردستان ئاگرباران دەکەن.


هێژا مسعود بارزانی


دانیال میتران

١٣/٥/١٩٩٣ هێژا (مەسعود بارزانی) خەڵاتی مافی مرۆڤ پێشکەش بەخاتوو (دانیال میتران) دەکات لە واشنتۆن.

١٣/٥/١٩٩٩ PKK چوار منداڵ لە کوردستانی عیراق لە دوای کوشتن سەر دەبڕێت و بەخائین لە قەڵەمیان دەدات، ئەوەی کە PKK بەخائینیان دەزانێت لە کاتی خۆی باوکی ئەو منداڵانە لەلایەن ڕژێمی عیراق ئەنفال کرابوون.

١٤/٥/١٨٧٤ برووسکەی باڵوێزخانەی عوسمانی لە تاران بۆ وەزارەتی دەرەوە بەمەبەستی پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری.

١٤/٥/١٩٥٥ بەستنی پەیمانی سوپایی (وارشۆ) کە بەرامبەری پەیمانی (ناتۆ)یە لە شاری وارشۆ بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ لە نێوان ڕوسیا و ئەلبانیا و بولغاریا و چیکۆسلۆڤاکیا و مەجەرستان و پۆڵەندا و ڕۆمانیا.

١٤/٥/١٩٨٦ ئازادکردنی ناحیەی (مانگێش) لەلایەن لقی یەک.

١٤/٥/١٩٨٨ ڕۆژی ئەنفالکردنی خەڵکی کوردستان.

١٤/٥/١٩٩٥ کۆمەڵەی کوردی فەیلی لە بەریتانیا کۆنفرانسێکی نائاساییان گرت و کۆمیتەیەکی تازەیان بۆ ڕێکخراوەکەیان هەڵبژارد.

١٤/٥/١٩٩٩ کۆتایی هاتن بەکۆنگرەی (حیزبی کەسکی سوید) و هەڵبژاردنی هاوڵاتییەکی کورد لە دایکبووی سلێمانی بەناوی (جەبار ئەمین) بەئەندامی سەرکردایەتی کۆنگرەی حیزبی ناوبراو.

١٥/٥/١٩١٥ (مینۆرسکی) لە کۆبوونەوەی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسدا وتارێکی پڕ بایەخی لەسەر جوگرافیای کوردستان خوێندەوە.

١٥/٥/١٩١٩ دەرکردنی ئینگلیزەکان لە شاری سلێمانی لەلایەن شۆڕشگێڕانی (شێخ مەحموود)ەوە.

١٥/٥/١٩٣٢ دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری (هاوار) بەهۆی (ئەمین جەلادەت بەدرخان).



١٥/٥/١٩٤٦ ڕوودانی شەڕی ملی قەرەنی (مامش) نێوان لەشکری بارزانی نەمر و هێزەکانی شای ئێران و بەسەرکەوتنی هێزی بارزانی کۆتایی پێ هات.

١٥/٥/١٩٥٤ دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری (هەتاو) لە شاری هەولێر.

١٥/٥/١٩٦٢ بەستنی کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لە شاری سلێمانی لە ماڵی مامۆستا (کامل بەسیر) و بەئامادەبوونی (٣٥) ئەندام لە مامۆستایان سازدرا. (لەم کۆنگرەیە بوو کە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان دامەزرا).

١٥/٥/١٩٨٨ کیمیابارانی گوندی (وەرێ)ی دەڤەری خۆشناوەتی لەلایەن ڕژێمی فاشیستی عیراقەوە.

١٥/٥/١٩٩٢ پێش هەموو شوێنێک سەرۆکی پەرلەمانی ئەوروپی دکتۆر (ئیگون کلیپچ) پیرۆزبایی لەسەرکردایەتی بەرەی کوردستانی دەکات بەبۆنەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانەوە.


کردنەوەی یاریگەی شەهید فرنسۆ هەریری

١٥/٥/١٩٩٧ کردنەوەی پرۆژەی یاریگەی وەرزشی هەولێر لەلایەن فەرەنسۆ هەریری.

١٥/٥/١٩٩٧ توندترین شاڵاوی دەرکردنی دانیشتوانی کەرکووک بۆ ماوەی زیاتر لە سێ ڕۆژ بەردەوام بوو کە هەموو کۆڵان و گەڕەکەکانی کوردنشینی کەرکووکی گرتەبەر.

١٥/٥/١٩٩٧ (PKK) شەڕی دژ بەئەزموونی کوردستان دەست پێکردەوە.

١٦/٥/١٩١٦ مۆرکردنی ڕێککەوتنامەی (سایکس بیکۆ) کە دەبێ فەرەنسا واز لە وڵاتی مووسڵ بهێنێ بۆ بەریتانیا.

١٦/٥/١٩٢٣ داگیرکردنی (سلێمانی) لەلایەن هێزەکانی داگیرکەری بەریتانیا.

١٦/٥/١٩٥٣ ڕێپێوانی کوردەکان لە (مەهاباد) بەپشتیوانی (مصدق).

١٦/٥/١٩٩٢ لەژێر دروشمی (ئازادی لەنێو چیاکاندا) بەسەرپەرشتی دکتۆر (ئەلفراید یاناتا) پێشانگایەکی کوردی لە شاری (شالابورگ) لە نەمسا کرایەوە.

١٧/٥/١٦٣٩بەڵێن نامەی زەهاب کە لەشاری زەهابی کورد سەر بەکەرمەنشا بەسترا و ئیمزا کرا نێوان هەردوو ئیمپراتۆری (عوسمانی و فارس)، گفتوگۆی هەرە گرنگی ئەم

کۆبوونەوەیە لەسەر مەسەلەی سنووری هەردوو لا بووە بەتایبەتی ناوچەکانی کوردنشین.

١٧٤٩/٥/١٧ لە دایکبوونی کاشفی بەناوبانگی کوتانی دژ بەخوریکە (ئیدوارد جینێر) لە شاری (گلوکیستر شایر)ی بەریتانی، ناوبراو لە بنەماڵەیەکی دیندار بووە.

١٩٨٧/٥/١٧ عیراق مووشەکێک دەهاوێتە کەشتی شەڕکەری ئەمریکایی (استارک) لە ئەنجامدا (٣٧) نەفەری ئەمریکایی دەکوژێ و (٢٠) نەفەریش بریندار دەبن، عیراق ڕادەگەینێ کە ئەم هێرشە بەئەنقەست نەبووە.



تەلەفزیۆنی K. TV

١٩٩٢/٥/١٧ دامەزراندنی .K. TV

١٩٩٥/٥/١٧ درێژترین ئاخــفتن و بێ بڕانەوە و پشوودان لەم ڕۆژە بووە لەلایەن سیناتۆری تگزاسی (کیلمەر کۆربین) کە (٢٨) سەعات و (١٥) دەقیقەی خایاندووە، (سەبارەت بەمالیاتی ئاو بووە).

١٨٩٩/٥/١٨ لەسەر پێشنیاری دووەمین ئیمپراتۆری ڕوسیا (نیکۆلای) یەکەمین کۆنفرانسی ئاشتی لە لاهای ئەنجام درا، لەم کۆنفرانسە (٣٦) وڵاتی جیهانی بەشداریان کرد.

١٩٧٧/٥/١٨ دەوڵەتی سوریا بڕیاری ژمارەی (٥٨٠) دەردەکات کە بەهۆیەوە ناوی شار و گوند و شەقامە کوردیەکان بوونە عەرەبی.

١٩٨٧/٥/١٨ کۆمەڵێک کورد کە ژمارەیان (٧٠) نەفەر بوو بەشێوەیەکی کاتی دەفتەری (الصلیب الاحمر)ی نەمساویان لە ڤیەننا داگیرکرد و ناڕەزایی خۆیان دەربڕی دژ بەرژێمی عیراق لەبەرئەوەی شەڕی جینۆساید بەکاردێنی دژ بەکوردەکان.

١٩٩٢/٥/١٨ برووسکەیەکی بەڕێز مەسعود بارزانی بۆ مام جەلال و حاکم ئەمیر حەویزی بەژمارە ٦١٠ (کە وەڵامی برووسکەی ئەوان بوو بەژمارە ٥١٣ دەربارەی پەنابەرانی کە لە ئێران گەڕاونەتەوە کوردستان، بەڕێزیان دەڵێ ئەوانەی پێشتر گەڕاونەتەوە مافی دەنگدانیان هەیە بەڵام ئەوانەی کە تا ئێستا نەگەڕاونەتەوە و تەنیا بۆ دەنگدان هاتوون مافی ئەوەیان نییە و با بۆ مەرحەلەی دووەم بێت.

١٩١٥/٥/١٩ هێزەکانی ڕووس شاری ورمێ (ڕەزائیە) داگیر دەکەن.



١٩١٩/٥/١٩ شەڕێکی سەخت لە نێوان (مەحمود خانی دزڵی) و هێزەکانی ئینگلیز بەسەرکردایەتی (دانلیس) لە نزیکی شاری سلێمانی کرا و دوو ڕۆژی خایاند، لە ئەنجامدا لە ١٩١٩/٥/٢١ هێزی (مەحمود خان) گەیشتە ناو شاری سلێمانی و هەرچی سەر بەئینگلیزەکان بوو لە شاری سلێمانی بەدیل گیران، جگە لە (٧) نەفەری ئینگلیزی و (١٥) ئەفسەری هیندی، ئەوانەی تر گشتیان ئازاد کرد.

١٩٣١/٥/١٩ کوردەکانی عەشیرەتی (جەلالی) بەیاری (هانای) کوردەکانی کە لە تورکیا هاتبوون دەچن و هێرش دەبەنە سەر سوپای ئێران و زیاتر لە (٤٠٠) سەرباز دەکوژن، (٧) جەنگاوەری کوردیش شەهید دەبن.

١٩٥٨/٥/١٩ کوردێک بەناوی (ئەحمەد موختار بابان) دەبێتە سەرۆک وەزیرانی عیراق.

١٩٨٠/٥/١٩ ئیزگەی (دەنگی کوردستانی عیراق) دەست بەکار بووەوە.




پرۆسەی هەلبژاردن

١٩٨٧/٥/١٩ ڕاپەڕینی جەماوەری شاری (ڕەواندز).

١٩٩٢/٥/١٩ یەکەمین هەڵبژاردنی (پەرلەمانی کوردستان).

١٩٩٣/٥/١٩ سەرۆکی فەرەنسا (فرانسوا میتران) پێشوازی لە بەڕێزان (مەسعود بارزانی و مام جەلال) دەکات لە پاریس.

١٩٩٥/٥/١٩ هێژا (مەسعود بارزانی) دوو نامەی جیا ئاراستەی بەڕێزان (فرانسوا میتران و جاک شیراک) دەکات، بەبۆنەی تەواوبوونی دەوری سەرۆک کۆماری میتران و هەڵبژاردنی جاک شیراک بەسەرۆک کۆمار.



بیل کلنتۆن

١٩٩٩/٥/١٩ (بیل کلنتۆن) سەرۆک کۆماری ئەمریکا نامەیەکی بۆ کۆنگرێسی ئەمریکا نارد و دووپاتی کردەوە بەرپەرچی هەر هێرشێک دەداتەوە بۆ سەر کوردستانی عیراق.

١٩١٩/٥/٢٠ دامەزراندنی یانەی (سەرکەوتنی کوردان).

١٩٢٠/٥/٢٠ (شەریف پاشا) داوا لە (لویس مالت) سەفیری بەریتانیا دەکات بە(بلفۆر) بگەیێنێت کە سەرۆکی کوردستانی ئازاد دابنێ و کوردستانی سەربەخۆ بەڕەسمی بناسن.

١٩٦٢/٥/٢٠ بەڕێز مەسعود بارزانی دەگاتە ڕیزی لەشکری شۆڕشگێری کوردستان.

٢٠/٥/١٩٦٣ بەفەرمانی فەرمانڕەوای سوپای گشتی عیراق ئابلوقەی ئابووری دەکرێتە سەر کوردستان هێزی پێشمەرگە بۆیان دەردەکەوێت کە ڕژێم و سوپای عیراق نییەتی خراپیان هەیە بەرامبەر بەهێزی پێشمەرگە.

٢٠/٥/١٩٨٣ حیزبی (تورکیای مەزن) لەلایەن ژەنەراڵ (عەلی فەتحی) هاتە دانان.


٢٠/٥/١٩٩٢ کۆچی دوایی مامۆستا (سەدیق حەیدەری) لە شاری مەهاباد کە وەزیری ڕاگەیاندنی کابینەی کۆماری مەهاباد بووە.

٢٠/٥/١٩٩٢ ئیزگەی دەنگی ئەڵمانیا (دەنگی ئەورۆ) بڵاو دەکاتەوە بەپێی دەقی قسەکانی چاودێر لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان پێشبین دەکرێت مەسعود بارزانی و حیزبەکەی (پ.د.ک) لەو هەڵبژاردنە بەبەهێزترین لایەن دەربچن و زۆرینەی دەنگەکان و کورسیەکان بەدەست بێنن.

٢١/٥/١٥٩٠ بەستنی پەیمانی (سنوور) لەلایەن (شا عەباس و عوسمانییەکان) کە زیاتر مەسەلەی کوردی تیا بووە.

٢١/٥/١٩١٩ دەست پێکردنی شەڕ لەنێوان هێزەکانی (شێخ مەحموود)ی نەمر و هێزەکانی ئینگلیز.

٢١/٥/١٩٦٢ سەعات شەشی پاش نیوەڕۆ بارزانیی نەمر فەرمانی پەڕینەوە لە ڕووبار دەدات لە (مەندان) بەرامبەر گوندی سۆرانکی کە پێویست بوو ئەو هێزە بەشەو بپەڕنەوە و بگەنە چیای برادۆست پێش ڕۆژهەڵات.


راجیڤ گاندی

٢١/٥/١٩٩٠ کۆچی دوایی (هیجران)ی شاعیر.

٢١/٥/١٩٩١ (راجیڤ گاندی) سەرۆک وەزیری هیندستان بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێک لە (سیری پرۆمپۆدۆر) کە دەکەوێتە ولایەتی (تامیل) هاتە کوشتن.

٢١/٥/١٩٩٢ لە کۆبوونەوەی هاوبەشی سەرکردایەتی سیاسی و دەستەی باڵا بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە دەستەی باڵا ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بڵاو نەکاتەوە تا سەرکردایەتی سیاسی بڕیار لەسەر هەندێ شتی پێویست نەدا.

٢١/٥/١٩٩٥ بەڕێز (مەسعود بارزانی) یەک لایەنە فەرمانی بەردانی (٢١) دیلی (ینک) دەدات.



٢٢/٥/١٩٢٧ بوومەلەرزەیەکی بەهێز لە وڵاتی (چین) ڕووی دا و بەهۆی ئەم بوومەلەرزەیە (٢٠٠) هەزار کەس هاتنە کوشتن، هێزەکەی (٨/٣) ڕیشتێر بوو.

٢٢/٥/١٩٦٢ بارزانیی نەمر لە کۆبوونەوەیەک ئاگاداری هێزەکانی خۆی دەکاتەوە بۆ پێگەیاندنی هەندێ زانیاری دەربارەی هەنگاوی دواتر بەرەو پیرۆزی، لەو کاتەوە سێ ڕۆژ پشوو بەهێزەکەی دەدات بۆ ئامادەکردنی پێویستییەکان.

٢٢/٥/١٩٧٢ یەکەمین میهرەجانی شیعری کوردی لە شاری کەرکووک ئەنجام درا.

٢٢/٥/١٩٩٢ ڕاگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردن نێوان (پارتی، ینک، پارتە کوردستانییەکان).

٢٢/٥/١٩٩٩ نوێنەری پارتی لە کۆنگرەی ساڵانەی پارتی (سۆسیالیستی) گەلی دانیمارک ئامادەبوو.

٢٣/٥/١٩١٩ شەڕێکی بەناوبانگ و خوێناوی لە نزیک تاسلوجە ڕووی دا و بەریتانییەکان خۆیان دان بەوەدەنێن کە لەم شەڕەدا هێزی کورد توانیان ژمارەیەکی زۆر لە سەربازەکانی ئینگلیزی بکوژن و ٤ زرێپۆش و ١٩ ئۆتۆمبیلی فۆرد بشکێنن.

٢٣/٥/١٩٣٧ دەنگوباسەکانی شۆڕشی ساڵی (١٩٣٧) سانسۆر دەکرێت، بەڵام ڕۆژنامەی (سۆن تەلگراف) ئاماژە بەو شۆڕشە دەکات، بەم هۆیە یەکسەر بڵاوکردنەوەی ئەم ڕۆژنامە ڕادەگرن، تا ئێستاش لە چۆنیەتییەکەی ئەم شۆڕشە بەدروستی کەس ئاگادار نییە.


فڕۆکەکانی ڕژێمی بەغدا

٢٣/٥/١٩٤٧ چواردە فڕۆکەی ڕژێمی بەغدا لە گوندی (دری) هێزەکانی (بارزانی) نەمریان بۆمباران کرد.

٢٣/٥/١٩٧٠ یەکەم ژمارەی گۆڤاری شارەوانی هەولێر بڵاوکرایەوە.

٢٣/٥/١٩٨٨ (UN) عیراقی خستە نێو لیستی ئەو دەوڵەتانەی مافی مرۆڤ پێشێل دەکەن لەبەرئەوەی (٨) هەزار بارزانی بێ سەروشوێن کردبوو، ئەمە جگە لەوەی هێرش و پەلاماری بۆ سەر خەڵکی کوردستان و گرتنیان و کوشتنیان بەردەوام بوو.


نەتەوەیەکگرتووەکان

**١٩٩٢/٥/٢٣** دەستەی باڵای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی بانگ کراو بەسەرۆکی دەستەی باڵا ڕاگەیانرا کە سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە ڕێژەی بەشداری ئەم دوو لایەنە لە ئەنجوومەندا وەکو یەک بێت واتە پەنجا بەپەنجا.

**١٩٢٥/٥/٢٤** لە سێدارەدانی کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بەناوی شێخ عەبدولقادر لەگەڵ کوڕەکەی سەید محەمەد لە تورکیا.

**١٩٨٩/٥/٢٤** کۆچی دوایی شاعیر دکتۆر شۆ (ئەحمەد شوکری).

**١٩٩٣/٥/٢٤** دامەزراندنی کۆمەڵەی (نەتەوەی کورد) بەسەرۆکایەتی (بەختیار شەوکەت).

**١٩٩٤/٥/٢٤** بەهۆی پاڵەپەستۆی خەڵک لە دوای تەواوبوونی یاری تۆپی پێ نێوان (پیرۆ، ئەرجەنتین) ٣٢٠ نەفەر گیان لەدەست دەدەن و ٨٠٠ نەفەریش بریندار دەبن.

**١٩٩٥/٥/٢٤** وەفدێکی پارتی بەسەرۆکایەتی (ئازاد بەرواری) لە پایتەختی سوریا (دیمەشق) لەگەڵ جێگری سەرۆک کۆماری سوریا (عەبدولحەلیم خەدام) کۆدەبێتەوە.

**١٩٩٩/٥/٢٤** شاندێکی پارتی بەشداری سمینارێکی تایبەت بەکورد لە (جنێف) دەکات لەژێر چاودێری نوێنەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان.




عەبدولحەلیم خەدام

**١٩٩٩/٥/٢٤** شاندێکی باڵای پارتی لە ئەمریکا لەگەڵ (مادلێن ئۆلبرایت) وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کۆدەبێتەوە.

**١٩١٩/٥/٢٥** لەشکری ئینگلیزی بەسەرکردەی (بریدجس) دەگاتە (دۆڵی تاسلوجە)، زۆربەی سوپای کە گەیشتە ئەم شوێنە لەلایەن پێشمەرگەکانی شێخ مەحموود هێرشیان دەکرێتە سەر و گشتیان تەفروتوونا دەبن.

**١٩٢١/٥/٢٥** (هوراس ڕامبۆرد) موعتەمدی سامی بەریتانی لە ئەستەنبوڵ نامەیەک ئاراستەی (لۆرد کەرزن)ی بەریتانی دەکات سەبارەت بەهاوکاری هەردوولا (ئەمین عەلی بەگ بەدرخان) و نوێنەری وڵاتی یۆنان لە (قوستەنتینیە) و پەیمان بەستنیان دژ بەڕژێمی کەمالییەکان کە سوودی کورد و یۆنانییەکانی تێدایە.



مادلێن ئۆلبرایت



**١٩٢٥/٥/٢٥** لە سێدارەدانی تێکۆشەری کورد (دکتۆر فوئاد) لەلایەن ڕژێمی تورکیا لە شاری دیاربەکر.

**١٩٢٦/٥/٢٥** دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری زاری کرمانجی لەلایەن حوسێنی حوزنی موکریانی لە ڕەواندوز.

**١٩٤٢/٥/٢٥** سۆڤیەت ڕێگا بەئێران دەدات بگەڕێتەوە ئازەربایجان بەمەبەستی لەناوبردنی ئاژاوەی کوردەکان لەو کاتەدا.

**١٩٤٧/٥/٢٥** (بارزانی) نەمر دەگاتە گوندی (باسی) لە کوردستانی تورکیا.

**١٩٦٤/٥/٢٥** نامەیەکی بارزانی نەمر بۆ (سەعب حەردان) دەربارەی لێبوردنی گشتی بۆ کوردانی عیراق و دامەزراندیان لە دامودەزگا ڕەسمییەکان و چەککردنی جاشەکانی کورد و چارەسەرکردنی برینەکانی میللەتی کورد.

**١٩٩٣/٥/٢٥** دامەزراندنی کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عیراق.

**١٩١٩/٥/٢٦** شاری هەڵەبجە لەژێر دەستی بەریتانیا لەلایەن شۆڕشگێڕانی شێخ مەحموود ئازاد دەکرێت).

**١٩٧٢/٥/٢٦** یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی برایەتی کە بەشێوەی هەفتانە بوو لە بەغدا بڵاوکرایەوە.

**١٩٧٦/٥/٢٦** هەڵگیرسانی شۆڕشی (٢٦ی گوڵانی) نیشتمانی.

**١٩٨٣/٥/٢٦** هێرشی (تورکیا) بۆ سەر ناوچەکانی باکووری عیراق.

**١٩٨٦/٥/٢٦** لە کۆمەڵگای (بنگرد)ی سلێمانی جەماوەری کوردمان بەتێکڕایی دژ بەڕەفتار و کرداری ڕژێم هەڵسان و ناڕەزایی خۆیان دەربڕی چونکە بەزۆر هێنرابوونە ئەم شوێنە، لە ئاکامی ئەم ناڕەزاییییە ڕژێم کۆمەڵگایەکەی بەتەواوی تێک دا و خەڵکەکەی گواستەوە بۆ قەزای دوکان و (٦٠) گوندی سووتاند.

**١٩٩٢/٥/٢٦** لە شاری سلێمانی چیرۆک نووسی کورد (ڕەفیق فایەق) بەهۆی نەخۆشی دڵ کۆچی دوایی کرد.

**١٩٩٢/٥/٢٦** پرۆژەی هاوکاری نێوان یەکێتی دیموکراتی کوردستان (عەلی سنجاری) و وفاقی نیشتمانی دیموکراتی عیراقی (صلاح عمر العلي) و پارتی نیشتمانی تورکمانی عیراقی دکتۆر (مظفر ارسلان) لە ئەنقەرە ڕاگەیاندرا.




عەلی سنجاری

٢٦/٥/١٩٩٣ ئەمیر (عەبدوڵڵا کوڕی عەبدولعەزیز) لە عەرەبستانی سعودی پێشوازی لە بەڕێزان (مەسعود بارزانی، حەسەن ئەلنقیب، محەممەد بەحرلعلوم) کرد.

٢٦/٥/١٩٩٦ کردنەوەی پردی باڵەندە لەلایەن هێژا مەسعود بارزانی.

٢٧/٥/١٩٣٩ دامەزراندنی حیزبی هیوا.





ئەمیر عەبدوڵڵا کوڕی
عەبدولعەزیز

٢٧/٥/١٩٤٧ (بارزانیی) نەمر دەگاتە گوندی (جێرمێ) لە کوردستانی ئێران.

٢٧/٥/١٩٤٧ عیراقیەکان ئاگاداری ئێرانییەکان دەکەنەوە کە (بارزانیی) نەمر لە سنووری تورکیە لە باکووری بارزان بەرەو ئێران دێت (بۆ ڕێگا لێگرتن).

٢٧/٥/١٩٦٠ لە وڵاتی تورکیا ژنەراڵ (جەمال گۆرسیل) کودەتایەک دەکات، پارتی دیموکراتی تورکیا بەم هۆیەوە تووشی گرفت دەبێت و زۆربەی زۆری سەرکردەکانی لە دەست دەدات.



پردی باڵندە

٢٧/٥/١٩٦٣ بارزانیی نەمر بەیاوەری (١٠٠) پێشمەرگە بەرەو بارزان دەچێت و لە ڕێگای بەرەو ئەو ناوچەیە بەدیداری هەندێ لە گوندەکانی سەر ڕێگایان دەگات.

٢٧/٥/١٩٦٤ کۆچی دوایی (جەواهێر لال نەهرۆ).

٢٧/٥/١٩٦٩ بریاری ڕژێم بەدانانی پارێزگایەکی نوێ بەناوی پارێزگای (دهۆک).



سەرۆک مسعود بارزانی و مام جەلال

٢٧/٥/١٩٩٣ کۆبوونەوەی بەڕێز مەسعود بارزانی و مام جەلال لەگەڵ کاربەدەستانی سعودیە.

٢٧/٥/١٩٩٨ بەستنی حیواری کوردی عەرەبی لە قاهیرە بەئامادەبوونی (سامی عەبدولرەحمان،





بەستنی حیواری کوردی عەرەبی

جەوهەر نامق، مام جەلال، فوئاد مەعسوم) و حیزبە کوردستانییەکانی تر.

٢٨/٥/١٨٧١ ڕووخانی کۆمونەی (پاریس).

٢٨/٥/١٩١٥ هێزەکانی ڕووس شاری مەهاباد داگیر دەکەن.

٢٨/٥/١٩٦٢ هێزی پێشمەرگە دەگاتە سەری بەردی لە سیدەکان (دۆڵی نافرۆبین) و لەسەر لوتکەی سەری بەرد شەڕێک نێوان جاشەکانی سۆفی لە برادۆستەکان و مەفرەزەیەکی پێشمەرگە ڕوو دەدات کە لە ئاکامدا (٤) لاشەی کوژراوەکانیان لە مەیدانی شەڕ بەجێ دێڵن و زیانی پێشمەرگەیش شەهیدێک لە عەشیرەتی نێرۆیی دەبێت.

٢٨/٥/١٩٩٥ ناشتنی تەرمی هونەرمەندی بەناوبانگی کورد (تەحسین تاها).



هونەرمەند تەحسین تەها

٢٨/٥/١٩٩٩ فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید ڤیستیڤاڵێک بۆ لاوان ساز دەدات.

٢٩/٥/١٥٥٥ پەیمانی (ئاماس) لە نێوان ئیمپراتۆری (فورس-عوسمانییەکان) لە شاری ئاماسیە کە سەر بەئاسیای بچووکە بەسترا و ئیمزای لەسەر کرا، موشکیلەی هەرە مەزنیان بۆ بەستنی ئەم پەیمانە دووقۆڵییە کوردەکان و سنووری هەردوو وڵات بوو.

٢٩/٥/١٥٥٥ یەکەمین پەیمانی ئاشتی لە نێوان ئێران و تورکیا ئیمزا کرا کە کۆتایی بەشەڕی (٢٠) ساڵەی هێنا و بە(قەراردادی ئاماسیە) بەناوبانگە.

٢٩/٥/١٩٤١ (ئەنتۆنی ئایدن) وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بیری لە پرۆژەی (هلال الخصیب) دەکاتەوە و پێشکەش بەدەوڵەتی بەریتانیا دەکات و پرۆژەکە بڵاوکرایەوە، دەڵێ بەریتانیا پێی خۆشە لە دوای ڕووخاندنی حکومەتی (ویشی) لە سوریا و لوبنان گشت حکومەتەکانی (ئوردن، عیراق، فەلەستین، باکووری جەزیرەی عەرەبستان و لوبنان) بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی.

٢٩/٥/١٩٦٢ هێزی لەشکری شۆڕشگێری کوردستان دەگەنە ناو گوندی بێشێ و گشت گوندەکانی ئەو دەوروبەرەش ئازاد دەکەن.

٢٩/٥/١٩٨١ سەرۆک کۆماری بەنگلادێش (ضیاء الرحمن) لە کودەتایەک هاتە کوشتن.

٢٩/٥/١٩٩٣ (مەلیک فەهد) پێشوازی لە وەفدێکی کۆنگرەی نیشتمانی عیراقی کرد و کۆبوونەوەیەکی بەتەنیا لەگەڵ هێژا (مەسعود بارزانی) کرد.



مەلیک فەهد

٣٠/٥/١٩٣٠ کردنەوەی یانەی (سەرکەوتنی کوردان) کە یانەیەکی کۆمەڵەی سیاسی بوو، لە کردنەوەکەشی شاعیری بەناوبانگی کورد (جەمیل سدقی زەهاوی) و چەند ئەفسەرێکی کورد بەشداریان تێدا کرد.

٣٠/٥/١٩٣٢ یەکێتی ولاتە یەکگرتووەکان وەرگرتنی عیراق لەم کۆمەڵگایە ڕادەگرێ لەبەر هەندێ ئیلتزاماتی نێودەوڵەتی سەبارەت بەعیراق کە دابینکردنی مافی میللەتی کوردە. بۆ عیراقیش نییە ئەو ئیلتزاماتانەی سەبارەت بەمافی میللەتی کوردە یەک لایەنە هەڵوەشێنێتەوە بەبێ ڕەزامەندی زۆرینەی نوێنەرانی ولاتە یەکگرتووەکان بەپێی مادەی (١٠) لەم بڕیارە ولاتە یەکگرتووەکان تا ئێستاش ئەم بڕیارە بەردەوامە.

٣٠/٥/١٩٨٤ کۆچی دوایی نوکتەزان (خاڵە ڕەجەب).

٣٠/٥/١٩٩٤ لەسەر داوای حکومەتی تورکیا هەر دوو شاندی (پارتی، ینک) لە سلۆپی کۆبوونەوە و هەر دوولا گفتیان دا بارەکە ئاسایی بکەنەوە و ئاشتی و ئارامی زامن بکەن، هەردوو لایەن پێشوازییان لە دەست پێشخەری تورکیا کرد بۆ ناوبژی کردن.

٣١/٥/١٨٧٤ پەیمانی دووەمی (ئەرزەروم) لە تورکیا نێوان (ئێران، عوسمانییەکان) بەسترا، مەبەست لەو پەیمانەش چاوپۆشی لە تەواوی خاکی (سلێمانی، زەهاب، کرەند) و هەندێ شوێنی تری کوردەواری بۆ عوسمانییەکان لەلایەن ئێرانەوە بوو، بەرامبەری دوورکەوتنەوەی عوسمانییەکان لە هەندێ شوێن و چاوپۆشی لە (خورەم شەهر و ئەبادان).

٣١/٥/١٩١٥ هێزەکانی رووس شارۆچکەی شنۆ داگیر دەکەن.

٣١/٥/١٩٣٤ بۆردمانی شاری (سلێمانی) لەلایەن ئینگلیز.

٣١/٥/١٩٣٥ بوومەلەرزەیەکی (٧/٥) ڕیشتەری ولاتی هیندستانی لەرزاند و لە ئەنجامدا (٣٠) هەزار نەفەر هاتنە کوشتن.



٣١/٥/١٩٤٣ بۆردمانی شاری (سلێمانی) لەلایەن ڕژێمی عیراق.

٣١/٥/١٩٤٧ (بارزانیی) نەمر و یارانی ناوچەی هەرکییەکانیان بەجێهێشت بەرەو ناوچەی شکاک.

٣١/٥/١٩٦٣ مام جەلال بۆ دیداری (جەمال عەبدولناسر) وەکو نوێنەر دەچێتە میسر بەمەبەستی چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد.



جەمال عەبدولناسر

٣١/٥/١٩٧٠ بوومەلەرزەیەک لە ولاتی (پیرۆ) هاتەکایەوە و لە ئاکامدا (٦٦٧٩٤) نەفەر هاتە کوشتن و هێزەکەی (٧/٧) ڕیشتێر بوو.

٣١/٥/١٩٩٠ (گورباچۆف و جۆرج بۆش) لە واشنتۆن و کەمپ دێڤید چەند دانیشتنیان سازدا بۆ ماوەی چوار ڕۆژ، لەم دانیشتنەدا دەربارەی شەڕی سارد و یەکبوونی هەردوو ئەڵمان و دیموکراسی لە ڕوسیا و... باس کرا.

٣١/٥/١٩٩٩ هێژا مەسعود بارزانی پێشوازی لە مامۆستا (عەزیز محەمەد) و (حەمید مەجید) سکرتێری حیزبی شیوعی عیراق و (کەریم ئەحمەد) سکرتێری حیزبی شیوعی کوردستانی عیراق دەکات.

***

## ٦
## حوزەیران

**١٨٦٩/٦/١** ڕۆژنامەی ڕەسمی دەوڵەتی ڕوسیا دیارکردنی سنوورەکانی ئێران چاپ دەکات کە لەلایەن (ڕووس و ئینگلیز) هاتبووە دەستنیشان کردن.

**١٩٢٦/٦/١** کۆچی دووایی شاعیری کورد مامۆستا شوکر فەزلی.

**١٩٤٦/٦/١** سەرۆک کۆماری مهاباد لە چاوپێکەوتنەکی بەپەیامنێری (ئاژانسی فرانس پرێس) لە وەڵامی پرسیارێکی دەڵێ: کورد ڕازی ئەبێ ئەگەر حکومەتی ناوەندی بڕیاربدا قانوونی دیموکراتی لە هەموو ئێراندا جێبەجێ بکرێ و دان بنێ بەو قانونەدا کە ئێستا لە کوردستاندا سەبارەت بەخوێندنی کوردی و ئۆتۆنۆمی و... کێشەی کورد مەسەلەیەکی ناوخۆیییە دەبێ لە نێوان کورد و حکومەتی ناوەندی کێشەکە چارەسەربکرێت.

**١٩٥٢/٦/١** ڕۆژی جیهانی (منداڵان).

**١٩٥٨/٦/١** کردنەوەی بەشی کوردی ڕادیۆی قاهیرە.

**١٩٧٠/٦/١** دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری برایەتی.

**١٩٧١/٦/١** دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان) لە بەغدا.

**١٩٧٥/٦/١** دامەزراندنی (ی.ن.ک).

**١٩٨٧/٦/١** (ڕەشید کەرامی) سەرۆک وەزیری لوبنان لە تەقینەوەی هەلیکۆپتەری هاتە کوشتن.

**١٩٩٣/٦/١** شەهید بوونی (فرەنسیس یوسف شابۆ) ئەندامی لیستی مۆری پەرلەمانی کوردستان.

**١٩٩٨/٦/١** کۆچی دوایی پێشمەرگەی قارەمان و بەرگر لە خاکی کوردستان و یاوەری بارزانیی نەمر بۆ یەکێتی سۆڤیەت (سەعید عەبدولکەریم گەردی)، شەهید تەرمە پیرۆزەکەی لە بارزان بەخاک دەسپێرن.



سەعید عەبدولکەریم گەردی



**١٩٣١/٦/٢** کۆچی دوایی (حاجی شێخ ئەمینی خاڵ).

**١٩٧٢/٦/٢** بڕیاری ئەنجوومەنی شۆڕشی عیراق دەربارەی خۆماڵی کردنی نەوتی عیراق.

**١٩٣٣/٦/٣** پاشای کۆرە چاوی بەپزیشکێکی ئینگلیزی بەناوی (ڕووس) دەکەوێت لە شاری ئاکرێ.

**١٩٦١/٦/٣** قورسترین منداڵی بەدونیا هاتوو لە جیهاندا لە شێرە ژنێکی کورد بووە لە کوردستانی باکوور (تورکیا)، قورساییەکەی ١٠,٨٨٠ کیلۆ بووە.

**١٩٦٢/٦/٣** بارزانیی نەمر ناچار دەبی بگەڕێتەوە ئەو شوێنانەی کە جاشەکان دەستیان بەسەردا گرتبوو (ناوچەیەکی پان بوو لە چیای سەری بەری کە ناوچەی دەشتی دیانەی لەبەرچاو دابوو)، بەگەیشتنی ئەو هێزە تووشی چەندین شەڕی جۆراوجۆر و قورس بوو بەڵام هەر پیرۆزی بەدەست دەهێنا تا گشت ناوچەکەی ئەو گوندەی لەوانە پاککردەوە و دەستی بەسەر داگرت.

**١٩٨٣/٦/٣** لە سێدارە دانی ٥٩ لاوی کوردی نیشتمانپەروەری شاری مەهاباد کە لە تەلەفزیۆنی کۆماری ئیسلامی ئێران هاتە پێشاندان.

**١٩٩٥/٦/٣** وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ڕای گەیاند کە ڕژێمی تورکیا مافی مرۆڤی کوردی لە تورکیا پێشێل دەکا.

**١٨٧٨/٦/٤** پەیماننامەی بەرگری هاوبەش و هاتنی کونسولەکانی بەریتانیا بۆ کوردستان کە بڕیار بوو بەپێی ئەم پەیماننامەیە چاودێری ڕیفۆرمەکان بکەن کە دەبوونە هۆی دامەزراندنی وڵاتێکی ئەرمەنی و کوردی چونکە شێخ عوبەیدوڵڵا بڕیاری دابوو کە ئافرەتانی کوردیش چەک هەڵگرن و بەرگری لە وڵات و مافیان دەکەن.


**١٨٨١/٦/٤** گرتن و بردنی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بۆ ئەستەنبۆل هەر لەم ڕۆژە بۆ ماوەی دوو مانگ شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بەدەستبەسەری لە ئەستەنبۆل دەهێڵنەوە.

**١٩٤٠/٦/٤** هەڵاتنی سوپای ئینگلیز و فەرەنسا لە (دۆنکرەک) و بەجێهێشتنی گشت کەلوپەل و ئازووقە لە دوای خۆیان، لەو شەڕەدا (٣٠) هەزار سەربازی ئینگلیزی کوژران یا بەدیلی گیران.

**١٩٦٢/٦/٤** لەلایەن هێزی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان گەمارۆی قەڵای ڕایات

دەدرێت و داوایان لێ دەکرێت تەسلیم ببن بەڵام داوایەکە ڕەت دەکەنەوە و داوا لە سەرکردایەتی خۆیان دەکەن کە بەفریایان بگەن وەزعیان لە خەتەر دایە، لەسەر داوای ئەوان فڕۆکەکانی ڕژێم بۆردوومانی ناوچەکە دەکەن کە هیچ زیانێک بەلەشکر ناگات و ئەو ئازوقەی کە بەفڕۆکە بۆیان ئەخرایە خوارەوە زۆربەی زۆری دەکەوتە دەستی لەشکری شۆڕگێڕی کوردستان.

١٩٦٥/٦/٤ دەستپێکی شەڕی بەناوبانگی قەرەداغ نێوان هێزی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان و ڕژێمی عیراق کە بەهێزێکی یەکجار زۆر دوژمن هێرشی هێنایە سەر ئەم ناوچەیە و بۆ ماوەی (٥) ڕۆژ بێ پچڕانەوە پیرۆزی بەدەست هێنا و هێزی پێشمەرگە شکان و کشانەوە بەرەو ناوچەی پێنجوێن. بەڵام لە کۆتاییدا سەرشۆڕی بۆ ڕژێم مایەوە و لە شوێنە داگیرکراوەکان دووبارە کشانەوە.


ئیمام خومەینی

١٩٨٩/٦/٤ کۆچی دوایی (ئیمام خومێنی).

١٩٩٢/٦/٤ یەکەم کۆبوونەوەی (پەرلەمانی کوردستان) لە هەولێر.


تەلاری پەرلەمانی کوردستان

١٩٢٦/٦/٥ ولایەتی (مووسل) درا بەعیراق بەبێ ڕەزامەندی میللەتی کورد.

١٩٦٣/٦/٥ گشت سەرکردەکانی هێزی سوپایی و سیاسی لەبارەگای بارزانی لە گوندی سریشمە کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی ڕێگای چارەسەرێک بدۆزنەوە سەبارەت بەهێرشەکانی ڕژێمی عیراق کە خۆی بۆ ئامادەکردبوو.



گۆڤاری ڕۆژی کورد

١٩٦٧/٦/٥ شەڕی شەش ڕۆژەی عەرەب و ئیسرائیل.

١٧٩٩/٦/٦ لە دایکبوونی شاعیر و نووسەری بەناوبانگی ڕووسی (ئەلێکسەندەر پوشکین) لە مۆسکۆ.

١٩١٣/٦/٦ بڵاوبوونەوەی گۆڤاری (ڕۆژی کورد) لە ئەستەنبوڵ.

١٩٤٤/٦/٦ هێرش بۆ سەر (نۆرماندی) کە سێیەمین هێرشی



گەورەی دەریایی و ئاسمانی (متفقین) بوو بۆ سەر خاکی ئەوروپا لە شاری (شیربۆرگ)ی فەرەنسا بەیارمەتی (٤٠٠٠) کەشتی شەڕکەر و (١٠) هەزار فڕۆکە بەفەرمانڕەوایەتی ژەنەڕاڵ (ئایزنهاوەر).


مۆشێ دایان

١٩٦٧/٦/٦ ئیسرائیل شاری (قودس) داگیر دەکات و (مۆشێ دایان) دەڵێ ئەوە (ئۆرشەلیم)مان گرت و لەسەر ڕێگامانین بۆ بابل.

١٩٨١/٦/٧ لێدانی وێستگەی ئەتۆمی (تەممووز)ی عیراق نزیک بەغدا لەلایەن ئیسرائیلەوە.

١٩٩٦/٦/٧ ڕژێمی عیراق بەنووسراویان ژمارە (١١٩) کە لەلایەن لیژنەی ئاسایشی (نەینەوا) دەرچووە دەڵێت نابێ هیچ کاروباری زەوی نیشتەجێ بوون بۆ خەڵکی ناوچەکە جیبەجێ بکرێت بەتایبەتی کوردەکانی ئەم سنوورە.

١٩٩٥/٦/٨ فەرمانی ڕژێمی تورکیا بە(دەستەی باڵای فەتواکان) دا تا فەتوایەک لە دژی بڵاو کردنەوەی قورئان بەکوردی و لێکۆڵینەوە لەسەری بدەن.

١٩٤٧/٦/٩ دەست پێکردنی شەڕە مەزنەکەی چیای (سوسز) و دەشتی (ماکۆ)، لەو شەڕەدا سەدان کەس لە سوپای ئێران کوژران و (٢٧١) کەسیش بەدیل گیران.

١٩٦٣/٦/٩ هەڵگیرسانەوەی شەڕ نێوان پارتی (شۆڕش) و ڕژێمی عیراق.

١٩٦٣/٦/٩ شەهیدکردنی (١٧٥) هاوڵاتی لەسلێمانی و کۆیە لەلایەن ڕژێمی عیراق.

١٩٦٣/٦/٩ ڕژێم بڕیار دەدات کە ئەندامە بەجێماوەکانی وەفدی کوردی لە بەغدا بەفڕۆکە بگەینیتەوە سەرکردایەتی پارتی لە کوردستان.

١٩٦٣/٦/٩ حکومەتی عیراق بڕیاری دا هاتوچۆ بۆ (کەرکووک و سلێمانی و هەولێر) قەدەغە دەکات، دەستی بەکوشتارێکی دڕندانە کرد لە سلێمانی و ئاکامی (٢٧٦) نەفەر هاتنە کوشتن و لە گۆڕستانێک بەکۆمەڵ بەخاک سپێردران.

١٩٦٣/٦/٩ لە کۆنفرانسێکی یەکێتی دیموکراتی کوردستانی عیراق بڕیار درا یەکێتییەکەیان هەڵوەشێننەوە و بگەنە پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق.

١٩٧١/٦/٩ کودەتای (هاشم العطا) لەسەر دۆستی خۆی ژەنەڕاڵ (جعفر النمیری) لە سودان، عیراق یەکەمین وڵات بوو کە کودەتایەکەی بەڕەسمی ناسی و پیرۆزبایی لێ کردن.



عەلی سنجاری

١٩٧٧/٦/٩ دامەزراندنی یەکێتی دیموکراتی کوردستانی عیراق لە سوریا (عەلی سنجاری).

١٩٨٥/٦/٩ بۆردوومانی ئۆردوگای پەنابەرانی کوردی عیراق لە زێوەی ئێران لەلایەن ڕژێمی عیراق (کارەساتی زێوە)، لەم بۆردوومانەدا ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە هەموو جۆرە هاولاتیەک هاتنە شەهید کردن.

١٩٩٣/٦/٩ لە کۆنفرانسێکی یەکێتی دیموکراتی کوردستانی عیراق بڕیار درا یەکێتییەکەیان هەڵوەشێننەوە و بگەنە پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق.

١٩٩٩/٦/٩ بڕیاری هەڵکردنی ئالای کوردستان و پارێزگا کردنی چوار قەزا (سۆران، ئاکرێ، هەڵەبجە، ڕانیە) لەلایەن پەرلەمانی کوردستان.

١٩٦٣/٦/١٠ ڕادیۆی بەغدا بلاوی کردەوە کە شورای سەرکردایەتی ئینقلاب بڕیاری داوە دەستبەجێ شەڕ بکات دژ بە(بارزانیی) نەمر.

١٩٦٣/٦/١٠ بلاوبوونەوەی پرۆژەی (لامەرکەزی) لەلایەن ڕژێمی عیراق.

١٩٦٣/٦/١٠ شەڕێکی مەزن ڕوو دەدات نێوان هێزی پ.م و ڕژێمی عیراق کە خەڵکی سرێشمەش بەشداری لەم شەڕەدا دەکەن دژ بەڕژێم و شەڕەکەش لە سپیلک دەبێت.

١٩٧٠/٦/١٠ دامەزراندنی کۆمەڵەی (ڕەنجدەرانی کوردستان).

١٩٩٥/٦/١٠ ڕاگەیاندنی پرۆژەی شەڕ ڕاگرتن لەگەڵ (ینک) لەلایەن (م.س)ی پارتی و بەدیهێنانی ئاشتییەکی ڕاستەقینە.

١٩٩٩/٦/١٠ لەسەر بانگێشتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا شاندێکی پایەبەرزی پارتی بەرەو ئەمریکا کەوتە ڕێ بۆ بەشدار بوون لە گفتوگۆکانی ئاشتی لەگەڵ شاندی (ینک).

١٩٣٠/٦/١١ دەستپێکی هێرشی هێزەکانی تورک بۆ سەر پێشمەرگەکانی (کۆماری ئاراڕات).

١٩٩٤/٦/١١ هێژا مەسعود بارزانی لە وتارێکدا کە لە کەنالەکانی ڕاگەیاندن بلاو کرایەوە پێشنیاری سازدانی کۆنگرەیەکی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان خستە ڕوو بۆ لێدوان و چارەسەرکردنی کێشەکان.



١٩٢٤/٦/١٢ لە دایکبوونی (٤١)کەمین سەرۆک کۆماری ئەمریکا (جۆرج بوش) لە شاری (میلتۆن) نزیک (ماساچۆست).



ئەمیر فەیسەڵ

١٩٢١/٦/١٣ ئەمیر فەیسەل دەبێتە پاشای عیراق و لە شاری مەککە دەگاتە ناو خاکی عیراق بۆ وەرگرتنی تەختی پاشایەتی، بەڵام خەڵکی عیراق بەهەموو چینەکانی ئەم ڕووداوەیان پێخۆش نەبوو، سەرەڕای کە بەریتانیا پڕوپاگەندەیەکی چاکی بۆ مەلیک کردبوو بەلام پێشوازی چاکی لێ نەکرا.

١٩٤٠/٦/١٣ شاری پاریس (پێش ئەوەی ئەڵمانیەکان بگەنە ناو شار بەتاڵ کرا بوو) کەوتە دەستی ئەڵمانیەکان.

١٩٦٣/٦/١٣ هێزێکی گەورەی حەرەس قەومی، هێرش دەکەنە سەر گوندەکانی کەندێناوەی پارێزگای هەولێر و زیاتر لە (٢٠) گوند دەسووتێنن و مەڕ و مالاتیان بەتالان دەبەن.

١٩٦٦/٦/١٣ شاندێکی پارتی بەمەبەستی گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمی عیراق بەرەو بەغدا دەچێت کە ئەندامەکانی لەمانەی خوارەوە بوون (حەبیب محەمەد کەریم، سالح یوسفی، موحسین دزەیی) گفتوگۆکەش هەندێ دەستکەوتی تێدا بوو.

١٩٧٥/٦/١٣ دەرچوونی (مەحزەری کۆبوونەوە)ی کە سنووری زەمینی ئێران و عیراق دەستنیشان دەکات.

١٩٨٣/٦/١٣ مۆڵگەی پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە گابازەلەی شارویران دەکەوێتە بەر هێرشی چەکدارانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە لە ئەنجامدا ١٩ پاسدار هاتنە کوشتن ٩ی تریش بەدیل گیران.

١٩٩٢/٦/١٣ کۆچی دوایی نوسەر و خەباتگێری کورد خاتوو ڕەوشەن بەدرخان.

١٩٩٤/٦/١٣ تەقەی چەکدارانی (ینک) لە خۆپێشاندانی بێ چەک لە شاری سلێمانی کە بووە هۆی شەهید بوونی زیاتر لە پەنجا کەس.

١٩١٩/٦/١٤ گەشتە مێژووییەکەی (مێجەر نۆئیل) بۆ کوردستانی باکوور لەم گەشتەدا جەلادەت بەدرخان و براکەی و ئەکرەمی جەمیل پاشای لەگەڵدا بووە کە ماوەی ٣ مانگ و ٧ ڕۆژی خایەندووە.

١٩٣٠/٦/١٥ ڕاپەڕینی (ئاگری داغ) لە کوردستانی باکوور.

١٩٤٦/٦/١٥ شەڕی (مل قەرەنی) لە نێوان سوپای ئێران و هێزەکانی کۆماری مهاباد بەسەرۆکایەتی بارزانیی نەمر.

١٩٥٢/٦/١٥ کۆچی دوایی شاعیری کورد (موفتی پێنجوینی).

١٩٦١/٦/١٥ بارزانییەکان هێرش دەبەنە سەر زێبارییەکان و بۆ ماوەی چەند ڕۆژ هێرشەکە بەردەوام بوو کە بەم هۆیەوە سەرکردەکانی زێباری ناچار دەبن پەنا بەتورکیا ببەن.

١٩٧٨/٦/١٥ بڕیاری دامەزراندنی (لقی هەشتی پ.د.ک.ع) لە کەرەج لەلایەن سەرکردایەتی کاتی پارتی لە ئێران، بەڵام بەڕوانگەیەکی ترەوە دامەزراندنی لە مانگی تەمووزی ١٩٧٨ بووە.

١٩٨٣/٦/١٥ کۆچی دوایی پێشمەرگەی قارەمان و خۆشەویستی بارزانی (شوکری بەگ ئۆغز بەگ گەردی).

١٩٩٦/٦/١٥ دەرچوونی پرۆژەیەکی ئاشتی گرنگ لەلایەن (م.س)ی پارتی کە دەستپێشخەریەکەی نوێی پارتی بوو بۆ ئاشتی لە کوردستان.



میرحاج

١٩٤٧/٦/١٦ (میر حاج)ی نەمر بەرەو بنکەی (سەراجلو)ی ڕووسی چوو بۆ ئەوەی ئاگاداریان بکاتەوە لە هاتنی (بارزانیی) نەمر و یارانی.

١٩٦٦/٦/١٦ کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەپێی بڕیاری (٢٢٠٠) لەسەر ئەو ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییە ڕەزامەندی خۆی دەربڕیوە سەبارەت بەمافە مەدەنی و سیاسیەکان کە دەڵێ: (هەموو منداڵێک مافی هەیە ڕەگەزنامە وەربگرێ) عیراقیش ئەم بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەی بەیاسای ژمارە ١٩٢ی ساڵی ١٩٧٠ پەسندکردووە.

١٩٩٢/٦/١٦ دامەزراندنی کۆنگرەی نیشتیمانی یەکگرتووی عیراق (I.N.C).

١٩٩٩/٦/١٦ لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە واشنتۆن هەر دوو شاندی سەرکردایەتی (پارتی، ینک) دانووستاندنی خۆیان لەمەڕ ئاشتی و ئاشتبوونەوە لە کوردستان و جێبەجێ کردنی ڕێککەوتننامەی واشنتۆن دەست پێکرد.




١٩٩٩/٦/١٦ فدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید پشتگیریان لە پێشنیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەڵکردنی ئاڵای کوردستان کرد.

١٦٠٩/٦/١٧ (نیویۆرک) گەورەترین و پڕترین شار و بەندەری ئیمڕۆی جیهان لەلایەن (هنری هۆدسۆن)ی ئینگلیزی هاتە دۆزینەوە.

١٩٢٣/٦/١٧ ئینگلیزەکان لەبەر مەترسی شۆڕشی کوردەکان ناچار دەبن لە شاری سلێمانی بکشێنەوە.

١٩٤٥/٦/١٧ بارزانیی نەمر لەسەر داوای سەعید قەزاز و کاپیتان جاکسن دیدارێک لەگەڵیاندا ئەنجام دەدات کە وەلی بەگیش لەم دیدارەدا ئامادەبوو.

١٩٤٧/٦/١٧ ڕادیۆی (لەندەن) بۆ یەکەمین جار بڵاوی کردەوە کە (بارزانیی) نەمر و (٥٠٠) نەفەر لە یارانی لە دوای دەرگیریەکی گەورە لەگەڵ سوپای ئێرانی توانیان بگەنە خاکی ڕوسیا.



چاڵە نەوتی زەمبوور

١٩٦٣/٦/١٧ هێرشی (پ.م) قارەمانەکانی پارتی بۆ سەر چاڵە نەوتەکانی (زەمبوور) لە نزیکی شاری کەرکووک.

١٩٧٢/٦/١٧ دەرچوونی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی بیری نوێ لە بەغدا وەک هەفتەنامەیەکی حزبی شیوعی عێراق.

١٩٩٢/٦/١٧ بەڕێز (مەسعود بارزانی) لە بارەگای خۆیدا پێشوازی لە وەفدێکی یەکێتی گشتی سەندیکاکانی ئیتالیا دەکات.

١٩٩٢/٦/١٧ شاندێکی باڵای سەندیکاکانی ئیتالیا سەردانی پەرلەمانی کوردستان لە هەولێر دەکات.

١٩٩٩/٦/١٧ دەستپێکردنی کۆبوونەوەی نێوان (پ.د.ک، ینک) لە واشنتۆن بەسەرپەرشتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا.

١٩١٩/٦/١٨ بەیاننامەی ژمارە (٥٠) لەلایەن حکومەتی (شێخ مەحموود) سەبارەت بەبریندار بوونی ناوبراو.

١٩١٩/٦/١٨ شەڕی (دەربەندی بازیان) دژی ئینگلیز.

١٩٤٧/٦/١٨ وەسیەتنامەی چوار ئەفسەری کوردی شەهید کە بەدەستی ڕژێمی عیراق لە سێدارە دران لە دوای سەعاتێک پاش ئاگادار کردنەوەیان بۆ لە سێدارەدان.

١٩٤٧/٦/١٨ (بارزانیی) نەمر لەگەڵ هاوڕێیەکانی لە ئاوی (ئاراس) پەڕینەوە بەرەو ڕوسیا.

١٩٦٢/٦/١٨ کۆچی دوایی شاعیری کوردی بەناوبانگ ئەسیری لە کەرکووک.

١٩٧٢/٦/١٨ (سەدام) بەسەفەرێکی ڕەسمی دەچێتە فەرەنسا و پەیمانێک لەگەڵ فەرەنسا دەبەستێت کە تیای هاتووە (٢٣,٧٥٪) نەوتی میلی عیراق بەپێی پەیمانی ساڵی (١٩٢٨) بۆ ماوەی (١٠) ساڵ بداتە کۆمپانیای نەوتی فەرەنسا.

١٩١٣/٦/١٩ دەرچوونی یەکەمین ژمارەی (ڕۆژی کورد) زمانحاڵی کۆمەڵەی هێڤی کورد.

١٩٢٣/٦/١٩ لە دایکبوونی ماتماتیک ناس (بلێز پاسکال) لە شاری (کلۆڕمۆن فڕان)، لە منالییەوە بەپلەی زانایی گەیشت و لە (١٦) ساڵیدا کتابێکی لەم بارەیەوە دانا.

١٩٤٧/٦/١٩ لە سێدارەدانی چوار ئەفسەرە نەمرەکانی کورد.

١٩٥٠/٦/١٩ کۆچی دوایی شاعیری بەناوبانگی کورد (پیرەمێرد).



سەیدا ساڵح یوسفی

١٩٧٠/٦/١٩ دامەزراندنی کۆمەڵەی (ڕۆشنبیری کورد) لە بەغدا بەسەرۆکایەتی سەیدا ساڵح یوسفی.

١٩٧٦/٦/١٩ سەفەری دووەمی بارزانیی نەمر بۆ ئەمریکا و مانەوەی لەوێ تا کۆچی دوایی.

١٩٩١/٦/١٩ سەرۆکایەتی فێرکردنی باڵای (سوریا) لەسەر بڕیاری سەرۆک وەزیران بڕیار دەدات ئەو قوتابیانەی لە شاری (حەسەکە) کە ناسنامەی سوریان نییە مافی ئەوەیان نییە قەبووڵ بکرێن لە گشت پەیمانگاکان و قوتابخانەکانی ئەم شارە، مەبەست لێرەدا کوردەکان بووە.

١٩٩٢/٦/١٩ لە کۆنگرەی (ڤیەننا) گشت لایەنەکانی بەرهەڵستکارانی عیراقی بەزۆربەی دەنگ دانیان نا بەچارەنووسی میللەتی کورد لە کوردستانی عیراق.

١٩٩٢/٦/١٩ سەرۆک کۆماری سوریا پێشوازیەکی گەرم لە سەرۆکی پارتی (مەسعود بارزانی) دەکات لە پایتەختی سوریا.

١٩٩٩/٦/١٩ دانانی بەردی بناغەی کۆشکی هونەری لەلایەن فەڕەنسۆ هەریری.



١٩٣٢/٦/٢٠ شێخ ئەحمەدی بارزانی شاندێکی پێکهاتوو لە محەمەد سەدیق بارزانی و حاجی تەهای ئامێدی دەنێرێتە گوندی گرانەی ناو تورکیا بەمەبەستی ڕێگا کردنەوە بۆچوونی خێزانەکانیان بۆ تورکیا خۆش بکات.

١٩٥٥/٦/٢٠ ئەستێرەناس و هەواناسانی جیهان لەم ڕۆژەدا مانگ گرتنیان بەپڕ وەخترین گیران لەسەر ڕووی زەویدا تۆمار کرد کە کاتەکەی (٧) دەقیقە و (٨) سانیە بووە و لە وڵاتی (فیلیپین) هاتووتە گرتن وبەتەواوەتی دیتراوە.

١٩٦٣/٦/٢٠ کۆچی دوایی ئەنوەر مائی.

٦/٢٠ شەوی یەڵدا (درێژترین ڕۆژی ساڵ).

١٩٦٣/٦/٢٠ حکومەتی عیراق بەیارمەتی جاشەکانی عەشیرەتی سورچی توانیان جێ پێیەک بۆ خۆیان دابین بکەن لە نزیک گوندی ئامۆکان و هەر ئەوکاتە تۆپخانەیان دەستی بەبۆمبارانی بنکەکانی (پ. م) کرد و وەزعەکە بەسوودی سوپای عیراق بوو بەڵام هێزی قارەمانیەتی پ . م توانی بەر لەو هێزە بگرێت و پێشکەوتنەکەی بووەستێنێ.

١٩٩٤/٦/٢٠ بریندار کردنی دکتۆر فازل قەفتان لە شاری هەولێر.

١٩٩٥/٦/٢٠ گەورەترین هێرشی پێناسەکردنی کوردەکان لەلایەن حکومەتی لوبنان بەپێی بڕیاری (٥٢٤٧) کە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی لوبنان دەرچووە و ژمارەی کوردەکان لە لوبنان بە(١٠٠) هەزار نەفەر تەخمین دەکات.

١٩٩٥/٦/٢٠ وەزارەتی ڕۆشنبیری میهرەجانێکی گەورە ساز دەدات بەبۆنەی تێپەڕ بوونی (٣٠٠) ساڵ لەسەر دەرچوونی (مەم و زین) لەلایەن شاعیری بەناوبانگی کورد (ئەحمەدی خانی).

١٩٩٩/٦/٢٠ هێژا (مەسعود بارزانی) پێشوازی لە ڕۆژنامەنووسی میسری (ڕەجائی فائید) دەکات.

١٩٢٠/٦/٢١ کاتێ کە ژەنەڕاڵ (جورو) داخلی دیمەشق دەبێت بەپەلە دەچێتە سەر قەبری (صلاح‌الدین) و دەڵێ: ئەوە گەڕاینەوە (صلاح الدین).

١٩٢١/٦/٢١ کۆکس وەڵامی نامەیەکی چەرچل دەداتەوە و دەڵێ لە کۆنفرانسی قاهیرە گفتوگۆ لەسەر چارەسەری دەربارەی کوردەکانی عیراق باس کرا کە زۆربەی دەنگەکان ئەوەبوو کە ناوچە کوردیەکانی عیراق وەک بەشێک لە عیراق بمێنێتەوە.

١٩٣٠/٦/٢١ کوشتنی ئیسماعیل خانی شکاک (سمکۆ).

١٩٣٢/٦/٢١ شێخ (ئەحمەدی بارزانی) لەگەڵ چوار سەد کەس پەنای بردە تورکیا.

١٩٧٨/٦/٢١ کۆچی دوایی (عەرەب شەمۆ).

١٩٩٠/٦/٢١ کارەساتی بوومەلەرزە لە باکووری ئێران کە بەهۆیەوە هەزاران نەفەر هاتنە کوشتن.



نێچیرڤان بارزانی

١٩٩٥/٦/٢١ (نێچیرڤان بارزانی) ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی لە ڕێوڕەسمێکی شکۆداردا لە شاری دهۆک پەناگای (ملجأ)ی (هیڤی) بۆ منداڵانی کوردستان کردەوە کە ڕێکخراوی (یاکۆنیا)ی خێرخواز ئەرکی تەواوی دابینکردنی هەموو پێداویستییەکانی لە ئەستۆی خۆیدا گرتووە.

١٩١٩/٦/٢٢ فەرمانداری گشتی بەریتانیا لە بەغدا بەناوی (ویلسۆن) نامەیەک بەزمانی فارسی ئاراستەی سەید تاهای نەهری دەکا، ناوەڕۆکەکەی گلەیی کردنە لە شێخ مەحموود.

١٩٣٢/٦/٢٢ (بارزانیی) نەمر لەگەڵ هەموو خێزانە بارزانییەکان پەنا دەبەنە بەر خاکی تورکیا.

١٩٦١/٦/٢٢ کۆچی دوایی (شێخ سادق بارزانی).

١٩٦٣/٦/٢٢ هێرشی (پ.م) قارەمانەکانی پارتی بۆ سەر شاری کەرکووک.

١٩٨٨/٦/٢٢ دامەزراندنی حیزبی (تەڤگەری ڕزگاریخوازی کوردستان)ی تورکیا.

١٧٢٤/٦/٢٣ پەیمانێک لە ئەستەنبوڵ نێوان (ڕووس و عوسمانییەکان) بەهۆی هەردوو وڵاتی فەرەنسا و بەریتانیا دەبەسترێت (سەبارەت بەدابەشکردنی زۆربەی خاکی ئێران بووە) وە شوێنی کوردەکانی هەر سێ وڵاتی گرتە بەر.

١٩٢٨/٦/٢٣ هەندێ لە ڕۆشنبیران و سەرانی عەشایری کوردی سوریا نووسراوێک ئاراستەی فەرمانبەرانی فەرەنسا لە سوریا دەکەن سەبارەت بەبەکارهێنانی زمانی کوردی لە قوتابخانە و خوێندگاکان و گۆڕینی فەرمانبەرانی عەرەب بەفەرمانبەرانی کوردی لە شوێنە کوردنشینەکان.

١٩٦٢/٦/٢٣ (عەلی ئاغا) فەرماندەی لەشکری مەیدانی کەرکووک سەردانی سەرۆک بارزانیی نەمر دەکات بۆ مەسەلەی شەڕ ڕاگرتن بەڵام ئەوەش هەر تەڵە دانانەوەیەک



بووە بۆ بارزانیی نەمر و سوپای (پ.م) لەلایەن (عەبدولکەریم قاسم).

١٩٦٣/٦/٢٣ ڕژێمی عیراق (٢٨) هاوڵاتی کورد بەبیانوی جۆراوجۆر لە شاری کەرکوک پێکەوە لە سێدارە دەدات لەوانە (شێخ مارفی بەرزنجی) و هاوڕێکانی.

١٩٧٠/٦/٢٣ کردنەوەی کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی نوسەرانی کورد لە شاری بەغدا.

١٩٧١/٦/٢٣ کۆچی دوایی شاعیری بەناوبانگی کورد مەلا حەسەنی قازی (شاهۆ).

١٩٨٣/٦/٢٣ ڕژێمی عیراق بەسەختی ناوچەی گەناو تۆپباران دەکات.

١٨٣٩/٦/٢٤ لە شەڕی (نیزیب) عوسمانییەکان بەرامبەری هێزی (ئیبراهیم پاشا)ی میسر دەشکێن (ئەو کاتە کوردەکانیش هاوپەیمانی عوسمانییەکان بوون و زۆر پێ نارەحەت دەبن).

١٩٩٥/٦/٢٤ پەنجا ساڵ بەسەر دامەزراندنی ڕێکخراوی وڵاتە یەکگرتووەکان تێدەپەڕێ (یۆبێلی زێڕین) بەڵام کورد هەر لە دەرەوەی ئەم ڕێکخراوەیە و بێ بەشە لە کورسیەکانی ئەم شوێنە و نەچوویتە ناوی.

١٩٩٥/٦/٢٤ وەفدێکی پارتی سەردانی کۆماری ئیسلامی دەکات بەمەبەستی ناوبژی کردنی ئێران نێوان (ینک و پارتی).

١٩٩٩/٦/٢٤ ناوەندی مەلا مستەفا بارزانی بۆ توێژینەوەی جیهانی لەسەر کوردان بەهەوڵ و کۆششی پرۆفیسۆر (عەبدولعەزیز سعید) کرایەوە لە ئەمریکا.

١٩٩٩/٦/٢٤ لە واشنتۆن ڕێوڕەسمی کردنەوەی مەڵبەندی مستەفا بارزانی لە زانکۆی ئەمریکا بەڕێوەچوو.

١٩٩٩/٦/٢٤ (بنیامین لەدنەر) سەرۆکی زانکۆی ئەمریکا لە واشنتۆن بەبۆنەی دامەزراندنی مەڵبەندێک لە زانکۆی ئەمریکا بەناوی مستەفا بارزانی ئاهەنگێک ساز دەدات.

١٨٧٢/٦/٢٥ قونسلی ڕووس ڕاپۆرتێک بەژمارە ١٢٤ بۆ باڵوێزی ڕووس لە ئەستەمبوڵ ڕەوانە دەکات و تیایدا ڕوون دەکاتەوە کە چۆن کوردەکان لە دەستی ڕژێمی تورک دەناڵێنن و بەوپەڕی بێ ویژدانییەوە باجگەران بەزۆر باج لە خەڵکی کورد دەستێنن.

١٨٨٥/٦/٢٥ دەرچوونی یەکەمین ژمارەی حەفتەنامەی مووسڵ بەزمانی عەرەبی و تورکی لە مووسڵ کە پشتیوانی لە کوردەکان و مافە ڕەواکانی دەکرد.

١٩١٤/٦/٢٥ کۆمپانیای نەوتی تورکی کە بەریتانییە ئیمتیازی خۆی لەلایەن حکومەتی تورکیا بۆ بەهرەبەرداری نەوتی مووسڵ و بەغدا نوێ کردەوە.

١٩٢٢/٦/٢٥ شەڕی (شەکر یازی) نێوان پێشمەرگەکانی سمکۆی شکاک و ئێرانییەکان، لە ئاکامی ئەم شەڕەدا هێزی کورد پاشەکشە دەکەن.


عەبدولکەریم قاسم

١٩٥٩/٦/٢٥ بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی (نەورۆز) لە سلێمانی.

١٩٥٩/٦/٢٥ (عەبدولکەریم قاسم) فەرمانی لێبووردنی شۆڕشیەکانی ئۆردوگای مووسڵ (کە هەڵاتبوونە تورکیا و سوریا و پەنایان بۆ ئەو دوو شوێنە بردبوو) بڵاوکردەوە و شۆڕشیەکان گەڕانەوە عیراق.

١٩٦١/٦/٢٥ (عەبدولکەریم قاسم) ڕای گەیاند کە کۆتایی بەرگری بەریتانیا لە کوێت بەمانای ئەوەیە کە کوێت گەڕایەوە باوەشی دایک عیراق و بڕیاری دا کە شێخ (عبدالله سالم الصباح) ببێتە قائمقام سەر بەپارێزگای بەسرە.

١٩٦٣/٦/٢٥ دەسپێکی هێرشی سوپای ڕژێمی عیراق بۆ سەر بنکەکانی هێزی پێشمەرگە لە چیای پیرس، لە هەموو لایەک ئەو چیایە کەوتەبەر ڕەحمەتی تۆپ و گولە و فڕۆکەی دوژمن کە لات وایە کەسی تیا نەماوە گشتی ئاگری تێبەر بووە بەڵام سەرەڕای ئەو ڕەفتارە دڕندانەیە و ترسناکە خەڵکی ئەم ناوچەیە بەژن و پیاو و گەورە و بچووک ئەوەی دەیتوانی بەپشتیوانی هێزی پێشمەرگە دەرچوون و کەوتنە مەیدانی شەڕ و....


١٩٦٥/٦/٢٥ لیوای پێنج و بیستی ڕژێم هێرشێکی چاوەڕوان کراو دەکەنە سەر ئەزمەڕ لە دوای ڕۆژێک شەڕ و پێکدادان لەگەڵ هێزی لەشکری شۆڕشگێری کوردستان پیرۆز بوون لەسەر داگیرکردنی چیای ئەزمر و گەیشتنە شاری چوارتا.

١٩٨١/٦/٢٥ شەهید بوونی سەیدا (ساڵح یوسفی) لە بەغدا.

١٩٩٠/٦/٢٥ بەستنی کۆنفرانسی گشتی کورد لە یەکێتی سۆڤیەت لە شاری مۆسکۆ لەلایەن ٤٠٠ ئەندامی کورد لەژێر دروشمی (کوردی سۆڤیەت و مێژوو و سەردەمی نوێ)، زۆر لە ڕێکخراوەکانی بیانیش لە جیهاندا ئامادەی ئەم کۆنفرانسە بوون.

١٩٩٤/٦/٢٥ تەرمی (٣٦) هاوڵاتی کورد لە (توزخورماتو) بەکۆمەڵ لە ناو قەبرێک دۆزرایەوە کە ڕژێم لە سێدارەی دابوون.




تاج مەحەل

١٦٣٢/٦/٢٦ بەفەرمانی (شاجیهان) فەرمانڕەوای گورکانییەکان لە هیندوستان دەست بەدروستکردنی جوانترین و مێژووترین خانووی جیهان کرا بەناوی (تاج مەحەل).

١٩٣١/٦/٢٦ دوو کونسولی بەریتانی ڕۆبەرتس و ڕاڤینزدال دەستیان کرد بەگەشتیان لە کوردستانی باکور بۆ وەرگرتنی ئاماری میللەتی کوردمان لە زۆربەی شارەکانی ئەوکاتە.

١٩٤٥/٦/٢٦ دامەزراندنی UN لە (٥٠) وڵاتی ئەندام لە سان فرانسیسکۆ.

١٩٧٢/٦/٢٦ کۆچی دوایی هونەرمەندی بەناوبانگی کورد (حەسەن زیرەک).

١٩٨٩/٦/٢٦ گواستنەوەی شارۆچکەی قەڵادزێ و ناوچەی پشدەر بۆ ئۆردوگا زۆرەملێیەکان لەلایەن ڕژێمی عیراقەوە.

١٩٩٢/٦/٢٦ وەفدێکی فەرەنسی سەردانی پەرلەمانی کوردستان لە پایتەختی هەرێم دەکات.


سلێمان دیمیرێل

١٩٩٣/٦/٢٦ بەڕێز مەسعود بارزانی ئامادەی کۆبوونەوەی پەرلەمان دەبێت بۆ باسکردنی بەرنامەی سەفەرەکەی بۆ ئەمەریکا.

١٩٩٣/٦/٢٦ سەرۆک کۆماری تورکیا (سلێمان دیمیرێل) ڕای گەیاند کە هێرشی کورد بۆ سەر دامەزراوە تورکییەکانی لە ئۆروپا سبەی دەست پێدەکات و داوای لە وڵاتە ئۆروپییەکان کرد شوێنەکانیان بپارێزن.

١٩٩٤/٦/٢٦ دامەزراندنی پارتی دیموکراسی گەل (HEDEP) لە تورکیا کە (موراد پوزلاک) بووە سەرۆکی ئەم پارتە.

١٩٩٥/٦/٢٦ کوڕی شێخی دەوڵەتی قەتەر (حمد بن خلیفە) ئینقلابێکی سپی لەسەر باوکی خۆی دەکات کە بۆ سویسرا بەسەفەر چووبوو.

١٩٢٥/٦/٢٧ پرۆتۆکۆلی (جنێف) ئیمزا کرا دەربارەی قەدەغەکردنی گازی خنکاندن و ژەهراوی و میکرۆبی لە شەڕدا.

**۱۹۹۵/٦/۲۷** هێزا (مەسعود بارزانی) لە مەکتەبی خۆی لە هاوینەهەواری سەلاحەدین پێشوازی لە سکرتێری یەکەمی باڵوێزخانەی بەریتانی لە ئەنقەرەدا دەکات.

**۱۹۹۸/٦/۲۷** کۆمەڵەی کارمەندانی کۆمپیوتەر لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی کوردستان مۆڵەتی پێدرا بەسەرۆکایەتی (دوکتۆر عەبدولحەمید ئاکرەیی).

**۱۹۹۹/٦/۲۷** هێزا مەسعود بارزانی لە سەلاحەدین پێشوازی لە شاندێکی (UN) دەکات.

**۱۷۱۲/٦/۲۸** لە دایکبوونی فەیلەسوف و نووسەری فەرەنسی بەناوبانگ (جان جاک ڕۆسۆ) لە شاری (جنێف).

**۱۹۸۵/٦/۲۸** کۆچی دوایی نووسەری کورد (بورهان قانع).

**۱۹۸۷/٦/۲۸** شاری سەردەشتی کوردنشین لە ئێران لەلایەن فڕۆکەکانی عیراقی بۆمباران دەکرێ، کە بووە هۆی شەهید کردنی زیاتر لە ۱۳۰ کەس و زیاتر لە ۳ هەزار بریندار، لەم بۆردمانەدا گازی ژەهراوی بەکارهێنا.



جەوهەر نامق سالم

**۱۹۹۲/٦/۲۸** سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان (جەوهەر نامق سالم) پێشوازی لە وەفدێکی فەرەنسی کرد کە هاتبوون بۆ سەردانی کوردستان.

**۰۷٦۲/٦/۲۹** بەردی بناغەی شاری بەغدا دانرا.

**۱۹۲٥/٦/۲۹** لە سێدارەدانی (شێخ سەعیدی پیران) و هەڤاڵانی بەرەوانگەیەکی تر لە **۱۹۲٥/٦/۲۷** بووە.

**۱۹۳٤/٦/۲۹** کۆچی دوایی بەتەمەنترین مرۆڤی جیهان لەوکاتە بەناوی (زارو ئاغا) خەڵکی تورکیا کە لە تەمەنی (۱٦٤) ساڵیدا بوو.

**۱۹٦۳/٦/۲۹**شەڕێکی سەخت نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ڕژێمی عیراق لە دەربەندی کۆڕێ ڕوو دەدات کە تا عەسری هەمان ڕۆژ ئەو شەڕە بەردەوام دەبێت و هێزی پێشمەرگە دەشکێت و هێزی تاوانبار دێنە ناو ئەو شوێنە.

**۱۹٦٦/٦/۲۹** لە تەلەفزیۆنی عیراقدا مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لە کوردستانی باشوور لەلایەن سەرۆک وەزیرانی عیراق ڕاگەیاندرا و گیراوە سیاسیەکانیش ئازاد کران.

**۱۹٦٦/٦/۲۹** پرۆژەی (لامەرکەزی) بڵاوکرایەوە و شەڕ ڕاوەستا.



**۱۹۸۸/٦/۲۹** کۆچی دوایی شاعیر (ئەرخەوڵ).

**۱۹۹۷/٦/۲۹** مەکتەبی سیاسی پارتی بەیاننامەیەک بڵاو دەکاتەوە کە بەرپەرچە بۆ پرۆژەکەی (۲۰) خاڵی ئاشتی کە لەلایەن (ینک) وە دەرچوو بوو، لەو بەیاننامەیەدا پارتی دەڵێ تەنیا ڕێگای چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکیانە دەنگدانێکی جەماوەرییە بۆ پەرلەمان و دیموکراتییەت بەبەڵێنێکی نێودەوڵەتی.

**۱۹۹۹/٦/۲۹** دادگای ئاسایشی دەوڵەتی تورکیا عەبدوڵڵا ئۆجەلان بەئیعدام مەحکوم دەکا.

**۱۹۲۰/٦/۳۰** دەستپێکی شۆڕشە مەزنەکەی عیراق.

**۱۹٤۲/٦/۳۰** بڕیاری کۆنگرەی ئەمریکا لەسەر بودجەی (میزانیە) (٤۲) ملیارد دۆلاری بەمەبەستی بەرگری لە ئەمریکا، ئەو بڕە پارەیە لەوکاتەدا بێ وێنە بووە لە مێژووی ئەمریکا بۆ سەرفکردنی لەم جۆرە بابەتەوە.

**۱۹٦٦/٦/۳۰** سەرنەکەوتنی کودەتای (عارف عەبدولڕەزاق)، وەفدی پارتی ئەو کاتە لە بەغدا بوو بەمەبەستی گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێم.

**۱۹۹۱/٦/۳۰** کۆمەڵەی (هاوکاری) نامەیەک دەربارەی وەزعی کوردەکانی لوبنان پێشکەش بەحکومەتی ئەڵمان دەکات.

**۱۹۹۳/٦/۳۰** دامەزراندنی حزبی شیوعی کوردستان.

***

## ٧
## تەمووز

**١٨٤٠/٧/١** شەڕی مێژوویی (تریاک) کە بەناوبانگترین و گرنگترین شەڕی سەدەی نۆزدەهەم بوو لە جیهان، ئەو شەڕە لەنێوان (چین) و (بەریتانیا) بوو چونکە چینییەکان نەیاندەویست تریاک بێتە ناو وڵاتەکەیان (لە ئەنجامدا بەریتانیا سەرکەوت).

**١٩٣٣/٧/١** بالوێزی ئەو کاتەی بەریتانیا لە عیراق دژ بەوەفدی ئاشووری لە (جنێف) هەڵوێستی وەرگرت وە نزیکەی (٨٠) وتار لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی عیراق بەفیتی بەریتانیا دژ بەئاشورییەکان بڵاوکرایەوە.

**١٩٣٦/٧/١** دامەزراندنی ئیزگەی ڕادیۆی بەغدا.

**١٩٣٧/٧/١** مۆرکردنی پەیمانی (سەعد ئاباد) لە تاران.

**١٩٦٤/٧/١** بەستنی (کۆنگرەی شەشەمی) پارتی لە قەڵادزێ.

**١٩٧٠/٧/١** (ئیلۆن ئالبیک) ئەندامی سەرکردایەتی پارتی سۆسیالیستی سویدی وەکو لە ڕۆژنامەی (التآخي)دا بەژمارە ٢٧٦ بڵاوکراوەتەوە دەڵێ: (نەتەوەی کوردم زۆر لاپەسەندە و ڕەوشت بەرزن و ئەم ڕاستییەم لە زۆر سەرچاوەوە هەڵکۆڵیوە – ئەم ڕەوشتەیان لەگەڵ ئەو هەموو بارەگرانەی شەڕ و ئابووری و جوگرافیدا هێشتا خۆڕاگرن و خۆبناسێنن کە ئەوە نیشانەی ڕێکوپێکی و هەست کردنیانە بەلێپرسینەوە).

**١٩٧٠/٧/١** بەستنی (کۆنگرەی هەشتەمی) پارتی لەناوپردان.

**١٩٧٦/٧/١** ژمارە (٥٢٧)ی ڕۆژنامەی خەبات لە شاخەوە بەزمانی کوردی و عەرەبی دەرچوو.

**١٩٦٠/٧/٢** دەرچوونی ڕۆژنامەی (بروا) لە سلێمانی.

**١٩٦٣/٧/٢** مودیریەتی حەرەکاتی عەسکەری عیراق بروسکەیەک ئاراستەی لەشکری (١و٢)ی خۆی دەکات و دەڵێ لەگەڵ ئێرانییەکان و تورکەکان پێکهاتینە کە فرۆکەکانیان دەتوانن بێنە سەر هێڵی گشتی (سەرسەنگ و ڕەواندوز و ئاکرێ) بۆ ئەوەی پارتییەکان بدۆزنەوە و ڕێگایان لێ بگرن. وە داوا لە لەشکر دەکات کە بەرەنگاری فرۆکەکانی ئەو وڵاتانە نەبنەوە.



**١٩٧٣/٧/٢** دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری هێڤی زمانحاڵی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لقی دهۆک کە دوا ژمارەش لە ١٩٧٤/١/١ دەرچوو.

**١٢٥٧/٧/٣** کۆچی دوایی شاژنی کورد (شجرة الدر) هاوسەری مەلیک (صالح نجم الدين أيوبي) کە ئەم ژنە دوایی مردنی مێردەکەی بووە مەلیکی میسر.

**١٩٤٦/٧/٣** کرێکارانی کورد و نەتەوەکانی تری کۆمپانیای نەوت لە کەرکووک دەست لەکار هەڵدەگرن بەمەبەستی وەرگرتنی مافەکانیان.

**١٧٧٦/٧/٤** ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی وڵاتی ئەمریکا.

**١٩٣٧/٧/٤** پەیمانێکی سنووری نێوان پاشای عیراق و شای ئێران دەبەسترێت دژ بەکوردەکان و هاتووچوو لە (شط العرب).

**١٩٥٦/٧/٤** کۆچی دوایی (محەمەد عەلی عەونی).

**١٩٩٢/٧/٤** سەردانی هێژا (مەسعود بارزانی) بەیاوەری خاتوو (دانیال میتران) بۆ پەرلەمانی کوردستان.

**١٩٩٢/٧/٤** هێژا مەسعود بارزانی پێشوازی لە دۆستی کورد خاتوو میتران هاوسەری سەرۆکی کۆماری فەرەنسا لە فرۆکەخانەی سنووری شەقڵاوە دەکات.

**١٩٩٢/٧/٤** خاتوو دانیال میتران ئامادەی دانیشتنی ٩ی پەرلەمانی کوردستان دەبێت و بەمەبەستی پیرۆزبایی کردن لە یەکەم پەرلەمان و یەکەم حکومەتی هەرێم.

**١٩٩٢/٧/٤** دامەزراندنی (ئەنجوومەنی وەزیران)ی کوردستان، کابینەی یەکەم.

**١٨٧٧/٧/٥** نامەی باڵوێزی ئێران لە پترزبورگ بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە دەربارەی ئاکاری شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لەبارەی هاندانی خەڵکی ئێران بۆ جیهادکردن.

**١٩٣٠/٧/٥** شەڕی بەناوبانگی (دەشتی زێلان) نێوان کورد و تورکەکان.

**١٩٦٣/٧/٥** دامەزراندنی پارتی گەلی کورد لە کوردستانی باشوور.

**١٩٧١/٧/٥** دامەزراندنی (کۆمەڵەی ڕزگاری کوردستان).

**١٩٧٢/٧/٥** ڕژێمی عیراق هێرشێکی سوپایی دەکاتە سەر (سنجار) و هەندێ لە خەباتگێڕانی پارتی دێنە شەهیدکردن و دەیان کادیریش دەستگیر دەکرێن، ئەوە لە دوای ئەوە بوو کە قائمقامی (سنجار) تیرۆر دەکرێت و ڕژێم تاوانەکە دەخاتە سەر پارتی بێ ئەوەی دەستی تێدا بێ.

١٩٩٠/٧/٥ دامەزراندنی بزووتنەوەی ئیسلامی نەتەوایەتی، ملازم (نیهاد بەرزەنجی).

١٩٩٩/٧/٥ دامەزراندنی کۆمەڵەی دۆستایەتی (فەلەستینی-کوردی) لە شاری ڕامەڵلای فەلەستینی.

١٨٢٠/٧/٦ دەستگیرکردنی (عەبدوڵڵا پاشای بابانی) مامی میری بابان لەلایەن میری بابان خۆیەوە چونکە پەیوەندی بەئێرانییەکان کردبوو بێ ئاگاداری میر.

١٩٩٦/٧/٦ بەستنی کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی لەژێر ناوی (ئاشتی بۆ کوردستان) لە شاری بۆن.

١٩٢٣/٧/٧ (نەریمان نەریمانۆف) سەرۆک کۆماری ئازەربایجان لەسەر بڕیاری حوکمی زاتی (ئۆتۆنۆمی) بۆ کوردستانی سۆڤیەت ئیمزا دەکات کە لە قەرەباغ دەگرێتەبەر تا زێی ئاراس (ئەمەش لە زەمانی لینین بووە).

١٩٩١/٧/٧ گفتوگۆی بەرەی کوردستانی لەبەغدا لەگەڵ ڕژێمی عیراق.

١٩٩٩/٧/٧ نەقابەی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان مۆڵەتی پێدرا (فەرهاد عەونی).

١٩٩٩/٧/٧ (م.س)ی پارتی لەگەڵ (٢٤) حیزبی کوردستانی کۆدەبێتەوە.

١٩٣٧/٧/٨ پەیمانی (سەعد ئاباد) لەنێوان عیراق و ئێران و تورکیا و ئەفغانستان بەسترا کە ئامانجی سەرەکیان لێدانی دروستکردنی هەر دەوڵەتێکی کوردی بوو.

١٩٦٨/٧/٨ دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری کادیر کە لە چاپخانەی خەبات چاپ کرا.

١٨٩٩/٧/٩ بەپێی بڵاوکراوەی (لاهە) ئەو جۆرە گوللەی کە لەناو لەشی ئادەمیزاد بڵاو دەبنەوە (دەتەقێنەوە) قەدەغە کرا.

١٩٤٨/٧/٩ کۆچی دوایی (محەمەد ئەمین زەکی بەگ) لە شاری بەغدا.

١٩٦٢/٧/٩ وەزیری کاروباری دەرەوەی ڕوسیا ئاگاداری وڵاتەکانی ئێران و سوریا و تورکیا دەکاتەوە کە خۆ دووربخەنەوە لە شەڕی ڕژێمی عیراق دژ بەکوردەکان کە لەو کاتەدا وڵاتە یەکگرتووەکان ڕژێمی عیراقیان بەوە تاوانبار دەکرد کە شەڕی (جینۆساید) دژ بەکوردەکان دەکات.

١٩٦٣/٧/٩ (گرۆمیکۆ) وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت بیرخەرەوەیەک ئاراستەی ڕژێمی عیراق دەکات سەبارەت بەڕەفتارەکانی دژ بەگەلی کورد لە کوردستانی باشوور.



١٩٦٣/٧/٩ (نیکۆلای فدرنکۆ) نوێنەری دایمی (هەمیشەیی) ڕوسیا لە سازمانی میلەل نووسراوێک ئاراستەی شورای ئاسایشی نێودەوڵەتی دەکات دەربارەی کوشتاری بێ ڕەحمانە لە باکووری عیراق.

١٩٦٩/٧/٩ خاتوو زەینەب لە گفتوگۆیەکدا لە ڕۆژنامەی (النور) لە بەغدا بەژمارە ٢١٨ دەڵێ: (دیم ئافرەتی کورد ژیرن، پێشکەوتوون و هەوڵی ڕزگاربوونی خۆیان لە زۆر کۆست و پەیوەند دەدەن، باشترین نموونەن بۆ ئەوەی ئافرەتانی وڵاتەکەم چاویان لێ بکەن، ئاواتەخوازم ئافرەتی عەرەب بەلای کەمەوە بەبەشێک لەو سەربەستییەی ئافرەتانی کورد بگەن).

١٩٧٢/٧/٩ بەستنی یەکەمین کۆنگرەی (ی.ل.د.ک).

١٩٨٣/٧/٩ کۆچی دووایی هونەرمەندی کورد حەسەن جەزراوی.

١٩٢٤/٧/١٠ بۆ یەکەمین جار پاشایەتی عیراق بووە خاوەنی یاساییەکی پاشایی لەژێر ڕژێمێکی پاشایەتی.

١٩٢٤/٧/١٠ نوێنەرایەتی پەرلەمانی عیراق بەزۆرینە دەنگیان دا بۆ لکاندنی کوردستانی باشوور بەدەوڵەتی عیراق.


مستەفا شەوقی

١٩٢٧/٧/١٠ دامەزراندنی کۆمەڵەی (پشتیوان) بەسەرۆکایەتی (مستەفا شەوقی) لە بەغدا.

١٩٤٣/٧/١٠ هەڵگیرسانی شۆڕشی دووەمی (بارزان).

١٩٦٤/٧/١٠ گشت وەزیرەکانی (ناسری) (إستقالە)یان دا لە کابینەی (تاهیر یەحیا) وە خۆی (تاهیر یەحیا) لە سەرۆک وەزیری کەنارەگیری کرد.

١٩٠٩/٧/١١ خاتوو (ڕەوشەن بەدرخان) نووسەری تێکۆشەری کورد لە شاری (قەیسەری) تورکیا چاوی ژیانی هەڵێناوە، ناوبراو بوویتە نوێنەری گەلی کورد لە کۆنگرەی دژ بەئیمپریالیزم کە لە (یۆنان) بەسترا.

١٩٦٢/٧/١١ نامەیەکی بەلەز (پەلە) دەگاتە بارزانیی نەمر لەلایەن عومەر دەبابە کە تیایدا هاتبوو شەڕێکی قورس لە نێوان هێزەکانی ئەو و جاشەکان لە ئارادایە و داوای فریاکەوتن دەکات لە بارزانیی نەمر بۆ ئەو شەڕە و بەدەست هێنانەوەی هەندێ شوێنی لە دەست دراو کە جاشەکان بەدەستیان هێنابوو.

١٩٨٦/٧/١١ (جود) بەیاننامەیەک دەردەکات دەربارەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی تەشریعی لە کوردستان و داوا لە کوردەکان دەکات بەشداری تیا نەکەن.

١٩٩٤/٧/١١ دەرچوونی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی پەیمان کە هەفتانە بوو.

١٩٩٦/٧/١١ دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری تیڕامان لە هاوینەهەواری سەلاحەدین.

١٩٩٩/٧/١١ نوێنەرانی (٢٥) حیزبی کوردستانی سەردانی (حاجی ئۆمەران و چۆمان دەکەن بەمەبەستی ئاشنا بوون بەکردەوە خراپەکانی P.K.K، بەتێکڕایی ئیدانەی کارە تیرۆریستیەکانیان دەکەن.

٧١١/٧/١٢ (تاریق کوڕی زیاد) ڕێبەری سوپایی ئیسلامەکان بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ئیسلام (لەو کاتدا) هێرشی کردە سەر ئەسپانیا و دینی ئیسلامی گەیاندە ئەوروپا.

١٩٤٣/٧/١٢ (بارزانیی) نەمر بەیارمەتی حیزبی هیوا و چەند کەسانێکی نیشتمانپەروەر لە سلێمانی دەگاتە شنۆ.

١٩٤٦/٧/١٢ ڕاپەڕینی کرێکارانی نەوت لەگاوڕباغی شاری کەرکوک.

١٩٦٤/٧/١٢ لە دوای کۆنگرە بارزانیی نەمر بەرەو ماوەت دەچێت بۆ چارەسەرکردنی وەزعەکە، لەو کاتە بەرەو گوندی سەرسیان دەچن بەپلانێکی داڕێژراو و توندوتۆڵ، گشت پێشمەرگەکانی ناوچەی سۆران بەڵێنیان دا ئەو ناوچانە ئازاد بکەن لە جەماعەتی مەکتەبی سیاسی و....

١٩٧٥/٧/١٢ کۆچی دوایی شاعیر و زانای ئایینی شێخ موراد زەنگەنە.

١٩٨٧/٧/١٢ دەعوەت و کۆبوونەوەیەکی تایبەتی لەلایەن حکومەتی (سوریا) لە دیمەشق بەبۆنەی تێپەڕ بوونی (٨) سەدە بەسەر شەڕی (حەتین) کە ڕێبەری کورد (صلاح الدین) کردبووی دژ بەدوژمنانی ئیسلام.

١٩٩٧/٧/١٢ شازدە هاوڵاتی بێ گوناح لە دەریا نوقم دەبن و دەخنکێن لەوکاتەی کە دەیانویست بۆ هەندەران بڕۆن.

٦٧٨/٧/١٣ وەفاتی حەزرەتی (عایشە) خێزانی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) و دایکی موئمنان، شێرە ژنێکی ئازا و سیاسی و نەترس بوو (کچی خەلیفەی یەکەمی ئیسلام بوو).



١٤٠٠/٧/١٣ کۆنترین سوپای جیهان (کە لە سەرەتای دامەزراندنی تا ئێستاکەش هەر ماون هەتا جلوبەرگی سوپاییان نەگۆڕاوە) هاتە دانان، ژمارەیان (٨٣) سەرباز بوو و خەڵکی وڵاتی سوئێدن، بۆ پاراستنی گیانی (پاپ) دروست کرابوون، ئێستاش هەر بەم شێوەیە ماون.

١٨٧٨/٧/١٣ (کۆنگرەی بەرلین)، لەم کۆنگرەیەدا بڕیار دەدرێ جۆرە ئۆتۆنۆمییەک و مافێک بەبرا ئەرمەنییەکان ببەخشرێ.

١٩٦٤/٧/١٣ (م.س) باڵی ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال و عومەر دەبابە و ٥٠٠ لە چەکدارەکانیان ڕوو لە ئێران دەکەن و شای ئێران لە هەمەدان نیشتەجێیان دەکات.

١٩٨٩/٧/١٣ تیرۆرکردنی سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران دکتۆر (عەبدولرەحمان قاسملو) لە ڤیەننا.

١٩١٨/٧/١٤ دامەزراندنی حیزبی شیوعی لە (ئەرژەنتین) لەلایەن لایەنە مارکسیستەکانی حیزبی سۆشیالیست.

١٩٣٣/٧/١٤ هەندێ لە فەرماندە ئاشوریەکانی عیراقی لە باکوور لە ڕووباری خاپوور پەڕینەوە بۆ ئەوەی شوێنەک بدۆزنەوە و لە پاشان بێنە دوای ماڵ و خێزانەکانیان و کۆچ بکەن.

١٩٥٨/٧/١٤ سەرکەوتنی شۆڕشی کۆماری لە عیراق.

١٩٥٨/٧/١٤ (جەمال عەبدولناسر) لە ئەمریکا بوو کە سەرۆک کۆماری ئەمریکا بڕیاری دا سوپای ئەمریکا لە حاڵەتی ئامادە دابن و کەشتیەکانی شەڕکەری بگەنە کەنارەکانی دەریا لە لبنان لەبەر بیستنی ئینقلاب لە عیراق.

١٩٦٣/٧/١٤ ڕژێمی عیراق ڕادەگەینێ کە شۆڕشی ئەیلولی بەتەواوەتی سەرکوت کردووە.

١٩٧١/٧/١٤ بەستنی کۆنگرەی دووەمی یەکێتی نووسەرانی کورد لە شاری هەولێر.

١٨١٥/٧/١٥ بەدیل گرتن و دوورخستنەوەی (ناپلیۆن پۆناپۆرت) ئیمپراتۆری مەزن و ڕێبەری ئازا و دلێری فەرانسە کە بەکەشتی (بلرۆفۆن) ڕەوانەی دوورگەی (سنت هێلن) کرا، لە ١٨٢١/٥/٥ هەر لەو دوورگەیە کۆچی دوایی کرد.



ناپلیۆن پۆناپۆرت

١٩١٩/٧/١٥ خەڵکی ئامێدی دژ بەداگیرکەرانی بەریتانی ڕاپەڕینەکیان دەست پێکرد بەڕێبەری (شێخ شەعبان ئاغا)، لەم ڕاپەڕینەدا سەرۆکی پۆلیس و سەرکردەی سیاسی ئینگلیز هاتنە کوشتن.

١٩٢٥/٧/١٥ دامەزراندنی حیزبی (التقدم) لە عیراق.

١٩٤٠/٧/١٥ کۆچی دوایی قەد بڵندترین و قورسترین ئادەمیزادی ناسراو لەسەر ڕووی زەوی لەوکاتە بەناوی (ڕۆبێرت برشنیک وادلۆ)، قەدی ٢٧٠ سانتی مەتر و قورساییەکەی ٢٢٢/٧ کیلۆ بووە.

١٩٥١/٧/١٥ کۆچی دوایی (میرجەلادەت بەدرخان) لە دیمەشق.

١٩٥٢/٧/١٥ کۆچی دوایی (محەمەد عەلی عەونی) وەرگێڕ و مێژوونوسی کوردی بەناوبانگ.

١٩٥٨/٧/١٥ کوشتنی نوری سەعید.

١٩٥٩/٧/١٥ بەفیتی پیاوانی ڕژێمی عیراق ڕووداوێکی دڵتەزێن لە نێوان کورد و تورکەکانی کەرکوک ڕووی دا کە بووە هۆی هەڵگیرساندنی شەڕ و ئاژاوە نێوانیان و لە ئەنجامدا بووە هۆی کوژرانی سەدان کەس لە هەردوولا.




شێخ محەمەدی خاڵ

١٩٧٠/٧/١٥ کۆنگرەی شەشەمی (ی.ق.د.ک.ع) لەناوپردان.

١٩٨٩/٧/١٥ کۆچی دوایی زانای کورد (شێخ محەمەدی خاڵ).

١٩٥٨/٧/١٦ پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق بەیانێک بۆ گەلی کورد بلاو دەکاتەوە تیایا دیاری دەکات کە پارتی پێشڕەوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردە و...

١٩٦٣/٧/١٦ حکومەتی عیراق بەپشتیوانی جاشەکانی حوسێن ئاغای سورچی و عومەر ئاغای سورچی هێرش دەکەنە سەر چیای کورەک و داگیری دەکەن، داگیرکردنی سپیلک و گەلی عەلی بەگ و کورەک لەم کاتەدا پیرۆزییەکی گەورە بوو بۆ سوپای داگیرکەری عیراق.



ئەنجامی تەقینەوە

١٩٧٢/٧/١٦ پیلان دژی گیانی (بارزانیی) نەمر لەلایەن ڕژێمی عیراق (بەهۆی مەلایە دەستکردەکانی ڕژێم).



١٩٩٤/٧/١٦ وەفدی (پارتی و یەنک) بەئامادەبوونی کۆمەڵێک نێردە و شەخسیاتی (کەسایەتی) ڕەسمی فەرەنسی و ئۆروپی و ئەمریکی لە پاریس کۆدەبنەوە و دەگەنە گەلاڵەنامەیەکی هاوبەش کە لە پاشان بەئامادەبوونی کاک مەسعود و مام جەلال لە فەرەنسا مۆر بکرێ (ڕێککەوتنامەی پاریس).

٦٥٨/٧/١٧ . شەڕی مێژوویی (نەهرەوان) لەنێوان (ئیمام عەلی) و کۆمەڵێک لە سوپاییەکانی پێشووی کە لێی جیا بووبوونەوە (خەوارج) دەستی پێکرد.

١٨٥١/٧/١٧ بۆ یەکەمین جار ئەستێرەکانی ئاسمان هاتنە وێنەگرتن لەلایەن ئەستێرەناسی ئینگلیزی (جوزێف ڤرماسن).

١٩٥٩/٧/١٧ لە یەکێک لە ئەشکەوتەکانی جیهان پاشماوەی ئادەمیزادێک دۆزرایەوە کە جومجومەکەی لە ددانی ئاسیا پێکهاتبوو، ناوی ئەو ئادەمیزادانەی کە پێش زایینە (فندق شکێن) بووە، پێشبینی دروست لەم بارەیەوە ئەو جۆرە ئادەمیزادانە (٦٠٠) هەزار ساڵ پێش زایین ژیانیان لەسەر ڕووی زەوی بووە.

١٩٦٨/٧/١٧ کودەتای (حیزبی بەعس) لەسەر ڕژێمی عارف.

١٩٧٣/٧/١٧ بەرەی نیشتمانی و نەتەوایەتی عیراقی پێکهات (بەعس، شیوعی) کە پارتی بەشداری تیا نەکرد.



ئەحمەد حەسەن بەکر

١٩٧٩/٧/١٧ لادانی سەرۆک کۆماری عیراق (ئەحمەد حەسەن بەکر) و بوونی سەدام حوسێن بەسەرۆک کۆمار.

١٩٨٧/٧/١٧ یەکەم کۆبوونەوە بۆ باسکردن لەسەر پێکهێنانی بەرەی کوردستانی.

١٩٨٨/٧/١٧ ئێران بڕیاری ٥٩٨ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی سەلماند و کۆتایی بەشەڕی نێوان ئێران و عیراق هات.

١٩٣٧/٧/١٨ پەیمانی هاوڕێیەتی نێوان ئێران و عیراق بەسترا بۆ لێدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد.

١٩٤٠/٧/١٨ (فرانکلین ڕۆزڤێلت) بۆ جاری سێیەم بەسەرۆک کۆماری ئەمریکا دەستنیشان کرا.

١٩٨٨/٧/١٨ دەستپێکردنی داستانی بەناوبانگ و مێژوویی (خواکورک).

١٩٩٤/٧/١٨ یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی کوردستان مۆڵەتی پێدرا بەسەرۆکایەتی (شێروان حەیدەری).

١٩٢٤/٧/١٩ بۆ یەکەم جار هێزی چەکداری بەغدا شاری سلێمانی داگیرکرد و کۆتایی هات بەحکومەتی کوردستان.

١٩٣٣/٧/١٩ (٩٠٠) لاوی برا ئاشووریەکان بەرابەرایەتی قەشە (گۆرگیس) دەگەنە ناو خاکی سوریا (لەبەر مەترسی لە حکومەتی ئەو کاتەی عیراق کە هەر رۆژ بەبیانۆیەک دژایەتی دەکردن و گرفتی بۆ دروستکردن).

١٩٨٨/٧/١٩ هێرشی درندانەی رژێمی عیراق بۆ سەر گشت هێزەکانی پارتی بەتایبەتی سیدەکان و مێرگەسۆر و ناوچەی (خواکورک).

١٩٩٤/٧/١٩ (فەرەنسۆ حەریری) دەکەوێتە بەر کەمینی (ینک) و بریندار دەبێت.

١٩٩٤/٧/١٩ لەسەر داوای پەرلەمانی ئەوروپا تەلاری پەرلەمانی کوردستان ئازاد کرا، پەرلەمانی کوردستانیش لە کۆبوونەوەی ١٩٩٤/٧/٢٥دا هەڵوێستی خۆی دیاری کرد و بڕیاری تەحریم و تەجریمی شەڕی ناوخۆی کرد.

١٩٩٥/٧/١٩ هێژا (مەسعود بارزانی) لە بارەگای خۆیدا پێشوازی لە وەفدێکی ئەمریکی و بەریتانی دەکات کە پێکهاتبوو لە مادام (کاترین پورتەر) سەرۆکی رێکخراوە هاوپەیمانەکانی مافی مرۆڤی جیهانی لە واشنتۆن و لۆرد (ئێریک ئیڤبیری) سەرۆکی گشتی کۆمیتەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی بەریتانی.

١٩٥٧/٧/٢٠ دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری (هیوا) لە بەغدا.

١٩٥٨/٧/٢٠ لێبوردنی گشتی بۆ هەموو زیندانیانی عیراق راگەیاندرا لەلایەن رژێمی عەبدولکەریم قاسم، لەو زیندانیانەش زۆری کورد بوون و ئازاد کران.

١٩٥٩/٧/٢٠ بارزانیی نەمر لە شەقلاوە چاوی بەدەستە پیاو ماقولێکی تورکمان دەکەوێ لە شەقلاوە لە مالی سالح بەگی میران کە بارزانیی نەمر لەو چاوپێکەوتنە رووداوەکانی کەرکوک تاوانبار دەکات.

١٩٦٤/٧/٢٠ لە کۆبوونەوەیەکی سێ قۆڵی نێوان وەزارەتەکانی دەرەوەی (ئێران، تورکیا، پاکستان) لە کاخی (دۆڵمە باغچە)ی ئەستەنبۆڵ سازمانێکیان دانا بەناوی (هاوکاری ئاوەدانی ناوچەیی) RCD کە لە رووی هاوکاری پیشەسازی و بازرگانی و فەرهەنگی و پەیوەندییەکانی نێوانیان کاریگەر بێت.



١٩٦٦/٧/٢٠ بەستنی کۆنگرەی دووەمی (الحیزب الدیمقراطي الکردي الیساري في سوریا).

١٩٦٩/٧/٢٠ بۆ یەکەمین جار (نیل ئارمسترۆنگ)ی ئەمریکی پێی نایە سەر رووی مانگ.

١٩٩٢/٧/٢٠ رژێمی عیراق گەمارۆیەکی تەواو دەخاتە سەر کوردستان و ناردنی هەموو جۆرە خواردەمەنی و سووتەمەنی بۆ کوردستان قەدەغە دەکا.

١٩٩٥/٧/٢٠ زیاتر لە ٨٠ کورد لە شاری لاهای پایتەختی هۆڵەندا بۆ ماوەی دوو حەفتە مانیان گرت لە دژی رژێمی تورکیا کە هەزاران کوردی لە زیندان دایە و ئەشکەنجەیان دەدات.

١٩٢٢/٧/٢١ کۆمەڵەی کوردستان بەسەرۆکایەتی مستەفا عەزیز لە سلێمانی دامەزرا.

١٩٣٠/٧/٢١ شێخ ئەحمەدی بارزان بەیاری کوردەکانی تورکیا دێت و نزیکەی (٢٠٠) شەڕکەر دەنێرێ بۆ هاوکاریان.

١٩٥٨/٧/٢١ لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی شۆڕشی عیراق شێخ (ئەحمەد بارزانی) لە پاش ١٢ ساڵ ئازاد دەکرێت.

١٩٩٥/٧/٢١ کۆنفرانسی هەشتەمی کۆنگرەی نیشتمانی کوردی لە ئەمریکای باکوور (کالیفۆرنیا) دەستی پێکرد و لە ١٩٩٥/٧/٢٣ کۆتایی پێ هات.

١٩٤٩/٧/٢٢ کۆچی دوایی شاعیری کورد (بێدار).

١٩٥٨/٧/٢٢ بەپێی فەرمانی سوپایی ژمارە (٩٨٩) بەرگری میللی دادەمەزرێ و عەقید تەها بامەڕنی کرا بەفەرماندە و بەسەر سێ سەرکردایەتی دابەش کرا.

١٩٦١/٧/٢٢ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی بروسکەیەکی زۆر نهێنی بەژمارە (٥٠٢٠٠) ئاراستەی پارێزگاری مووسل دەکات سەبارەت بەوانەی کە لە حیزبی بارزانی دان لە کارگەکانی شەکر و چنینی مووسڵ وەناوەکانیشیان دیاری دەکات لە هەردوو کارگە.


١٩٩٢/٧/٢٢ شاندێکی رێکخراوی (قەندیل)ی سویدی بۆ ئاوەدانکردنەوە سەردانی پەرلەمانی کوردستان دەکەن و لە نزیکەوە چاویان بەسەرۆکی پەرلەمان دەکەوێت.

١٩٩٩/٧/٢٢ بەسەرۆکایەتی وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان شاندێکی پزیشکی بەرەو جنێف بەرێ کەوتن.

١٩٢٢/٧/٢٣ گرتنی شێخ مەحمودی نەمر لەلایەن ئینگلیزەوە.

١٩٤٩/٧/٢٣ (ترۆمەن) بۆ ئەوەی کە نیشان بدات بەرگری لە دیموکراتیەت دەکات پەیمانی ئەتلانتیکی باکووری (ناتۆ) ئیمزا کرد کە ڕێگا بەچەکداربوونی حکومەتی ئەڵمان دەدات.

١٩٥٢/٧/٢٣ کۆمەڵەی (ئەفسەرانی ئازاد) بەپشتیوانی سوپای میسر بەرێبەرایەتی (عەبدولناسر) کودەتا لەسەر مەلیک فاروق دەکەن و (جەمال عەبدولناسر) بووە یەکەمین سەرۆک کۆماری میسر.


شا حەسەن

١٩٩٩/٧/٢٣ کۆچی دوایی شای مەغریب (شا حەسەن).

٥٧٩/٧/٢٤ . شەڕی حەوت ساڵەی نێوان (ئێران و ڕۆم) لە زەمانی (خوسرۆ نوشێروان) کۆتایی پێ هات، شەڕەکەش بەدانی (٤٥) هەزار سکە زێڕ بەنوشێروان لەلایەن (تیبرت یوس) کۆتایی پێ هات.

١٨٥٤/٧/٢٤ بەیارمەتی کوردەکان ڕوسیا بەسەر تورکەکان سەردەکەوێ لە شەڕە بەناوبانگەکەی قارس.

١٨٦٨/٧/٢٤ (جان ویسلی هیات)ی ئەمریکایی پلاستیکی دروست (اختراع) کرد.

١٩٢٢/٧/٢٤ شەڕێکی گەرم لەنێوان (سمکۆی شکاک) و (جنرال امان الله جهانبانی) ڕووی دا کە لە ئەنجامدا شاری شاپوور کەوتە دەستی سوپای ئێران، ئەم شەڕەش بەیەکەمین شکەستی (سمکۆ) دادەنرێت.

١٩٢٣/٧/٢٤ کۆنگرەی (لۆزان) بەسترا، بەهۆیەوە کورد لە مافەکانی بێ بەش دەبن.

١٩٢٤/٧/٢٤ مێژوونووسی کورد محەمەد ئەمین زەکی بەگ لە ئەستەنبوڵەوە کۆچ دەکا بۆ بەغدا دوای ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی. لە بەغدا دەکرێت بەسەرۆکی ئاکادیمیای سەربازی.


١٩٥٨/٧/٢٤ کۆبوونەوەی شاندێکی کوردی لەگەڵ (میشێل عەفلەق) لە ئوتێلی بەغدا، لەم کۆبوونەوەیەدا عەفلەق داکۆکی لەسەر پتەوی پەیوەندی مێژوویی نێوان کورد و عەرەب کردەوە و گوتی دەبێ ئەم پەیوەندییە پتەوتر بێت لەنێوانمان و هیچ هێزێکیش ناتوانێ کەلێن بخاتە نێوانمانەوە و...




گیو موکریانی

١٩٧٧/٧/٢٤ کۆچی دوایی مامۆستای بەناوبانگ (گیوی موکریانی) لە تەمەنی (٧٤) ساڵیدا. تەرمە پیرۆزەکەی لە گۆڕستانی (ئیمام محەممەد) لە شاری (هەولێر) بەخاک سپێردرا.


١٩٧٨/٧/٢٤ دامەزراندنی ڕێکخراوی تێکۆشانی ڕەنجدەرانی کوردستان بەسەرۆکایەتی (ڕەئووف ئاکرەیی).


هونەرمەند عەلی مەردان

١٩٨١/٧/٢٤ کۆچی دوایی هونەرمەندی کوردی بەناوبانگ مامۆستا (عەلی مەردان)، خوالێخۆشبوو لە شاری کەرکووک لە گۆڕستانی (شێخ محێدین) لەبەرتەکێ بەخاکی کوردستانی پیرۆز سپێردرا.

١٩٩٠/٧/٢٤ دیدارێک لەنێوان (سەدام) و (مویارەک) لە بەغدا.

١٩٦٣/٧/٢٥ هێزێکی پێشمەرگە بەرێبەری حاڵی دۆلەمەری دەگاتە ناو دڵی (جەرگی) عەشیرەتی سورچی و بەرەو گوندی سوسناوە کە گوندی شێخ تۆفیق بووە (یەکێک لە سەرکردەکانی عەشیرەتی سورچی) خۆی و هەردوو کوڕەکەی دەستگیر دەکرێن و بەرەو بارزان دەبردرێن و...


کریس کۆچێرا

١٩٧٥/٧/٢٥ سەربەخۆیی وڵاتی مۆزەمبیق.

١٩٩٢/٧/٢٥ (کریس کۆچێرا) سەردانی بارەگای ڕۆژنامەی خەبات دەکات (ناوبراو دۆستێکی دێرینەی کوردە).

١٩٩٢/٧/٢٥ بەڕێز (مەسعود بارزانی) بەفڕۆکەیەکی تایبەتی گەیشتە ئەستەنبۆڵ و لەوێ چاوی بە(تۆرکۆت ئۆزال) سەرۆک کۆماری تورکیا کەوت.

١٩٩٥/٧/٢٥ کۆچی دوایی ڕێبەری مێژوویی حیزبی شیوعی سوری (خالد بەگداش).

١٩٩٨/٧/٢٥ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی تورکمانی کوردستان (دڵشاد چاوشلی).


١٩٢٦/٧/٢٦ تورکیا بەڕەسمی دەستی لە ولایەتی مووسڵ کێشایەوە بەرامبەر بە ١٠٪ نەوتی موسڵ.

١٩٣٠/٧/٢٦ بەڕەسمی دەوڵەتی تورکیا شکایەت لە شێخ (ئەحمەدی بارزان) دەکات لەلایەن سەفیری بەریتانیا بۆ ئەو هاوکاری و یارمەتییەی بەکوردەکانی تورکیا.

١٩٦٠/٧/٢٦ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی پارێزگای مووسڵ نوسراوێکی بەپەلە و زۆرنهێنی ئاراستەی پارێزگاری مووسل دەکات سەبارەت بەو پەنابەرانەی کوردی سوری کە پەنابەریان لە عیراق وەرگرتبوو و چۆنیەتی پەیوەندیان بەپارتی دیموکراتی کوردستان کە لەم سێ نەفەرە پێک هاتبوون (عەبدولحەمید حەسەن مستەفا – ئیبراهیم محەمەد مستەفا، محەمەد ئەحمەد محەمەد).

١٩٩٧/٧/٢٦ (مام جەلال) بەڕەسمی لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەعوەت دەکرێت و دیدارەکە ئەنجام دەدات.

١٩٩٧/٧/٢٦ کۆنگرەی چوارەمی (حیزبی شیوعی عیراقی) لە کوردستانی عیراق بەسترا.


عەبدولڕەحمان بەزاز

٠٠١٦/٧/٢٧ دەستپێکی پاشایەتی (ئەردەوانی سێیەم) هەژدەهەمین پاشای ئەشکانیەکان.

١٩٦٦/٧/٢٧ (عەبدولرەحمان بەزاز) بەدیدارێکی ڕەسمی دەچێتە مۆسکۆ و چەند پەیمانێک لەگەڵ ڕووسەکان دەبەستێت و ئەو کردەوەش دەبێتە هۆی ئارامبوونەوەی ئەو گرفتانەی کە ئەو کاتە لە عیراق هەبوو.

١٩٧٧/٧/٢٧ سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران کۆبوونەوەیەک لە ماڵی (کریس کۆچیرا)ی مێژوونووس و دۆستی میللەتی کورد لە شاری (شانومۆن لێڤۆ)ی فەرەنسا ئەنجام دەدات.


١٩٨٠/٧/٢٧ مردنی محەمەد ڕەزا شای ئێران لە وڵاتی میسر.

١٩٨١/٧/٢٧ دامەزراندنی پارتی (گەلی دیموکراتی کوردستان).

١٩٩٧/٧/٢٧ یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان مۆڵەتی پێدرا (غەفوور مەخموری).

١٩٩٧/٧/٢٧ (حیزب الله)ی شۆڕشگێڕی کوردستان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان مۆڵەتی پێدرا (ئەدهەم بارزانی).




محەمەد مەهدی جەواهیری

١٩٩٧/٧/٢٧ کۆچی دوایی شاعیری بەناوبانگی عەرەب و دۆستی میللەتی کورد (محمد مهدي الجواهري) لە دیمەشق.

١٨٢٣/٧/٢٨ ڕێککەوتنامەی یەکەمی (ئەرزرۆم) کە لەنێوان ئێران و تورکیا هاتبووە کایەوە و یەکێک لە خاڵەکانی مەسەلەی کورد بووە کە نابێ هیچ یەک لەوان دەخالەت لە کاروباری دانیشتوانی کوردستان و بەغدا بکات.

١٩٢٢/٧/٢٨ داواکردن لە وەزارەتی ناوخۆی عیراق بۆ دامەزراندنی (پارتی نیشتمانی عیراق) کە لە (١٩٢٢/٨/٢٨) بڕیارەکە بۆ دامەزراندنی لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ دەرچوو.

١٩٣٠/٧/٢٨ کەسایەتییە کوردەکانی شاری سلێمانی شکایەتەک پێشکەش بە(UN) دەکەن و داوا دەکەن کە دەوڵەتی کوردی لەژێر چاودێری خۆیدا بگرێت.


١٩٤٣/٧/٢٨ بارزانیی نەمر لە شنۆ دەگەڕێتەوە ناوچەی بارزان و دەستپێکی شۆڕشی بارزان.

١٩٦٩/٧/٢٨ چەند سەد کەسێک لە سەرباز و جاشەکانی ڕژێمی عیراق هەڵیان کوتایە سەر دێری ئەلقوش کە لە برا مەسیحیەکانن لە کاتێکدا کە نوێژی شەویان دەکرد، قەشە (دەنۆ ئەلقوشی) دەستبەجێ کوژرا، زۆربەی بریندار و کوژراوان لەم دێرە بەبیانۆی هاوکاری کردنیان بۆ شۆڕشی بارزان بوو.

١٩٧٦/٧/٢٨ گەورەترین بوومەلەرزە لە وڵاتی چین ڕووی دا کە هێزی لەرزینەکەی (٨/٢) ڕیشتێر بوو، لەم ڕووداوە (٢٤٢) هەزار کەس هاتنە کوشتن.

١٩٩٠/٧/٢٨ یەکگرتنی کۆمەڵەی نووسەران و یەکێتی نووسەران.

١٩٩٧/٧/٢٨ بەستنی کۆنگرەی چوارەمی (یەکێتی ئافرەتانی کوردستان) لە پایتەختی کوردستان هەولێر، لەژێر دروشمی یەکسانی.


موسلینی

١٩٩٩/٧/٢٨ هێڕا مەسعود بارزانی پێشوازی لە شاندێکی نوێنەرایەتی یونیسێف دەکات.

١٨٨٣/٧/٢٩ لە دایکبوونی نووسەر و سوپایی و سیاسی (موسلینی) لە شاری (وارۆنادی کۆستنا)، ناوبراو باوکی ئاسینگرێکی سۆسیالیست بوو.

١٩٦٨/٧/٢٩ كۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی عیراق بەیاننامەیەكی دەركرد تیایدا داوای لە حكومەتی بەعس كردووە دیموكراتی ڕەچاو بكات و ئۆتۆنۆمی بەگەلی كورد ببەخشێت و پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ كەمپی سۆسیالیستی ببەستێت.

١٩٩٢/٧/٢٩ پەرلەمانی كوردستان بڕیاری ژمارە ٣ی دەركرد كە بەهۆیەوە ئەوانەی لەلایەن ڕژێمی عیراق لەسەر كاروباری پۆلیس دەركراون دەگەڕێنەوە سەر ئیشوكاری خۆیان.

١٩٩٩/٧/٢٩ كۆچی دوایی شاعیری كوردی (ئەحمەد شێواو).

١٨٨١/٧/٣٠ كوشتنی (هەمزە ئاغای مەنگوڕ) و هاوڕێیانی لەلایەن ڕژێمی ئێرانی ئەو كاتە.

١٨٨١/٧/٣٠ جەژنی چلەی هاوینی برا یەزیدییەكان.

١٩٥٧/٧/٣٠ نامەیەكی دوور و درێژی (مام جەلال) بۆ (بارزانی) نەمر لە ڕوسیا، كە تیایدا دەربارەی یەكگرتنی پارتی و جەماعەتی (حەمزە عەبدوڵلا) دیاری دەكات و داوا لە (بارزانیی) نەمر دەكات كە لە ڕێنماییەكانی بێ بەشیان نەكات.

١٩٦١/٧/٣٠ مەكتەبی سیاسی (پارتی) یاداشتێكی دوور و درێژ پێشكەش بە(عەبدولكەریم قاسم) دەكات داوای لێ كرد كە بەپەلە سنوورێك بۆ بارودۆخە ئاڵۆزەكە دابنێت و بەگیانێكی برایانە گیروگرفتەكان چارەسەر بكات.

١٩٦٣/٧/٣٠ كۆچی دوایی نیشتمانپەروەر (بەشیر مشیر).

١٩٨٣/٧/٣٠ ئەنفال كردنی هەشت هەزار بارزانی لە ئۆردوگاكانی (قوشتەپە، بەحركە، حەریر، دیانا) بەتۆڵەی ئەو گورزانەی كە هێزی پێشمەرگە لێی وەشاندووە.

١٩٨٩/٧/٣٠ كودەتای (عومەر حەسەن بەشیر) لە سودان.

١٩٩٢/٧/٣٠ وەزیری دەرەوەی ئەمەریكا (بێكەر) پێشوازی لە سەرۆكی پارتی و سكرتێری ینك و (محمد بحر العلوم و عارف عبدالرزاق و دوكتور صلاح الشیخلی و دوكتور لیث) دەكات.

١٩٨٣/٧/٣١ بەپێی ئەو لێكۆڵینەوانەی دەستكەوتوو ڕژێمی عیراق (٨) هەشت هەزار بارزانی بێ سەروشوێن دەكات.

***



## ٨
## ئاب

١٨٨٢/٨/١ هەڵاتنی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لە ئەستەنبۆڵ و گەڕانەوەی بەڕێگای سۆڤیەت بۆ كوردستان.

١٩٤٩/٨/١ داخستنی گۆڤاری گەلاوێژ.

١٩٥٦/٨/١ دامەزراندنی كۆمەڵەی (خوێندكارانی كورد) لە ئەوروپا.

١٩٩٦/٨/١ دەرچوونی یەكەمین ژمارەی گۆڤاری (گولان العربی).

١٩٢٢/٨/٢ بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی (بانگی كوردستان) كە خاوەنەكەی و سەرنووسەری (حاجی مستەفا پاشای یامولكی)بوو.

١٩٥٩/٨/٢ دەرچوونی یەكەمین ژمارەی گۆڤاری (بڵێسە) لەلایەن سەندیكای مامۆستایانی شاری سلێمانی.

١٩٦٢/٨/٢ تەقاندنەوەی شا لوولەی نەفتی عیراق لە نزیك كەركووك لەلایەن هێزی (پ.م)ی قارەمان.

١٩٩٠/٨/٢ هێرشی سوپای عیراق بۆ سەر (كوێت).

١٩٩٩/٨/٢ لە كۆنفرانسێكی نێودەوڵەتیدا بڕیار درا ئامۆژگای پزیشكی نێودەوڵەتی (حەلەبجە) دابمەزرێت بەسەرپەرشتی ئەمریكا و سویسرا و سوید و نوێنەری نەتەوەیەكگرتووەكان و چەند لایەنی تری مرۆیی خێرخواز.

١٩٩٩/٨/٢ (ئالتەر ماكفیل) سكرتێری گشتی بالوێزخانەی بەریتانیا لە ئەنقەرە لە سەردانەكەی بۆ كوردستان دەڵێ ئاشتی لە هەرێمی كوردستان پێویستە و لە بەرژەوەندی ئێمە دایە.

١٩١٤/٨/٣ سەرەتای شەڕی (جیهانی یەكەم).

١٩٦٧/٨/٣ سازدانی دوو خۆپیشاندانی مەزن لەلایەن پارتی دیموكراتی توركیا لە هەردوو شاری (سیواس و دیاربەكر) كە هەزاران كورد بەشداری تێدا كرد.

١٩٦٧/٨/٣ لەسەر دەعوەتی قوتابیانی كوردی زانكۆی توركیا ڕێپێوانێك ساز دەدرێت لە (سیلوان و دیاربەكر) دژی حكومەتی توركیا كە یەكەمین دژایەتی بووە لە دوای (٣٠) ساڵ.


**١٩٩٤/٨/٣** بروسکەی هێزا مەسعود بارزانی بۆسەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکی حکومەتی کوردستان، سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی، (م.س ینک)، (م.س پارتی) لەسەر پرۆسەی ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کوردستان.

**١٩٩٩/٨/٣** ئۆجەلان لە زیندان داوا لە چەکدارانی دەکات بچنە دەرەوەی سنووری تورکیا و واز لە خەباتی چەکداری بهێنن.

**١٩٩٩/٨/٣** (P. K.K) شارۆچکەی (حاجی ئۆمەران) بۆمباران دەکات و چەند هاولاتیەک دەکوژرێن و بریندار دەبن.

**١٩١٤/٨/٤** ئینگلیز بریاری شەڕ دژ بەئەلمان دەدات.

**١٩٣٣/٨/٤** هێزەکانی برا ئاشوریەکان بەرەنگاری سوپای عیراق دەبنەوە و تێکی دەشکێنن و ڕۆژی پاشتر چیای (بێخێر) دەگرن، ئەو کاتە فڕۆکەکانی بەریتانی بەیاننامەیەکیان بلاوکردەوە و داوای خۆ بەدەستدانی ئاشوریەکانیان دەکرد.


ڕەفیق حلمی

**١٩٣٣/٨/٤** ڕژێمی عیراق هێرشێکی درندانەی کردە سەر برا ئاشوریەکان لەو هێرشەدا زیاتر لە (٥) هەزار نەفەری بەخاک و خوێن کێشا.

**١٩٦٠/٨/٤** کۆچی دوایی (ڕەفیق حلمی)، ناوبراو سەرۆکی بالای پارتی هیوا بوو لە کوردستانی باشوور.

**١٩٧٩/٨/٤** دەرچوونی ئاکامی هەلبژاردنی ئەنجوومەنی خیبرەگان کە دکتۆر قاسملو بەئەندامی ئەم ئەنجوومەنە هەلبژێردرا.

**١٩٣٠/٨/٥** ڕاپەڕینی (حاجۆ ) لە کوردستانی سوریا.

**١٩٣٣/٨/٥** ئەو کاتەی (مەلەک یەعقوب) و برایەکەی (شێلمون) و هەندی تر داوایان لە حکومەتی فەرەنسا کرد کە مافی پەنابەرایەتیان پێ بدات و قەبوڵ کرا (ئاشوریەکان لە سوریا زۆر ناڕەحەت بوون بەم ڕەفتارەی سەرکردەکانیان و چەکەکانی خۆیان لە سوریەکان وەرگرتەوە و گەڕانەوە باکووری عیراق، هەر ئەو ڕۆژە سعات ٥ی پاش نیوەڕۆ لە ڕووباری دیجلە پەڕینەوە).

**١٩٥٧/٨/٥** بەستنی یەکەمین کۆنگرەی (پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا)، ئاشکرا بوونی ئەم پارتە بۆ یەکەمین جار لە سوریا.



**١٩٦٣/٨/٥** پەیمانی قەدەغەکردنی ئازموونی چەکی ناڤۆکی لە نێوان (ئەمریکا و ڕوسیا و بەریتانیا) ئیمزا کرا.

**١٩٦٥/٨/٥** لەسەر بڕیاری کۆنفڕانسی ٥ی ئاب ناوی (پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا) گۆڕا بە(پارتی دیموکراتی کوردی چەپ لە سوریا).

**١٩٧٠/٨/٥** بەستنی سێیەمین کۆنگرەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لە ناوپردان، (٢١٠) ئەندامی کۆنگرە لە مامۆستایان ئامادەی ئەم کۆنگرەیە بوون لە سەرتاسەری ناوچەکانی کوردستان، بارزانی نەمر لەم کۆنگرەیە وتارێکی بەنرخی پێشکەش بەئامادەبووان کرد. ئەم کۆنگرەیە لەژێر دروشمی (ئاشتی- زانست- برایەتی) بوو.

**١٩٨٠/٨/٥** لەسەر بڕیاری کۆنگرەی گشتی پێنجەم ناوی (پارتی دیموکراتی کوردی چەپ لە سوریا) گۆڕا و بووە (پارتی یەکێتی کوردی چەپ لە سوریا).

**١٩٨١/٨/٥** حیزبی (کۆنگرەی هیندوستان) لەلایەن (جاک جیوان ڕام) جێگری سەرۆک وەزیری پێشووی هیندستان هاتە دانان.

**١٩٩٤/٨/٥** سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان برووسکەیەک ئاراستەی هێزا بارزانی دەکات سەبارەت بەدانانی لیژنەیەکی هاوبەشی بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەی تەقاندنەوەی مەڵبەندی ٨ی ینک.

**٦١٠/٨/٦** بوونی حەزرەتی محەممەد (د.خ) بەپێغەمبەری ئیسلام.

**١٨٧٧/٨/٦** بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ئەستێرەناسی، بلاو کرایەوە کە لەسەر (مەریخ) شوێنی گیانداری و ژیان هەبووە.

**١٩٢٤/٨/٦** دەرچوونی یاسای ناسنامە و مللیەتی عیراقی.

**١٩٢٤/٨/٦** بەریتانیا داوا لە سکرتێری گشتی (کۆمەڵەی گەلان) دەکات بێ دواخستن کێشەی مووسڵ بخاتە بەردەمی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان.

**١٩٤٥/٨/٦** بۆمبارانی ئەتۆمی (هیرۆشیما).

**١٩٦٦/٨/٦** لە بەر ناڕەحەتی (عەبدولسەلام عارف) و حکومەتە سوپاییەکەی عیراق، (عەبدولرەحمان بەزاز) ناچار دەبێت کەنارەگیری بکات لە ئیشوکاری خۆی.

**١٩٧١/٨/٦** بڕیاری سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بەئاراستەکردنی نامەیەک بۆ سەرکردایەتی پارتی بەمەبەستی دیارکردنی چۆنییەتی نێوانیان.

**١٩٩٠/٨/٦** بڕیاری ژمارەی (٦٦١) شورای ئاسایشی نێودەوڵەتی و چەسپاندنی ئابلوقەی ئابووری بەسەر عیراق و لێژنەیەک دادەمەزرێنن بۆ ئەم مەبەستە.

**١٩٩٩/٨/٦** بەچاودێری هەردوو حکومەتی ئەمریکا و سویسرا کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی دەربارەی هەڵەبجە لە جنێڤ بەسترا.

**١٩٣٣/٨/٧** کوشتارە بەکۆمەڵەکەی برا ئاشوریەکان لە (سێمێل) کە زیاتر لە (٥) هەزار مرۆڤی بێ گوناح بەدەستی دەسەڵاتدارانی ڕژێمی ئەو کاتەی عیراق کوژران، ئەو ڕۆژە لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانیش بەرۆژی (شەهیدانی ئاشوری) ناونرا.

**١٩٣٨/٨/٧** کۆتایی بەدووەمین شۆڕشی (دەرسیم).

**١٩٦٢/٨/٧** هێزی دوژمن هێرشەکانی یەک لەدوای یەک دەکردە سەر هێزی لەشکری شۆڕشگێری کوردستان تا ئەو ڕۆژە لەناکاو هێرشی لەشکری شۆڕشگێری کوردستان تا ١٩٦٢/٨/٨ دەستی پێکرد کە لەم هێرشەدا فەوجێکی تەواوی لەناوچوو و سەرکردەکەی عەقید مەجید سەبع کوژراو فرۆکەیەکی شەرکەریش لە جۆری فیوری لە گوندی ئاڤگەنی کەوتە خوارەوە، دەستکەوتی شۆڕش (٨٠) ئۆتۆمبیل و (٤) زری پۆش سووتێندران و (٤) ئەفسەر و (١٧٣) سەرباز یەخسیر کران و (٢٥٠) چەکی سووک و (٦) ڕەشاش برێن و (١٠) تۆپی هاوەن گرێ دوو و سی و چوار جیهازی بێتەل و (٣٠٠) گوللە تۆپی هاوەن و (٨٠) هەزار فیشەک و یەدەکی جۆراوجۆر بوو.

**٣٣٣/٨/٨** پێش زایین: شاری (ئەسکەندەریە) بەفەرمانی ئەسکەندەری یۆنانی هاتە دروست کردن.

**١٨٣٧/٨/٨** هێرشە مەزنەکەی تورکەکان بۆ سەر قەڵایەکی کوردان لە ناوچەی بۆتان، کوردەکان بەرگری لەم قەڵایە دەکەن و بەسەختی بەرەنگاری سوپای تورکەکان دەبنەوە کە لە ئاکامدا زیاتر لە ١٥٠٠ سەربازی تورک دەکوژن و بریندار دەکەن و هێرشەکە پووچەڵ دەکەنەوە.

**١٩٣٠/٨/٨** شێخ ئەحمەدی بارزانی دیسان دەستەیەکی تری بارزانی بۆ یارمەتی شۆڕشی ئاگری دەنێری و پشتگیری تەواوی خۆی لەم شۆڕشە دەکا.

**١٩٣٠/٨/٨** وەکیلی مەندوبی سامی بەریتانی و وەکیلی سەرۆک وەزیرانی عیراق کە ڕۆژی هەینی بوو دەگەنە شاری کەرکووک و کوردە بەناوبانگەکانی ئەو شارە و هەندێ



لە سەرۆک هێزەکان و ئەشرافی ئەم شارە کۆدەکەنەوە و دەڵێن ئێمە ئامادەینە بڕیاری UN سەبارەت بەمیللەتەکانی ژێردەست جێبەجێ بکەین و گرفتەکانی کورد چارەسەر بکەین.

**١٩٤٥/٨/٨** شورای وەزیرانی عیراق بڕیار دەدات هەرچی زووتر ناوچەی بارزان بەهۆی هێزی سوپایی داگیر بکەن و ناوچەکە لەژێر دەسەڵاتی شۆڕشگێران پاک بکەنەوە.

**١٩٤٦/٨/٨** بوومەلەرزەیەک شاری پێنجوین دەلەرزێنی و زیان بەهاولاتیان دەگەینێ.


عەبدولسەلام عارف

**١٩٥٨/٨/٨** نوێنەری شۆڕشی عیراق (عەبدولسەلام عارف) سەردانی شاری هەولێر دەکات و لەلایەن جەماوەری ئەم شارە پێشوازیەکی گەرمی لێ دەکرێت.

**١٩٧٤/٨/٨** (نیکسۆن) یەکەمین سەرۆک کۆماری ئەمریکا بوو کە بەناچاری کەنارەگیری کرد لەبەر مەسەلەی (واتەرگێت).

**١٩٧٩/٨/٨** ڕاپەڕینی شاری پاوەی سەر بەکرماشان دژ بەڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران.

**١٩٨١/٨/٨** دامەزراندنی پارتی (سۆشیالیستی کوردستان – عیراق).


**١٩٨٨/٨/٨** وەستانی شەڕی (٨) ساڵەی نێوان ئێران و عیراق.

**١٥١٥/٨/٩** میرنشینە کوردیەکان بەیارمەتی مەلا (ئیدریسی بەتلیسی) ڕێککەوتنێکیان لەگەڵ سوڵتان سەلیمی تورک مۆر کرد کە بەئاشتی بژین، بەڵام تورکەکان لە دوای (١٥) ساڵ پەشیمان بوونەوە.

**١٩٣٠/٨/٩** بەیانێک لە قەزاکانی باکوری عیراقەوە بۆ هەموو کوردان دەردەچێت و وێنەیەک دەدرێت بە(پەرلەمانی ئینگلیز- پارێزگای سلێمانی- سەرۆک وەزیرانی عەرەب دارولئیعتماد لە بەغدا- UN) وە بەیانەکە دەڵێ خەبەرداربن چاوی خۆتان بکەنەوە سەیری دەوروبەری خۆتان بکەن وا ئینگلیز لەگەڵ عیراق پەیمانێکی بەست و لەم پەیمانەدا باسیان لەسەر مافی گەلی کورد نەکردووە و....

**١٩٤٥/٨/٩** بۆردمانی ئەتۆمی (ناکازاکی).

**١٩٥٨/٨/٩** شەهید (عەبدال حوسێن گەردی) خەڵکی گوندی بێرۆخە و یاوەری بارزانیی نەمر بووە بۆ سۆڤیەت و پێشمەرگەیەکی قارەمان بووە دژ بەدوژمنانی



عەبدال حوسێن گەردی

کوردستان بەهۆی ڕووداوێکی دڵتەزێن لە ڕوسیا شەهید دەبێت و تەرمە پیرۆزەکەی هەر لەوێ بەخاک دەسپێرن.

۱۹۷۲/۸/۹ کۆچی دوایی شاعیری بەناوبانگی کورد (قەدری جان).

۱۹۷٤/۸/۹ (جیراڵ فۆرد) کە جێگری سەرۆک کۆماری پێشووی ئەمریکا (نیکسۆن) بوو، بەسەرۆک کۆماری ئەمریکا هەڵبژێردرا.


۱۹۹۰/۸/۹ (تەها یاسین ڕەمەزان و تاریق عەزیز) دەچنە وڵاتی میسر، بەڵام (تەها یاسین) بەتەنیایی چاوی بە(موبارەک) دەکەوێت و دەربارەی کوێت باسی لەگەڵ دەکات.

۱۹۹٤/۸/۹ ڕژێم دەوروبەری خانەقین دەگرێت و سەدان کەس لە برا کوردە فەیلیەکانمان دەستگیر دەکات.

۱۹۹۵/۸/۹ هەردوو حیزبی سەرەکی (پارتی، یەنک) لە درۆگیدای ئیرلەندا بەسەرپەرشتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەبەشداری کۆنگرەی نیشتیمانی عیراقی بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو حیزب وتووێژیان سازدا کە بە(ڕێککەوتننامەی درۆگیدا) بەناوبانگە.

۱۹۹۷/۸/۹ بەستنی دەیەمین کۆنفرانسی (کۆنگرەی نیشتمانی کوردی) لە ئەمریکا لە شارێک نزیک پایتەخت.

۱۹۹۸/۸/۹ سەرۆک مەسعود بارزانی لە دانیشتنی دەسپێکی خولی یەکەمی ساڵی ۱۹۹۸ی پەرلەمانی کوردستان ئامادە دەبێت.



شێخ ئۆمەر محەمەد گەردی


۱۹۲۰/۸/۱۰ پەیمانی (سیڤەر) مۆر کرا کە بەهۆیەوە بڕیاری مافی چارەنووسی کورد دەرکرا.

۱۹٤۳/۸/۱۰ بزاڤی کوردی بەسەرۆکایەتی بارزانیی نەمر بەرپا بوو.

۱۹٤٥/۸/۱۰ هەڵگیرسانی شۆڕشی سێیەمی (بارزان).

۱۹۸۳/۸/۱۰ ئەنفال کردنی هەردوو پێشمەرگەی دێرین و ئازای کوردستان و یاوەری بارزانیی نەمر بۆ سۆڤیەت (شێخ ئۆمەر





پیرۆ حەمۆ ئیبراهیم گەردی

محەمەد گەردی و پیرۆ حەمۆ ئیبراهیم گەردی) لەلایەن حکومەتی بەعسەوە.

۱۹۸۷/۸/۱۰ (ڕەفسەنجانی) سەرۆک کۆماری ئێران بۆ ڕۆژنامەی (دی فیلت)ی ئەڵمانی ڕۆژئاوا کە لە ڕۆژنامەی سەفیری لوبنانی بڵاو کرایەوە دەدوێ و دەڵێ ئێمە دژی ئەوەینە کە ئۆتۆنۆمی بدرێتە کوردەکان لە باکووری عیراق چونکە گرفت بۆ ئێمە بەرامبەر کوردەکانمان دروست دەکات.



ڕەفسەنجانی

۱۹۹۰/۸/۱۰ پەیامی (سەدام) بۆ گشت عەرەب و موسلمانانی جیهان دەربارەی ڕزگارکردنی (مەککە/ مەدینە) لە دەستی سعودییەکان و ئەمریکییەکان.

۱۹۹۷/۸/۱۰ وەفدێکی حکومەتی بەریتانیا سەردانی کوردستانی عیراق دەکات و لە دەروازەی (ئیبراهیم خەلیل) لەلایەن بەرپرسانی پارتی پێشوازیان لێ کرا، لەم دیدارەدا چاویان بەوەزیران و هەندێ لە سەرکردایەتی پارتی دەکەوێ.

۱۹۳۰/۸/۱۱ ڕۆژنامەی عیراقی (رابط العربی) وتاری (ئیمام قاسم و ئیسماعیل حەقی)یان چاپ کرد دەربارەی ڕەفتاری ڕژێمی تورکیا بەرامبەر کوردەکان کە گازی کیمیاویان دژ بەکوردەکان بەکار هێناوە.

۱۹۳۷/۸/۱۱ بەکر سدقی سەرۆک وەزیرانی عیراق کە کوردبوو بەئیشوکارێکی ڕەسمی سەفەر دەکات بۆ تورکیا و فڕۆکەکەی لە فڕۆکەخانەی مووسڵ دەوەستێت و دەرفەت بۆ هەندێ لە ئەفسەرەکانی دژ بەئەو نموونەی محەمەد فەهمی و دۆستانی دەڕەخسێ و پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ تیرۆری دەکەن.

۱۹۵۹/۸/۱۱ کەمال فوئاد سکرتێری گشتی کۆمەڵە لە وەڵامی نامەیەکی بارزانیی نەمر بۆ کۆنگرەی چوارەمی کۆمەڵە (کە لەلایەن ئەندامانی کۆنگرە پێشوازییەکی یەکجار زۆر گەرم خوێندنەوەی نامەکە کرا)

۱۹۷٦/۸/۱۱ لە شاری بەرلینی ئەڵمانیا کۆنفرانسێک دەبەسترێت لەلایەن (پ.د.ک) کە نزیکی ۸۰ هەڤاڵ بەشداری تیا کردبوو، لەم کۆنفرانسەدا سەرکردایەتی کاتی دەچەسپێنن کە لە ۱۵ هەڤاڵ پێکهاتبوو.

١٩٩٧/٨/١١ پێشانگایەکی هونەری و رۆشنبیری کە لەلایەن (م.س)ی پارتی ساز درابوو لە هەولێر لەلایەن سەرۆکی پەرلەمان و هەندی لە ئەندامانی (م.س)ی پارتی کرایەوە، لەم پێشانگایەدا دیار دەکەوێ کە چۆن پارتی خەباتی کردووە و خزمەتی بەمیللەتی کورد کردیە، ئەم پێشانگایەش بەبۆنەی (٥١)ەمین ساڵی دامەزراندنی پارتی بووە.

١٩٩٧/٨/١١ هێژا (مەسعود بارزانی) پێشوازی لە سکرتێری حیزبی شیوعی کوردستانی دەکا لە (هاوینەهەواری سەلاحەدین).

١٩٩٨/٨/١١ تەقاندنەوەی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە (نایرۆبی و دارولسەلام).

١٩٢٠/٨/١٢ دەستەیەک لە چەکدارانی کوردی شۆڕشگێڕ لە نزیک شاری رواندوز دەسترێژی لە کاپیتەن (های) دەکەن و چەند جارانیش پەلاماری یاریدەدەرەکەی دەدەن بەڵام لە مەرگ رزگاری دەبێت.

١٩٢٨/٨/١٢ برایانی شێخ سەعیدی پیران (شێخ مەهدی و شێخ عەبدولڕەحیم) لە ماردین خۆیان تەسلیمی لێپرسراوانی دەوڵەتی عوسمانی کرد.

١٩٧٤/٨/١٢ دانیشتنی (١٧) رۆژەی نوێنەرانی ئێران و عیراق لە (ئەستەنبۆل) لەو کاتەی کە شۆڕشی کورد زۆر بەهێز بوو و رژێمی عیراقیان بەچۆک خستبوو، گەیشتنە ئەو ئامانجە کە شۆڕشی کورد لە عیراق لەناو ببەن کە لە ١٩٧٥/٣/٦ ئەو رێکەوتننامەیە لە جەزائیر ئیمزا کرا.

١٩٩٧/٨/١٢ وتەبێژێک بەناوی پارتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرەسمی دەعوەتی هێژا (مەسعود بارزانی) کرد.

١٩٩٧/٨/١٢ دەفتەری فەڵەستینیەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا داخرا.

١٥٩٦/٨/١٣ (شەرەفخانی بەتلیسی) لە نووسینی بەرگی یەکەمی کتێبی (شەرەفنامە) بووەوە.

١٩٢٥/٨/١٣ رۆژنامەی (الاحوال البیروتیة) دامودەزگاکانی بێ بڕواکەی ئەتاتۆرکی بەو شێوەی خوارەوە بلاو کردۆتەوە و نووسیویەتی تورکەکان کۆمەڵێکی زۆریان لە کوردەکان بەزیندوویەتی خستۆتە دەریای (وان) و (٣٠٠) گوند لە دەوروبەری (جۆلەمێرگ) سووتێنرا و (٤٠٠) گوندیش لە دەوروبەری (کێوی ئاگری داغ و تەندەرەگ) بەسەر دانیشتوانیدا بەگوللە تۆپ و فڕۆکە وێران کراون.



١٩٦١/٨/١٣ هێزەکانی ئاسایشی ئەڵمانی رۆژهەلات لەسەر فەرمانی روسیا دەستیان کرد بەدانانی دیواری بەرلین.

١٩٩٧/٨/١٣ لە نێوان ئۆردوگای (سیرێ و هلوران) کەلەکەک لە رووبار وەردەگەرێ و (١٣) کچ و کوڕ لە هاولاتیانمان لە گوندی (شاجا) لە ناوچەی (رێکان) دێنە خنکاندن.

١٩٢٠/٨/١٤ هێزی (پ. م)ی کوردەکان کە شۆڕشەکەیان رۆژ بەرۆژ پەرەی دەساند، لە ناوچەی باقوبەدا توانیان قزرابات ئازاد بکەن و دانیشتوانی خانەقینی بەجارێک بزواند و هێرشیان بردە سەر کۆمپانیای بەریتانی – ئێرانی لە ناوچەی نەفتخانە.

١٩٩٣/٨/١٤ دامەزراندنی رادیۆی دەنگی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

١٩٩٧/٨/١٤ پەیامی مەکتەبی سیاسی (پارتی) بەبۆنەی تێپەڕ بوونی (٥١) ساڵ بەسەر دامەزراندنی و پەیمانی ئاشتبوونەوەی گشتی رادەگەینی.

١٩٩٧/٨/١٤ کۆتایی هێنان بەکۆنگرەی کۆمەڵەی برا فەیلیەکان، لە بەیاننامەیەکدا ئامادەیی خۆیان و پشتیوانییان لە بەیاننامە ئاشتیخوازەکەی هێژا بارزانی رادەگەین.

١٧٦٩/٨/١٥ رۆژی لە دایکبوونی ژەنەراڵ (ناپلیۆن پۆناپارت) لە شاری (ئاژاکبو) کە دەکەوێتە دوورگەی (کریس)، لە (١٨١٥/٥/١٥) لە دوورگەی (سنت هێلین) کۆچی دوایی کرد و لە ساڵی (١٨٤٠) تەرمەکەی گواسترایەوە پاریس و لە قەبرستانی (ئەنوالید) بەخاک سپێردرا.

١٩٤٠/٨/١٥ هەزار فڕۆکەی جەنگی ئەڵمان بەریتانیا بۆمباران دەکەن.

١٩٦٠/٨/١٥ کۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کورد لە شارۆچکەی شەقلاوە گرێدرا.

١٩٨٦/٨/١٥ سێ فڕۆکەی فانتۆمی تورکیا لە ئاسمانی کوردستان پەیدا بوون و بنکەکانی پارتیان لە (مێرگەسۆر) بۆمباران کرد، لەلایەن بەرەی (جود) کردارەکەی رژێمی تورکیا تاوانبار کرا.

١٩٩٣/٨/١٥ دامەزراندنی پارتی (رزگاری کوردستان).

١٩٩٤/٨/١٥ (پارتی و ینک) لە ناو تالاری پەرلەمان رێککەوتن بۆ کۆتایی هێنان بەشەڕ بەڵام چەند رۆژێکی خایەند.

١٩٢٣/٨/١٦ بۆردمانی شاری (سلێمانی) لەلایەن ئینگلیزەوە.

١٩٣٣/٨/١٦ ئەنجـوومـەنی وەزیرانی ئەوکـاتەی عـیـراق بڕیار دەدات بەوەرگـرتنەوەی ناسنامـەی عیراقی لە مـارشەمعـون و پورەکەی (سورمـەخان) و هەندێ لە دۆسـتـانی مارشەمعون کە خەتەرێک بوون لەسەر ئاسایشی دەوڵەت و فڕۆکەکانی بەریتانی دەیان گوازێتەوە بۆ دورگەی قوبرس.

١٩٤٢/٨/١٦ دامەزراندنی کۆمەڵەی (ژ.ک) لە کوردستانی ڕۆژهەلات.

١٩٤٥/٨/١٦ دامەزراندنی پارتی (دیموکراتی کوردستان، ئێران).

١٩٤٦/٨/١٦ دامەزراندنی پارتی (دیموکراتی کوردستان، عیراق).

١٩٤٦/٨/١٦ لە دایکبوونی بەڕێز (مەسعود بارزانی) لە مەهاباد.

١٩٤٦/٨/١٦ کۆنگرەی (یەکەمی پارتی) لە بەغدا بەسترا.

١٩٧١/٨/١٦ یۆبێلی زیوی (پارتی دیموکراتی کوردستان، عیراق).

١٩٧٦/٨/١٦ کـۆنفـرانسی لقی ٦ لە بەرلین ئەنجـام درا، ئەم کـۆنفـرانسـە کـە وەک کۆنفرانسی لق خـۆی بۆ ئامادە کـرابوو بەڵام لەبەر ئەوەی چوار ئەندامی سـەرکـردایەتی تیـایدا بەشـدار بوون کـۆنفـرانسـەکـە فـراوانـتـربوو و زۆر بڕیـاری بەجێ و بەسـوود لەم کۆنفرانسەدا دەرچوو.

١٩٨٦/٨/١٦ بۆردمانی گوندەکانی ناوچەی (زاخۆ) لەلایەن تورکیا.

١٩٩٢/٨/١٦ دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری (سپێدە).

١٩٩٣/٨/١٦ کۆنگرەی (یازدەی پارتی) لە هەولێر بەسترا.

١٩٩٦/٨/١٦ یۆبێلی زێڕینی (پارتی دیموکراتی کوردستان، عیراق).

٨/١٧/ ١٩٥٧ هەندێ لە بەرپرسانی حـیـزبی شـیـوعی عـیـراقی لقی کـوردسـتـان دەگـەنە ڕیزی پارتی، لەوانە (ساڵح حەیدەری، کەمال فوئاد، حەمید عوسمان).



یۆبیلی زێڕین

١٩٦٠/٨/١٧ دەرچوونی ڕۆژنامەی دەنگی کورد لە بەغدا.

١٩٦٢/٨/١٧ شـەڕێکی قـورس لە نێوان لەشکری شۆڕشگێڕی کـوردسـتـان (بەرێبـەری بارزانیی نـەمـر) و ڕژێمی عـیـراق لە گـوندی ئەسـپـیندار ڕوو دەدات کـە لەم شـەڕە زیانی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان (٣) شەهید دەبێت بەڵام بارزانیی نەمر زیاتر بەرەوپێش دەچێت بەرەو ناوەندی ناحـیـەی هـیـران کـە ناوەندی جـاشـەکـان لەوێ بوو و لە ١٩٦٢/٨/٢٢ ئازاد دەکرێت.



١٩٦٣/٨/١٧ ڕۆژنامـەی (الاهرام) وتارێکی بەقـەڵەمی (مـحـمـد حسنين هيكل) کـە ئاراستە کراو بوو لەلایەن سەرۆک کۆماری میسر (جەمال عەبدولناصر) بڵاو کردەوە و لەم وتارە هێـرش دەکـاتە سـەر ڕژێمی عـیـراق لەبەر ئەوەی پەیمانی لەگـەڵ حکومـەتی دیکتاتۆری ئێران و تورکیا دژ بەبرا کوردەکانیان لە عیراق کە ئاشتیخوازن و دۆستی عەرەبن بەستووە.

١٩٨٧/٨/١٧ تۆمارکردنی داستانی (بناری سەفین) لەلایەن لقی دوو.

١٩٩٩/٨/١٧ بوومـەلەرزەیەک لە تورکـیـا بەهەزاران قـوربانی بەجێ دەهێـڵـێ و هێـژا مـەسـعـود بارزانی بەم بۆنەیەوە برووسکەیەک ئاراسـتـەی سـەرۆک کـۆمـار و سـەرۆک وەزیرانی تورکیا دەکات لە ١٩٩٩/٨/١٩ .

١٩٢٤/٨/١٨ دەرچوونی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی (ژیانەوە).

١٩٦٣/٨/١٨ ئەو کاتەی مەقەری بارزانیی نەمر لە گوندی لێرە بیر بوو هێزی ئاسمانی دوژمن بۆمبارانێکی سەختی ئەو ناوچەیە دەکات کە چوار بۆمبی هەر یەکە بەقورسایی (٥٠٠) کیلۆ دەهاوێتە ئەو شوێنەی مەقەری بارزانیی نەمری تێدا بوو کـە هەمـووی دەتەقـێـتـەوە تـەنیـا یەکـێک لەوانە نەبێ کـە دەکـەوێتـە نێـوان بارزانیی نـەمـر و بەڕێز مەسعود بارزانی.

١٩٨٠/ ٨/١٨ پارێزگـاری ئازەربایجـانی خـۆرئـاوا (حـوسـێن تـاهری) ڕای گـەیاند کـە مووچەی کارمەندانی دەوڵەت لە شاری بۆکان و مەهاباد نادرێت.

١٩٩٧/٨/١٨ (سەدام حوسێن) بۆ یەکەم جار لە دوای (١٧) ساڵ بڕیاری دا ئێرانیەکان دەتوانن بێنە عـیـراق بـۆ زیارەتی شـوێنە مـوقـەددەسـەکـانی ئیـسـلامی لە مـێـژووی ١٩٩٧/٩/٤.

١٩٥٣/٨/١٩ لە دوای دەرکردنی شای ئێران لەلایەن ئێرانییەکان دووبارە بەپشتیـوانی ئەمریکا کودەتا دەکرێت و دووبارە شای ئێران دەگەڕێتەوە سەر تەختی پاشایەتی.

١٩٦٤/٨/١٩ عـەقـیـد نوری مـەلا مـەعـروف برووسکەیەک ئاراسـتـەی بارزانیی نـەمـر دەکـات و داوای فریاکـەوتنی لێ دەکـات، ئاگـاداری بارزانیی نەمـر دەکـاتەوە کە شـەڕ لەگەڵ م.س بەردەوامـە و سوپای ئێرانیش یارمەتی تەواویان دەدات. ئینجـا بارزانیی نەمر بڕیار دەدات کە بەرەو چوارتا و پێنجوێن لەگەڵ هێزی پێشمەرگە بچێت، لە ڕۆژی ١٩٦٤/٨/٢٢ دەگاتە ئەم ناوچەیە و....

**١٩/٨/١٩٦٥** کوشتنی (٦٧) هاوڵاتی لە دادگای دهۆک.

**١٩/٨/١٩٦٩** لە گوندی (دەکان) کە دەکەوێتە ژووررووی ڕۆژهەڵاتی مووسڵ ٩ ژن و ٣٧ منالّ و پیرەمێردێک لەناو ئەشکەوتێک کە پەنایان بەوێ بردبوو لە لایەن سوپای عیراق سووتێندران و کەسیش ڕزگاری نەبوو.

**١٩/٨/١٩٧٩** دەستپێکی شەڕ نێوان کوردەکانی ئێران وڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران.

**١٩/٨/١٩٩٢** (فرانسوا میتران) سەرۆک کۆماری فەرەنسا لە کۆشکی ئێلیزێ پێشوازی لە سەرۆکانی (پارتی و ینک) دەکات.

**١٩/٨/١٩٩٤** سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بانگەوازی ئاشتی ئاراستەی بەڕێزان مەسعود بارزانی و مام جەلال و هەردوو مەکتەبی سیاسی (پارتی و یەکێتی و بەرەی کوردستانی و INC) دەکات و هەر لە دوای ئەم بانگەوازە بەڕێزان مەسعود بارزانی و مام جەلال هاتنە پەرلەمان.

**٢٠/٨/١٩٢٠** هەڵگیرسانی شۆڕشی (ئیبراهیم خانی دەلۆ) لە کفری.

**٢٠/٨/١٩٥٩** مامۆستا هەژار موکریانی ئەو کاتەی لە مۆسکۆ بوو نامەیەک بۆ (سەید کەریمی ئەیوبی، مامۆستا قەناتی کوردۆ و ئیرا ناو، کە کچێکی ڕوسی ڕۆژهەڵاتناس بوو) ڕەوانە دەکات، پارچە شیعرێکی دوور و درێژ کە باسی وەزعی میللەتی کوردی تیایە لەژێر ناوی (پەیکێک) بۆیان دەنێری.

**٢٠/٨/١٩٨٢** بەستنی کۆنگرەی دووەمی (P. K.K).

**٢٠/٨/١٩٩٦** هێزێکی گەورە لە جاشەکانی قادر بەگ مەحمود بەگ برای کەریم خان برادۆستی بەهاوکاری ینک و حکومەتی ئێران بەئۆتۆمبیلەکانی ئێرانی لە سنوور دەپەڕێندرێنەوە بۆ ناوچەی سیدەکان بەمەبەستی داگیرکردنی ئەو سنوورە بەڵام خەڵکی ئەو ناوچەیە بەرەنگاریان دەبنەوە تا هێزی پێشمەرگەی پارتی فریایان دەکەون و لە ئاکامدا هێزی پارتی دەگەنە مەیدان.



کامەران عالی بەدرخان

**٢١/٨/١٨٨٢** نامەی کارگێڕی بەغدا بۆ وەزارەتی دەرەوە بەژمارە ١٣٨ دەربارەی هاتنی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری بۆ سنوورەکانی ئێران.

**٢١/٨/١٨٩٥** پرۆفیسۆری بەناوبانگی کورد (کامەران عالی بەدرخان) لە شاری ئەستەنبۆل لە دایکبوو.



**٢١/٨/١٩٤٩** قەراردادی (جنێف) لەلایەن نوێنەری دەوڵەتەکان (کە لە دوای جەنگی جیهانی دووەم لە مێژووی ٢١/٤/١٩٤٥ کۆبوونەوە کاتی خۆی پێشەکیەکەی داڕێژرابوو) هاتە ئیمزاکردن قەرارەکە دەربارەی شەڕ و چۆنیەتی یارمەتی گەیاندن بەبریندار و دیلەکانی شەڕ و ئیشوکارەکانی مرۆڤایەتی بووە.

**٢١/٨/١٩٥٨** حکومەتی ڕوسیا لە پاش پیرۆزی شۆڕشی عیراق پێی خۆش نەبوو بارزانیی نەمر و هاوڕێیانی لە ڕوسیا بمێننەوە بۆیە لەگەڵ (ئەسعەد خۆشەوی) بەوەفد ڕەوانەی چیکۆسلۆفاکیا کران لە ڕێگای بوخارێست بۆ ئەوەی بتوانن لەوێ گفتوگۆ لەگەڵ عیراقییەکان بکەن بۆ گەڕانەوەیان.

**٢١/٨/١٩٩٧** فڕۆکەیەکی نەفەربەری (ئەفغانستان) لە شاری (بامیان)ی ئەفغانستان کەوتە خوارەوە و (عەبدولڕەحیم غفور زای) سەرۆک وەزیری یەکگرتووی تاڵەبانەکان هاتە کوشتن، کوژراوەکانی تریش زۆربەیان لەو سەرکردایەتییە بوون.

**٢١/٨/١٩٩٧** لە هۆڵی مێوانخانەی (شیرین پالاس) لە هەولێر کۆنفرانسێکی یەکێتی ئەدیبەکانی کوردی لقی هەولێر بەسترا و گشت ئەدیبەکان و نووسەرەکانی هەولێر تیایدا ئامادە بوون.

**٢١/٨/١٩٩٧** وەفدێکی پارتی بەسەرۆکایەتی (عومەر بۆتانی) گەیشتە وڵاتی میسر بەمەبەستی پتەوکردنی دۆستایەتی کە لە کۆنەوە ئەم وڵاتە لەگەڵ میللەتەکەمان هەیبووە.

**٢٢/٨/١٩٢٠** شۆڕشی برایم خانی دەلۆ لە کفری.

**٢٢/٨/١٩٤٧** ڕۆژی دامەزراندنی حکومەتی سەربەخۆی پاکستان.

**٢٢/٨/١٩٧٠** دامەزراندنی پارتی (بەیت نەهرێنی دیموکراتی).

**٢٢/٨/١٩٧٤** جەماوەری شاری ڕەواندوز شار چۆل دەکەن لەبەر شەڕ و پێکدادان نێوان شۆڕش و ڕژێمی عیراق، بەڵام کۆمەنیستەکان هەر لە ناو شار مانەوە.

**٢٢/٨/١٩٩٢** سەرۆکی پارتی بەدیدارێکی ڕەسمی دەگاتە دیمەشقی پایتەختی سوریا.

**٢٢/٨/١٩٩٩** هێژا مەسعود بارزانی سەرەخۆشی لە خاوەن شکۆ فەهد پاشای سعودیە دەکات بەهۆی کۆچی دوایی فەیسەلی کوڕی.

**٢٣/٨/١٥١٤** یەکەم دابەشکردنی کوردستان (شەڕی چاڵدێران نێوان عوسمانییەکان و سەفەوییەکان).

**١٩٢١/٨/٢٣** مەلیک فەیسەڵ تاجی پاشایەتی دەخاتە سەر و ئەو کاتە دارودەستە و یاریدەدەرەکانی خۆی ئامۆژگاری دەکات کە ڕێز لە نەتەوەی کورد بگرن و هانیان بدەن ئەوانیش ببن بەعیراقی.

**١٩٢١/٨/٢٣** لە دەنگدانێکی (ڕفراندۆم) فەرمایشاتی ٩٦٪ی خەڵک دەنگیان بە(فەیسەڵ)دا و بەڕەسمی لەم مێژوو بووە پاشای عیراق.

**١٩٨٠/٨/٢٣** تیرۆر کردنی سەرگورد (عەباسی) ئەندامی پایەبەرزی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری مەهاباد لەلایەن ڕژێمی ئێران.

**١٩٩٥/٨/٢٣** دامەزراندنی پارتی (دیموکراتی گەلی کوردستان) بەسەرۆکایەتی (خدر ڕوسی).

**١٩٢٠/٨/٢٤** شاری کفری لەلایەن شۆڕشگێڕانی کورد بەسەرکردایەتی (برایم خانی دەلۆ) ڕزگار دەکرێ.

**١٩٨٣/٨/٢٤** (٤٨) ڕۆڵەی کوردی ئێرانی خەڵکی شاری مەهاباد لەلایەن ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە سێدارە دران.

**١٩٩٣/٨/٢٤** دوو باڵوێزی ڕژێمی عیراق لە تونس و کەنەدا داوای پەنابەریان لە بەریتانیا کرد.

**١٩٩٥/٨/٢٤** (صلاح بدرالدین) نامەیەک ئاراستەی (یاسر عەرەفات) دەکات دەربارەی نیشتەجێکردنی فەلەستینیەکان لە شوێنی کوردەکان لەلایەن حکومەتی سوریا.

**١٩٤١/٨/٢٥** بەریتانیا و ڕوسیا داخلی ئێران دەبن.

**١٩٥٥/٨/٢٥** کۆچی دوایی شاعیر و زانای ئایینی کورد (بێخود).

**١٩٨٨/٨/٢٥** کارەساتی کیمیابارانی (بادینان) لەلایەن ڕژێمی عیراقەوە.

**١٩٩١/٨/٢٥** خۆ کوژی مارشالی ڕوسی (سێرجی ئافرامیۆف) کە لە هەموو سوپاییەکانی سۆڤیەت گەورەتر و بەجێتر بوو (تەرمەکەی بەجلوبەرگی سوپایی شاردرایەوە)، دزێک دەچێت قەبرەکەی دەکۆڵێ و جلوبەرگ و ڕوتبەکانی لێ دەکاتەوە و دەیفرۆشێتە توریستەکی ئەمریکایی.

**١٩٩٥/٨/٢٥** بەڕێز (مەسعود بارزانی) لە بارەگای خۆیدا پێشوازی لە ڕۆژنامەنووسی ناوداری فەرەنسی (کریس کۆچێرا) دەکات کە یەکێکە لەو ڕۆژنامەنووسانەی کە بایەخ بەدۆزی ڕەوای گەلەکەمان دەدات.



**١٣٤٦/٨/٢٦** بۆ یەکەمین جار لە مێژووی شەڕدا چەکی (تۆپ) سوودی لێ وەرگیرا، لە شەڕی (کریس) نێوان بەریتانیا و فەرەنسا.

**١٧٨٩/٨/٢٦** بڵاوکراوەی (مافی مرۆڤی فەرەنسا) لەم ڕۆژە پشتیوانییەکی یەکجار گەورە و سەنەدێک بوو بۆ بڵاوکراوەکانی تری (مافی مرۆڤی لە جیهان).

**١٩٤٨/٨/٢٦** کۆبوونەوەیەکی بیرەوەری لەشاری سلێمانی بۆ محەمەد ئەمین زەکی بەسترا کە پیاوانی کورد و عەرەب چ بەخۆیان چ بەنووسینیان ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە بوون.

**١٩٨٨/٨/٢٦** بۆردمان کردنی ناوچەی هیران بەگازی کیمیاوی لەلایەن ڕژێمی عیراق.

**١٩٩٣/٨/٢٦** پرۆفیسۆری ئەرمەنی حەسرەتیان و پرۆفیسۆر شاکرۆی خدۆ سەردانی پەرلەمانی کوردستان دەکەن.

**١٩٩٧/٨/٢٦** (سامی عەبدولڕەحمان) بەرپرسی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی پارتی پێشانگایەک دەکاتەوە کە لەلایەن یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ساز درابوو، ئەو پێشانگایە دەستکردی خێزانی ئەنفالەکان و کەلەپووری کوردی تیا بوو.

**١٩٩٧/٨/٢٦** (مام جەلال) لە گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەنووسیدا ڕوونکردنەوەیەک دەربارەی سەفەرەکەی بۆ ئەمریکا و تورکیا و ئێران ڕوون دەکاتەوە و وەڵامی بانگەوازەکەی هێژا (مەسعود بارزانی) بەمەبەستی ئاشتی دەداتەوە و دەربارەی P. K.K دەدوێ،.

**١٩٩٧/٨/٢٦** بەیاننامەیەکی هاوبەش لەلایەن (٦) حیزب و گرووپی کوردستانی لە دهۆک دەردەچێت و P. K.K تاوانبار دەکەن لە بەر ئەو ڕەفتارە بێ ئەخلاقییەی سەبارەت بەبۆمبارانی ئامێدی و حاجی ئۆمەران و مناڵ دزین و...... هەروەها داوا لە پارتی و (ینک) دەکەن کە سوود لە ئەزموونەکانی وڵاتە ئەقلیمیەکان بۆ زمانی حیوار وەربگرن و فەوری شەڕ ڕابگیرێ، «حیزبی یەکگرتووی ئیسلامی مەڵبەندی (٣) دهۆک، بزووتنەوەی ئیسلامی مەڵبەندی (٥) دهۆک، ل.ن. حیزبی شیوعی عیراقی لە دهۆک، حیزبی (بیت النهرین) دهۆک، مەکتەبی هەرێمی حیزبی نیشتمانی ئاشوری دیموکراتی کوردستانی عیراق، حیزبی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان».

**١٩٩٧/٨/٢٦** مەکتەبی سیاسی (پارتی) بەیاننامەیەکی دژ بەڕەفتاری (پ.ک.ک) بڵاو دەکاتەوە و داوا لە هەموو حیزب و بزووتنەوە کوردستانییەکان و مرۆڤ دۆستان دەکات (P. K.K) ڕیسوا بکەن بەرامبەر بەو تاوان و تیرۆرانەی کە دژ بەمیللەتی کوردی عیراق دەکات.

١٩٧٩/٨/٢٧ کۆمیتەی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران شاری مەهاباد بەجێ دێڵن و پەنا دەبەنە ناوچە قایمەکانی شاخاوی سەر سنوور، دکتۆر قاسملوش لەگەڵیان دابوو.

١٩٩٤/٨/٢٧ (هێژا مەسعود بارزانی و مام جەلال) برووسکەیەک ئاراستەی گشت هێزی (پ.م)ی کوردستان و گشت لایەنە بەرێزەکان دەکەن سەبارەت بەناردنی وەفدی پەرلەمان بەدەسەڵاتی تەواوی پەرلەمان بەمەبەستی ڕاگرتنی شەڕ و دیاری کردنی پەلاماردەر و...

١٩٩٤/٨/٢٧ سەرۆک مەسعود بارزانی ئامادەی دانیشتنی ژمارە ٤ی نائاسایی پەرلەمانی کوردستان بۆ پرۆسەی ئاشتی دەبێت.

٢٥٦/٨/٢٨ پێش زایین : زنجیرەی بەناوبانگی ئەشکانیەکان (پارت) بەناوی (ئارشاک) ناونرا و زنجیرەی (سلوکیەکان) کۆتایی پێ هات.


١٩٨٦/٨/٢٨ کۆنفرانسی هاوبەشی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان.

١٩٨٨/٨/٢٨ تەواوبوونی داستانە مەزنەکەی خواکورک، کە بەهێرشی عیراق بۆ سەر ئەم ناوچەیە بەچەکی کیمیاوی بوو.

١٩٩٩/٨/٢٨ بەبۆنەی (٥٣)یەمین ساڵی دامەزراندنی پارتی لە شاری بۆنۆبۆری سوید ئاهەنگێک ساز درا.

١٨٦٢/٨/٢٩ لە دایکبوونی نووسەری بەناوبانگی بەلژیکی (مۆریس میتەرلینگ)، ناوبراو شاعیر و درام نووس و لێکۆڵینەوە ناسێکی زۆر بەناوبانگیش بوو، لە شاری (گان) هاتووتە دونیاوە، لە ساڵی (١٩٤٩) بەسەکتەی دڵ کۆچی دوایی کرد.

١٩٤٨/٨/٢٩ (بارزانی) نەمر و هەڤاڵەکانی لە (باکۆ) دەگوێزرێنەوە (تاشقەند) پایتەختی ئۆزبەکستان.



بارزنیی نەمر و عەبدولکریم قاسم

١٩٥٨/٨/٢٩ بارزانیی نەمر نامەیەک ئاراستەی (عەبدولکەریم قاسم) دەکات و دەفەرموێ تکایە یارمەتیمان بدەن بۆ گەڕانەوەمان بۆنیشتیمانی ئازیزمان بۆ بەشداری لە ئاوەدان کردنەوە و خزمەت کردن بەهاوڵاتیانی دڵسۆزمان.

١٩٦١/٨/٢٩ بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی هەولێر.



١٩٦٩/٨/٢٩ مامۆستا هەژار موکریانی لە حاجی ئۆمەران لە وەرگێڕانی پەرتووکی (شەرەفنامە)ی شەرەفخانی بەتلیسی بووەوە.

٢٩/٨/ ١٩٧٠ دامەزراندنی کۆڕی (زانیاری کورد) لە بەغدا.

١٩٩٧/٨/٢٩ کارمەندی ڕێکخراوی (T.D.C) تەندروستی فەرەنسی (ڕێمی جاک بانڤێلی) لە ڕووداوێکی ئۆتۆمبیل وەرگەڕان لە ڕێگای نێوان ئاکرێ و دهۆک نزیک قەسرۆک (لە دوای گەیاندنی بەنەخۆشخانەی ئاکرێ) گیانی لە دەست دا، ناوبراو بۆ دیداری وەزیری شارەوانی حکومەتی هەرێم بەرەو هەولێر پایتەختی کوردستان دەهات.

١٩٩٩/٨/٢٩ شاندێکی حیزبی شیوعی عیراق سەردانی (م.س)ی پارتی دەکات.

١٩٦٢/٨/٣٠ (بارزانیی) نەمر لە ئەشکەوتی (بیراوا) سەرەدانی (مەحمود کاوانی) کە بریندار ببوو دەکات، لەم چاوپێکەوتنەدا هەردوو لا دەست بەگریان دەکەن چونکە زۆر خۆشەویست بوون لای یەکتر.

١٩٦٨/٨/٣٠ کۆچی دوایی مێژوونووسی کورد (ساڵح قەفتان).

١٩٨١/٨/٣٠ سەرۆک کۆماری ئێران و سەرۆک وەزیرانی (رجائی، باهنر) لە تەقینەوەیەکی بۆمب هاتنە کوشتن.

١٩٩٥/٨/٣٠ جەماوەری (دهۆک) ڕێپێوانێکی گەورەیان سازدا بەمەبەستی ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر ئەو هێرشە دوا بەدواکەی چەکدارانی P. K.K بۆ سەر ناوچە ئارامەکانی دەڤەری بادینان.



خاتوو دایانا

١٩٩٧/٨/٣٠ خێزانی پێشووی جێگری پاشایەتی بەریتانیا خاتوو (دایانا) لە ڕووداوێکی ئۆتۆمبیل بەسەختی بریندار بوو و گوازرایەوە بۆ نەخۆشخانەیەک لە فەرەنسا.

١٩٩٧/٨/٣٠ لە دیدارێکی سەرۆکی حیزبی (تەڤگەری سۆشیالیستی کوردستانی تورکیا) بۆ کوردستان لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان (جەوهەر نامق) لە هەولێر پێشوازییەکی گەرمی لێکرا.

٨/٣١/- هەر ساڵ لەم ڕۆژە جەژن و شایی لە سەرتاسەری شاری (دەماوەند) لە ئێران بەرپا دەکرێت نیشانە بەسەرکەوتن بەسەر پاشای زاڵم (زوحاک).

١٨٦٧/٨/٣١ شاعیری ڕەمزی ناوداری فەرەنسا (شارل بودلێر) کۆچی دوایی کرد.

**۱۹۲۲/۸/۳۱** شکانی سوپای (تورک و سیک و ئینگلیز) بەرامبەر بەسوپای خەڵکی سلێمانی کە بەشەڕی (دەربەند) نزیکی زێی بچووک بەناوبانگە.

**۱۹٦۲/۸/۳۱** (مەحموود کاوانی) قارەمان گیانی پاکی لە دەستدا و گەیشتە کاروانی نەمران، تەرمە پیرۆزەکەیان لە گۆڕستانی گوندی بێتواتە بەخاک سپارد.

**۱۹٦٤/۸/۳۱** برووسکەیەکی پارێزگاری سلێمانی عەبدولڕەزاق سەید مەحموود بۆ وەزارەتی ناوخۆ و هەواڵگەری سوپایی و فورقەی دوو سەبارەت بەفەرمانی بارزانیی بۆ پێشمەرگە قارەمانەکان (کە بەهیچ شێوەیەک بەشداری لە کاروباری حکومەت و کارکردن لە دامودەزگاکانی نەکەن).

**۱۹۸٦/۸/۳۱** پەیکەرتاشی هاوچەرخی بەریتانیایی (هەنری مۆر) کۆچی دوایی کرد.

**۱۹۹۲/۸/۳۱** پەرلەمانی کوردستان بڕیاری ژمارە ۱۱ی دەرکرد کە بەهۆیەوە ئەو یاسا و بڕیارانەی ڕژێمی عیراق پووچەڵ دەکاتەوە کە بەرژەوەندی گەلی کوردستانی تێدا نییە.

**۱۹۹٦/۸/۳۱** ئازاد کردنی شاری قەڵا و منارە پایتەختی کوردستان لەلایەن پارتی لە دەستی (ینک).

**۱۹۹۷/۸/۳۱** لە ڕووداوەکەی ئۆتۆمبیل خاتوو (دایانا سبنسر) خێزانی پێشووی جێگری پاشایەتی بەریتانیا کە چەند ڕۆژ پێش ئێستا لە فەرەنسا لە تونێلێک ڕووی دا بریندار بوو و گواسترایەوە نەخۆشخانەیەک و لەوێ کۆچی دوایی کرد، خوالێخۆشبوو پاشازادەیەکی زۆر میهرەبان و مناڵ دۆست بووە و گشت جیهان بەمردنی نیگەران دەبن.

**۱۹۹۷/۸/۳۱** بەبۆنەی ئازاد کردنی پایتەختی هەرێمی کوردستان (هەولێر) لە دەستی چەکدارانی (ینک)، بەڕێز (مەسعود بارزانی) لە خولی بارزانیی نەمر (بۆ گەورە ئەفسەران و مافپەروەران) ئامادەبوو و دەرچووانی پلەی یەکەم و دووەم و سێیەم لەلایەن بەڕێزیانەوە خەڵات کران لە شاری هەولێر.

**۱۹۹۷/۸/۳۱** بەڕێز (مەسعود بارزانی) وتەیەکی ئاراستەی میللەتی کوردمان دەکات بەبۆنەی ئازاد کردنی هەولێری دێرین. لەم وتارەدا دیاری کرد کە شەرعیەت لە ئیرادەی میللەت وەردەگرین و ئەم ئاهەنگەی جەماوەری هەولێریش وەڵامدانەوەیەکە بۆ زمان درێژان ئامادەیی خۆی ڕاگەیاند کە لە پەرلەمانی کوردستان لە هەولێر پێشوازی لە (مام جەلال) بکات.



**۱۹۹۷/۸/۳۱** P. K.K لە مانگی (۱۹۹۷/٦) تا ئەم مێژووە (۹٦۰) منداڵی خەڵکی سلێمانی دەفڕێنی و دەیان دزێت و بێ سەر و شوێنیان دەکات، (ینک) لەم کارە بێدەنگ دەبێت، خاوەنی ئەم مناڵانە چەند سکاڵا ئاراستەی (UN) دەکەن و (۳) جار ڕێپێوان دەکەن لە سلێمانی دژ بە(P. K.K).

**۱۹۹۷/۸/۳۱** دەرچوونی یەکەمین ژمارەی پەرتووک بەناوی (مێژوونامە) لە شاری کەرەج لەلایەن دانەری ئەم پەرتووکە (حەمید مەجید گەردی).

***

## ٩

## ئەیلول

**١٩٢٣/٩/١** بوومـەلەرزەیەکی بەهێـز لە وڵاتی یابان ڕووی دا و (١٠٠) هەزار کـەس هاتنە کوشتن و هێزەکەی (٨/٣) ڕیشتێر بوو.

**١٩٣٩/٩/١** ئەڵـمـانـیـای نازی وڵاتی (پۆڵەندا)ی داگـیـر کـرد، ئەمـەش بـووە هۆی هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی دووەم.

**١٩٥١/٩/١** بارزانیی نەمر دووبارە دەگوازرێتەوە بۆ تاشقەند.

**١٩٦١/٩/١** مـانگرتنی عـەشـیـرەتەکـانی سنووری ناوچەی ڕانیـە و قـەڵادزێ لە دۆڵی خەلەکان سەبارەت بەڕەفتاری عەبدولکەریم قاسم و وەڵام نەدانەوەی بۆ داخوازییەکانی گەلی کوردمان.

**١٩٦١/٩/١** ڕژێمی عیراق ئەو کاتە ئیجازەی ئەفسەرەکانی دەوەستێنێ و ئیجازەکانی دراوە پێیان لەغو دەکاتەوە لەبەر وەزعی نالەباری کوردستان.

**١٩٦٩/٩/١** سـەرهەنگ (مـوعـەمـەر قـەزافی) ڕژێمی پاشـایەتی لە وڵاتی لیـبـیـا دەڕووخێنی و دەبێتە یەکەمین سەرۆک کۆماری لیبیا.

**١٩٧٩/٩/١** سـەرۆک (مـەسـعـود بارزانی) نـامەیەک ئاراسـتـەی سـەرکـردایەتی حـیـزبی سۆشـیـالیـسـتی نەمسـاوی دەکـات و داوایان لێ دەکـات کـە نوێنەرێک بـۆ کـۆنگرەی نۆیەمی پارتی بنێرن.

**١٩٨٥/٩/١** بەڕێوەبەرایەتی گـشـتی پەروەردەی هەولێـر بڕیاری **٢٢٧٩** بۆ داخـسـتنی ٢٠٠ قوتابخانەی گوندەکانی ناوچەی هەولێری دەرکرد.

**١٩٩٦/٩/١** سوپای عیراق لە شاری هەولێر دەردەچێ و دەگەڕێتەوە سەر مۆڵگەکانی لە قوشتەپە.

**١٩٩٧/٩/١** کردنەوەی پەیمانگای کادیران لە هەولێر لەلایەن (م.س)ی پارتی.

**١٩٩٨/٩/١** ینک و پارتی ڕێکەوتنێک مۆر دەکەن بۆ ئازاد کردنی سەرجەمی دیلەکان.

**١٩٣٩/٩/٢** هەڵگیرسانی شەڕی (دووەمی جیهانی).

**١٩٥٨/٩/٢** وەڵامی (عـەبدولـکەریم قـاسم) بۆ مـەسـەلەی گـەڕانەوەی بارزانیی نەمـر و یاوەرانی، هۆی دواکـەوتنەکـەی وەڵامی بارزانی گـوایە (عــەبدولســەلام عــارف) پەیامەکەی بارزانیی لە (عەبدولکەریم قاسم) بۆ ماوەیەک شاردبێتەوە.



**١٩٨٠/٩/٢** پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران (٦٨) نەفەری کورد لە گوندی قارناى سەر بەشاری نەغەدە شەهید دەکەن.

**١٩٨٢/٩/٢** کەریم حیسامی ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن مۆسکۆ بانگهێشت کرا.

**١٩٨٩/٩/٢** کـۆمـیـتـەی بەڕێوەبەرایەتی یەکـێـتی مـافـپـەروەرانی کـوردسـتـان هاتە دامەزراندن.

**١٩٢٨/٩/٣** لە ناوچەی جۆلەمێرگ شۆڕشگێڕانی کورد مەفرەزەیەکی ژەندرمەی تورکیان لە ناوبرد و والی بایەزیدیشیان لە گەڵ هەندێ ژەندرمە بەدیل گرت.

**١٩٦٢/٩/٣** بارزانیی نەمر ناچار دەبێ بگەڕێتەوە ئەو شوێنانەی کە جاشەکان دەستیان بەسەردا گرتبوو (ناوچەیەکی پان بوو لە چیای سەری بەردی کە ناوچەی دەشتی دیانای لەبەر چاو دابوو)، بەگەیشتنی ئەو هێزە تووشی چەندین شەڕی جۆراوجۆر و قورس بوو بەڵام هەر پیرۆزی بەدەست دەهێنا تا گشت ناوچەکەی ئەو گوندەی لەوانە پاک کردەوە و دەستی بەسەر داگرت.

**١٩٧٤/٩/٣** لیوای سێیەم بەسەرکردایەتی حامد دلێمی کە چەکدار بوون بەتانک و زری پۆشێکی زۆر هێرش دەکەنە سەر گەروی عومەر ئاغا و لە دوای شەڕ و پێکدادانێکی سـەخت لیـوایەکە بەتەواوی لەناو دەچن و (٢٣٠) لاشـەیان لە مـەیدانی شـەڕ بەجێ دێڵن جگە لە بریندارەکانیان کە بەژمار نەدەهات و دەستکەوتی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان یەکجار زۆر و بێ ژمار بوو.

**١٩٧٩/٩/٣** هێرشی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر شاری مەهاباد و داگیرکردنەوەی، بەهۆی ئەم هێـرشـە زۆربەی شـارەکـە چۆڵ کـرا و خـەڵکەکە پەنایان بردە گـوندەکـانی دەوروبەری مەهاباد.

**١٩٨٩/٩/٣** دامەزرانی یەکێتی (مافپەروەرانی کوردستان).

**١٩٩١/٩/٣** دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری مەتین.

**١٥٠٠/٩/٤** بۆ یەکەمین جار ژنێکی ئیتالییایی خەڵکی (فلۆرانس) پلەی دکتۆرای لە پزیشکی وەرگرت و لەجیـهـان دەنگی دایەوە و بووە عـەجیـبـترین ڕووداوی سـەدەی شانزدەهەم.

**١٧٦٨/٩/٤** لە دایکبوونی شاعیر و نووسەری بەناوبانگی فەرەنسی (فەرانسو زارنە- شاتۆ بریان) لە شاری (سان مالوو)، لە (١٨٤٨/٧/٤) کۆچی دوایی کرد.

١٩١٧/٩/٤ بیست و حەوت سەرکردەی کورد بەشداری لە کۆنفرانسی شاری سنە دەکەن، لەم کۆنفرانسەدا ڕوسەکان بەڵێنی یارمەتی بەکوردیان دا.

١٩٢٤/٩/٤ بەشداریکردنی هەندێ لە سوپاییەکانی کورد لە یاخیبوونی (بیت الشباب) لە کوردستانی باکور.

١٩٩١/٩/٤ دامەزراندنی پارتی پارێزگارانی کوردستان.

١٩٩٥/٩/٤ لە (پەکین) پایتەختی ولاتی چینی سۆسیالیستیدا کۆنگرەیەکی جیهانی ئافرەتانی جیهان ساز درا. (١٨٥) ولات و ئافرەتانی کوردیش بەشداری ئەم کۆنگرەیان کردبوو.

١٩٩٩/٩/٤ لە وەلامی شەڕ وەستاندنی .P.K.K دژ بەپارتی، (م.س)ی پارتی هەلوێستی خۆی لە بەیاننامەیەکدا ڕوون کردەوە و جارێکی تر دووپاتی کردەوە کە پێویستە .P. K.K دەست تێوەردان و بوونی خۆی لە کوردستانی عیراق کۆتایی پێ بهێنێت.

١٨٨٢/٩/٥ برووسکەی بالوێزی ئێران لە ئەستەنبوڵ بۆ وەزارەتی دەرەوە دەربارەی هەلاتنی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری و ئاشتی نێوان ئینگلیز و عوسمانییەکان لەسەر یۆنان.

١٩٣٧/٩/٥ (سەید ڕەزا) ڕێبەری شۆڕشی دەرسیم لە شاری (ئەرزەنجان) بەفێڵ دەستبەسەر دەکرێ.

١٩٤٥/٩/٥ شەڕی (مەیدان موریک).

١٩٨٨/٩/٥ کۆتایی بەداستانی بەناوبانگی مێژوویی (خواکورک).

١٩٨٨/٩/٥ ڕژێمی کۆنەپەرستی عیراق لێبوردنێکی گشتی بۆ کوردەکانی عیراق دەردەکات.

١٩٨٨/٩/٥ ئەنفالکردنی خەلکی بناری قەندیل لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە.

١٧٤٦/٩/٦ ڕێککەوتننامەی (کوردان) لە نێوان ئێران و عوسمانییەکان ئیمزا کرا، گرفتی هەرە گرنگی هەردوولا مەسەلەی سنووری کوردەکان و مەزهەب بوو (کوردان) گوندێکە نزیکی شاری کەرەجە لە ئێران زۆربەیان بەزاراوەی کوردی قسە دەکەن و خۆیان بەکورد دەزانن و مێژوویێکی کۆنی کوردەوارییان هەیە.

١٩٣٠/٩/٦ ڕۆژی ڕەشی شەڕی (بەر دەرکی سەرا) لە شاری سلێمانی.


١٩٥٩/٩/٦ دەرچوونی ڕۆژنامەی (ڕای گەل) لە کەرکوک.



١٩٦١/٩/٦ (پارتی دیموکراتی کوردستان) یادی قوربانیانی (١٩٣٠/٩/٦) شاری سلێمانی دەکاتەوە و خۆپیشاندانێکی مەزن ساز دەکا. ئینجا بەم بۆنەیەوە (٣) ڕۆژ ڕژێمی قاسم هێرش دەکاتە سەر کوردەکان.

١٩٦١/٩/٦ پ.د.ک.ع لە یادی شۆڕشی (شەڕی بەردەرکی سەرا) لە سلێمانی خۆپێشاندانێکی مەزنی سازدا.

١٩٦١/٩/٦ پارتی یاداشتێک ئاراستەی ڕژێمی عیراق دەکات تا مادەی ٣ی دەستووری کاتی جێبەجێ بکات، لەو مادەیەدا هاتووە کە کورد و عەرەب لەعیراقدا هاوبەشن.



محەمەد حەسەنێن هەیکەل

١٩٦١/٩/٦ ڕاگەیاندنی مانگرتن لە شارەکان لەلایەن پارتی دژ بەکردەوەی ڕژێمی عیراق، ڕێگا سەرەکییەکانی پەیوەند بەکوردستان لەلایەن چەکدارانی پارتی دەگیرێ.

١٩٧٥/٩/٦ ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی میسری (محەمەد حەسەنێن هەیکەل) گفتوگۆیەکی خۆی بەزمانی عەرەبی لەگەڵ بارزانیی نەمردا بلاو کردەوە لەژێر ناوی (ڕوو بەڕوویەک لەگەڵ هەلۆیەکی پیری کوردستان).

١٩٩٤/٩/٦ لە دانیشتنی دەسپێکی خولی دووەمی سالی ١٩٩٤ی پەرلەمانی کوردستان سەرۆک مەسعود بارزانی ئامادە دەبێت.

١٥٥٩/٩/٧ (میر سەیفەدین) میری سۆران لەلایەن عوسمانییەکان لە سێدارە دەدرێن.

١٩٣٠/٩/٧ ڕاپەڕینی سێیەمی (ئاگری) لە کوردستانی باکوور.

١٩٣٠/٩/٧ (سالح پاشا) دووا فەرمانی هێرش بۆ سەر باکووری ئاراڕات دەدات بەمەبەستی لەناوبردنی کۆماری ئاراڕات.

١٩٤٠/٩/٧ بۆمبارانی (لەندەن) لەلایەن ئەلمانییەکان زۆر بەتوندی دەبێت کە ڕۆژانە ژمارەی کوژراوەکانیان نزیکەی (٣) هەزار نەفەر بووە.

١٩٩٢/٩/٧ پەرلەمانی کوردستان دانیشتنی ژمارە (٢٩)ی ئاسایی خۆی بەبۆنەی گەڕانەوەی سەرۆک مەسعود بارزانی لە دەرەوەی ولات ئەنجام دەدات.

١٩٩٨/٩/٧ هێژا مەسعود بارزانی لە سەردانێک بۆ ئەمریکا دەگاتە واشنتۆن.

١٩٢٠/٩/٨ بۆ هێمن کردنەوەی خەلکی ناوچەی هەولێر جێگری فەرمانڕەوای ڕامیاری گشتی عیراق (ئارنۆلد ویلسۆن) دەچێتە شاری هەولێر چونکە بارودۆخەکە لەم ناوچەیە زۆر ئالۆز بوو.

١٩٣٣/٩/٨ کۆچی دوایی مەلیک فەیسەلی یەکەم پاشای عیراق لە شاری (برین).

١٩٦١/٩/٨ بناغەی مەزنترین گەراجی جیهان کە (لانک بریج بیر منگام) بوو دانرا لەلایەن کۆمپانیای ئۆتۆمبێل سازی (ئاستین) ئەو گەراجە لە (٩) نهۆم پێک هاتووە و (٣٣٠٠) ئۆتۆمبێل تێدا شوێنی دەبێتەوە بەشێوەیەکی فراوان و زۆر ئاسان.

١٩٧٤/٩/٨ ڕژێمی عیراق هێرشێکی فراوان لە دوو قۆڵ دەکاتە سەر شۆڕشی کوردان لە چیای گۆڕەز بۆ ناوچەی باڵەک وە لە چیای کوڕەک بۆ بێخاڵ بەڵام هێزی قارەمانی لەشکری شۆڕشگێری کوردستان بەرەنگاریان دەبنەوە و هێرشەکە پووچەڵ دەکەنەوە و پاشەکشە دەکەن، زیاتر لە (٤٠٠) لاشەی کوژراویان لە دوای خۆ بەجێ دێڵن جگە لە هەموو جۆرە زیانێکی تر.

١٩٦١/٩/٩ بەفەرمانی (عەبدولکەریم قاسم) سەرۆک کۆماری عیراق گردبوونەوەی کوردەکان تۆپ باران دەکەن.

١٩٦٧/٩/٩ (ڕەشید تاڵەبانی) مدیر ناحیەی (بێبو) دەیویست مەعلوماتی شۆڕش بگەیەنێتە ڕژێم و هێزی شۆڕشگێڕ ڕێگایان لێ گرت و گەیاندیانە سزای پێویست.

١٩٧٩/٩/٩ دەستی تیرۆریستەکانی ڕژێمی بەعس گەیشتە گیانی پاکی شەهید (عەبدولڕەحمان قازی) و تیرۆر کرا.

١٩٨٤/٩/٩ کۆچی دوایی سینەمازانی کورد (یەلماز گۆنای).

١٩٩٠/٩/٩ کۆبوونەوەی سەرۆک کۆماری ئەمریکا (بوش) لە گەڵ سەرۆکی ڕوسیا (گورباچۆف) لە (هێلسنکی) دەربارەی چۆنیەتی بەشداربوونیان لە لێدانی عیراق.

١٩٩٦/٩/٩ لەو ڕۆژەدا شاری شەهیدپەروەر و خۆڕاگر شاری هەڵمەت و قوربانی سلێمانی لەژێر دەسەڵاتی (ینک) لە لایەن پارتی ئازاد کرا.

١٩٢٨/٩/١٠ ڕووخاندنی کۆمارە بچووکەکەی (ئاراڕات)، کە پانیەکەی لە (٩٦٠ کم) پێکهاتبوو و لەلایەن (ئیحسان نوری پاشا) دامەزرابوو، هەروەها نەفی کردنی سەرۆکەکەی بۆ تاران.

١٩٥٩/٩/١٠ بەستنی یەکەمین کۆنگرەی مامۆستایانی سەرتاسەری کوردستان لە شارۆچکەی شەقلاوە.

١٩٦٦/٩/١٠ سوریا بەڕەسمی داوای لە کۆمپانیای نەوتی عیراق کرد بەزیاد کردنەوەی مافی پەڕاندنەوەی لولەی نەوت لە خاکی سوریا و ئەو پارەی قەرزدارە ماوەی ئەو دە ساڵەی ڕابردوو بداتەوە.



١٩٩٦/٩/١٠ ڕژێمی عیراق گەمارۆ لەسەر کوردستان هەڵدەگرێ و لێخۆشبوونی گشتی ڕادەگەینی بەڵام لە کردەوەدا هیچ ناگۆڕدرێ.

١٩٩٩/٩/١٠ کۆڕێکی سیاسی لە لەندەن بەسترا دەربارەی ئایەندەی عیراق، لەم کۆڕەدا شاندی پارتی دووپاتی کردەوە کە فیدراڵیزم هۆکاری یەکگرتنی عیراقە.

١٩٩٩/٩/١٠ .P. K.K بڕیار دەدات شەڕ دژ بەپارتی ڕابگرێ.

١٩٢٠/٩/١١ (شێخ مەحموود) بوو بەحاکمداری سلێمانی.

١٩٦٠/٩/١١ قورسترین و مەزنترین ڕۆژنامەی جیهان (نیویۆرک ساندی تایمز) بوو کە لە ٦٧٦ لاپەڕە پێک هاتبوو و هەر ژمارەی ئەو ڕۆژنامەش قورساییەکەی ٢,٨٣٥ کیلۆگرام بوو.

١٩٦١/٩/١١ بەرپابوونی شۆڕشی (ئەیلول)ی نیشتیمانی.


١٩٦٥/٩/١١ دامەزراندنی یەکێتی دیموکراتی کوردستانی (تورکیا).

١٩٧٥/٩/١١ دامەزراندنی حیزبی (پاسۆک).

١٩٨٢/٩/١١ دامەزراندنی یەکێتی (شۆڕشگێڕانی کوردستان).

١٩٩٧/٩/١١ سووتاندنی (٧٢) خانووی هاوڵاتیان لە گوندی وەرتێ لەلایەن .P.K.K

١٩٩٩/٩/١١ بەئامادەبوونی هێژا مەسعود بارزانیی خولی دووەمی ئاکادیمیای عەسکەری لە زاخۆ دەرچوون و بەپلەی ئەفسەری (ملازم) هاتنە وەرگرتن.



حوسێن حوزنی موکریانی

١٨٩٣/٩/١٢ ڕۆژی لە دایکبوونی زانا و مێژووزان و فەرهەنگ پەروەری کورد مامۆستا (حوسێن حوزنی موکریانی) لە شاری مەهاباد.

١٩٣٧/٩/١٢ دەرچوونی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی (زبان) لەلایەن شارەوانی سلێمانی.

١٩٦١/٩/١٢ پارتی نیشتمانی پێشکەوتنخوازی عیراقی لە ڕۆژنامەکەیدا ئاماژەی بۆ پتەوی برایەتی کورد و عەرەب دژ بەئیمپریالیزم دەکات.

١٩٩٢/٩/١٢ کۆچی دوایی زانای ئایینی و شاعیری کورد ڕەشاد موفتی.

١٩٩٤/٩/١٢ بەبۆنەی هەڵبژاردنی گشتی لە وڵاتی سوید شاندێکی (ی.ئا.ک.ع) سەردانی ئەم وڵاتە دەکەن کە لەسەر داواکاری (پارتی سۆسیال دیموکراتی سوید)ی بووە.

١٨٨٢/٩/١٣ برووسکەی کارگێڕی ورمێ (ڕەزائیە) بۆ وەزارەتی دەرەوە سەبارەت بەڕاسپێردراوەکانی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری سەبارەت بەمل کەچکردنی بۆ حکومەتی ئێران (ڕاستیەکەی مل کەچکردن نەبوو بەڵکو لە بەرژەوەندی بزووتنەوەکە دابوو لەو کاتەدا).


١٩١٩/٩/١٣ پارتی (کۆمۆنیستی) ئەمریکا هاتە دامەزراندن و ئێستا لقی لە پەنجا ولایەتی ئەمریکا هەیە و لەلایەن کۆمۆنیستەکانی جیهانی بەتایبەتی ڕوسیا و ڕۆژهەڵات هاتووتە ناسین.

١٩٢٧/٩/١٣ ڕاپەڕینی دووەمی (ئاگری) لە کوردستانی باکوور.

١٩٧٣/٩/١٣ هێزی ئاسمانی (ئیسرائیل) هێرشی کردە سەر (سوریا)، لەو هێرشەدا (١٣) فڕۆکەی شەڕکەری مێگ ٢١ی سوریای خستە خوارەوە.

١٨٩٩/٩/١٤ لەسەر فەرمانی سوڵتان عەبدولحەمید هۆزانوان (پیرەمێرد) دەکرێتە ئەندامی ئەنجوومەنی شاری ئەستەنبۆل.

١٩٥٩/٩/١٤ دەرچوونی ڕۆژنامەی (ڕای گەل) لە کەرکووک.


موسابەگ ئۆغزبەگ گەردی

١٩٦١/٩/١٤ (موسابەگ ئۆغزبەگ گەردی) پێشمەرگەی قارەمان و دلێر و خۆشەویستی بارزانیی نەمر و یاوەری بۆ سۆڤیەت لە (شانەشا گەروێ بیرێ) شەهید دەکرێت و تەرمە پیرۆزەکەی لە گۆڕستانی هەجیر بەخاک دەسپێرن.

١٩٨٢/٩/١٤ سەرۆکی کۆماری لوبنان (بشير الجميل) لە دوای چەند حەفتە کە هاتبووە سەرکار لە (بەیروت) هاتە کوشتن.

١٩٨٥/٩/١٤ کۆچی دوایی مەلا حەسنی کوردی (هشیار).

١٩٨٦/٩/١٤ بیست و یەکەمین کۆنگرەی (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد) لە ئەوروپا لە بەرلینی ڕۆژئاوا دەست پێکرا.

١٩٨٧/٩/١٤ داستانە بەناوبانگەکەی (کانی ماسی).

١٩٩٢/٩/١٤ پەرلەمانی کوردستانی بەبڕیاری ژمارە (١٤) فەرمانی دامەزراندنی زانکۆی دهۆکی دا.

١٩٩٣/٩/١٤ کۆنگرەی (٩٠) ساڵەی لە دایکبوونی بارزانیی نەمر لە هاوینە هەواری سەلاحەدین.



١٩٩٥/٩/١٤ تیرۆرکردنی (دکتۆر محەمەد قەرەداغی) لەلایەن (ینک).

١٨٨٠/٩/١٥ ڕزگار و ئازادکردنی شاری لاهیجان لە ئێران لەلایەن سوپای شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری.

١٨٨٢/٩/١٥ برووسکەی باڵوێزی ئێران لە ئەستەنبۆل بۆ وەزارەتی دەرەوە دەربارەی تێکشکانی عوسمانییەکان لە میسر لە بەرامبەر بەریتانیا و داوای شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بۆ مانەوەی لە مووسڵ.

١٨٩٢/٩/١٥ خەتەرترین و دوژمنترین ئامرازی دوژمنی ئادەمیزاد (ڤیرۆس) لەلایەن زانای ڕوسی (ئیوانۆڤسکی) هاتە پەیدا کردن.

١٩٢٠/٩/١٥ شەڕێکی گەورە نێوان هۆزی سورچییەکان (کە لە ٦٠٠ جەنگاوەر پێکهاتبوو) و ئینگلیزەکان لە ناوچەی زێی گەورە، لەم شەڕەدا زیانێکی زۆر گەورە بەسورچییەکان گەیشت.

١٩٥٥/٩/١٥ ناحیەی شارەزوور نوێ کرایەوە و ئەو ناوەی بۆ دانرا، شوێنی کەسایەتی کوردی و زانست و مێژووی کوردە، مەرکەزی ناحیەی شارەزوور گوندی (سەید سادق) بووە.

١٩٧٢/٩/١٥ کۆچی دوایی (بەنگینە)ی شاعیر.

١٩٧٤/٩/١٥ سەدام حوسێن دەڵێ ئەمڕۆ ئێوارە دەبێ نان لە گەڵاڵە بخۆم (بەڵام داخی گرانی خەونەکەی نەهاتە دی و سەری نەگرت و گەڵاڵە بەشانازیەوە لە دەستی ڕۆڵەکانی مایەوە).

١٩٩١/٩/١٥ هێنانەوەی تەرمی ٢٣ شەهیدی شارۆچکەی شەقڵاوە (لە ساڵی ١٩٨٧ هاتبوونە شەهید کردن لەلایەن ڕژێمی عیراق) کە لە گۆڕێکی بەکۆمەڵدا دۆزرابوونەوە.

١٩٩٢/٩/١٥ دەرچوونی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی پەرلەمان کە ڕۆژنامەی ڕەسمی پەرلەمانی کوردستانی عیراقە.

١٩٩٥/٩/١٥ لە پایتەختی نەرویج (ئۆسلۆ) بۆ یەکەم جار کۆنفرانسێک لەسەر مافی مرۆڤ لە کوردستاندا گرێ درا و ئەم کۆنفرانسە هەشت ڕۆژی خایاند.

١٩٩٥/٩/١٥ بەستنی کۆنگرەی حەفتەمی (حزب الاتحاد الشعبي الكردي في سوريا).

١٩٩٨/٩/١٥ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دەستەیەک لە کارمەندانی کە دەستیان هەبووە لەسەر بەچاپ گەیاندنی (١٧) پرۆتۆکۆلی پەرلەمان، لە هۆڵی پەناگیری پەرلەمانتاران خەڵات دەکات.

**١٩٩٩/٩/١٥** هێژا مەسعود بارزانی پیرۆزبایی نامەیەک ئاراستەی ڕۆڵەکانی جالیەی کورد لە سعوودیە و وڵاتەکانی کەنداو دەکات.

**١٩٩٩/٩/١٥** لە دانیشتنی دەسپێکی دووەمی ساڵی ١٩٩٩ی پەرلەمانی کوردستان سەرۆک مەسعود بارزانی ئامادە دەبێت.

**١٩٤٢/٩/١٦** دامەزراندنی کۆمەڵەی (ژیانەوەی کورد).

**١٩٦١/٩/١٦** (عەبدولکەریم قاسم) فڕۆکە جەنگییەکانی (شەڕکەر) نارد بۆ بۆمباران کردنی بارزانیی نەمر و هێرشیان کردە سەر بارزان.

**١٩٦١/٩/١٦** بۆ یەکەمین جار ئیزگەی بەغدا دان بەشۆڕشی کورد دەنێت و دەڵێ شۆڕشەکە لەناوبردرا.

**١٩٦٩/٩/١٦** لە گوندی (سۆریا)ی مەسیحی کە دەکەوێتە سێ گۆشەی سنووری عیراق و سوریا و تورکیا مینێک تەقیەوە لەژێر ئوتومبێلێکی سەربازی بێ ئەوەی خەڵکی گوندەکە ئاگاداربن، فەرماندەی ئەو کاتەی (جیش الشعبي) (عەبدولکەریم) خەڵکی گوندەکە بەتێکڕایی کۆ دەکاتەوە لەگەڵ قەشەی گوندەکەو هەموویان گوللەباران دەکات.

**١٩٨٩/٩/١٦** دامەزراندنی (لیژنەی هاریکاری کوردە ئاوارەکان) لە وڵاتی هۆڵەندا بەمەبەستی یارمەتیدانی کوردە ئاوارەکانی کوردستانی باشوور لە کوردستانی باکوور.

**١٩٩٩/٩/١٦** شاندێکی ڕێکخراوی (ژیان) لە ئەمریکا گەیشتە کوردستان و کۆمەڵێک سەرچاوەی گرنگی پێشکەش بەزانکۆی سەلاحەدین کرد.

**١٩٥٦/٩/١٧** یانەی وەرزشی لە شاری سلێمانی دامەزرا.

**١٩٧٨/٩/١٧** مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی (کەمپ دێڤید) نێوان میسر و ئیسرائیل.

**١٩٨٠/٩/١٧** سەدام حوسێن لە تەلەفزیۆنی بەغدا و لە پێش چاوی خەڵکی عیراق پەشیمانی خۆی لە پەیمانە شووم و خیانەتکارانەکەی جەزائیر ڕاگەیاند و دەقەکەی لە پێش چاوی خەڵک دڕاند.

**١٩٩٢/٩/١٧** شەهیدکردنی سادق شەرف کەندی سکرتێری گشتی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری بەرلین.

**١٩٩٤/٩/١٧** کۆچی دوایی خاتوو (لێنێت مێجەرسۆن)، کە پێش مردنی نیوەی پارەی خانووەکەی تەرخان کردبوو بۆ خەڵکی هەڵەبجە و سلێمانی.

**١٩٩٦/٩/١٧** دەرچوونی ڕۆژنامەی (هەرێمی کوردستان) لە هەولێر.



**١٩٣٢/٩/١٨** حکومەتی (حیجاز و نەجد) ناوی خۆی گۆڕی و بووە حکومەتی پاشایەتی (عەرەبستانی سعوودی).

**١٩٩٤/٩/١٨** جەبار فەرمان نامەیەک بۆ مام جەلال ڕەوانە دەکا و لە نامەکەدا دان بەوە دەنێت کە کوشتنی کادیری بزووتنەوەی ئیسلامی (تالیب حەمەشین) لە ئەستۆی دایە.

**١٨٨٢/٩/١٩** برووسکەی کارگێڕی شاری وان بۆ وەزارەتی دەرەوە دەربارەی داوای سوڵتانی عوسمانی لە شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری سەبارەت بەچوونی بۆ مەککە.

**١٩٦٨/٩/١٩** دەستنیشان کرا کە شەوەکەی دەسپێکی هێرش، هێرش بکرێت بۆ دوکان بەسەرکردایەتی عەزیز عەقراوی و ڕەشید سندی، لە سەرەتای هێرشەکەدا پیرۆزییەکی چاک بەدەست هێنرا و بارەگای هێزی سوپای عیراق ئازاد کرا و بەدەیان لاشەیان لە مەیدانی شەڕ بەجێ ماو دەیانیان بەخسیر کرا.

**١٩٦٩/٩/١٩** شاندێکی عیراقی کە بریتی بوون لە (سامر عەزیز نەجم، فوئاد عارف) بەمەبەستی گفتوگۆ چاویان بەبارزانیی نەمر دەکەوێت.

**١٩٩٩/٩/١٩** بەیاننامەی هاوبەشی هەر دوو (م.س) ی (پارتی و ینک) بەبۆنەی تێپەڕ بوونی ساڵێک بەسەر ڕێکەوتننامەی واشنتۆن بڵاو کرایەوە.

**١٨٨٠/٩/٢٠** جوولاندنی هێزەکانی کورد (قۆڵی یەکەم) بەسەرکردایەتی شێخ عەبدولقادر و هەمزە ئاغای مەنگوڕ بەرەو دەڤەری شاری شنۆ و موکریان.

**١٩٢٣/٩/٢٠** بڵاو بوونەوەی ڕۆژنامەی (ئومێدی ئیستقلال) لە شاری سلێمانی کە ئۆرگانی بزووتنەوەی (شێخ مەحموودی حەفید) بوو.

**١٩٢٧/٩/٢٠** تێکچوونی ڕاپەڕینی دووەمی (ئاگری).

**١٩٤٧/٩/٢٠** کۆچی دوایی مێژوونووسی کورد (داماو حوسێن حوزنی موکریانی) لە شاری بەغدا و تەرمەکەی گۆزرایەوە بۆ شاری هەولێر.



حوسێن شەکر گەردی

**١٩٧٠/٩/٢٠** کۆچی دوایی پێشمەرگەی قارەمان و یاوەری بارزانی نەمر بۆ یەکێتی سۆڤیەت (حوسێن شەکر گەردی).

**١٩٦٢/٩/٢١** ئازادکردنی بنکەکانی بەمۆ و سەرتک لە ناوچەی خانەقین و ناوچەی تاوکۆری و شمێران و نەورۆڵی و هەورامان و بناری سورێن، هەروەها ناوچەی شارباژێڕ لەلایەن لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان و دەستنیشانکردنی ماوەت بۆ م.س....

٢١/٩/١٩٧٠ دامەزراندنی (یەکێتی زانایانی ئایینی کوردستان).

٢١/٩/١٩٩٢ تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی کورد (موسا عەنتەر) لە پێش ماڵی خۆی لە دیاربەکر.

٢١/٩/١٩٩٣ خاتوون فرێلی گورپی ئیتالی سەردانی پەرلەمانی کوردستان دەکات.

٢٢/٩/١٩٧٣ کۆچی دوایی (ڕەمزی قەزاز).

٢٢/٩/١٩٨٠ هەڵگیرسانی شەڕی (عیراق و ئێران).

٢٢/٩/١٩٨٥ لیژنەی ڕێکخستنی ئاسایشی دهۆک سەر بەڕژێمی عیراق، بڕیاری ٢٣٦ بۆ داخستنی ٢٠٨ قوتابخانەی گوندەکانی ناوچەی دهۆکی دەرکرد.

٢٣/٩/١٨٨٠ سوپای شێخ عوبەیدوڵلای نەهری ناوچەی شووشەوان ئازاد و ڕزگار دەکەن.

٢٣/٩/١٩٥٥ (ئینگلیز و پاکستان) پەیوەندیان کردو بوونە ئەندام لە(پەیمانی بەغدا).

٢٣/٩/١٩٦١ عەبدولکەریم قاسم لە گرێدانێکی ڕۆژنامەوانی دا دەڵێت شۆڕشی کوردان لە باکوری عیراق کۆتایی پێ هات کە لەو کاتەدا چەند پیرۆزی و دەستکەوت هاتبووە کایەوە دژ بەرژێمی عیراق.



جابر ئەلئەحمەد

٢٣/٩/١٩٧٥ کۆچی دوایی شاعیری کورد (مەلا مستەفای عاسی).

٢٣/٩/١٩٨٠ (١٥٤) فڕۆکەی عیراقی بۆ یەکەم جار و (١٠٠) فڕۆکەی تر بۆ دووەم جار ئێرانیان بۆمباران کرد و هێرشی زەمینیان هێنایە سەر ئابادان و قەسر شیرین.

٢٣/٩/١٩٨٩ ئەمیری کوێت شێخ (جابر الاحمد)، بەبۆنەی کۆتایی هاتن بەشەڕی (٨) ساڵەی نێوان ئێران و عیراق بۆ پیرۆزبایی سەردانی عیراق دەکات.

٢٣/٩/١٩٩٠ (مجلس قیادة الثورة)ی عیراقی بڕیار دەدات ئەگەر عیراق بکەوێتە ژێر هێرش، بەمووشەک لە (ئیسرائیل) و نەوتی کوێت دەدات.

٢٣/٩/١٩٩٢ (پەرلەمانی) کوردستان بڕیاری وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە دەدات بۆ یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.



٢٣/٩/١٩٩٢ ئۆپۆزسیۆنی عیراقی کۆبوونەوەیەک لە هاوینەهەواری سەڵاحەدین ساز دەدات و بەڕێز (مەسعود بارزانی) وتەیەکی بەنرخ پێشکەش بەئامادەبووان دەکات.

٢٣/٩/١٩٩٥ شاندێک لە پەرلەمانی ئەڵمانی کە لە نوێنەرانی زۆربەی پارتەکان پێکهاتبوو سەردانی وڵاتی سوریا دەکەن و لەسەر وەزعی کوردان و مافەکانیان گفتوگۆ دەکەن.

٢٣/٩/١٩٩٩ وەفدی پارتی بەسەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی لە واشنتۆن لەگەڵ خاتوو (ئەلیزابێت یۆنز) جێگری یەکەمی یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کۆ دەبێتەوە.


٢٤/٩/١٩٦٨ ڕژێمی بەعسی عیراق بەڕەسمی دان بەجەژنی نەورۆز دەنێت کە جەژنێکی کوردە لە کوردستانی باشوور.

٢٤/٩/١٩٧٠ پارتی دیموکراتی کورد لە لوبنان (پارتی) لەلایەن حکومەتی لوبنان مۆڵەتی ڕەسمی پێ دەدرێت.

٢٤/٩/١٩٧٤ (هاشم ئاکرەیی) لەلایەن ڕژێمی عیراقەوە دەبێتە بەڕێوەبەری ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە کوردستانی باشور.

٢٤/٩/١٩٩٩ هێژا مەسعود بارزانی پێشوازی لە شاندێکی پەرلەمانی تورکیا دەکات.

٢٥/٩/١٨٨٠ گەیشتنی جەنگاوەرانی کورد بۆ شنۆ و دەڤەرەکەی.



مەلیک حوسێن


٢٥/٩/١٩٦٥ مەلیک (حوسێن) بەسەفەرێکی تایبەتی دێتە تاران بۆ دیتنی شای ئێران و شێوەی یارمەتیدانی بە(بارزانی) نەمر، مەلیک (حوسێن) بەپێویستی دەزانی ئەو گرفتە چارەسەر بکات.

٢٥/٩/١٩٦٧ کۆنگرەی دووەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەسترا.

٢٦/٩/١٩٨٧ شێرە ژنێکی کورد لەناو شاری هەولێردا لەبەردەمی مزگەوتی سپی، دوو فڕۆکەوانی ڕژێمی فاشی عەقیدێک وموڵازم دووەمێکی بەسزای گەل و شۆڕش گەیاند.

٢٦/٩/١٩٩٤ کردنەوەی ئۆردوگای پەنابەرانی ئەتروش بۆ برا کوردەکانمان لە تورکیا کە زیاتر لە (١٠) هەزار نەفەری دەگرتە بەرخۆ، ئەم ئۆردوگایە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهاوکاری کۆمیتەی پەنابەرانی جیهانی دروستی کردبوو.

**١٩٩٦/٩/٢٦** کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی دکتۆر (ڕۆژ نوری شاوێس) بڕوایی خۆی لەلایەن پەرلەمانی کوردستان بەدەست هێنا.


د. ڕۆژ نوری شاوێس

**١٩٩٦/٩/٢٦** سەرۆک مەسعود بارزانی لە دانیشتنی ژمارە ٣ی ئاسایی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان بۆ متمانەدان بەکابینەی سێیەم ئامادە دەبێت.

**١٩٩٧/٩/٢٥** بزووتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی کوردستان مۆڵەتی پێدرا بەسەرۆکایەتی (مەلا صدیق عەبدولعەزیز).

**١٩٩٩/٩/٢٦** نوێنەرانی حکومەتی کوردستان بەشداری لە کۆنگرەی ساڵانەی حیزبی کرێکارانی بەریتانیا دەکەن کە هاوکاتە لەگەڵ تێپەڕ بوونی (١٠٠) ساڵ بەسەر دامەزراندنیدا.

**١٨٨٠/٩/٢٧** گەیشتنی هێزەکانی کورد (سوپای سەر بەشێخ عوبەیدوڵلای نەهری) بۆ شنۆ.

**١٩٦٣/٩/٢٨** ئیزگەی (دەنگی کوردستانی) عیراق کرایەوە.

**١٨٨٠/٩/٢٩** گەیشتنی قارەمانانی کورد بۆ ناوچەی موکریان و گرتن و ئازادکردنی شاری مەهاباد و دەڤەرەکەی.

**١٩٤٤/٩/٢٩** کۆمەڵەی (ژ.ک) ئیدارەی ناوەندی نامەیەک ئاراستەی سەرکۆنسولی یەکێتی سۆڤیەتی ئەوکاتە لە شاری تەبرێز دەکات و لە سەرەتای نامەکەدا دەنووسن (بژی کورد و کوردستانی گەورە) (بەحورمەتەوە ڕادەگەیەنن چەند ڕۆژ پێش قشوونی ئێران ویستوویەتی بچێ بۆ مەریوان کە حەمەڕەشید خان پێشی گرتوون، دوای ئەم ڕووداوە ژەنەراڵ هۆشمەند کە فشار دێنێتە مەهاباد و دەیەوێ قشوونی ئێرانی بگەڕێنێتەوە ئەو شارە و وەسەر سەقزی بخات).

**١٩٤٧/٩/٢٩** (بارزانی) نەمر لە شاری (نەخچەوان) کۆماری ئەرمینیا گوێزرایەوە بۆ شاری (باکۆ).

**١٩٦٥/٩/٢٩** دۆستی بارزانیی نەمر مەحموود بابان دەگاتە لای بارزانیی نەمر و دوو نامەی جیای حکومەتی بەریتانیا و پاشای ئوردون (مەلیک حوسێنی) تەسلیم



بەبارزانیی نەمر دەکات کە ناوەڕۆکەکەی پلان دانانێک بووە بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی عیراق کە پێویست بوو پشتیوانی شۆڕشی کورد بۆ ئەم مەبەستە بەدەست بێنن و....

**١٩٧٠/٩/٢٩** کۆچی دوایی سەرۆک کۆماری میسر و دۆستی (کورد و سەرۆک بارزانی نەمر) جەماڵ عەبدولناسر.

**١٩٧١/٩/٢٩** پیلانی بەعسیەکان دژ بەگیانی (بارزانی) نەمر لە حاجی ئۆمەران.

**١٩٨٨/٩/٢٩** یەکەم گۆڤاری (بەرەی کوردستانی) بلاوکرایەوە.

**١٨٨٠/٩/٣٠** (خان بابا خان) بەفەرمانڕەوای ساباڵاخ دادەنرێت.

**١٩٢٢/٩/٣٠** شێخ مەحموود لە دیلی ڕزگار بوو و گەیشتەوە سلێمانی.

**١٩٢٤/٩/٣٠** لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان بڕیاری سپاردنی کێشەی مووسڵ بەلیژنەیەکی تایبەتی سێ قۆڵی کە پاش مانگێک ناویانی دیاری کرد سپێردرا.

**١٩٤٥/٩/٣٠** بارزانیی نەمر و پێشمەرگەکانی چیای پیرس بەجێ دێڵن بۆ بیراکەپرە کە لەڕێگا تووشی پەلامارێکی دڕندانەی سەختی جاشەکانی سورچی و زراری لە دوولاوە دەبن کە لە دوای شەڕێکی سەخت جاشەکان بەتێکڕایی بەزین و لە شۆڕشگێران خالد زوبێر بارزانی و مەلا شێخۆ شانەدەری شەهید دەبن.


زکری یەحیاخان کەردی

**١٩٨٥/٩/٣٠** شەهیدبوونی فەرماندەی ئازا و دڵسۆزی پارتی و بارزانیی نەمر (زکری یەحیا خان گەردی) بەهۆی بۆمبابارانی فڕۆکەکانی ڕژێمی عێراق لە ناوچەی پەیمان.

**١٩٩٢/٩/٣٠** بڕیاری قەدەغەکردنی ناوی کوردی لە کاتی لە دایکبوونی منداڵەکانی کورد لە سوریا لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی سوریا.


**١٩٦٥/٩/٣١** (عەبدولڕەحمان بەزاز) دەبێتە سەرۆک وەزیری عیراق.

***

## ١٠
## تشرین یەکەم

١/١٠/١٩١٨ فەیسەڵ کوڕی مەلیک حوسێن بەپاڵپشتی هێزێکی گەورە دەگاتە شام و بەهۆی یەکێک لە سەرکردە سورییەکانی کە کورد بوو بەناوی (شوکری ئەیوبی) ویستی ئاڵای عەرەبی لە وڵاتی سوریا هەڵواسێ و لە دوای سێ ڕۆژ ئارەزووەکانی هاتە دی بەقارەمانیەتی ئەو سەرکردە کوردە.

١/١٠/١٩٧١ پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران نامەیەکی ناڕەزایی ئاراستەی سەرکردایەتی پارتی دەکات سەبارەت بەهەوڵی تیرۆرکردنی بارزانیی نەمر لەلایەن ڕژێمی عیراقەوە.


موعەمەر قەزافی

١/١٠/١٩٧٩ کۆنگرەی بەنغازی لە لیبیا، سەرۆک کۆماری لیبیا (موعەمەر قەزافی) پشتگیری خۆی بۆ شۆڕشی کورد و مافی چارەنووسی دەربڕی.

١/١٠/١٩٨٦ ئیعدام کردنی (٢٣) هاوڵاتی لە شەقامەکانی سلێمانی.

١/١٠/١٩٩٩ نوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارتی لە کۆنگرەی ساڵانەی حیزبی کرێکارانی بەریتانیا بەشداری دەکەن.

٢/١٠/١٨٨٠ گرتنی شاری میاندواب و دەڤەرەکەی لەلایەن لەشکری کورد.

٢/١٠/١٩٤٣ داستانە بەناوبانگەکەی (شانەدەر) کە بارزانیی نەمر خۆی بەشداری تێدا کردبوو.

٢/١٠/١٩٦٦ وەزیری بەرگری ڕژێمی عیراق (شاکر مەحمود شوکری) لە شارۆچکەی گەڵاڵە سەردانی بارزانیی نەمر دەکات، ئەم سەردانە بۆ دڵنیاکردنەوەی بارزانیی نەمر بوو سەبارەت بەجێبەجێ کردنی بەیاننامەی حوزەیران و پێویستی دیدارێک نێوان بارزانیی نەمر و سەرۆک کۆماری عیراق سەبارەت بەباسکردن لە گشت گرفتەکانی هەڵواسراو نێوان هەردوو لا.

٣/١٠/١٩٧١ کۆنگرەی دامەزراندنی (یەکەم) یەکێتی قوتابیانی کوردی لوبنان بەسترا.



٣/١٠/١٩٩٠ لە مێژوودا بۆ یەکەمین جار میللەتی کورد بە ٣٠٠ کتێب بەشداری لە پێشانگای جیهانی کتێبدا لە فرانکفۆرد دەکات.


بارزانی لەگەڵ جەمال عەبدولناسر

٤/١٠/١٩٢٢ سمکۆی شکاک خۆ دەگەیەنێتە باشووری کوردستان.

٤/١٠/١٩٥٨ بارزانیی نەمر لە کاتی گەڕانەوەی لە سۆڤیەت، لە میسر چاوی بەجەماڵ عەبدولناسر دەکەوێت.

٤/١٠/١٩٥٩ بەستنی کۆنگرەی چوارەمی پارتی لە بەغدا.

٤/١٠/١٩٦٣ سەرکردەی ماندوونەناس عیسا سوار و جێگرەکەی عەلی هالۆ فەرمانی هێرش بردنە سەر ڕژێم دەدەن لە چیای مەتین کە شەڕێکی یەکجار سەخت بەدەستە شەڕ و چەکی سپی لە نێوان هەردوو هێز ڕوو دەدات تا بەیانی ڕۆژی پاش و لە ئاکامدا دوژمن دەشکێت و چیای مەتین ئازاد دەکرێت.

٤/١٠/١٩٩٢ ڕاگەیاندنی فیدراڵیەت بۆ کوردستان.

٥/١٠/١٨١٤ پاشای کۆرە بڕوا پێکراوی سەندوقی میرنشینی سۆران (عەبدوڵلا ئاغا) لە سێدارە دەدات.

٥/١٠/١٩٢٧ دامەزراندنی کۆمەڵەی (خۆیبی بوون)ی کورد.

٥/١٠/١٩٤٨ بوومەلەرزەیەکی بەهێز ڕوسیای هەژاند، (١١٠) هەزار نەفەر هاتنە کوشتن، هێزەکەی (٧/٣) ڕیشتێر بوو.

٥/١٠/١٩٦٢ گرتنی ئامار (سەرژمێری) لە سوریا بەرۆژێک و ڕووت کردنەوەی (١٥٠) هەزار کورد لە ناسنامەی سوری کە هاوڵاتی سوری بوون.

٥/١٠/١٩٧١ یەکەم قوتابخانەی کوردی بەناوی ١١ی ئازاری سەرەتایی کوڕان لە گەڕەکی نەبی یونس لە مووسڵ کە زۆربەی کورد بوون کرایەوە و ژمارەی قوتابیانی (٢٧٥) قوتابی بوو.

٥/١٠/١٩٧٩ بەستنی کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی نوسەرانی کورد لە بەغدا.

٥/١٠/١٩٩١ ڕژێمی عیراق شارەکانی (سلێمانی، کفری، کەلار، عەربەت) تۆپباران دەکات و بەهۆیەوە دەیان هاوڵاتی شەهید و بریندار دەبن.

٦/١٠/١٨٨٠ برووسکەی کارگێڕی تەوریز بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئێران دەربارەی بزووتنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری.

٦/١٠/١٩٤٥ دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری هاواری کورد کە لەسەر بەرگی یەکەمیدا تەنیا هاوار نوسرابوو و لەسەربەرگی دووەمی هاواری کورد.

٦/١٠/١٩٥٨ گەڕانەوەی بارزانیی نەمر لە سۆڤیەت.

٦/١٠/١٩٥٨ مام جەلال سەردانی بارزانی نەمر دەکات لە کاتی گەڕانەوەی بارزانی نەمر لە سۆڤیەت.

٦/١٠/١٩٦١ هەردوو ئەندامی (م.س)ی حیزب (عومەر دەبابە و عەلی عەبدوڵڵا) دەگەنە بارزان بەمەبەستی کۆبوونەوە لەگەڵ بارزانیی نەمر بۆ تەنسیق کردن نێوان هێزی بارزان و هێزی پارتی و....

٦/١٠/١٩٧٩ چوار ڕۆڵەی کورد لە سەقز بەدەستی (خەلخالی) لە ئێران گوللە باران دەکرێن.

٦/١٠/١٩٨١ تیرۆرکردنی سەرۆک کۆماری میسر (محەمەد ئەنوەر سادات).

٦/١٠/١٩٩٢ بەستنی کۆنگرەی نۆیەمی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لە هۆڵی میدیای شاری هەولێر لەژێر دروشمی (ڕووەو پتەوکردنی ریزەکانی مامۆستایانی کوردستان و گەشەپێدانی پەروەردە و پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران لەپێناوی وەدیهێنانێ ئامانجە نیشتمانی و دیموکراسی و پیشەییەکان لە کوردستانی فیدراڵ) بەبەشداربوونی (٢١٣) ئەندامی کۆنگرە لە مامۆستایان.

٦/١٠/١٩٩٣ هەردوو تەرمی نەمران (بارزانیی نەمر و کاکە ئیدریسی جوانەمەرگ) هێنرایەوە بەرەو زێدی باب و باپیرانیان لە گوندی بارزان و هەر لەوێ بەخاک سپێردران.

٦/١٠/١٩٩٦ سەرۆک کۆماری لیبی (موعەمەر قەزافی) لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا لە شاری تەرابلس بەرامبەر سەرۆک وەزیرانی وەختی تورکیا (نەجمەدین ئەربەکان) گوتی پێویستە کورد ببێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ، لەسەر ئەوە تورکیا باڵوێزی خۆی لە لیبیا کێشایەوە.

٦/١٠/١٩٩٨ دامەزراندنی پارتی (الانقاذ القومي التركماني) بەسەرۆکایەتی (شێرزاد حەوێزی).



٦/١٠/١٩٩٩ کۆنگرەی دووازدەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هۆڵی زەرد لە هەولێری پایتەخت بەسترا.

٦/١٠/ - جەژنی ئیحتیشای برا ئێزیدیەکان.

٧/١٠/١٩٢١ سمکۆی شکاک هێرش دەباتە سەر مەهاباد و سوپای ئێران تێک دەشکێنی و (٤٠٠) ژاندارم بەدیل دەگرێت و ئەوانی تر دەکوژرێن.

٧/١٠/١٩٦٤ دامەزراندنی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە (٦٣) ئەندام، ئەم ئەنجوومەنەش مەکتەبی تەنفیزی هەڵبژارد (سەرۆک، سکرتێر، ئەندامان).

٨/١٠/١٩٥٥ (مام جەلال) نامەیەک بۆ (بارزانیی) نەمر لە سۆڤیەت ڕەوانە دەکات.

٩/١٠/١٩٢٦ شێخ (مەحموود)ی نەمر لە خورماڵ لەگەڵ (کورانوالیس) کۆمیساریای بەرزی بەریتانیا کۆ دەبێتەوە و فڕۆکەوانەکەی بەدیل گیراو تەسلیم دەکاتەوە.

٩/١٠/١٩٥٦ کۆچی دوایی شێخ (مەحموود)ی نەمر.

٩/١٠/١٩٦٣ هەردوو یەکێتی لەشکری، سوپای ڕژێمی عیراق و سوریا ڕادەگەیەن کە شۆڕشی کورد سەرکوت دەکەن.

٩/١٠/١٩٦٤ سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول بۆ یەکەمین جار یاسای بەڕێوەبردنی ناوچە ئازادکراوەکان بڵاو دەکاتەوە.

٩/١٠/١٩٦٧ بارزانیی نەمر فەرمانی دایە هێزەکانی (دەشتی هەولێر، سەفین، کاوە) کە هەریەکە نیوەی هێزەکانیان بنێرن بەرەو سلێمانی، بارزانیی نەمریش لەگەڵ تەواوی هێزی هەڵگورد کە هەزار پێشمەرگە دەبوو چوون کە لە مێژووی ١٠/١٠/١٩٦٧ دەسپێکی هێرشێک بکەن.

٩/١٠/١٩٩٠ کۆچی دوایی شاعیر و نووسەری کورد (کاکە فەللاح).

٩/١٠/١٩٩٩ کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەگەری هێزا بارزانی و مام جەلال سەبارەت بەڕێکەوتننامەی واشنتۆن.

١٠/١٠/١٩٢٢ ڕاگەیاندنی کابینەی وەزیران لەلایەن شێخ (مەحموود)ی نەمر.

١٠/١٠/١٩٢٢ شێخ مەحموودی نەمر یەکەمین ئەنجوومەنی شارەوانی لە شاری سلێمانی دادەمەزرێنێ.

١٠/١٠/١٩٤٥ بۆمبارانی سەختی (لەندەن لەلایەن ئەڵمانیەکان بەهاوبەشی فڕۆکەکانی ئیتالیایی).

١٩٦١/١٠/١٠ برووسكەی پارێزگاری مووسڵ بەژمارە (٢٧٦٥) بۆ قایمقامی ئاكرێ كە دەڵێ ئێستا بارزانی (نەمر) لە گوندی ڕێزانە و هەوڵ دەدرێت بۆ تەسلیم بوونەوەی.

١٩٦٤/١٠/١٠ پەیامی دەستنیشان كردنی سنووری نێوان عیراق و كوێت ئیمزا كرا لەسەر بناغەی پرۆتۆكۆڵی ساڵی (١٩٣٢) ئینگلیز و عیراق.

١٩٩٢/١٠/١٠ دامەزراندنی پارتی یەكێتی توركمانی بەسەرۆكایەنی (د.سەیفەدین دامرچی).

١٩٩٣/١٠/١٠ وەفدێكی پەرلەمانی كوردستان كە پێكهاتبوو لە (١٤) ئەندام سەفەرێكیان كرد بۆ دەرەوەی وڵات بەمەبەستی بەشداربوونیان لە كۆنفرانسی برۆكسل.

١٩٩٤/١٠/١٠ كۆچی دوایی نوسەری كورد عوسمان سەبری.

١٩٩٦/١٠/١٠ نامیلكەیەک بەناوی (بنك المعلومات العراقي) لەلایەن (المجلس الاعلى) بڵاو كرایەوە زۆربەی لەسەر پارتی و بزووتنەوەی ئازادیخوازی كوردە، بێ ویژدانانە باسی هەندێ شتی لێ كراوە سەبارەت بەپارتی و سەركردایەتیەكەی كە دوور بووە لە واقعیەتدا.

١٩٤٥/١٠/١١ (بارزانی) نەمر هێزەكانی دەكشێتەوە ناو خاكی كوردستانی ئێران.

١٩٦٤/١٠/١١ یاداشتنامەیەكی بارزانیی نەمر بۆ (عەبدولسەلام عارف) دەربارەی درێژە پێدانی حكومەت بەو پەیمانانەی كە داویەتی پێش و پاش ئاگربەس و درێژە پێدانی پرۆژەی حوكمی زاتی (ئۆتۆنۆمی).

١٩٧٥/١٠/١١ كۆچی دوایی ئایەتوڵڵا (محەممەدی مەردۆخی) زانای كورد.

١٤٩٢/١٠/١٢ دۆزینەوەی وڵاتی ئەمریكا لەلایەن (كریستۆف كۆلۆمبس).

١٨٨٣/١٠/١٢ كۆچی دوایی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە شاری مەدینە.

١٩٤٣/١٠/١٢ كۆچی دوایی شاعیری كوردی مەزن (مەلا محەممەدی كۆیی).

١٩٤٣/١٠/١٢ شەڕی بەناوبانگی (خێروزوک).

١٩٩٢/١٠/١٢ كۆبوونەوەیەكی بەرەی كوردستانی لە هۆڵی پەرلەمانی كوردستان بەسترا كە تیایدا (هێژا مەسعود بارزانی، مام جەلال، عەزیز محەمەد) وتاری خۆیان پێشكەش كرد و ڕایانگەیاند كە پشتیوانی تەواوی خۆیان لە پەرلەمانی كوردستان دەكەن.



١٩٩٦/١٠/١٢ هێژا مەسعود بارزانی بانگەوازێكی بەپەلە ئاراستەی سەرجەم وڵاتانی جیهان دەكات سەبارەت بەپەلاماری دڕندانە و داگیركاری ئاشكرای ئێران بۆ سەرخاكی پیرۆزی كوردستانی عیراق.



دەستەی كادیرانی لقی٨ و ل.ن زێوە

١٩٩٨/١٠/١٢ دەستەی كادیرانی گیراوی (لقی٨ و ل.ن)ی زێوە كە لەلایەن ئیتلاعاتی ئێران دەستگیر كرابوون ئازاد دەكرێن وە تەسلیم بەوەفدی پارتی دەكرێن لە ئوتێل سامانی كەرەج.

١٩٢١/١٠/١٣ پەیمانی (قارس) لە نێوان توركیا و سۆڤیەت لە شاری قارس مۆر كرا، وەكو خۆیان دەڵێن ئەو پەیمانە گشت پیلانەكانی ئیمپریالیزمی هەڵوەشاندەوە سەبارەت بەئەرمەنیەكان و كوردەكان.

١٩٣٣/١٠/١٣ ئاسایشی نێو دەوڵەتی گەلان بڕیار دەدات كە دۆزی ئاشوریەكان لە عیراق گرفتێكی ناوخۆیی عیراقە و دەوڵەتی عیراق چۆن بەپەسند بزانی ئەو گرفتە چارەسەربكات مافی خۆی هەیەو مافی كەس نییە دەست لەم گرفتە وەردات. بڕیار دەدات بەدامەزراندنی لیژنەیەک بۆ ئەو ئاشوریانەی كە دەیانەوێ خاكی عیراق بەجێ بهێلن و خانوویان بۆ دابین بكرێت لەو شوێنەی كە نیشتەجێ دەبن.

١٩٩٩/١٠/١٣ (٥٠) نووسەر و هونەرمەندی ناوداری جیهان داوا دەكەن كێشەی كورد لە توركیا چارەسەر بكرێت.

١٩٩٩/١٠/١٣ كۆنگرەی ١٢ی پارتی كۆتایی هات و بەتێكڕایی دەنگ هێژا مەسعود بارزانی بەسەرۆكایەتی پارتی هەڵبژێردرایەوە.

١٨٨٠/١٠/١٤ هاتنە بەرایی هێزەكانی كورد (قوڵی ورمێ) بۆ گرتنی شاری ورمێ (ڕەزائیە) بەسەركردایەتی (خەلیفە مەحموود سەعید و شێخ محەممەد ئەمین).

١٨٨٠/١٠/١٤ نامەی كارگێڕی تەبریز بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئێران دەربارەی هاتووچوونی شێخ عوبەیدوڵڵا شەمزینی لەگەڵ دەرەوەی وڵات.

١٨٨٢/١٠/١٤ برووسكەی كارگێڕی شاری وان بۆ وەزیری دەرەوە دەربارەی بەرەنگار بوونەوەی كوڕانی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لەگەڵ سوپای ئێران و پەیوەندی زیاتر لە هەزار سەربازی عوسمانیش لە هۆزی (مودیكی) بەهەموو چەک و تەقەمەنییەكەوە بەهێزی شێخ عوبەیدوڵڵا.

**١٤/ ١٠/ ١٩٢٧** نەوت لە (باباگوڕگوڕ) دۆزرایەوە.

**١٤/ ١٠/ ١٩٣٠** دامەزراندنی حیزب (العهد العراقي) لە عیراق.

**١٤/ ١٠/ ١٩٥٨** نامەیەکی شاعیری ناسراو قەدری جان بۆ بارزانیی نەمر سەبارەت بەبەخێرهاتنی بۆ دیمەشق بەمەستی بینینی برا کوردەکانی سوریا ، بۆ دەربڕینی بەرفەرمانبوونی خۆی بۆ میری وە حاکمی سیاسی بەریتانیش نامەیەکی لەم بابەتەوە بۆ ناردبوو.

**١٤/ ١٠/ ١٩٦١** برووسکەی پارێزگاری هەولێر بەژمارە (٢٤٠٩) بۆ وەزارەتی ناوخۆی عیراق کە دەڵێ شەڕ لە ناوچەی برادۆست بەردەوامە لە نێوان چەکدارانی بارزانی و هەرکیەکان و برادۆستەکان، ژمارەی چەکدارانی بارزانیی گەیشتۆتە (٨٠٠) چەکدار و بەردەوام کوردەکان پەیوەندی پێوە دەکەن.

**١٤/ ١٠/ ١٩٨٩** کۆنگرەی جیهانی (مافی مرۆڤ و فەرهەنگی کورد) لە پاریس.

**١٥/ ١٠/ ٥٣٩** پێش زایین: بەفەرمانی (کورۆش) پاشای ئێرانی دوو ڕۆژ لە پاش ئەوەی سوپای ئێران سەر زەوی بابل بگرن لەلایەن (نەبوخەذ نەسر) (٤٢) هەزار دیلی جولەکە لە (ئۆرشەلیم) کە گیرا بوون هێنرایە بابل.

**١٥/ ١٠/ ١٨٨٠** هێرش و پەلاماردانی هێزی قارەمانی کوردان بۆ سەر (مەلکەندی) و ئازاد کردنی ئەم ناوچەیە.

**١٥/ ١٠/ ١٩٤٣** لە دوایی ئەوەی بارزانیی نەمر ناوچە ئازاد کراوەکانی سنووری مێرگەسۆری ڕێک خست لەم ڕۆژەدا چوو بۆ گوندی بێدارۆن و لەوێ ئەسعەد خۆشەوی چووە لای لە دوای ئەوەی دەستی بەسەر پۆلیسخانەی بیرەکەپرە داگرت کە ئەو شوێنە بوو کە ئەسعەد خۆشەوی و خێزانی خەلیلی برای و هەندێ لە خزمەکانی بۆ ئەو شوێنە دوور خرابوونەوە.

**١٥/ ١٠/ ١٩٩١** کۆنگرەی حەفتەمی (یەکێتی ئەدیبە کوردەکان) لە شەقلاوە بەسترا بەناوی (ڕاپەڕین).

**١٦/ ١٠/ ١٩٢٤** هیتلەر لە زیندانی شاری (لاندسبۆرگ) کتابێکی بەناوی (شەڕی من) نووسییەوە و (ڕۆدێلف هس) بەچاپی دەستی نووسیەوە و دەری خست.

**١٦/ ١٠/ ١٩٤٦** هەردوو کۆماری (مەهاباد - ئازەربایجان) پەیمانێکی سەربازی مۆر دەکەن بۆ باشتر لە یەک نزیک بوونەوە لە یەکتر لە هەموو ڕوویەکەوە.



**١٦/ ١٠/ ١٩٧٦** (مام جەلال) و هێژا (مەسعود بارزانی) لە (لەندەن) بەئامادەبوونی (عەلی سنجاری) کۆدەبنەوە.

**١٦/ ١٠/ ١٩٧٩** هێرشی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر گوندی نەفسان لە کوردستانی ئێران، ئاکامەکەی ٤٧ کەس هاتنە شەهید کردن.

**١٦/ ١٠/ ١٩٨٧** (تۆماس سانکارا) سەرۆک کۆماری (بۆرکینافاسۆ) لە کودەتایەکی سوپایی هاتە کوشتن.

**١٦/ ١٠/ ١٩٨٩** زیندەبەچاڵ کردنی **٢٣** هاوڵاتی کورد لە شاری شەقلاوە لەلایەن ڕژێمی عیراقەوە.

**١٦/ ١٠/ ١٩٩٣** کۆنگرەی (ئازادی) یەکێتی لاوان و قوتابیانی کوردستان لە هەولێر بەسترا.



دەستەی کادیرانی لقی٨ و ل.ن زێوە

**١٦/ ١٠/ ١٩٩٨** دەستەی کادیرانی گیراوی لقی(٨ و ل.ن)ی زێوە لەلایەن ئیتلاعاتی ئێران دەستگیر کرابوون بەخاکی کوردستانی پیرۆزی دایک شاد دەبنەوە.

**١٦/ ١٠/ ١٩٩٩** ئاژانسی دەنگوباسی نێودەوڵەتی ڕایگەیاند کە هێزەکانی P.K.K لە کۆتایی مانگی ڕابردوو ئابڵوقەی خستوتە سەر هەشت گوندی ئاشوری لە ناوچەی (نەهلە)ی باکووری عیراق.

**١٧/ ١٠/ ١٩٦١** لە شەڕێکی سەخت نێوان پارتی و ڕژێمی عیراق لە سنووری زاخۆ فەوجێکی تەواو لە سوپای عیراق لەناو دەچێت.

**١٧/ ١٠/ ١٩٩٤** کۆچی دوایی هونەرمەندی بەناوبانگی فۆلکلۆری کوردی ڕەسول گەردی.

**١٧/ ١٠/ ١٩٩٧** ئەمریکا و بەریتانیا و تورکیا بەڕاشکاوی ینک بەلەژێر پێنانی ڕێکەوتننامەی ئاگربەست تاوانبار دەکەن و داوا لە هێزەکانی دەکەن دەستبەجێ بگەڕێنەوە شوێنەکانیان.

**١٨/ ١٠/ ١٩٠٧** لە مادەی **٣٧**ی موافەقەتنامەی ژمارە یەکی (لاهە)دا هاتووە کە داوەری نێودەوڵەتی چۆن دەکرێت و بۆ چییە.

١٩٥٧/١٠/١٨ لافاوێکی سەخت شاری سلێمانی گرتەوە و لە ئەنجامدا ٤٠ هاوڵاتی خنکان و ٧٤ خانوو ڕووخان، زیانەکەی لەو کاتەدا زیاتر لە نیو ملیۆن دیناری عیراقی بوو.

١٩٥٨/١٠/١٨ پارتی دیموکراتی کوردستان نامەیەک دەداتە حیزبی کۆمۆنیستی عیراق و گلەییەکی ئاراستە دەکات سەبارەت بەهەڵوێستەکانی، لە پاشان وتوویژ لە نێوان سەرکردایەتی هەردوو حیزب دەستی پێکرد.

١٩٩٢/١٠/١٨ وەفدێکی پەرلەمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی جەوهەر نامق سالم سەرۆکی پەرلەمان تا ١٩٩٢/١٢/١٨ سەردانی وڵاتانی (تورکیا، ئەڵمانیا، سویسرا، سوید، نەرویج، دانیمارک، نەمسا، بەریتانیا، فەرەنسا) دەکات.

١٩٩٣/١٠/١٨ دەرکردنی یاسای پارتەکان لەلایەن پەرلەمانی کوردستان بەژمارە ١٧ی ساڵی ١٩٩٣، بەپێی ئەم بڕیارەوە دامەزراندنی هەر پارتێکی نوێ دەبێت بەپێی ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ بێت.


٠١٠٧/١٠/١٩ پاشای ئێرانی (خەسرۆ) شای ئەشکانیەکان، حوکمی پاشایەتی دەست پێکرد.

١٩٢١/١٠/١٩ نامەیەک لەلایەن سکرتێری مەندوبی سامی لە بەغدا بۆ فەرمانداری سیاسی سلێمانی، تێدا دەڵێت سیاسەتی ئەمڕۆی ئێمە بەرامبەر سمکۆی شکاک و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هیچ دەست تێوەردانێک نەکرێت لەلایەن ئێمەوە.

١٩٩٨/١٠/١٩ کردنەوەی (ئەنتەرنێت)ی کۆمپیوتەر لەلایەن (دوکتور حەمید).

١٨٢٠/١٠/٢٠ مەولانا خالید شاری سلێمانی بەجێ هێشت.

١٨٨٠/١٠/٢٠ پاشماوەی هێزەکانی کوردی بەسەرکردایەتی شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ گرتنی شاری ورمێ (ڕەزائیە) دێنە پێش.


هونەرمەند تایەر تۆفیق

١٩٨٧/١٠/٢٠ کۆچی دوایی هونەرمەند (تایەر تۆفیق).

١٩٩٤/١٠/٢٠ لەسەر داوای ئەنجوومەنی ئافرەتانی ئەڵمانیا شاندێک لە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان سەردانی ئەڵمانیا دەکەن بۆ مەسەلەی داکۆکی لە نەتەوە چەوساوەکان.

١٩٩٨/١٠/٢٠ پەیمانی ئاسایشی (ئەدەنە) نێوان تورکیا و سووریە (دیمەشق و ئەنقەرە) کە بڕیار درا چالاکی پارتی



کرێکارانی کوردستان pkk لە سوریا قەدەغە بکرێت و بەستنی گشت ئۆردوگاکانی لە سوریا و کردنەوەی هێڵێکی گەرم و چوست نێوان هەردوو لا بۆ ئەم مەبەستە.

١٨٨٠/١٠/٢١ گرتنی دووبارەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و زیندانی کردنەوەی و بردنی خۆی و خێزان و هەندێ لە خزم و لایەنگیرەکانی بۆ شاری مووسڵ.

١٨٨٢/١٠/٢١ لە دوای دوو مانگ گفتوگۆ و هاتووچوون ئینجا ئێران دەست بەداخوازیەکانی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهرییەوە دەنێ.


٠٠٧٠/١٠/٢٢ سەرزەوی فەلەستین لەشەڕێکی مەزن کەوتە دەستی سوپای ئیمپراتۆری ڕۆم.

١٩٥٨/١٠/٢٢ شێخ (شەلتوت) شێخی (ئەزهەر) کۆمەڵەیەکی تایبەتی دروست کرد بۆ نزیک بوونەوەی گشت مەزهەبە ئیسلامییەکان، (ئیمام خومێنی) ئیعترافی بەو کۆمەڵەیە و شێخ (شەلتوت) کرد و لە یەکێک لە وتارەکانی دەڵێ ئیسلامی ئەوڕۆ پێویستی بەپیاوێک هەیە وەکو (ئیمام شێخ شەلتوت).

١٩٦٣/١٠/٢٢ سوپای سوریە تیپی (یەرموک) داخلی عیراق بوو بەهەموو توانای دەستی کرد دژ بەهێزی (بارزانی) نەمر بەتۆپ و تانک، بەڵام خۆپیشاندانەکەی پووچەڵ کرا.

١٩٦٣/١٠/٢٢ کۆبوونەوەیەکی دووقۆڵی نێوان ڕژێمی عیراق و سوریا لە شاری زاخۆ بەمەبەستی لەناوبردنی شۆڕشی ئەیلول، هەر ئەو کاتە سوریا چەکی قورس و خزمەتی سوپایی و ٣ هەزار سەربازی خستە خزمەت سوپای عیراقەوە.

١٩٦٨/١٠/٢٢ دامەزراندنی زانکۆی (سلێمانی).


هونەرمەند جگەرخوێن

١٩٧٠/١٠/٢٢ دەرچوونی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا.

١٩٨٤/١٠/٢٢ کۆچی دوایی هونەرمەند (جگەر خوێن).

١٩٩٩/١٠/٢٢ سەردانی وەفدێکی پایەبەرزی پارتی بەسەرۆکایەتی نێچیروان بارزانی بۆ سلێمانی و سەرکردایەتی یەنک، لەم سەردانەدا مەبلەغی (٥٠) ملیۆن دینار یارمەتی یەنک دەدەن و لەلایەن مام جەلال پێشوازیان لێ دەکرێ.

١٩١٣/١٠/٢٣ کردنەوەی قوتابخانەیەکی کوردی لەلایەن (کۆمەڵەی پەروەردە) کە ئەم کۆمەڵەیە (عەبدولڕەزاق بەدرخان) لە شاری (خوی) لە ئێران ساڵی ١٩١٣ دای

مەزراندبوو، سمکۆی شکاک ٢٩ مندالّی ئامادە کردبوو لە گوندەکانی دەوروبەری شاری خوی بۆ کردنەوەی ئەم قوتابخانەیە و خوێندن تیایدا.

١٩٢٧/١٠/٢٣ توانرا بەتەواوی یەکەمین بیری نەوت لە بابا گوڕگوڕ کۆنترۆڵ بکرێت چونکە خەتەرێکی گەورە بوو لەسەر ئاوی زێی بچووک و دیجلە و ڕووباری عەرەب لە باشوور و خەڵکی ناوچەکە.

١٩٦٨/١٠/٢٣ دامەزراندنی زانکۆی سلێمانی.

١٩٩٦/١٠/٢٣ دامەزراندنی بزووتنەوەی میللی کوردستان بەسەرۆکایەتی (عەبدولخالق زەنگەنە).

١٩٩٧/١٠/٢٣ کوشتنی ژمارەیەک لە ژن و منالّ لە گوندی شینان لە ناوچەی مزووری و دێزۆ لەلایەن P.K.K.

١٨٨٠/١٠/٢٤ دەستپێکی هێرش و پەلاماری سەخت بۆ گرتن و ئازادکردنی شاری ورمێ (ڕەزائیە) لەلایەن هێزەکانی سەر بەشێخ عوبەیدوڵلا.

١٩٣٥/١٠/٢٤ بلاّو بوونەوەی گۆڤاری ڕووناکی لە هەولێر.

١٩٤٥/١٠/٢٤ ڕۆژی (نەتەوە یەکگرتووەکان).

١٩٦١/١٠/٢٤ لەشکری شۆڕشگێری کوردستان لە زێی بادینان (زێی گەورە) دەپەڕنەوە بەرەو گوندی ئالۆکە لە پاشان بەرەو گوندی تروانش و سەرزیری کە جاشەکان و موحسین بەگی بەرواری ئەو کاتە لە گوندی کانی ماسیی بوون.

١٩٩١/١٠/٢٤ بۆ ئەوەی ناکۆکی لە نێوان حیزبەکانی بەرە پەیدا بکات و بۆ ئەوەی بۆ خەڵکی کوردستانی عیراق و جیهان بسەلمێنی کە بەرەی کوردستانی فەشەلی هێناوە لە ئیدارەکردن و هەڵسووڕانی کاری ڕۆژانەی حکومەت لە کوردستان، ئەوە بوو ڕژێمی عیراق لە کوردستان لەم ڕۆژەدا کشایەوە و ئابلۆقەی ئابووری خستە سەر کوردستانی ئازادکراو.

١٨٨٠/١٠/٢٥ بۆ ماوەی بیست ڕۆژ لەم مێژووەوە زۆربەی سەرۆک خێڵەکانی ناوچەی موکریان خۆیان دەدەنە دەست هێزەکانی دەوڵەتی ئێران.

١٨٨٠/١٠/٢٥ دەستپێکی هێرش و پەلامار بۆ گرتن و ئازادکردنی (بناو) لەلایەن هێزە قارەمانەکانی کورد لە ئێران.

١٩١٢/١٠/٢٥ شەڕێکی سەخت لە نزیک (زندیشتە) نێوان کوردەکان و ڕوسیا.



١٩٢٠/١٠/٢٥ دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق.

١٩٢٢/١٠/٢٥ ئێران لەگەڵ تورکیا پەیمان دەبەستن بۆ لە ناوبردنی (سمکۆی شکاک) کە ئەو پەیمانە بەیەکەمین پەیمانی ئێران و تورک دادەنرێت سەبارەت بەکورد.

١٩٩٣/١٠/٢٥ یاسای ڕێکخراوەکان خرایە بەردەمی پەرلەمانی کوردستان و بڕیاری پێویست بۆ هەندێ ڕێکخراوەکان درا.

١٩٩٩/١٠/٢٥ شاندێکی پایەبەرزی پارتی بەرەو ئەمریکا بەڕێ دەکەوێت بۆ بەشدار بوون لە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عیراق لە نیۆیۆرک.

١٧٣٣/١٠/٢٦ شەڕێک نێوان عوسمانییەکان و ئێرانییەکان لە ناوچەی لەیلانی نزیک شاری کەرکوک ڕووی دا و لە ئاکامدا ئێرانییەکان سەرکەوتن.

١٨٢٠/١٠/٢٦ گەشتوەری فەرەنسی مستەر ڕیچ لە گەشتەکەی بۆ کوردستان دەگاتە شاری هۆلاکۆ بەزێن هەولێری قەلاّ و منارە.


عەبدولڕەحمان عارف

١٩٦٦/١٠/٢٦ عەبدولرەحمان عارف سەردانی کوردستان دەکات و چاوی بەبارزانیی نەمر دەکەوێ.

١٩٧٨/١٠/٢٧ دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ک.ک) لە کوردستانی باشوور.

١٩٩٣/١٠/٢٧ دامەزراندنی پارتی کاری سەربەخۆ (وریا سەعید).

١٨٨٠/١٠/٢٨ (ئابۆت) سەر کۆنسۆلی بەریتانی ناوچەی ورمێ (ڕەزائیە) بەجێ دێلێ و بەناوچە ئازاد کراوەکانی سندووس - سابلاخ (مهاباد) دا دەگەڕێتەوە سابلاخ.

١٨٨٦/١٠/٢٨ (پەیکەری ئازادی) کە لە ئەمریکایە لەلایەن فەرەنساویەکان بەناونیشانی دۆستی لەگەڵ میللەتی ئەمریکا پێشکەشیان کردن و جەژنی ئەم پەیکەرەیان گێڕا، بۆ دروست کردنی ئەو پەیکەرە (٢٠٠) تەن مس (مز) خەرج کراوە.

١٩٢٧/١٠/٢٨ ڕاگەیاندنی ئازادی کوردستان لەلایەن (ئیحسان نوری پاشا)وە.

١٩٤٠/١٠/٢٨ (هیتلەر و موسیلینی) لە فلۆرانس چاویان بەیەک دەکەوێ و کۆدەبنەوە.

١٩٩٠/١٠/٢٨ کۆچی دوایی شاعیری کورد (سالّح دیلان).

٢٩/١٠/١٩٠٨ دەرچوونی یەکەمین ژمارەی حەفتەنامەی (التعاون والترقي الكوردي) لە ئەستەنبۆل کە خاوەنەکەی مامۆستای بەناوبانگ و شاعیری کورد پیرەمێرد بوو.

٢٩/١٠/١٩٢٣ حکومەتی کۆماری لە تورکیا ڕاگەیاندرا.

٢٩/١٠/١٩٣٦ کودەتای (بەکر سدقی) لە عیراق.

٢٩/١٠/١٩٤١ (ڕەشید عالی گەیلانی) هەڵدێت و جارێکی تر (نوری سەعید) دەبێتە سەرۆک وەزیری ڕژێمی عیراق.

٢٩/١٠/١٩٥٦ هێرشی سێ قۆڵی بۆ سەر (میسر).

٢٩/١٠/١٩٦٠ شێخ ئەحمەد بارزانی و بارزانیی نەمر لە بەغدا چاویان بەعەبدولکەریم قاسم دەکەوێ و داوای لێ دەکەن کە سنوورێک دابنێ بۆ ئەو هەولانەی دەدرێن تا بارزانییەکانی لێ دوور بخەنەوە.



ڕەشید عالی گەیلانی

٢٩/١٠/١٩٧١ بەهۆی گەردەلوولەیەک لە هیندوستان (٣٥) هەزار نەفەر گیانیان لە دەست دا.

٢٩/١٠/١٩٩٩ کۆبوونەوەیەکی کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عیراق لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەمەبەستی چارە دۆزینەوەیەک بۆ ئایندەی عیراق و ڕزگاربوون لە دەستی ڕژێمی عیراق.

٣٠/١٠/١٨٨٠ شەڕێکی سەخت و کەم وێنە لەنێوان سوپای ئێران و شێخ عوبەیدوڵلای نەهری، هێزی ئێرانی پێکهاتبوو لە پارێزەرانی شاری ورمێ لە نزیک باخی (دل گوشا)، گشت هێزەکانی سوپای ئێران بەتۆپخانەوە لەم شەڕەدا لەناوچوون.

٣٠/١٠/١٩١٨ بەشێوەیەکی ڕەسمی و بۆ یەکەمین جار لە کۆنگرەی (پاریس) گفتوگۆ لەبارەی کێشەی ئاشوریەکان کرا، بەڵام بێ سوود بوو.

٣٠/١٠/١٩١٨ ڕێکەوتننامەی (مۆندۆس) نێوان عوسمانییەکان و ئینگلیز بە٣٩٦ ساڵەی حکومەت کردنی تورکەکان بەسەر عیراقدا، زۆربەی زۆری ئەم ڕووداوانە لە ناوچە کوردنشینەکان بووە.

٣٠/١٠/١٩٦٩ تەهدید کردنی بارەگای بارزانی لەلایەن سوپا و جاشەکانی عیراق کارێکی نارەوا و خەتەر بوو بۆیە هێزێکی لێدەر تایبەت بەبارەگای بارزانی بەسەرکردایەتی عومەر ئاغا دۆلەمەری هێرشێکی بردە سەر بەرزاییەکانی گوندی



(گرتک و ماخۆبزنان) بۆ سەر جاش و سوپای عیراقی، سوپای عیراقی بەگشتی تێک شکێنران و لەناوچوون.

٣١/١٠/١٩١٨ بەیانی شەڕ وەستان لە نێوان هاوپەیمانان و عوسمانییەکان مۆرکرا و ئەم ڕووداوە وەک نیشانەیەک بۆ ژیانەوەی چالاکی نەتەوە پەروەریی کوردەکان بوو.

٣١/١٠/١٩٧٤ نوێنەرانی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ سەردانی ناوچەی کوردنشین لە باکووری عیراق دەکات و لە نزیکەوە چاوی بەژیان و گوزەرانی کوردەکان دەکەوێ بەتایبەتی لەبەر دژایەتی ڕژێمی عیراق بەوان و دەرکردنیان لە ناو خانوو و بەرەیان.

٣١/١٠/١٩٨٤ خاتوو (ئەندیرا گاندی) بەدەستی دوو پاسەوانی خۆی کە لە (سیک)ەکان بوون دێتە کوشتن.

٣١/١٠/١٩٨٥ کۆچی دوایی پرۆفیسۆر (قەناتی کوردۆ).

٣١/١٠/١٩٨٧ خۆپیشاندانێک لە (نیۆیۆرک) ساز درا کە زیاتر لە (٥٠) حیزب و ڕێکخراوی سیاسی بەشداریان تیا کردبوو دژ بەهێزەکانی ئەمریکا لە کەنداو.

٣١/١٠/١٩٩٢ دامەزراندنی (زانکۆی دهۆک).

٣١/١٠/١٩٩٣ دەرکردنی یاسای کۆمەڵەکان لەلایەن پەرلەمانی کوردستان بەژمارە ١٨ی ساڵی ١٩٩٣.

٣١/١٠/١٩٩٥ تەقینەوەیەکی یەکجار گەورە لە بارەگای (I.N.C) لە هاوینەهەواری سەلاحەدین ڕووی دا و زۆر لە کارمەندەکانی ئەم مەکتەبە لەگەڵ هەندێ لە هاوڵاتیانی تریش هاتنە شەهید کردن.



تانسۆ چیلەر

٣١/١٠/١٩٩٦ دانیشتن لە نێوان (پارتی و ینک) لە ئەنقەرە بۆ مەسەلەی ئاشتی.

٣١/١٠/١٩٩٦ وەزیری دەرەوەی تورکیا خاتوو (تانسۆ چیلەر) گوتی ژمارەی تورکەکانی کوردستانی باشوور سێ ملیۆن و نیوە.

***

## ١١

## تشرینی دووەم

**١٩١٤/١١/١** خنکاندنی شێخ (عبدالسلام بارزانی).

**١٩١٨/١١/١** هەولێر دەکرێت بە لیوا (پارێزگا).

**١٩٢٤/١١/١** کۆمەڵەی کوردستان بیرخەرەوەیەکی پێشکەش بەکۆمەڵەی گەلان کرد کە تێدا داوای مافی چارەنووسی کورد دەکات.

**١٩٥٩/١١/١** دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری (هیوای کوردستان) لەلایەن ی.ق.د.ک لە شاری سلێمانی.

**١٩٦٣/١١/١** هێزی دوژمن بەلیوای تەواو چەکدار لیوای (٣ و ٥) هێرش دێننە سەر هێزی پێشمەرگە لە چەمی ڕێزان و زیانێکی باش بەدوژمن دەگات و دەرسێکی چاکیان دەدات بەڵام لەبەر دژە چەکی کە هێرشی پێشمەرگە نەی بوو هێزی دوژمن توانییان ئەم ناوچەیە داگیر بکەن.

**١٩٦٣/١١/١** حکومەتی عیراق لێبوردنێکی گشتی دەردەکات بۆ کوردە شۆڕشگێڕەکان بەڵام کەسێک نەبوو بەهانی ئەم لێبوردنە گشتییە بگات کە ڕۆژێکی زۆر بەباوباران بوو.

**١٩٨٣/١١/١** دەسپێکی ئەنساتی (انصات) کوردستان.

**١٩٩٢/١١/١** (P. K. K) هێرش دەبەنە سەر مەکتەبی (شوان پەروەر) لە بەڕلین و کاتێ خەڵکەکە پێیان زانی پەرت و بڵاویان کردنەوە.

**١٩٩٢/١١/١** بۆمبێک لە چاپخانەیەکی ئاکرێ تەقیەوە و (٤) هاوڵاتی هاتنە شەهید کردن.

**١٩٩٤/١١/١** ڕژێمی عیراق دەست بەگرتنی برا (فەیلیەکانمان) دەکات لە شاری (مقدادیە) بەبیانۆی دەست بوون لە کوشتنی (دوکتۆر سەعید سالم).

**١٩٩٦/١١/١** ئەمریکا ٧/٣ ملیۆن دۆلار وەک یارمەتی مرۆڤانە بۆ هەرێمی کوردستانی عیراق تەرخان دەکات.

**١٩٩٧/١١/١** ڕێپێوانی جەماوەری شاری هەولێر دەربارەی گەڕانەوەی کارەبا و دەرکردنی هاوڵاتیان و دیلەکان کە لەلایەن (ینک)ەوە ئەنجام درابوو.



**١٩٩٩/١١/١** کۆتایی هێنان بەکۆبوونەوەی کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عیراقی لە ئەمریکا و دان بەفیدراڵیەت درا بۆ کوردستان لەلایەن ئەم کۆنگرەیەوە.

**١٩٩٩/١١/١** قەداسەتی پەتریارک (ماردنخای چوارەم) پەتریارکی کەنیسەی ڕۆژهەلات لە جیهاندا بەیاوەری چەند بەڕێزێکی مەسیحی سەردانی هەولێریان کرد.

**١٨٨٠/١١/٢** (ئاپۆت) سەر کۆنسۆلی بەریتانی لە شاری ورمێ وە بەیارمەتی هێزەکانی کورد دەگاتە سابلاخ و لەوێشەوە هەر بەیارمەتی هێزەکانی کورد دەگاتەوە بناو، تەبرێز.

**١٩١٨/١١/٢** تەعلیماتی قیادەی باڵای بەریتانیا دەگاتە سەرکردەیی سوپای بەریتانی لە عیراق سێر ولیام مارشال بەمەبەستی داگیرکردنی ویلایەتی مووسل.

**١٩٩٣/١١/٢** خاتوو کاترین ڕۆیاڵ بەرپرسی دۆسێی عیراق لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا سەردانی پەرلەمانی کوردستان دەکات.

**١٩٩٩/١١/٢** پەرلەمانی کوردستان یاسای سەندیکای خاوەن پیشە ئەندازەییەکان و سەندیکای دەرمانسازی کوردستان پەسند دەکات.

**ـــ/١١/٢** ڕۆژی (قوتابیانی) جیهان.

**١٩٦٠/١١/٣** بارزانیی نەمر بۆ بەشداری کردن لە بیرەوەری شۆڕشی ئۆکتۆبەر سەردانی مۆسکۆی کرد و لەوێ چاوی بەخرۆشۆف کەوت (نزیکەی دوو مانگی خایەند).

**١٩٦٥/١١/٣** بارزانیی نەمر بەسواری ئەسپێک ڕێگا سەختەکەی چیای کوردستان دەبڕێ بەرەو ناوچەی ناودەشت کە ئەم ناوچەیە نزیک بوو لە سنوور و بەردەوام فڕۆکەکانی دوژمن لە دوای بوون بۆ لەناوبردنی چونکە ڕژێمی عیراق زانیبووی بارزانیی نەمر حەرەکەی کردووە بەرەو ئەو ناوچەیە.

**١٩٨٤/١١/٣** سێ حیزبی کوردستانی و عیراقی تر دێنە ناو بەرەی کوردستانی، واتە بەرە بووە (٧) حیزب.

**١٩٩٦/١١/٣** هێزەکانی ڕژێمی تورکیا لە سێ ڕێگا هاتنە ناو کوردستانی عیراق (شێروان، مزووری، دەشتی هێرت).

**١٩٩٩/١١/٣** مووشەک بارانی (موجاهیدینی خەلق)ی ئێرانی لە باشووری عیراق لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێران.

**١٩٩٩/١١/٣** پەرلەمانی کوردستان داوای ڕاگرتنی دەستدرێژی ڕوسیا و هاوکاری لە گەلی چیچان دەکات.

٤/١١/١٩١٣ پرۆتۆکۆلی (ئەستەنبۆل) لە نێوان ئێران و عوسمانییەکان ئیمزا کرا کە مەزنترین گرفتیان نەوتی خانەقین و خۆزستان بوو کە لەم کاتەدا هەردوو شوێن لەژێر دەسەڵاتی ئێرانییەکان بوو.

٤/١١/١٩١٣ پرۆتۆکۆلی ئەستەنبۆل ئیمزا کرا بۆ دەست نیشان کردنی سنوورەکانی (ئێران و تورکیا).

٤/١١/١٩١٩ سەرۆکەکانی سورچی و زێباری بڕیار دەدەن کە کەمینێک بۆ (بیل وسکوت)ی بەریتانی دابنێنەوە و ئاگاداری شێخ ئەحمەد بارزانی دەکەنەوە و ئەویش پلانەکە پەسەند دەکات، شێخ محەمەد سەدیق بارزانیش برای خۆیشی دەنێری بۆ بەشداری لەم پلانە و کارەکە سەر دەگرێ و ناوبراو لە پلانەکە ڕزگاری نابێت و دەکوژرێت.

٤/١١/١٩٢٤ دەستەیەک کە ئینگلیزەکان پێیان دەگوت (کۆمیتەی کورد) و لەوانەیە ئەندامانی (کۆمەڵەی تەعالی کوردستان و ئازادی)ش تێدا بووبێ بۆ گفتوگۆ دەربارەی مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان لە دیاربەکر لەگەڵ لێپرسراوانی تورک دا کۆبووەوە.

٤/١١/١٩٤٩ بارزانی نەمر لە کاتی سەخڵەتی ئەو دوو دێرە شیعرەی فارسی لە یاداشتی خۆیدا نووسیوە:

اگر درخواب میدیدم غم روز جدایی را     به دل هرگز نمی کردم خیال آشنایی را

٤/١١/١٩٥٠ ئیمزاکردنی پەیمانی (١٦) وڵاتی ئەوروپی سەبارەت بەئازادی بنەمایی و پارێزگاری لە مافی مرۆڤ.

٤/١١/١٩٥٩ چوار بارزانی لە نزیک قوتابخانەی ناوەندی شەرقی لە مووسڵ تووشی ئەحمەد زێباری دەبن و دەیدەنە بەر گوللە و دەیکوژن بەتۆڵەی ئەم ٣ کەسەی کە بێ تاوان بەدەستی ئەو هاتبوونە کوشتن.

٤/١١/١٩٦٠ سەرەدانی (بارزانیی) نەمر بۆ یەکێتی سۆڤیەت لەسەر بانگهێشتی ڕەسمی حکومەتی سۆڤیەت بۆ بەشداری کردن لە ئاهەنگەکانی ئۆکتۆبەردا، لە مۆسکۆ پێشوازییەکی یەکجار گەرمی لێ کرا، ئەوەش بەزۆری بووە بێزار بوونی (عەبدولکەریم قاسم) سەرۆک کۆماری وەختی عیراق.

٤/١١/١٩٦٤ لە دوای دانووستانێکی تێروتەسەل و ڕا گۆڕینەوە نێوان سەرکردە حیزبییەکان و گشت ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و سەرکردە بەرزەکانی پێشمەرگە و سوپا و هەندێ لە جەماوەری ڕۆشنبیر و سەرکردەی عەشیرەتەکان بڕیاردرا کە



(ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش) پێک بهێنن کە لەم بەرێزانە پێکهاتبوو، بارزانیی نەمر (سەرۆکی ئەنجوومەن)، (ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و هەندێ سەرکردەی عەشیرەتەکان و ئامر بەتالیۆنەکان و دوو ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی و دوو پیاوی ئایینی مەسیحی) وەکو ئەندام لەم ئەنجوومەنە دابن.

٤/١١/١٩٧٩ بەستنی کۆنگرەی (نۆیەمی) پارتی لەگوندی دەربەند لەکوردستانی ئێران.

٤/١١/١٩٧٩ دانشجۆیەکانی ئێرانی پەیڕەوی ئیمام خومێنی سەفارەتی ئەمریکا لە تاران داگیر دەکەن و (٥٤) نەفەر لە کارمەندەکانی بەدیل دەگرن.

٤/١١/١٩٨٩ دامەزراندنی یەکێتی ژنانی کوردستان.

٤/١١/١٩٩٩ (دێڤید ویلش) یاریدەدەری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا پێشوازی لە شاندێکی پارتی دەکات لە ئەمریکا و سڵاو و ڕێز دەنێرێ بۆ هێژا مەسعود بارزانی.

٥/١١/١٩٨٤ تەرمی هونەرمەندی بەناوبانگ (جگەر خوێن) لە ستۆکهۆلم گەیشتە قامشلی.

٦/١١/١٩٤٣ شەڕی بەناوبانگی (گۆڕەتوو).

٦/١١/١٩٥٢ مامۆستا گۆران دەبێتە بەرێوەبەری ڕۆژنامەی ژین.

٦/١١/١٩٧٩ بۆ یەکەم جار ڕادیۆی دەنگی کوردستانی خۆرهەڵات سەر بەپارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەرنامەی تاقیکردنەوەی خۆی بڵاو کردەوە، لە سەرەتاوە بریتی بوو لە وتاری دکتۆر قاسملۆ و چەند سروودێکی نیشتمانی.

٦/١١/١٩٩٣ خاتوو ئینجیلا مارتیسۆن و خاتوو بریت ئیرەکسۆن ئەندامانی پەرلەمانی سوید سەردانی پەرلەمانی کوردستان دەکەن.

٦/١١/١٩٩٩ وەفدی پارتی بەشداری لە (١٧) هەمین کۆنگرەی سۆشیالیستی نێودەوڵەتی ئافرەتان لە پاریس دەکات.

٧/١١/١٨٦٧ لە دایکبوونی کاشفی یورانیۆم (ماریا سکلۆدۆڤسکا) کە بە(مادام کوری) بەناوبانگە لە شاری وارشۆ، لە (٤/٧/١٩٣٤) کۆچی دوایی کرد.

٧/١١/١٩١٧ شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ڕوسیا.

٧/١١/١٩٣٠ حیزبی کۆمۆنیستی فیلیپین هاتە دامەزراندن.

٧/١١/١٩٦٤ بایزی ئەمەوی کە یەکێک بوو، لە بنەماڵەی ئەمەوییەکانی یەزیدی نوسراوێک ئاراستەی خوالێخۆشبوو جەمال عەبدولناسر و عەبدولسلام عارف دەکات سەبارەت بەوەی کە یەزیدییەکان عەرەبن و دەیەوێ بیان گەڕێنێتەوە باوەشی عەرەب.

١٩٧٣/١١/٧ سەرۆک کۆماری ئەمریکا (کیسینجەر) و سەرۆک کۆماری میسر (سادات) لە قاهیرە لە قەسری (قاهیرە) کۆ دەبنەوە.



کیسینجەر

١٩٨٦/١١/٧ کۆچی دوایی هونەرمەند و گۆرانیبێژی بەناوبانگ مامۆستا (شەماڵ سائیب).

١٩٨٦/١١/٧ کۆبوونەوەیەکی دووقۆڵی لە نێوان وەفدی (پارتی و ینک) بەسەرۆکایەتی (ئیدریس بارزانی) نەمر و (مام جەلال) بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان و هاوکاری پێویست لە نێوانیان.

١٩٩١/١١/٧ وەفدی بەرەی کوردستانی (لیژنەی تەنسیقی باڵا) کە لە (سامی عبدالرحمن و جوهر نامق و ناظم عمر و سعد عبدالله) پێکهاتبوون بەرەو بەغدا بەڕێکەوتن و لەوێ چاویان بەبەرپرسانی عیراقی کەوت سەبارەت بەکشانەوەی دامودەزگاکانی میری و ئابلۆقە لەسەر کوردستان.

١٩٩٦/١١/٧ کۆچی دوایی هونەرمەندی بەناوبانگی کورد (تەحسین تاها).

١٨٨٠/١١/٨ هێزەکانی ئێرانی لە سنە یەک دەگرنەوە بۆ خۆ ئامادەکردن دژ بەشۆڕشگێڕانی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری.

١٩١٨/١١/٨ کۆلۆنێل (لیچمان) بەفەرمانداری ویلایەتی مووسڵ دانرا کە ئەو کاتە مووسڵ ناوچەکانی هەولێر و دهۆکی دەگرتەبەر.

١٩٣٣/١١/٨ کۆچی دوایی مەلیک (فەیسەل)، ئاواتی سەبارەت بەلەناوبردنی کوردەکان دەباتە ژێر گڵ.

١٩٨٦/١١/٨ کۆبوونەوەیەکی دووقۆڵی بۆ جاری دووەم لەنێوان وەفدی (پارتی و ینک) بەسەرۆکایەتی (ئیدریس)ی نەمرو مام جەلال بەمەبەستی پتەوکردنی پەیوەندیەکان و...

١٩٩٩/١١/٨ بەستنی کۆنگرەی ٢٩ی سۆشیالیستی نێودەوڵەتی لە پاریس کە وەفدی پارتی بەشداری تیا کردبوو و پرۆژە (٣) خاڵەکەی پارتی سەبارەت بەمیللەتی کوردمان پەسەند کرا.

١٩٩٩/١١/٨ شاندێکی پەرلەمانی باسکی ئەسپانی سەردانی کوردستان دەکات.

١٨١٨/١١/٩ ڕۆماننووسی بەناوبانگی رووسی (ئەیوان تۆرگنێف) لە شاری (ئۆڕال) ی ڕوسیا لە دایک بووە و لە (١٨٨٣/٩/٣) لە فەرەنسا کۆچی دوایی کردووە.



١٩١٨/١١/٩ وازهێنانی ئیمپراتۆر (کلیۆر) لە عەرشی ئەڵمانیا و دامەزراندنی کۆماری ئەڵمانیا بەسەرۆکایەتی (فریدریک ئیڤێرت).

١٩٨٨/١١/٩ کۆچی دوایی (میرحاج) لە بەغدا دوور لە زێدی باب و باپیرانی لە دوای ئەوەی کە دەرزیەکی هەواڵگەری ڕژێمی عیراقی لێ درا، هۆیەکەش قەبول نەکردنی پۆستێکی وەزارەتی ڕژێم بوو.

١٩٨٩/١١/٩ ڕووخاندنی دیواری بەرلین و یەکبوونی هەردوو ئەڵمان.

١٩٩٣/١١/٩ جاسمی وەزیر و جەلال جەمیل و ئەندامانی پەرلەمانی کۆماری جۆرجیا سەردانی پەرلەمانی کوردستان دەکەن.

١٩٩٩/١١/٩ بەرێوەرەسمێکی جوان نێچیرڤان بارزانی لە شاری دهۆک کتێبخانەی بەدرخانییەکان دەکاتەوە.

١٢٠٦/١١/١٠ پ.ز بۆ یەکەمین جار مانگ گرتن تۆمار کراوە لەسەر ڕووی زەویدا.

١٨٨٠/١١/١٠ هێزەکانی کورد لە قۆڵی موکریان بەسەرکردایەتی شێخ عەبدولقادر و هەمزە ئاغای مەنگوڕ دوای مانگ و نیوێک هێرش و شەڕ، بەتێکشکاوی بەرەو شنۆ و مەرگەوەڕ پاشەکشێ دەکەن.

١٩٢٤/١١/١٠ حەفتەنامەی مووسڵ برووسکەیەکی سەرکردە کوردەکانی عیراق کە بۆ UN ناردبوویان لە ١٩٢٤/١١/٧ بڵاودەکاتەوە سەبارەت بەوەی کە حکومەتی تورکیا زاڵمانە لەگەڵ کوردەکان ڕەفتار دەکات و داوای تورکیا بەدرۆ دەخاتەوە کە کوردەکان لە نەژادی تورکن و دەڵێن زۆربەی خەڵکی مووسڵ کوردن.

١٩٣٨/١١/١٠ کۆچی دوایی (کەمال ئەتاتۆرک).

١٩٤٣/١١/١٠ شەڕی بەناوبانگی (مەزنە).

١٩٤٥/١١/١٠ ڕۆژی لاوانی جیهان.

١٩٤٨/١١/١٠ کۆچی دوایی شاعیر و هونەرمەند و شەترەنج زان و سوارچاکی کورد مامۆستا (زێوەر)، لە تەمەنی (٧٣) ساڵیدا لە گردی (سەیوان) تەرمە پیرۆزەکەی بەخاک سپێردرا.

١٩٦٢/١١/١٠ هێزی پێشمەرگە لە زێی دیجلە دەپەڕنەوە و شەو هێرش دەکەنە سەر شارۆچکە بەناوبانگەکەی عێن زالە و بۆ ماوەیەکی کەم ئەو شارۆچکەیە بەگشت دامودەزگاکانی دەکەوتە ژێر دەستی هێزی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان.

١٩٨٥/١١/١٠ بەستنی کۆنگرەی (چوارەمی) حیزبی شیوعی عیراق.

١٩٨٥/١١/١٠ فڕۆکەکانی ڕژێمی عیراق لەناوچەی ئاکرێ بووکەشووشەی میناویان هەڵدایە خوارەوە و لەدەستی منداڵەکانی کورد تەقیەوە و بووە هۆی شەهیدبوونی دوو منداڵ.

١٩٩٢/١١/١٠ (حیزب الاتحاد الشعبي الكوردي في سوريا) ڕێکخستنی ئەوروپا نووسراوێک ئاراستەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی دەکات سەبارەت بەگرتنی (١١) هاوڵاتی کوردی سووری لەلایەن هەواڵگەری سووریا و هەروەها دەربارەی کۆبوونەوەی سێ قۆڵی ئەنقەرە لەسەر مەسەلەی کورد.

١٩٩٩/١١/١٠ کۆنگرەی ٢١ی سۆشیالیستی نێودەوڵەتی لە پاریس لە کۆتایی کاری خۆیدا ڕای گەیاند ئاشتی بەردەوام و ئارامی لەو ناوچەیە (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) بەتەواوی نایەتە دی مەگەر کێشەی کورد چارەسەر نەکرێت و مافی خۆیان پێ نەدرێت.

١٨٦٨/١١/١١ بڕیاری قەدەغەکردنی (فیشەکی سووتێنەر) لە بڵاوکراوەی (سن پترزبۆرگ) ڕاگەیاندرا.

١٨٨٠/١١/١١ خۆ بەدەستەوەدانی (خان بابا خان) فەرمانڕەوای ساباڵاخ (مەهاباد)، فەرمانڕەوا و ١٥ کەس لەلایەن هێزەکانی دەوڵەتی شای ئێرانی ئەوکاتە شەهید دەکرێن.

١٩١٨/١١/١١ کۆتایی شەڕی (جیهانی یەکەم).

١٩٢٠/١١/١١ دامەزراندنی یەکەمین کابینەی حکومەتی عیراق بەسەرکردایەتی (محەمەد گەیلانی).

١٩٥٤/١١/١١ دامەزراندنی قوتابخانەی دواناوەندی پیشەسازی لە شاری سلێمانی.

١٩٧٣/١١/١١ دەرچوونی یەکەمین ژمارەی (ڕۆشنبیری نوێ).

١٩٨٦/١١/١١ بەپێی بڕیاری پارێزگاری شاری حەسەکەی (سوریا) بەشێوەیەکی ڕەسمی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە شوێنی کار قەدەغە کرا.

١٩٩١/١١/١١ وەفدی بەرەی کوردستانی لە بەغدا گەڕایەوە کە لە (سامی عبدالرحمن و جوهر نامق و ناظم عمر و سعد عبدالله) پێک هاتبوون. ئاکامەکە و شێوەی سەفەرەکەشیان بەسەرکردایەتی بەرەی کوردستانی گەیاند.

١٩٩٢/١١/١١ دامەزراندنی پارتی (نیشتمانی تورکمانی) بەسەرۆکایەتی (موزەفەر ئەرسەلان).

١٩٩٩/١١/١١ کۆچی دوایی (نورەدین کیانوری) سکرتێری حیزبی شیوعی (توده) ئێران.




١٩٩٩/١١/١١ هێژا مەسعود بارزانی پێشوازی لە شاندێکی باسکی ئەسپانی لە سەلاحەدین دەکات.

١٨٨٠/١١/١٢ دوای هێرش و شەڕێکی خوێناوی و سەخت بۆ ماوەی نزیکەی ٢٢ ڕۆژ هێزەکانی کورد بەسەرکردایەتی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە قۆڵی ورمێ (ڕەزائیە) بەتێکشکاوی بەرەو مەرگەوەڕ و برادۆست پاشەکشێ دەکەن.

١٨٨٠/١١/١٢ گرتنەوەی ناوچەی موکریان و ساباڵاخ لەلایەن هێزەکانی شای ئێران و دانانی (حاجی سەدرولدەولە) بەفەرمانداری ساباڵاخ (مەهاباد).

١٨٨٠/١١/١٢ لەم مێژووەوە بۆ ماوەی دە ڕۆژ هێزەکانی دەوڵەتی ئێران دەکەونە ڕاونانی هێزەکانی شۆڕشی کورد لە قۆڵی موکریان و ورمێ و دەڤەرەکەیان، بەدەم هاتنیانەوە بۆ ناوچەی موکریان و ورمێ دەکەونە کوشتنی بەکۆمەڵ و تاڵانکردن و سووتاندنی گوندو ئاوارەکردنی دەیان هەزار کەس لەم دەڤەرەدا.



شاعیر دڵدار

١٩١٤/١١/١٢ ئینگلیز (بەسرا) داگیر دەکات.

١٩٣٦/١١/١٢ کۆچی دوایی شاعیری کورد (حەمدی).

١٩٤٨/١١/١٢ کۆچی دوایی شاعیری کورد (دڵدار).

١٩٩٢/١١/١٢ سەعات (١٠)ی بەیانی بەڕێز (مەسعود بارزانی) و (مام جەلال) دەگەنە شاری دهۆک.

١٩٩٩/١١/١٢ بوومەلەرزەیەکی بەهێز وڵاتی تورکیا دەلەرزێنێ کە بەهۆیەکەی هەزاران هاوڵاتی تورک دەکوژرێن و بریندار دەبن و زیانێکی زۆری ماڵیش پێیان دەگات.

١٩٩٩/١١/١٢ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان (دوکتۆر ڕۆژ) گوتی داوامان کردووە لە دەرەوە کۆنفرانسێکی جیهانی تایبەت بەدۆزی میللەتی کورد ساز بدرێت.

١٩٩٩/١١/١٢ کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەیەکی سەر بەبەرنامەی خۆراکی جیهانی لە کۆسۆڤۆ کە (٢٤) نەفەرەکەی گیانیان لە دەست دا.

١٩١٨/١١/١٣ هێزی هاوپەیمانان ئەستەنبۆڵ داگیر دەکەن.

١٩٢٤/١١/١٣ کۆمەڵەی گەلان لیژنەیەکی تایبەتی بۆ لێکۆڵینەوەی کێشەی ویلایەتی (مووسڵ لە کوردستان) پێکهێنا.

١٩٦١/١١/١٣ کردنەوەی بەنداوی دەربەندیخان لەلایەن عەبدولکەریم قاسم سەرۆک کۆماری عیراق.

**١٣/١١/١٩٩٢** پیرۆزی (کلینتۆن) بۆ سەرۆکایەتی کۆماری ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

**١٣/١١/١٩٩٩** پەرلەمانی کوردستان بەتێکڕایی دەنگ پرۆژەی یاسای سەندیکای ئەندازیارانی پەسەند کرد.

**١٤/١١/١٧٨٤** بابانییەکان پایتەختی خۆیان دەگوازنەوە شاری سلێمانی.

**١٤/١١/١٩١٩** داگیرکردنی (ئاکرێ) لەلایەن ئینگلیز.

**١٤/١١/١٩١٩** شۆڕشگێڕە قارەمانەکانی ناوچەی بارزان و زێبار شاری ئاکرێ لە دەستی داگیرکەرانی بەریتانی ڕزگار دەکەن.

**١٤/١١/١٩٦٩** عەزیز شەریف نامەیەکی تایبەتی لە حکومەتی عیراق بۆ بارزانیی نەمر دێنێ کە تیایدا ڕژێم ئامادەیی خۆی دەردەبڕێ بۆ دانیشتن و گفتوگۆ کردن و دەیەوێ دڵنیابێ کە بارزانیی نەمر ئامادەیە بۆ پێشوازی کردنی وەفدەکەیان و چۆن و کەی و لە کوێ کۆبوونەوەکە دەست پێ بکرێت، بارزانیی نەمر وەڵامەکەی ئیجابی دەبێ و کات و شوێنیش بۆ ڕژێم دادەنێت کە دەستنیشانی بکەن.

**١٤/١١/١٩٩٠** (سەدام حوسێن) پێشوازی لە وەزیری دەرەوەی ئێران دوکتۆر (عەلی ئەکبەر ولایەتی) دەکات.

**١٤/١١/١٩٩٢** کۆبوونەوەی سێ قۆڵی (ئێران، تورکیا، سوریا) لە ئەنقەرە دەربارەی کوردستانی عیراق.

**١٤/١١/١٩٩٨** سەرۆک مەسعود بارزانی لە دانیشتنی ژمارە ٩ی ئاسایی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان (کە تایبەت بوو بەباسکردنی ڕێککەوتننامەی واشنتۆن) ئامادە دەبێت.

**١٥/١١/١٩٢٠** ڕێبەرانی کورد لە کوردستانی باکور لە دوای کۆبوونەوەیەک ڕاگەیاندراوەیەکی پێنج خاڵەی گرنگیان دەرکرد و ئاراستەی حکومەتی کەمالیست لە ئەنقەرە کرد.

**١٥/١١/١٩٢٢** دەرچوونی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان) کە زمانحاڵی حکومەتی شێخ مەحموود بوو لە سلێمانی.

**١٥/١١/١٩٢٢** بلاوبوونەوەی ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان) لە سلێمانی.

**١٥/١١/١٩٤٧** نوسراوی بیرخەرەوەی (بارزانیی) نەمر لە شاری (باکۆ) بۆ (باقرۆف).

**١٥/١١/١٩٦٢** نووسراوێکی (م.س)ی پارتی بۆ بارزانیی نەمر سەبارەت بەچەند



ئەفسەرێک لە سوپای عیراقی کە پەیوەندییان بەهەندێ بەرپرسانی حیزبی لە کەرکوک کردبوو و داوای یارمەتی و پلان دانانیان دەکرد بۆ ئەوەی ئینقلابێک بکەن.

**١٥/١١/١٩٦٦** بەستنی کۆنگرەی (حەوتەمی) پارتی لە گەلاڵە.

**١٥/١١/١٩٧٢** (م.س)ی پارتی کۆبوونەوەیەک ئەنجام دەدات بەئامادەبوونی هێژا (مەسعود بارزانی) و (ئیدریس بارزانی) نەمر و (گۆرگیس مەلیک چەکۆ) دەربارەی چارەسەرکردنی گرفتەکانی برا فەلەکانمان و لێکۆڵینەوە دەربارەی هەندێ شت کە کاک گۆرگیس باسی لەسەر کردبوو.

**١٥/١١/١٩٧٤** ڕێگای بادینان بەچۆمان لەلایەن شۆڕشی ئەیلول دەکرێتەوە.

**١٥/١١/١٩٨٤** کۆچی دوایی (نوری شاوێس).

**١٥/١١/١٩٩٦** دانیشتنی ئەنقەرە لە نێوان (پارتی و ینک) لەژێر چاودێری (ئەمریکا و بەریتانیا و تورکیا).

**١٥/١١/١٩٩٨** دامەزراندنی تەلەفزیۆنی سەتەلایتی کوردستان و پەخشکردنی ئەزموونی تەلەفزیۆنەکە.

**١٥/١١/١٩٩٩** بەستنی کۆنگرەی دووەمی هیوای عیراقی لە هەولێر.

**١٥/١١/١٩٩٩** کۆچی دوایی مامۆستا (محەمەد ئەمین مەعروف) لە تەمەنی (٧٩) ساڵیدا لە شاری کۆیە، خوالێخۆشبوو لە کۆنگرەی سێیەمی پارتی بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا، لە کاتی خۆشیدا ئەندامی حیزبی هیوا بوو.

**١٥/١١/١٩٩٩** (کلینتۆن) سەرۆک کۆماری ئەمریکا لە بەردەمی پەرلەمانی تورکیا بێ گرێ و پێچ و پەنا ڕادەگەینێ کە پاراستنی کوردەکانی عیراق پێویستە و سووربن لە سەری، ئامۆژگاری تورکیاش دەکات کە بەشێوازی سیاسی و ئاشتییانە لە چارەسازی دۆزی کوردان لە تورکیا هەنگاوی واقیعانە باوێ.


**١٦/١١/٥٧٩** . نۆشیروانی عادل لە تەمەنی (٥٢) ساڵەی حکومەت کردنی کۆچی دوایی کرد.

**١٦/١١/١٩٩٣** ڤالتەر رڤلەری ئەندامی پەرلەمانی هەرێمی (برێمن)ی ئەڵمانی سەردانی پەرلەمانی کوردستان دەکات.

**١٦/١١/١٩٩٤** کۆمەڵەی پشتیوانی لە مافی منداڵان لە کوردستان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان مۆڵەتی پێدرا بەسەرۆکایەتی (نجيبة محمد امين).

**١٦/١١/١٩٩٧** سیدەکان و دەوروپشتی و جادەی هامیلتۆن دەکەونەوە ژێر دەستی پارتی.

١٩١٧/١١/١٧ بەرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزنی سۆسیالیستی لە ڕوسیا بەسەرۆکایەتی لینین.
١٩٧٢/١١/١٧ سێیەم کۆنگرەی یەکێتی (ئەدیبانی کورد).
١٩٧٩/١١/١٧ بانگەوازی ئیمام خومێنی ئەوە بوو کە پێویستە گەلی کورد و حکومەتی ئیسلام بەشێوەیەکی ئاشتییانە دەست بەگفتوگۆ بکەن.
١٩٩٣/١١/١٧ پێکهاتنی لیژنەی باڵای هاریکاری چەپە کوردستانییەکان، پارتەکان (حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، ڕێکخراوی تێکۆشانی ڕەنجدەرانی کوردستان، پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان).
٢٤٧٦/١١/١٨ پێش زایین: (پیپی دووەم) شای میسر درێژترین فەرمانڕەوایی کردووە لە مێژووی ئادەمیزاددا کە فەرمانڕەواییەکەی زیاتر لە (٩٠) ساڵ بووە.
١٩١٨/١١/١٨ هەردوو وڵاتی فەرەنسا و بەریتانیا ڕایان گەیاند، ئەو نەتەوانەی لەژێر دەسەڵاتی عوسمانین مافی سەربەخۆییان هەیە کە نەتەوەی کوردیش یەکێک بوو لەو نەتەوانە.


شاعیر گۆران

١٩٢٢/١١/١٨ (شێخ مەحموود) بوو بەپاشای کوردستان.
١٩٣٧/١١/١٨ (سەید ڕەزا) ڕێبەری شۆڕشی دەرسیم و (١٠) سەرکردەی تری کورد لە سێدارە دران.
١٩٦٢/١١/١٨ کۆچی دوایی شاعیری کورد (گۆران).
١٩٦٣/١١/١٨ حکومەتی عیراق شەڕ بەهێزی شۆڕشگێری کورد دەوەستێنێ و بەپەلە دوایی شوێنی بارزانیی نەمر دەگەڕێت بەمەبەستی ناردنی نوێنەری حکومەت بۆ گفتوگۆ کردن.
١٩٦٣/١١/١٨ بارزانیی نەمر لەگەڵ هێزی پ.م دەگەنە ناوچەی باڵەکایەتی کە ئەو ڕۆژە بەرۆژی ئینقلابی سپی لە بەغدا بەناوبانگە.
١٩٦٣/١١/١٨ لە دوایی ئەوەی لەناو ڕێبەرایەتی حیزبی بەعس لە ڕووی سیاسییەوە ناکۆکی و جیاوازیەک پەیدا بوو ئازایی و هاندانێک بۆ سەرۆک کۆماری عیراق عەبدولسەلام عارف پەیدابوو و ئەو فورسەتەی قۆزیەوە و دەسەڵاتی تەواوی بەدەست گرت و خۆی چەسپاند، لەم کاتەدا بڵاوی کردەوە کە ئێمە و برا کوردەکانمان لە باکور شەریکین لەم وڵاتە و پێویستە ئاشتی هەمیشە بێتن.





گۆڤاری خەباتی قوتابیان

١٩٦٧/١١/١٨ دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری (خەباتی قوتابیان).
١٩٦٩/١١/١٨ لەشکری شۆڕشگێری کوردستان هێرش دەباتە سەر زنجیرەی پیرە مەگروون و لە دوای شەڕێکی سەخت ئازادی دەکات و هەروەها لووتکەی (هەلاج)یش دەکەوتە بەردەستی قارەمانەکان.
١٩٨٧/١١/١٨ گوللە باران کردنی (٢٥) هاوڵاتی لە شەقڵاوە.
١٩٨٩/١١/١٨ دیواری (بەرلین) بەرەسمی بڕیاری تێکدانی بۆ دەرچوو لەلایەن هەردوو ئەڵمان و خراپ کرا.
١٩٩٢/١١/١٨ مام جەلال و (م.س)ی (ینک) پێشوازیان لە سەرۆک (مەسعود بارزانی) کرد لە بارەگای تایبەتی مام جەلال.
١٩١٧/١١/١٩ دامەزراندنی کۆمەڵەی (تعالی کوردستان) لە کوردستانی باکوور.
١٩٣٧/١١/١٩ ئەنجوومەنی کوردەکان لە دیمەشق کۆڕی تازەی شەهیدانی ڕێگای ئازادی و سەربەخۆی کوردیان دامەزراند.
١٩٥٨/١١/١٩ مۆر کردن و ڕێکەوتن لەسەر پەیمانی بەرەی نیشتمانی حیزبەکانی (بەعسی، شیوعی، سەربەخۆیی) کە پارتیش لەم بەرەیەدا وەرگیرا.
١٩٩٠/١١/١٩ پەیمانی ئەتلەسی ناتۆ و پەیمانی وارشۆ کۆتاییان هێنا بەشەڕی سارد.
١٩١٩/١١/٢٠ ڕێککەوتننامەیەک لە نێوان شەریف پاشا و بوغاس نوبار کە کوردەکانی ئەو سەردەمەی خستە بەردەم ئەم مەسەلەیە وە کە دەبوایە لەم بارەیەوە هەڵوێستی خۆیان ڕابگەیەنن.
١٩٣٧/١١/٢٠ لە سێدارەدانی نیشتمانپەروەری کورد (مەحموود جەودەت).
١٩٤٨/١١/٢٠ کۆچی دوایی شاعیری کورد (زێوەر).
١٩٧٥/١١/٢٠ لە دوای ئەوەی سەرکردایەتی کاتی پارتی گەیشتەوە ناو کوردستان لە ڕێگای تورکیا لەم مێژووەدا سەرلەنوێ دەستیان کردەوە بەڕێکخستن و پەیوەندی کردن بەخەڵکی بەشەرەفی کوردستان.
١٩٩٤/١١/٢٠ پارتی برایەتی تورکمانی کوردستانی عیراق لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان مۆڵەتی پێدرا بەسەرۆکایەتی (وەلید شەربکە).
١٩٩٩/١١/٢٠ کۆمەڵەی کاری نێودەولەتی پسپۆڕانی یاسایی نێودەوڵەتی لە ویلایەتی

ڤیرجینیای ئەمریکی کۆبوونەوەیەک ساز دەدەن بەناوی (کێشەی کورد و یاسای نێودەوڵەتی).
١٩٩٩/١١/٢٠ بەرەسمی پوولی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گشت دامودەزگاکانی هەرێم بەکار هێنرا.
١٩١٥/١١/٢١ هێزەکانی هاوبەشی (بەریتانیا و هیندستان) لە گەلوی (ئەرووەندرود) لەوشکی دابەزین و شاری (بەسرا)یان داگیرکرد، بەڵام لەداگیرکردنی بەغدا پیرۆز نەبوون.
١٩٠٨/١١/٢٢ دەرچوونی یەکەمین ژمارەی حەفتەنامەی کورد لەلایەن (جمعیە تعاون وترقی کورد) بەزمانی کوردی و تورکی.
١٩١٤/١١/٢٢ دەسپێکی داگیرکردنی عیراق لەلایەن هێزەکانی بەریتانیا.
١٩٦٣/١١/٢٢ سەرۆک کۆماری ئەمریکا (کەنەدی) لە شاری (دالاس)ی (تکساس) تیرۆر کرا.
١٩٧٨/١١/٢٢ (یۆنسکۆ) داوا لە وڵاتانی ئەوروپی دەکا کە ڕێگا خۆش بکەن بۆ دان پێدان و پاراستنی کەلتووری نەتەوەیی ئەو ئاوارە کوردانە کە لە وڵاتانی خۆرئاوای ئەوروپا دان.
١٩٨٩/١١/٢٢ (ڕێنە معەوەز- رنە معوظ) سەرۆک کۆماری تازەی لوبنان بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێک هاتە کوشتن.
١٩٩٢/١١/٢٢ دامەزراندنی ڕاپەڕینی ئیسلامی کوردستان بەسەرۆکایەتی (سەدیق عەبدولعەزیز).
١٩٩٤/١١/٢٢ بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستانی عیراق لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان مۆڵەتی پێدرا بەسەرۆکایەتی (شێخ عوسمان عەبدولعەزیز).
١٩٩٤/١١/٢٢ کۆمەڵەی نەتەوەیی کورد لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان مۆڵەتی پێ دەدرێت بەسەرۆکایەتی (محەمەد وانی).
١٩٩٤/١١/٢٢ یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان مۆڵەتی پێدرا بەسەرۆکایەتی (سەلاحەدین محەمەد).
١٩٩٦/١١/٢٢ دامەزراندنی بزووتنەوەی میللی کوردستان لە هەولێر.




فەلەکەدین کاکەیی

١٩٩٩/١١/٢٢ وەزیری ڕۆشنبیری (فەلەکەدین کاکەیی) پەردەی لەسەر پەیکەری هونەرمەندی خوالێخۆشبوو کاوێس ئاغا لە سێرپانی (دار نەمرە) لەشەقڵاوە لا دەدات.
١٩٩٩/١١/٢٢ دەستەی بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی وڵات کە زمانحاڵی P.K.K یە بڵاوکراوەیەک دژ بەرەفتاری (ینک) بڵاو دەکاتەوە سەبارەت بەداخستنی نووسینگەی ئەم ڕۆژنامەیە لە سلێمانی و قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی.
٠٦٤٤/١١/٢٣ شەهیدبوونی خەلیفەی دووەمی ئیسلام (عومەری کوڕی خەتاب) بەدەستی (فەیروز) کە بە(ئەبولوءلوء) بەناوبانگ بوو.
١٩٤٣/١١/٢٣ سەربەخۆیی وڵاتی لوبنان.
١٩٩٩/١١/٢٣ شاندێکی نوێنەرانی نزیکەی (٣٥٠٠) گوندی خاپوور کراوی کوردستانی باکوور (تورکیا) سەردانی پەرلەمانی تورکیا دەکەن و داوا لە سەرۆکی پەرلەمانی تورکیا دەکەن کە زیان لێکەوتووان قەرەبۆ بدرێن و یارمەتی گەڕانەوە و ئاوەدان کردنەوەی گوندەکانیان بکرێت.
١٧٩٣/١١/٢٤ ساڵنامەی کۆماری لەلایەن حکومەتی فەرەنسا دانرا کە تیایدا هاتووە ساڵ (١٢) مانگە و هەر مانگ (٣٠) ڕۆژە و سەری ساڵیش لە پایز دەستی پێدەکرد (٥) ڕۆژی تری ساڵ بۆ جەژنەکانی کۆماری بوو.
١٨٨١/١١/٢٤ (فەخری بەگ) باڵوێزی عوسمانی لە تاران بەناوی حکومەتەوە داخوازییەکەی شێخ (عوبەیدوڵڵای گەیاند بەوەزارەتی دەرەوەی ئێران و ناڕەزایی شێخیشی گەیاندبوو بەحکومەتی ئێران بەرامبەر بەڕووداوەکانی سەرسنوور.
١٩٤٩/١١/٢٤ دامەزراندنی (حیزب الاتحاد الدستوري) عیراقی لەلایەن (نوری سەعید).
١٩٨٠/١١/٢٤ ڕژێمی فاشیستی بەغدا (١٩) هاوڵاتی کوردی لە زیندانی (مووسڵ) ئیعدام کرد کە لە ئەندامان و لایەنگیرانی پارتی و هێزەکانی نیشتمانی تر بوون.
١٩٩٢/١١/٢٤ کۆمەڵەی کوردستانی سوریا کۆڕێکیان لە هۆڵەندا سازدا، لەسەر وەزعی ئێستای کوردستانی خۆرئاوا دانوستاندنیان کرد.
١٩٩٤/١١/٢٤ بەستنی کۆنفرانسی کوردناسی لە مۆسکۆ.
١٩٩٤/١١/٢٤ بەبۆنەی ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی هاوپەیمانێتی پارتی و یەکێتی

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەئامادەبوونی بەڕێزان مەسعود بارزانی و مام جەلال و بەناوی دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامانەوە وتارێکی گرنگی پێشکەش کرد.

**٢٤/١١/١٩٩٤** لە دانیشتنی ژمارە ١١ی ئاسایی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان کە تایبەت بوو بەپرۆسەی ئاشتی و چارەسەرکردنی ئالۆزی و بارودۆخی نائارامی هەرێمی کوردستان سەرۆک مەسعود بارزانی ئامادە دەبێت.

**٢٤/١١/١٩٩٩** دەست کێشانەوەی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان (د. ڕۆژ) لە پۆستی کابینەی سێیەم لە بەردەمی (سەرۆک و ئەندامانی) پەرلەمان.

**٢٥/١١/١٩٣٠** دامەزراندنی (پارتی برایەتی نیشتمانی) لە عیراق.

**٢٥/١١/١٩٤١** شاندێکی کوردی خۆرهەلات گەیشتە شاری باکۆی سۆڤیەت، پێکهاتبوون لە (پێشەوا قازی محەمەد لە مەهاباد، ڕەشید بەگ زێڕۆ بەگ لە هۆزی هەرکی، ئەمیر ئەسعەد و حاجی بابە شێخ لە بۆکان، محەمەد سەدیق کوڕی تاهای شەمزینی)، ئەم شاندە لە ماوەی مانەوەی لەگەڵ کاربەدەستانی سۆڤیەت دانوستاندنیان ئەنجام دابوو.

**٢٥/١١/١٩٩٨** سەردانی شاندێکی کوردستانی بۆ کۆنگرەی ڕۆژنامەگەری ڕوسیا.

**٢٥/١١/١٩٩٩** دادگای تەمیزی تورکیا حوکمی لەسێدارەدانی ئۆجەلانی پەسەند کرد.

**٢٦/١١/١٩٣١** هۆزی برادۆستیەکان بەسەرۆکایەتی (شێخ ڕەشیدی لۆلان) بەفیتی ڕژێمی عیراق هێرش دەبەنە سەر شۆڕشی بارزان.

**٢٦/١١/١٩٦٩** بلاوبوونەوەی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری (بەیان).

**٢٦/١١/١٩٨٩** (ئەحمەد عەبدوڵلا) سەرۆک کۆماری (کۆمۆر) بەدەستی سەربازەکانی شۆڕش هاتە کوشتن.

**٢٦/١١/١٩٩١** کردنەوەی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان لە هەولێر.

**٢٦/١١/١٩٩٢** دەرچوونی ژمارە (٠)ی ڕۆژنامەی هەرێم.

**٢٦/١١/١٩٩٤** کۆمەڵەی ڕاوچیانی کوردستان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان مۆڵەتی پێدرا بەسەرۆکایەتی (عبدالله مجید).

**٢٧/١١/١٩٣١** شێخ ئەحمەد بارزانی، وەلی بەگ بەهێزێکی گەورە دەنێرێتە سەر برادۆستیەکان و لە یەکەم پێکدادان برادۆستیەکان ڕادەکەن و ئەو تالانەی هێنابوویان لە دوای خۆیان بەجێیان هێشت.



**٢٧/١١/١٩٦١** کۆچی دوایی خالید نەقشبەندی ئەندامی ئەنجوومەنی دەسەلاتداری عیراق لە حکومەتی (عەبدولکەریم قاسم).

**٢٧/١١/١٩٨٨** خاپوور و زیندەبەچاڵ کردنی گوندی (چیمەن).

**٢٧/١١/١٩٩٢** دامەزراندنی ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان (ئا.د.ک).

**٢٧/١١/١٩٩٤** پارتی یەکگرتووی تورکمانی لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان مۆڵەتی پێدرا بەسەرۆکایەتی (د.سەیفەدین دامرچی).

**٢٧/١١/١٩٩٩** پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە (١٢ی) بۆ پێکهێنانی کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاک نێچیرڤان بارزانی ڕادەسپێرێ.

**٢٧/١١/١٩٩٩** بەستنی کۆنگرەی سێیەمی پارتی سۆسیالیستی کوردستان لەسلێمانی.

**٢٨/١١/١٩٨٠** دامەزراندنی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی (جود).

**٢٨/١١/١٩٨٠** پەیماننامەی هاوکاری بەرەی نیشتمانی دیموکراتی عیراقی لەلایەن (پارتی، حیزبی شیوعی عیراقی، حیزبی سۆشیالیستی یەکگرتووی کوردستان) ئیمزا کرا.

**٢٨/١١/١٩٩٨** تیپی ئۆرکێسترای کوردستان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم مۆڵەتی پێدرا بەسەرۆکایەتی (اندریوس اسرائیل خمو).

**٢٨/١١/١٩٩٨** کۆمەڵەی ڕۆشنبیری تورکمانی کوردستان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان مۆڵەتی پێدرا بەسەرۆکایەتی (جەودەت جەرجیس لەتیف).

**٢٩/١١/١٩٣٤** عیراق نامەیەکی ئاراستەی سکرتێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات دەربارەی ناکۆکییەکانی سنووری لە نێوان (ئێران و عیراق).

**٢٩/١١/١٩٤٣** حکومەتی عیراق نوری باویل ئاغای ڕەواندزی نارده بارەگای بارزانی لە گوندی بستریێ بەمەستی وتووێژ و چارەسەرکردنی گرفتەکان، ئینجا نوری باویل ئاغا ئارەزوو و ئامادەیی حکومەتی عیراقی بەبارزانییی نەمر گەیاند بۆ چارەسەرێکی ئاشتییانە، بارزانیی نەمریش ئارەزووی نیازی ڕاست و ئامادەیی تەواوی بۆ لێکتر حاڵی بوون دەربڕی.

**٢٩/١١/١٩٤٥** دەست پێکردنی وتووێژ لەگەڵ ڕژێمی عیراق.

**٢٩/١١/١٩٤٧** سەربەخۆیی ئیسرائیل ڕاگەیاندرا.

**٢٩/١١/١٩٤٧** بڕیاری دابەشکردنی خاکی فەلەستین لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان درا.

**۱۹۷۳/۱۱/۲۹** ئاهەنگی پەردە لادان لەسەر پەیکەری شاعیری کوردی بەناوبانگ (حاجی قادری کۆیی) لە کۆیە.

**۱۹۹۰/۱۱/۲۹** بڕیاری ژمارە (٦٧٨) دژ بەعیراق و لێدانی بەهەموو هێزێک ئەگەر لە کوێت نەچێتە دەرەوە، گشت وڵاتەکانی دایمی لە شورای ئاسایش موافەقەت لەسەر دەکەن جگە لە (کوبا و یەمەن) و بێدەنگی (چین).

**۱۹۹۸/۱۱/۲۹** بزووتنەوەی دیموکراتخوازی کوردستان لەلایەن وەزارەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان مۆڵەتی پێدرا بەسەرۆکایەتی (ئەحمەد عەبدولعەزیز).

**۱۹۷۱/۱۱/۳۰** ئێران لە کەنداوی فارس سێ دوڕگە داگیر دەکات بەناوی (تونبی بچووک و تونبی مەزن و ئەبوموسا)، عیراقیش بەم بیانۆیە دیبلۆماسیەتی لەگەڵ ئێراندا دەبڕیێ.

**۱۹۷۳/۱۱/۳۰** کۆچی دوایی هونەرمەند (ڕەفیق چالاک).

**۱۹۷٤/۱۱/۳۰** کۆچی دوایی شاعیری کورد (عەلی کەمال باپیر) لە سلێمانی.

**۱۹٤۲/۱۱/۳۱** کۆچی دوایی کەسایەتی ئایینی و زانای بەناوبانگی کورد (مەلا ئەفەندی).

**۱۹۸٤/۱۱/۳۱** دامەزراندنی (ئاڵای شۆڕش).

***



۱۲

## کانوونی یەکەم

**۱۹۱۵/۱۲/۱** تورکەکان ڕێگای هاتوچوون لە هێزەکانی ئینگلیز لە عیراق دەگرن و ئابلۆقەیەکی تەواو دەخەنە سەریان لە هەموو ڕوویەکەوە بۆیە ژەنەرال (تاوزند) تەسلیم بەئەمری واقع دەبێت لە دوای لەناوچوونی زۆربەی هەرە زۆری چەکەمەنی هێزەکەی.

**۱۹۱۸/۱۲/۱** کۆلونیل (ئی.تی.ویلسۆن)ی فەرمانڕەوای گشتی پاشایەتی لە عیراق دەگاتە سلێمانی بەمەبەستی گفتوگۆ لەگەڵ شێخ مەحموودی نەمر دەربارەی کارە گرنگەکان سەبارەت بەمیللەتی کورد، کۆبوونەوەیەک سازدرا لە هەندێ سەرکردەی کورد کە لە شارەکانی (سنە، سەقز، هەورەمان، و...) بەنوێنەرایەتی میللەتی کورد هاتبوون.

**۱۹۲٦/۱۲/۱** (کۆمەڵەی بژارکردنی زمانی کوردی) لە وشەی بێگانە دامەزرا.

**۱۹۳۹/۱۲/۱** بڵاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری (گەلاوێژ).

**۱۹٤٥/۱۲/۱** دامەزراندنی (یەکێتی دیموکراتی ئافرەتان)ی جیهان.

**۱۹٦۷/۱۲/۱** حیزبی (خلق پاکستان) لەلایەن خاتوو (بەگم نەسرەت بۆتۆ) هاتەدانان.

**۱۹۸٦/۱۲/۱** وەفدێکی مەکتەبی سیاسی پارتی سەردانی بارەگاکانی (ینک) لە دۆڵی جافایەتی دەکات و لەو سەردانەدا چاویان بەمام جەلال دەکەوێت.

**۱۹۸۸/۱۲/۱** لە چل و چوارەمین کۆبوونەوەی لیژنەی مافی مرۆڤ سەر بەوڵاتانی یەکگرتوو، وەفدی ڕژێمی عیراق ویستی ڕای نوێنەران بەوە بکێشێ کە کوردەکان مرۆڤی تیرۆریست و پیاو خراپن و...

**۱۹۹۸/۱۲/۱** (کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کلدانی) لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی کوردستان مۆڵەتی پێدرا بەسەرۆکایەتی (ئەلیاس هرمز ئەلیاس).

**۱۹۷٥/۱۲/۲** کۆچی دوایی مامۆستا (محەمەد تۆفیق وردی).



**۱۹۸۹/۱۲/۲** بەستنی کۆنگرەی (دەیەمی) پارتی لە (هاشماوە)ی کوردستانی ئێران.

**۱۹۷۰/۱۲/۱۳** یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر مۆڵەتی ئیشکردنی پێ درا.

١٩٩٨/١٢/٣ دامەزراندنی (کۆمەڵەی ڕۆشنبیری تورکمانی) بەسەرۆکایەتی (جەودەت نەجار).

١٩٥٠/١٢/٤ بڕیاری ٤٢٨ سـازمـانـی ولاّتە یەککگرتووەکـان دیاری دەکـات کـە پەنابەر کێیە و چۆنە.

١٩٩٩/١٢/٤ لە لەندەن ڕێکخراوی (لیبریشن) کۆنگرەیەکی دەربارەی چارەنووسی کورد سازدا.

١٦٠٨/١٢/٥ دەسپێکی شەڕی (قەڵای دمدم).

١٩٨٧/١٢/٥ کۆمیتەی بەرزی هاوبەشی (ینک) و (پارتی) کۆبوونەوەی دەوری خۆیان کرد بەئامادەبوونی هێژا (مەسعود بارزانی) و (مام جەلال) و هەندێ لە سەرکردایەتی هەر دوولا، لەم کـۆبوونەوەیەدا جـارێکی تر مـێـژوویی ڕێککەوتنە دوو قـۆڵـیـەکـەیان نرخاند و بەپێویست زانرا هەر دوو لا ئیلتزامی پێوە بکەن.

١٩٨٧/١٢/٥ کۆمیتەی بەرزی هاوبەشی (ینک) و (پارتی) کۆبوونەوەی دەوریی خۆیان کـرد بەئامـادەبوونی (سـەرۆک مـەسـعـود بارزانی) و (مـام جـەلال) و هەندێ لە سەرکردایەتی هەردوو لا، لەم کـۆبوونەوەیەدا جارێکی تر مـێژوویی ڕێککەوتنە دوو قۆڵییەکەیان نرخاند و بەپێویست زاندرا هەردوو لا ئیلتزامی پێوە بکەن.

١٩٩٧/١٢/٥ (٢٥) کـەس لە شـاری سلێـمـانی دەست بەمـانگرتن دەکـەن لەبەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە پێناوی داوا ڕەواکانی جەماوەری گەلی کورد.

١٩٤٥/١٢/٦ بڵاوکردنەوەی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری کوردستان کە بڵاوکراوەی بیری سیاسی ڕۆڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری مەهاباد بوو. بەڕێوەبەر و لێپرسراوی ئەم گۆڤارە مەلا قادری مودەرسی بوو.

١٩٧١/١٢/٦ کۆچی دوایی دکتۆر (کامەران بەدرخان).

١٩٩٧/١٢/٦ بەستنی پێنجەمین کۆنگرەی (پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران).

١٩٣٤/١٢/٧ مەلا ئەحمەدی گەورە دڵە گەورەکەی دەوەستێت و دەگاتە دڵۆڤانی خوای گەورە (ڕۆژبەیانی فورقانی).

١٩٤١/١٢/٧ (ئەمریکا و چین) شەڕی دژ بە(ئەڵمانیا و یابان) ڕادەگەیەن.

١٩٤١/١٢/٧ هێرشی ئاسمانی (یابان) لەپڕەوە بۆ سەر فڕۆکەخانەی دەریایی (ئەمریکا) و (پرل هاربر) و (هاوائی و فلیپین و هێزی دەریایی بەریتانی لە هۆنک کۆنک و مالایا)، لەو هێرشەدا هەشت کەشتی شەڕکەری گەورە و چەندین کەشتی



بچووکی شەڕکەری ئەمریکایی لە(پرل هاربر) هاتنە لێدان و نقوم بوون و لەناوچوونی ١٧٧ فڕۆکە و ٢٣٤٣ نەفەر کوژراو ٨٧٦ نەفەر بزربوون و ١٢٧٢ نەفەریش برینداربوون.

١٩٦١/١٢/٧ فڕۆکە شەڕکەرەکانی ڕژێمی عیراق بۆردوومانی گوندی ئۆرمانا دەکەن و (٣) منداڵ لە ماڵێک شەهید دەبن، ئەو کاتە بارزانیی نەمر لەو شوێنە لە ماڵی عەبدوڵڵا عومەر حەمەڕەش دەبێت کە دایکی عەبدوڵڵا بەبارزانیی نەمر دەڵێ: قوربان عاجز مەبە بەقوربانت بم زانیم کە زۆر عاجز بووی سەبارەت بەم سێ منالە.

١٩٦٣/١٢/٧ نامەیەکی شێخ ئەحمەد بارزانی بۆ بەرپرسی هێزی فائیز لە ڕواندوز زەعیم (عەزیز حەمید چەلەبی) دەربارەی چارەسەرکردنی گرفتەکان لە نێوان شۆڕشگێرانی کورد و حکومەتی ناوەندی کە تایبەت بوو بەنامەکەی بارزانیی نەمر بۆ ئەو بەرپرسە و حکومەتی ناوەندی عیراق.

١٩٨٦/١٢/٧ کۆچی دوایی (کامەران موکری) شاعیر.

١٩٩٥/١٢/٧ سەعات (٩,٣٠)ی بەیانی لە ڕێگای دەربەند- شەقڵاوە پێی دەڵێن (سابیراوە) تەقینەوەیەکی گەورە ڕووی دا و لە ئەنجامدا چەندین هاوڵاتی بوونە قوربانی، هەروەها دوو کارمەندی (UN) دەستبەجێ گیانیان لە دەست دا.

١٩٩٦/١٢/٧ پیرۆزی لیستی (پارتی) لە کۆنگرەی ساڵانە بۆ (ڕۆشنبیری ناوەندی کوردی) لە (ئۆسلو) پایتەختی نەرویج.

١٩٣١/١٢/٨ هێرشی بارزانییەکان بۆ سەر شاری ئاکرێ و بەدیل گرتنی قائمقامی ئەم شارە و چەند پۆلیس لەلایەن هێزی بارزانییەکانەوە.

١٩٨٩/١٢/٨ دەرچوونی یەکەمین گۆڤاری (کۆمەڵەی نووسەرانی کوردستان بانگ).

١٩٩٩/١٢/٨ (سامی عەبدولرەحمان) پێشوازی لە شاندێکی کوردی جۆرجیا دەکات.

١٩١٧/١٢/٩ کاتێ ژەنەرالی بەریتانی (اللبنی) شاری قودس دەگرێت دەڵێ ئێستا شەڕی سەلیبییەکان تەواو بوو، بەمانای ئەوەیە شەڕ لەگەڵ (صلاح الدین ایوبی) بەردەوام هەبووە و ئێستاکە کۆتایی پێ هاتووە کە پیرۆز بووینە.

١٩٣١/١٢/٩ یەکەم هێرشی ڕژێم بۆ سەر شێخ (ئەحمەدی بارزانی).

١٩٣١/١٢/٩ شەڕی (بەرقی بەگ) کە (٨٠) پێشمەرگە لەگەڵ (بارزانیی) نەمر بوون، سوپای ڕژێمیان تێک شکاند و (١٢٦) کوژراوی دوژمن لە مەیدانی شەڕ بەجێ ما، زیانی پێشمەرگەش (٥) شەهید بوو.

١٩٤٤/١٢/٩ کۆچی دوایی شاعیری کورد (سابیری)

١٩٤٧/١٢/٩ بارزانیی نەمر دیداری ئۆردوگای باکۆ دەکات کە بۆ بارزانییەکان دانرابوو.

١٩٦٣/١٢/٩ کۆچی دووایی مەقامزانی کوردی بەناوبانگ سێوە.

١٩٩٧/١٢/٩ (نێچیرڤان بارزانی) لە ئەمریکا لەگەڵ (ڕۆبێرت پیلێترۆ) کۆدەبێتەوە.

١٨٨٠/١٢/١٠ دانانی (حەسەن خانی گەڕووس، ئەمیر نیزام) بەفەرمانداری (قائمقام)ی سابلاخ لە شوێنی (حاجی سەدرولدەوله).

١٩٠١/١٢/١٠ دەستپێکی دابەشکردنی خەڵاتی (نۆبێل) لەلایەن کۆمیتەی (٥) نەفەری کە دەستنیشان کرابوون لەلایەن پەرلەمانی نەرویجی کە لەم ڕۆژەش (نۆبێل) لە ساڵی ١٨٩٦ کۆچی دوایی کردووە.

١٩٣١/١٢/١٠بۆردوومان کردنی (بارزان) لەلایەن فڕۆکەکانی ئینگلیزەوە.

١٩٤٨/١٢/١٠ ئاشکرا کردنی (مافی مرۆڤ) لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە.

١٩٧٥/١٢/١٠ یەکەم بەیاننامەی سەرکردایەتی شۆڕش (کاتی) بەزمانی عەرەبی بەناونیشانی (کوردستان الساحە الحقیقیە للنضال) بڵاوکرایەوە کە ناوەڕۆکەکەی بەردەوامی پارتی و شۆڕش بوو.

١٩٨٧/١٢/١٠ ئافرەتێک بەناوی (قومریە) گوللەباران دەکرێت لەگەڵ (٧) گەنجی کوردی تریش لە ڕێگای (دهۆک- مووسڵ)، لەلایەن جەلادەکانی ڕژێمی عیراق.

١٩٩١/١٢/١٠ بەستنی یەکەم کۆنگرەی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ئازاد کراودا.

١٩٩٣/١٢/١٠ تاخمێکی گێرەشێوێنی دژ بەیاسا هێرش دەبەنە سەر بارەگای لیوای ٢٤ و فەوجی (٢)ی هێزی (پ.م) یەکگرتووی کوردستان لە ناوچەی سلێمانی و دەست بەسەر کەلوپەل و چەک و تەقەمەنیەکان دادەگرن و چەند (پ.م) دەستگیر دەکەن.

١٩٩٦/١٢/١٠ دامەزراندنی تەلەفزیۆنی ئازادی لە هەولێر لە لایەن حزبی شیوعی کوردستان.

١٩٩٦/١٢/١٠ دەست پێکردنەوەی پرۆسەی هەناردنە دەرەوەی نەوتی عیراق لە چوارچێوەی بڕیاری (٩٨٦) لە دوای (٦) ساڵ ڕاوەستان.



١٩٣٢/١٢/١١ حکومەتی عیراق بەڕەسمی داوا لە حکومەتی تورکیا دەکات کە پەنا بەشێخ ئەحمەد بارزانی و چەکدارەکانی نەدا بچنە ناوخاکی وەکاربەدەستانی بەهیچ شێوەیەک یارمەتی ئەو جەماعەتە نەدەن.

١٩٤٥/١٢/١١ جەعفەر پیشەوەری سەرۆکی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانی ئێران لە شاری تەبریزدا دامەزراندنی کۆماری خود موختاری ئازەربایجانی ڕاگەیاند کە بووە هاندەرێکی ڕاستەوخۆ کە کورد بیر لە هەمان هەنگاو بکاتەوە.

١٩٤٦/١٢/١١ (بارزانیی) نەمر گەیشتە شاری (میاندواب) بەهاوڕێیەتی دوو ئەفسەری ئێرانی (کەبیری، عەزیمی).

١٩٥٢/١٢/١١ دامەزراندنی (یەکێتی ئافرەتانی کوردستان).

١٩٨٨/١٢/١١ بەڕێز (مەسعود بارزانی) بەدەعوەتێکی ڕەسمی لەلایەن حکومەتی سوریا گەیشتە دیمەشق.

١٩٩٤/١٢/١١ بەبیانۆی هەڵاتنی سوپاییەکان بۆ کوردستان ڕژێمی عیراق فەرمانی دەستگیری گشت بەرپرسانی سەیتەرەکانی (کفری، جەلەولا، کەرکوک، فایدە، مەخمور، خانەقین)ی دا.

١٩٣١/١٢/١٢ شێخ ئەحمەد بارزانی فەرمانی دا قایمقامی زێبار و چەکدارەکانی کە بەدیل گیرابوون لە شەڕی بارزان ئازاد بکرێت و بەپاراستنێکی تەواوەوە تا نزیکی گوندی بلەیان بردن. شێخ ئەحمەد لەگەڵ قایمقامی زێبار پەیامێکی بۆ بەرپرسانی حکومەت نارد کە داخی خۆی بۆ ئەم ڕووداوە ناخۆشە و ئەوانەی بوونە قوربانی دەربڕی و......

١٩٦١/١٢/١٢ شەڕە بەناوبانگەکەی زاوێتە نێوان لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان و ڕژێمی عیراق کە لەم شەڕەدا زیانی دوژمن (٦٠٠) سەربازی کوژراو (٥٠٠) بەخسیری پۆلیس و تێکشاندن و سووتاندنی (٧٦) ئۆتۆمبیل و (١٥٠٠) پارچە چەکی جۆراوجۆر و ئازووقە و تەقەمەنییەکی یەکجار زۆر کە بەژمار نەدەهات، زیانی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستانیش (٤) شەهید و (١٩) بریندار بوو.

١٩٨٥/١٢/١٢ دامەزراندنی پارتی (زەحمەتکێشانی کوردستان) بەسەرۆکایەتی (قادر عەزیز).

١٩٨٨/١٢/١٢ ئیزگەی (بەرەی کوردستانی عیراق) کرایەوە.

١٣/١٢/١٩٤٤ كۆچی دوایی مامۆستای کورد (ساڵح بەگی ساحیبقڕان).

١٣/١٢/١٩٨٤ كۆچی دوایی مامۆستا (عەلائەدین سەجادی).

١٣/١٢/١٩٩٧ کوشتنی (٦) هاوڵاتی مەسیحی لە ڕێگای مانگێش لە دهۆک لەلایەن تیرۆریستانەوە.

١٤/١٢/١٨١٤ پاشای کۆرە بەدوو هەزار چەکدار هێرش دەباتە سەر تەمرخانی مامی لە ناوچەی هاودیان.

١٤/١٢/١٩١٤ لە دوای دادگاییەکی گاڵتەیی و ناعادیلانە شێخ عەبدولسەلام و هەرسێ پاسەوانەکەی کە مەحکوم بەخنکان دەکرێن ئاکامی دادگاکردنیان بەجێ هات.

١٤/١٢/١٩٨٩ كۆچی دوایی (ئەندرێ سۆخارۆف).

١٤/١٢/١٩٩٨ كۆچی دوایی هەمزە عەبدوڵڵا یەکەمین سکرتێری (پ.د.ک).

١٥/١٢/٦٥٦ دەسپێکی شەڕی بەناوبانگ و مێژوویی (جەمەل) (حوشتر) لەنێوان ئیمام (عەلی) و خێزانی پێغەمبەری ئیسلام حەزرەتی (عایشە).

١٥/١٢/١٨٥٢ لە دایکبوونی کاشفی بەناوبانگی (ڕادیۆ ئەکتیڤ) (هانری باکرێل).

١٥/١٢/١٨٧٩ وشکە ساڵییەک گشت کوردستانی گرتەبەر خۆی کە خەڵکی کوردستان نان و پێداویستەکانی ڕۆژانەی خۆیان نەبوو بۆ خواردن و خەڵکێکی زۆر بەم هۆیەوە گیانیان لە دەست دا.

١٥/١٢/١٩٤١ کۆنگرەی ئەمریکا (بودجەی) بەرگری لە ئەمریکای کردە بڕی (١٠٠,٧٧٠,٠٧٧,٠٠٥) دۆلار و بڕیاری پێویستی لەسەر دا.

١٥/١٢/١٩٥٨ گۆڤاری تەرەقی بەژمارە (٨٣١) گوتارێک بڵاودەکاتەوە لەژێر ناوی (عیراق ناوەندی پیلاندژی ئێران) وە پەلامارێکی توند دەکاتە سەر بارزانیی نەمر و سەر حکومەتی عیراقیش کە ڕێگای بەبارزانیی نەمر داوە بگەڕێتەوە.

١٥/١٢/١٩٧٦ هێژا (مەسعود بارزانی) بەدەعوەتێکی ڕەسمی حکومەتی سوریا دەگاتە دیمەشق بۆ ئەو پەیمانەی کە لە (لەندەن) باسی لەسەر کرابوو بەهاوکاری وڵاتی سوریا بەجێ بگەیێن و پابەندی بن.

١٥/١٢/١٩٨٨ دەستگیرکردنی (١٧) قوتابی کورد لەلایەن هەواڵگەری سوپایی سوریا بەبیانۆی ئاڵای کوردیان بەرزکردووتەوە.



١٥/١٢/١٩٩٤ کۆمەڵەی ژینەوەی هەڵەبجە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی کوردستان مۆڵەتی پێدرا بەسەرۆکایەتی (دیار حوسێن عوسمان).

١٥/١٢/١٩٩٦ کۆلیژی پزیشکی ددان بەڕەسمی لە زانکۆی سەلاحەدینی هەولێر کرایەوە.

١٥/١٢/١٩٩٦ کۆتایی هێنان بەیەکەمین کۆنفرانسی (کوردۆلۆجی) لە (پاریس).

١٥/١٢/١٩٩٨ تۆم کلاک ئەندامی ئەنجوومەنی گشتی بەریتانیا ئامادەی دانیشتنی ژمارە ١٣ی ئاسایی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان دەبێت.

١٦/١٢/١٩١٨ سکرتێری گشتی کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان (ئەحمەد سورەیا بەدرخان) لە قاهیرە یاداشتنامەیەک ئاراستەی وڵاتە هاوپەیمانەکان دەکات سەبارەت بەبارودۆخی کورد لە کوردستان و سەربەخۆیی و جیابوونەوەی لە دەوڵەتی عوسمانی کە سنوورە کوردنشینەکانی ئێرانیش بگرێتەبەر.

١٦/١٢/١٩٢٠ بەهێزترین بوومەلەرزە لە وڵاتی چین ڕووی داوە کە تا ئێستا لە مێژوو تۆمار کراوە، لەم ڕووداوە (١٠٠) هەزار نەفەر هاتنە کوشتن.

١٦/١٢/١٩٢٥ ویلایەتی موسڵ کە مەرکەزی کوردەکان بوو بەهۆی گوشاری زیادی بەریتانیا ، ئەم ناوچەیە کۆمەڵە وڵاتە یەکگرتووەکان خستیە سەر خاکی عیراق.

١٦/١٢/١٩٤٢ کۆتایی هێنان بەحەفتا و حەوتەمین خولی دانیشتن لە کۆنگرەی ئەمەریکا کە بەدرێژترین کۆبوونەوە لە مێژووی ئەمریکا دەناسرێت.

١٦/١٢/١٩٤٣ یەکەمین ژمارەی گۆڤاری (ستێر) لەلایەن دکتۆر کامەران بەدرخان بەنووسینی لاتینی، ئەم گۆڤارە تا ساڵی ١٩٤٥ بەردەوام بوو لە دەرچوونی.

١٦/١٢/١٩٤٦ کۆماری کوردستان زیندە بەچاڵ دەکرێت.

١٦/١٢/١٩٥٠ دەرچوونی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی (هەولێر) لەلایەن کۆمەڵەی مامۆستایانی لقی هەولێرەوە.

١٦/١٢/١٩٦٦ کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەپێی بڕیاری (٢٢٠٠) لەسەر ئەو ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییە ڕەزامەندی دەربڕیوە سەبارەت بەمافە مەدەنی و سیاسییەکان کە دەڵێ (هەموو منداڵێک مافی هەیە ڕەگەزنامە وەربگرێ)، عیراقیش ئەم بەڵگەنامە نێو دەوڵەتییەی بەیاسای ژمارە ١٩٢ی ساڵی ١٩٧٠ پەسند کردووە.

١٩٨٦/١٢/١٦ مەکتەبی سکرتاریەتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان بانگەوازێک بۆ جەماوەری گەل و قوتابیان و مامۆستایان دەردەکات، تیایدا تاوانەکانی ڕژێمی فاشی ڕیسوا دەکات بەتایبەتی تاوانەکانی دژ بەزانکۆی (صلاح الدین) و پەیمانگاکان و کەرتەکانی تری شاری (هەولێر)، لەم بانگەوازەدا هاتووە تەنیا لە موسڵ (٧) هەزار قوتابی دەرکراون یا بەزۆر خوێندنیان پێ بەجێ هێڵاون.

١٩٤٥/١٢/١٧ (ئاڵای) کوردستان لەسەر خانوو و ئیدارەکانی دەوڵەتی لە (مەهاباد و شنۆ و نەغەدە) هەڵدەواسرێ.

١٩٤٦/١٢/١٧ ئاڵای کوردستان لە شاری مەهاباد هێنرایە خوارەوە و ئاڵای دەوڵەتی ئێران لە شوێنی بەرزکرایەوە (روخانی کۆماری مهاباد).

١٩٤٦/١٢/١٧ ڕۆژی (پێشمەرگە).

١٩٤٦/١٢/١٧ خۆ تەسلیم کردنی تیپی سوپایی ڕەزائیە (ورمێ) بەدەست هێزەکانی کۆماری مەهاباد.

١٩٦١/١٢/١٧ (حەسەن عەبود) ئەفسەرێکی عیراقی لەگەڵ چەند ئەفسەرێکی دیکە سەردانی بارزانیی نەمر دەکەن و نامەی (عەبدولکەریم قاسم) تەسلیمی دەکەن، لە نامەکەدا هاتبوو (ئێمە براین ئەگەر شەڕمان لەگەڵ نەکەی ئێمە ئامادەین لەگەڵت ڕێک بکەوین)، نامەکە و سەردانەکە فرتوفێڵ بوو، ئامێری (بێ سیم) (بێتەل) لاسلکی لەناو سەیارەکەی ئەفسەرەکە بوو کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەفڕۆکە و سوپای عیراق دەکرد بۆ ناسینی شوێنی بارزانیی نەمر و پەلاماردان بۆ ئەم شوێنە.

١٩٦٥/١٢/١٧ ڕژێمی عیراق (سوبحی عەبدولحەمید) وەزیری ناوخۆی ڕژێم و بەرپرسی فرقەی دووی سوپای عیراق و پارێزگاری سلێمانی نامەیەک لەگەڵ ئەم شاندە ڕەوانەی لای بارزانیی نەمر دەکات بەمەبەستی خۆ دوورخستنەوە لە شەڕ و ناکۆکی نێوانیان، دیار بوو کە ڕژێم لەم بارەیەوە دانوستاندنێکی پێویست بوو.

١٩٦٩/١٢/١٧ کۆچی دوایی مامۆستا و مێژوونووس (مستەفا جەواد).

١٩٧٠/١٢/١٧ لە بەغدا هێرش کرایە سەر کەسایەتی (ئیدریس)ی جوانەمەرگ و بەسەلامەتی دەرچوو.

١٩٨٦/١٢/١٧ کۆچی دوایی هونەرمەندی بەناوبانگی کورد (محەمەد عارف جزیری)، خوالێخۆشبوو زیاتر لە ٥٠ ساڵ خزمەتی بەمۆسیقاو گۆرانی و فۆلکلۆری کوردی کردووە.



١٢/١٨ ڕۆژی ڕەمەزانی برا یەزیدیەکان.

١٩١٨/١٢/١٨ جاڕی سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی یەکەمین حکومەتی کوردستان لە عیراق ڕاگەیاندرا و (شێخ مەحمودی حەفید) کرا بەحوکمدار و مەلیکی کوردستان.

١٩٤٨/١٢/١٨ کۆچی دوایی شاعیر (فایق بێکەس).

١٩٦٩/١٢/١٨ (سەمیر عەزیز و عەزیز شەریف و فوئاد عارف) دەگەنە لای بارزانیی نەمر بەنوێنەرایەتی ڕژێمی عیراق بەمەبەستی گفتوگۆ کردن دەربارەی ئەو وەزعەی کوردستان و چارەسەرکردنی دۆزی کورد لەکوردستان بەسەرۆکایەتی بارزانیی نەمر و....



بارزانی نەمر و فوئاد عارف

١٩٩٤/١٢/١٨ سەردانی مەتران (یوحەنا مارقۆس) بۆ هەولێر.

١٩٨٨/١٢/١٩ سەرۆک کۆماری سوریا پێشوازی لە هێژا (مەسعود بارزانی) دەکات.

١٩٩٣/١٢/١٩ شەڕی نێوان (ینک و بزووتنەوەی ئیسلامی) زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستانی گرتەبەر.

١٩٢٤/١٢/٢٠ مەلیک (فەیسەل) دەچێتە (کەرکووک) و بۆ یەکەمین جار ئاڵای عیراق لە کەرکووک هەڵدەواسرێ.

١٩٣٤/١٢/٢٠ ڕۆژی لە دایکبوونی هونەرپیشەی بەناوبانگی سینەمایی ئیتالیا (سۆفیا لۆرین).

١٩٥٨/١٢/٢٠ کۆچی دوایی شاعیر (شێخ نوری شێخ ساڵح).

١٩٦٢/١٢/٢٠ لە ڕۆژنامەی (سەندی تیلگراف) بلاودەکرێتەوە کە کوردەکان گرنگترین گیروگرفتیان کێشەی ناوخۆییە هەر ئەوەشە بوویتە کۆسپێک بۆ پێکهێنانی کوردستانێکی ئۆتۆنۆمی.

١٩٧٣/١٢/٢٠ بەستنی کۆنگرەی سێیەمی (الحزب الديمقراطي الكردي اليساري في سوريا).

١٩٨٥/١٢/٢٠ کۆچی دوایی شاعیری چەوساوەکانی کورد سامی عەوداڵ لە شاری کۆیە.

١٩٨٩/١٢/٢٠ هێرشی ئەمریکا بۆ سەر (پاناما).

١٩٩٣/١٢/٢٠ (پارتی و ینک) ڕێککەوتننامەیەکی ستراتیژی مۆر دەکەن و دەستەی سەرۆکایەتییان بەبەشداری کاک مەسعود و مام جەلال پێکهێنابوو.

١٩٩٩/١٢/٢٠ سەرۆک مەسعود بارزانی لە دانیشتنی ژمارە ١٤ی ئاسایی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان بەمەبەستی متمانەدان بەکابینەی چوارەم ئامادە دەبێت.

١٩١١/١٢/٢١ پرۆتۆکۆلی (تاران) لە نێوان ئێران و عوسمانییەکان هاتە ئیمزا کردن و مەزنترین کێشەیان نەوتی خانەقین و خوزستان بوو کە هەردوو شوێن لەژێر دەسەلاتی ئێرانییەکان بوو، گرفتی کوردەکانیش و سنووری هەردوو لا هەبووە.

١٩٤٦/١٢/٢١ دەستگیرکردنی قازی محەمەد و (٢٧) تێکۆشەری دیکەی کورد لە دوای روخانی کۆماری مهاباد.

١٩٤٦/١٢/٢١ (بارزانی) نەمر و شەش هاوڕێی چوونە تاران لەگەڵ (سەرهەنگ غەفاری).

١٩٦٩/١٢/٢١ (سەدام لەگەڵ ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر گفتوگۆیەکی کورت ئەنجام دەدات دەربارەی مافی میللەتی کورد و سنووری ئێران، لەم گفتوگۆیەدا (سالح مەهدی عەماش، مورتەزا حەدیسی، عزت مستەفا، عەبدوڵلا سەلوم سامەرائی، سەعدون غێدان) بەشداریان کرد بوو.

١٩٧٦/١٢/٢١ گوندەکانی سەر سنووری کوردستانی عیراق لەلایەن رژێمی عیراق ڕاگوێزران بۆ دەوروبەری شارەکانی عیراق.

١٩٨٨/١٢/٢١ تەقاندنەوە و کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەیەکی ئەمریکی بە(٢٧٠) سەرنشینی لەسەر شارۆچکەی لۆکەربی.

١٩٢٢/١٢/٢٢ هەردوو حکومەتی (بریتانیا و عیراق) دانیان نا کە کورد لە باشووری کوردستان مافیان هەیە لە چوارچێوەی عیراقدا حکومەتێکی ناوەخۆ بۆ خۆیان دامەزرێنن.

١٩٣٢/١٢/٢٢ هێرشی قارەمانانەی بارزانییەکان بۆ سەر شارۆچکەی مێرگەسوور.

١٩٤٧/١٢/٢٢ بارزانیی نەمر بەهاوڕێیەتی جەنرال ئەتاکشیۆف سەر لەو ئۆردوگایە دەدەن کە بۆ بارزانییەکان ڕێکخرابوو و لە شێوەی بەرێوەچوونیان دڵنیا دەبێت .

١٩٦٤/١٢/٢٢ پسپۆرانی کوردناس کۆرێک دەبەستن.



١٩٩٤/١٢/٢٢ گرتنی شاری هەولێر لەلایەن هێزەکانی (ینک)، زۆربەی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان دەست بەمانگرتن دەکەن دژ بەم ڕەفتارە.

١٩٩٥/١٢/٢٢ هێژا (مەسعود بارزانی) پرسەنامەیەک ئاراستەی (ڕەفسنجانی) دەکات بەبۆنەی کۆچی دوایی دایکیان.

١٩٩٩/١٢/٢٢ بەئامادەبوونی بەڕێز مەسعود بارزانی پەرلەمانی کوردستان (د. رۆژ)ی بەسەرۆکی پەرلەمان هەڵبژارد.

١٥٢١/١٢/٢٣ بۆ یەکەمین جار لە مێژووی مەسیحیەت (ئینجیل) هاتە تەرجومە کردن (وەرگێڕان) بەزمانی تر. لەو رۆژە (مارتین لۆسەر) دانەری مەزهەبی (پرۆتستان) بەزمانی ئەڵمانی تەرجومەی کرد.

١٨٨٢/١٢/٢٣ بردنی شیخ عوبەیدوڵلای نەهری لە شاری موسڵەوە بۆ ئەسکەندەرونە و بەیروت و حیجاز و مەدینە و تایف.

١٩٣٢/١٢/٢٣ ناجی شەوکەت سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتەی عیراق لەگەڵ (مارشەمعون)ی ئاشوری کۆدەبێتەوە و پێشنیازی ئەندامەتی کۆمیتەی ئەعیانی پێ دەگەینی لەگەڵ دابینکردنی پارچەیەک زەوی بۆ خانوو و مووچەیەکی مانگانە. (سورمەخان)ی پوری دژی ئەو داوایە دەوەستێ و مارشەمعون بەقسەی دەکات و پێشنیازەکەی ناجی شەوکەت ڕەتدەکاتەوە.

١٩٤٣/١٢/٢٣ بارزانی نەمر نامەیەک ئاراستەی بالوێزی بەریتانی دەکات و تیایدا دیاری دەکات کە ئەو لێبوردنە گشتییە کە بۆ بارزانییەکان دەرکراوە هەمموو فروفێلی داگیرکەری عیراقە.

١٩٦٤/١٢/٢٣ بەیاننامەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بەئاوەدانکردنەوەی باکووری عیراق (کوردستان) لەلایەن رژێمی عیراقەوە.

١٩٢٢/١٢/٢٤ بەیانێکی ڕەسمی هاوبەش لە نێوان حکومەتی بەریتانیا و عیراق سەبارەت بەدان نان بەمافی گەلی کورد، داوا دەکەن کە سەرکردەکانی کورد لە نێوان خۆیاندا ڕێککەون و...

١٩٢٩/١٢/٢٤ تێکۆشەری بەناوبانگی کورد (عوسمان سەبری – ئاپۆ عوسمان) بەهۆی گوشاری زیادی تورکەکان ناچار دەبێت لە باکووری کوردستان ئاوارەی سوریا بێت.

١٩٥١/١٢/٢٤ سەربەخۆیی ولاتی عەرەبی لیبیا.


ئیدریس بارزانی نەمر

**١٩٦١/١٢/٢٤** (عەبدولکەریم قاسم) لە گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەگەری لەناوچوونی شۆڕشی کوردستان و بێ قانوونی (پارتی دیموکراتی کوردستان) ڕادەگەیێنێ.

**١٩٨٦/١٢/٢٤** لە پایتەختی ئێراندا (تاران) کۆنگرەی پشتیوانی لە گەلی عیراق بەسترا و لەم کۆنگرەیەشدا (ئیدریس بارزانی) نەمر بەشداری تیا کردبوو.

**١٩٩٣/١٢/٢٤** کۆبوونەوەی (٣) قۆڵی نێوان پارتی (د. ڕۆژ) و ینک (کۆسرەت) و بزووتنەوەی ئیسلامی (شێخ محەمەد شانەدەری) بەسترا و بڕیار درا شەڕ لەنێوان (ینک و بزووتنەوە) فەوری ڕابگیرێ.

**١٩٣٨/١٢/٢٥** کودەتای (نوری سەعید) و بوونی بەسەرۆک وەزیر و دەستنیشان کردنی کابینەی سێیەمی وەزیران.

**١٩٩٣/١٢/٢٥** (ینک) هێرش دەکاتە سەر مەکتەبی سیاسی (بزووتنەوەی ئیسلامی) لە بێتواتە، هەر لەو هێرشە کوڕی مامۆستا (مەلا عوسمان) شەهید بوو.

**١٩٩٤/١٢/٢٥** سووتاندنی ژمارەی (٢١١٥)ی ڕۆژنامەی (برایەتی) لە هەولێر لەلایەن (ینک).

**١٩٩٦/١٢/٢٥** ڕژێمی عیراق بڕیاری دا کە هەرچی سزای یاسایی دژی سەربازە ڕاکراوەکان هەیە هەموو پووچەڵ کرایەوە.

**١٩٩٩/١٢/٢٥** دیاردەیەکی بەدەگمەن لە ئاسماندا ڕووی دا کە مانگ ڕووناکییەکی زیاتر و قەوارەیەکی گەورەتر دەرکەوت کە (١٤) جار لە قەوارەی خۆی مەزنتر و ٢٠ جاریش ڕووناکتربووە، هۆکارەکەش ئەوە بوو کە زەوی و خۆرەوە نزیک بوونەتەوە.

**١٩١٣/١٢/٢٦** بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی (بانگی کورد).

**١٩٣٢/١٢/٢٦** بوومەلەرزەیەکی (٧/٦) ڕیشتێری وڵاتی چینی لەرزاند و لە پێناوی (٧٠) هەزار نەفەر هاتنە کوشتن.

**١٩٢٩/١٢/٢٦** بڵاوبوونەوەی یەکەمین ڕۆژنامەی (ژین) لە سلێمانی.

**١٩٣٩/١٢/٢٦** بوومەلەرزەیەکی (٧/٩) ڕیشتێری وڵاتی تورکیای لەرزاند و لە ئەنجامدا (٣٠) هەزار نەفەر هاتنە کوشتن.



**١٩٧٦/١٢/٢٦** هێرشی سوپای عیراق بۆ سەر ناوچەکانی ماوەت (قارمیش، گەڵاڵە)

**١٩٨٩/١٢/٢٦** بەستنی دووەمین کۆنگرەی (پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان).

**١٩٤٣/١٢/٢٧** کۆنگرەی تاران لە نێوان (ڕۆزڤلت، چەرچل، ستالین) بەسترا کە یەکێ لە خاڵە گرنگەکانی پاراستنی سنوور و یەکێتی ئێران و کشانەوەی هێزەکانی هەر سێ دەوڵەتەکان بوو لە دوای بڕانەوەی جەنگ.

**١٩٩٢/١٢/٢٧** فڕۆکەیەکی ئەمریکی، فڕۆکەیەکی جەنگی عیراقی لە خوارووی هێڵی (٣٢) دەخاتە خوارەوە، هەڵفڕینی فڕۆکەکانی عیراقی لە ناوچەی باشووری عیراق قەدەغە کراوە بەمەبەستی پاراستنی شیعەکان.

**١٩٩٣/١٢/٢٧** سەرۆک مەسعود بارزانی لە بەیاننامەیەکدا سەبارەت بەشەڕ خستنە ناو شارەکان لە نێوان (ینک و بزووتنەوەی ئیسلامی) جەختی لەسەر ئەوە کرد و گوتی (ئێمە مەسئولین بەرامبەر بەو وەزعە و ناتوانین هەر وەکو تەماشاچی بوەستین).

**١٩٩٨/١٢/٢٧** کۆنگرەی دامەزراندنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسی لە هۆڵی میدیا لە هەولێر بەسترا.

**١٩٩٩/١٢/٢٧** لە کۆبوونەوەیەکی ناوەندی هەولێرەوە حیزبە کوردستانییەکان لە ڕاگەیاندراوێکی هاوبەشدا پشتگیری لە حکومەتی کوردستان دەکەن بۆ بنبڕکردنی کاری تێکدەرانە.

**١٨٥٦/١٢/٢٨** لە دایکبوونی بیست و هەشتەمین سەرۆک کۆماری ئەمریکا (ویلسۆن)، ناوبراو کوڕی یەکێک لە قەشەکانی ئەمریکا بووە لە ساڵی (١٩٢٤) کۆچی دوایی کرد.

**١٨٨٩/١٢/٢٨** لە دایکبوونی (هەنریک سامۆئیل نوببەری) لە (سویدەربێرکە) لە سوید، ڕۆژهەڵاتناس و پرۆفیسۆری زمانی سامی و ئێرانی بوو، لە ساڵی (١٩٥٧) میدالیای زێڕینی لە کۆنگرەی جیهانی ڕۆژهەڵاتناسیەوە وەرگرتووە، چاوی بەکوردستان کەوتووە و ڕۆیشتووتە بارەگای بارزانیی نەمر و لەلایەن دانیشتوانی (بارەگای بارزانی) چەند پرسیارێکی دەربارەی سوید لێ کراوە، لە ساڵی (١٩٧٤) کۆچی دوایی کردووە.

**١٩٠٣/١٢/٢٨** قونسولی گشتی بەریتانیا لە تەبریز لە ڕاپۆرتێکی باسی ئەوەی کردووە ئەرمەنیەکان بەهۆی کوردەکانەوە چەکیان لە ئێرانەوە بۆ هاتووە.

١٩٠٨/١٢/٢٨ بوومەلەرزەیەک لە وڵاتی ئیتالیا ڕووی دا و (٨٣) هەزار نەفەر لەم ڕووداوە هاتنە کوشتن و هێزەکەی (٧/٥) ڕیشتێر بوو.

١٩٩٢/١٢/٢٨ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بەبڕیاری ژمارە (٤٧) لە خاڵی سێیەم ڕایگەیاند کە ٨/٧ لە هەر ساڵێک ڕۆژی شەهیدانی برا ئاشووریەکانە.

١٩٩٧/١٢/٢٨ پەرلەمانی کوردستانی یاسای کۆڕی زانیاری کوردستانی دەرچواند.

٠٠٠١/١٢/٢٩ دەستپێکردنی پاشایەتی (ئاشکی شانزدەهەم) کە یەکێک بوو لە پاشاکانی ئەشکانیەکان لە ئێران.

١٩٢٠/١٢/٢٩ (ڕەیان) ئەفسەری سامی بەریتانی لە تورکیا برووسکەیەک ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا دەکات سەبارەت بەیەکگرتنی دووبارەی (عەبدولقادر) و (ئەمین عەلی بەگ بەدرخان) کە خەتەرێک بووە بۆ تورکیا.

١٩٣٩/١٢/٢٩ یەکەمین مەقامی کوردی بەشێوەی باجەلانی لەلایەن مامۆستا عەلی مەردان لە ئیزگەی ڕادیۆی کوردی لە بەغدا تۆمار کرا.

١٩٩١/١٢/٢٩ یەکەمین ڕۆژنامەی کە بەزمانی کوردی لە تورکیا دەرچووە لەلایەن ئەدیب و ڕۆژنامەوانی مەزنی کورد (موسا عەنتەر) بووە و بڵاوکراوەتەوە.

١٩٩٨/١٢/٢٩ ناوەندی شەهید (سالح یوسفی) لە زاخۆ مۆڵەتی پێدرا لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان بەسەرۆکایەتی (سەگڤان مستەفا).

١٩٩٩/١٢/٢٩ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی کوردستان بڕیار دەدات کە سەری ساڵی نوێ (٣) ڕۆژ پشوودانی ڕەسمی بێت لە سەرجەم دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

١٨٧٣/١٢/٣٠ نامەی باڵوێزی عوسمانی لە تاران بۆ وەزارەتی دەرەوە دەربارەی ئەو زیانانەی کە لە هۆزی هەرتۆش (کە لە خاکی ئێراندا بوون و سەر بەعوسمانییەکان بوون) دراوە لەلایەن هۆزی میلان کەسەر بەناوچەی (وان) بوون لە تورکیا.

١٨٨٠/١٢/٣٠ شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بەهەموو شێوەیەک خەریکی کۆکردنەوەی ئاوارە و ڕێکخستنەوەی جەماوەر بوو بەمەبەستی هەڵگیرسانەوەی شۆڕش، هەر لەم ڕۆژەشدا تاماوەیەک خەریکی نامە نووسین بوو بۆ سەرانی کورد بۆ مەبەستی سەرەوە.

١٩٢٢/١٢/٣٠ ڕوسیا دەبێتە یەکێتی کۆمارە سۆسیالیستەکانی سۆڤیەت.



١٩٩٣/١٢/٣٠ دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری (گزنگ) لەلایەن لقی ئاوارەی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی عیراق لە ئێران.

١٩٩٥/١٢/٣٠ شاندێکی کۆماری ئیسلامی ئێران بەسەرۆکایەتی (ئاغای محەمەدی) سەردانی کوردستانی کرد و پێشوازییەکی گەرمیان لێ کرا.

١٩٤٢/١٢/٣١ کۆچی دوایی زانای ئایینی مەلافەندی هەولێری.

١٩٥٢/١٢/٣١ کۆچی دوایی شاعیری کورد (بەختیار زێوەر).

١٩٦٩/١٢/٣١ نامەیەکی سەرۆک کۆماری عیراق (ئەحمەد حەسەن بەکر) بۆ بارزانیی نەمر سەبارەت بەڕێککەوتن و کۆتایی هێنان بەشەڕی نێوان ڕژێم و شۆڕشی کورد.

١٩٦٩/١٢/٣١ دامەزراندنی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان (کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی) لە سلێمانی.

١٩٦٩/١٢/٣١ شاندێکی عیراقی بەمەبەستی گفتوگۆ لە گوندی ناوپردان کە بریتیی بوون لە (حەردان تکریتی- عەبدولخالق سامەڕائی- تاریق عەزیز) چاویان بەبارزانیی نەمر دەکەوێت.

١٩٧٣/١٢/٣١ دامەزراندنی پارتی (سۆشیالیستی کوردستانی تورکیا).

١٩٩٩/١٢/٣١ دوارۆژی سەدەی بیستەم.

١٩٩٩/١٢/٣١ هێژا مەسعود بارزانی چەند سەعاتێک بەرلەچوونی جیهان بەرەو سەدەی بیست و یەکەم و ساڵی نوێ وتارێکی بەنرخی خوێندەوە و پیرۆزبایی لە گشت برا مەسیحیەکان و خەڵکی کوردستان و جیهان کرد بەم بۆنەیەوە.

***

Ë«ËWð

# بەرهەمەکانی دەزگای ئاراس لە ساڵی ٢٠٠٤دا

(٢٢٢) سياسة التعريب في إقليم كُردستان العراق – دراسة وثائقية– إعداد: مجموعة من المؤلفين.

(٢٢٣) دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی: شێخ محەممەدی خاڵ و ئومێد ئاشنا.

(٢٢٤) الأمير الكُردي – مير محمد الرواندزي. تأليف: جمال نَبَز. ترجمة: فخري شمس الدين سيلاحشۆر

(٢٢٥) گەنجە ئازاکەی سەر جۆلانەکە. هەڵبژاردەیەک لە کورتەچیرۆکی بیانی. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: شێرزاد حەسەن.

(٢٢٦) ئیسلام و ناسیۆنالیزم لە کوردستاندا. سەرەتایەک لە بارەی کۆمەڵناسیی ئایینەوە. موسلح ئیروانی.

(٢٢٧) دیداری سەرەک کۆمار. شانۆگەری. نووسینی: ڕەئووف حەسەن.

(٢٢٨) داستانی حەسەن و حوسەین، داستانێکی فۆلکلۆری کوردییە، ساخکردنەوە و لێکۆڵینەوەی: هەردەویڵ کاکەیی.

(٢٢٩) ملوانکەی ستیل – کۆمەڵە چیرۆک، محەممەد فەریق حەسەن.

(٢٣٠) جووتیارێکی زیرەک، کۆمەڵە چیرۆک بۆ منداڵان، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەمیری حاجی داود.

(٢٣١) پاپۆڕی فڕیو، چیرۆک بۆ منداڵان، وەرگێڕانی لە دانیمارکییەوە، محەممەد فەریق حەسەن.

(٢٣٢) دار گێلاس، چیرۆک بۆ منداڵان، وەرگێڕانی لە دانیمارکییەوە: محەممەد فەریق حەسەن.

(٢٣٣) کچە ئەستێرە، چیرۆک بۆ منداڵان، وەرگێڕانی لە دانیمارکییەوە: محەممەد فەریق حەسەن.

(٢٣٤) الكُرد، دراسة سوسيولوجية وتأريخية، ألفه: باسيلي نيكيتين، نقله من الفرنسية وعلق عليه: الدكتور نوري طالباني.

(٢٣٥) فەرهەنگی قانونی. دانانی: د. نووری تاڵەبانی.

(٢٣٦) منطقة كركوك ومحاولات تغيير واقعها القومي، تأليف: د. نوري طالباني.

(١٣٧) هەولێر لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا ١٨٢٠–٢٠٠٠، سەمیر سالح.

(٢٣٨) ناوچەی کەرکووک و هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەییی ئەم ناوچەیە، دانانی: دکتۆر نوری تاڵەبانی، وەرگێڕانی: محەممەدی مەلا کەریم

(٢٣٩) چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی. دانانی: پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین.

(٢٤٠) کوردستان لە چاپکراوە عوسمانلییەکاندا. فەیسەڵ دەباغ لە تورکیی عوسمانلییەوە کردوویە بەکوردی.



(٢٤١) کەس وەک من تۆی خۆش ناوێ – کورتە چیرۆک. نووسینی: سەحەر ڕەسایی.

(٢٤٢) بارزانییی نەمر لە ١٠٠ ساڵەی بوونیدا – کۆمەڵە وتار. نووسینی: سەرباز هەورامی.

(٢٤٣) باوک – شانۆنامەی هاوچەرخی سویدی. نووسینی: ئۆگۆست ستریندبێرگ. وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: د.فەرهاد پیرباڵ.

(٢٤٤) ناوچەی کەرکووک و هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەییی ئەم ناوچەیە (بەزمانی ئینگلیزی). دانانی: دکتۆر نوری تاڵەبانی.

(٢٤٥) نامەکان بەر لە مردن ناخوێنرێنەوە – کورتە چیرۆک. نووسینی: کازیوە ساڵح.

(٢٤٦) کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان. مێژوو. نووسینی: حامید گەوهەری.

(٢٤٧) هوية كركوك الثقافية والإدارية. تأليف: محمد علي قرداغي.

(٢٤٨) ڕۆمیۆ و جوولێت – شانۆگەری. نووسینی: شەکسپیر. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئازاد حەمە شەریف.

(٢٤٩) خەباتی ڕزگاریخوازی کورد و ئازەر لە ئێران. نووسینی: د. کەمال مەزهەر ئەحمەد. گۆڕینی بۆ کوردی: ئازاد عوبێد ساڵح.

(٢٥٠) بەفرنووس و ئەوانی تر – دیوانی شیعر. شیعری: دڵشاد عەبدوڵلا.

(٢٥١) خەون وا خۆی گێڕایەوە. دیوانی شیعر. سەباح ڕەنجدەر.

(٢٥٢) فیلسۆفەکانی مۆدێرنیتە لە دێکارتەوە تا هایدگێر. نووسینی: بێرتران ڤێرژۆلی. وەرگێڕانی: محەممەد ڕەحیم ئەحمەدی.

(٢٥٣) نڤیسار. کۆمەڵێک بابەتی تیۆری. بەرگی یەکەم.

(٢٥٤) گەلاڵەی پارادایمی پەرەسەندنی کولتووری بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان. نووسینی: بەختیار سەجادی.

(٢٥٥) نەتەوەخوازی. ئەنتۆنی دی سمیس. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: هوشیار عەبدوڕەحمان سیوەیلی.

(٢٥٦) ئۆکتاڤیۆ پاز: بەردی سپی و ڕەش – سان ژۆن پێرس: ئاناباز. وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: د. موحسین ئەحمەد عومەر.

(٢٥٧) إحياء القلوب – شرح مولانا الشيخ عبدالقادر الرافعي الفاروقي الطرابلسي على حكم شيخه محمود الكردي الخلوتي قدس الله روحهما ونور ضريحهما.

(٢٥٨) ستایش. شیعر: نەزەند بەگیخانی.

(٢٥٩) ئەو پەیڤانەی لە دڵەوە هەڵدەقوڵێن. شیعری: حەمەسەعید حەسەن.

(٢٦٠) عەقیدەی ئیمان – عەقیدەی کوردیی. کۆ و کورت کردنەوەی: خالید شارەزووریی نەقشبەندیی (مەولانا خالید). ئاشناکردن و لێکۆڵینەوەی: کەمال ڕەئووف محەممەد

(٢٦١) ئەدەبی نامەنووسینی کوردی. کەمال ڕەئووف محەمە. جزمی: ١

(٢٦٢) ئەدەبی نامەنووسینی کوردی. کەمال ڕەئووف محەمە. جزمی: ٢

(٢٦٣) ئەدەبی نامەنووسینی کوردی. کەمال ڕەئووف محەمە. جزمی: ٣

(٢٦٤) نظرات في القومية العربية مداً وجزراً حتى العام ١٩٧٠ تاريخاً وتحليلاً. الجزء الأول. جرجيس فتح الله.

(٢٦٥) نظرات في القومية العربية مداً وجزراً حتى العام ١٩٧٠ تاريخاً وتحليلاً. الجزء الثاني. جرجيس فتح الله.

(٢٦٦) نظرات في القومية العربية مداً وجزراً حتى العام ١٩٧٠ تاريخاً وتحليلاً. الجزء الثالث. جرجيس فتح الله.

(٢٦٧) نظرات في القومية العربية مداً وجزراً حتى العام ١٩٧٠ تاريخاً وتحليلاً. الجزء الرابع. جرجيس فتح الله.

(٢٦٨) نظرات في القومية العربية مداً وجزراً حتى العام ١٩٧٠ تاريخاً وتحليلاً. الجزء الخامس. جرجيس فتح الله.

(٢٦٩) گوڵزاری هەورامان. لێکۆڵینەوە و پشکنین و بەراوردکاری: محەمەد ئەمین هەورامانی. بەرگی یەکەم.

(٢٧٠) گوڵزاری هەورامان. لێکۆڵینەوە و پشکنین و بەراوردکاری: محەمەد ئەمین هەورامانی. بەرگی دووەم.

(٢٧١) کورد تورک عەرەب. سیسیل جۆن ئیدمۆندس. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: حامید گەوهەری.

(٢٧٢) ڕۆژانی گوڵڕەنگ و شانۆی سالار. ئەحمەد سالار.

(٢٧٣) سێ قوربانییەکە. عەبدولمونعیم غولامی. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئیحسان ئیروانی

(٢٧٤) ڕێچکەکانی برسێتی – ڕۆمان. جۆرج ئەمادۆ. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: هیمەت کاکەیی.

(٢٧٥) سەرجەمی بەرهەمی شاکر فەتاح. کتێبی دووەم.

(٢٧٦) سەرجەمی بەرهەمی شاکر فەتاح. کتێبی سێیەم.

(٢٧٧) هەڵسانەوە. شیعر: سامی شۆڕش

(٢٧٨) جێگایەکی تر– کۆمەڵە چیرۆک. گوڵی تەرەقی. وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی.

(٢٧٩) دار تووە تەنیاکە– سێ نۆڤلێت. چنوور نامیق حەسەن.



(٢٨٠) ئاوێنە شکاو. بیرەوەریی هێدی "خالد ئاغای حیسامی".

(٢٨١) سێوی سوور. شیعر: هیوا قادر.

(٢٨٢) هێشووی عەشق. شیعر: مەهاباد قەرەداغی.

(٢٨٣) ئاشتیی کوردستان– ڕۆمان. نووسینی: محەمەد ساڵح سەعید.

(٢٨٤) بەتاو پێکدا دەبارین. شیعری: نیگار نادر.

(٢٨٥) عەرووزی کوردی. نوری فارس حەمەخان.

(٢٨٦) پوختەی مێژوونامە. حەمید گەردی.

(٢٨٧) سینتاکسی ڕستەی تێکەڵ. د. کوردستان موکریانی.